ڕەهەندی ئایین

لە

شیعری کلاسیکی کوردی

کرمانجی خواروو

نەوزاد کەلهوڕ

بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن

2008

رەهەندی ئایـــین
لە شـــیعری کلاســـیکی کوردی

(کرمانجی خواروو)

نوسینی
نەوزاد کەلهور

بۆ بلاوکردنەوە و راگەیاندن

نـــــاوی کتێـــــب: ڕەهەندێ ئایین لە شـیعری کلاسـیکی کـوردی

نوســـــــــــەر: نەوزاد کەڵـهوڕ

بڵاوکردنـــــــەوەی: نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن/ هەولێر

تـــــایتلی بـــــەرگ: نـــەوزاد کۆیی

بـــــــــــەرگ : أمیـــن مخلـــص

نەخشەسازی ناوەڕۆک: عزەددیـن محەممەد عومـەر

نـۆرە و سـاڵی چـاپ: یەکـــەم ١٤٢٩ ک – ٢٠٠٨ ز

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی ( ) ساڵی(٢٠٠٧)ی دراوەتێ

تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن
هەولێر- شەقامی دادگا – ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
ت : ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٣٠٩٠٨- ٢٥١٨١٣٨
مۆبایل : ٢٢ ٥١ ٤٦٠ ٠٧٥٠ - ٩١ ٧٢ ١٣٨ ٠٧٧٠
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmail.com

پێشـــەکی

کۆمەڵگای کوردی گەر لەرووی زانستو تەکنـەلۆژیادا نـەیتوانیبێت بگاتـە ئاسـتی وڵاتانی پێشکەوتوو، ئەوا لە ئەدەب بەگشتیو هۆنراوە بەتایبەتی توانیویەتی قەرەبووی ئەو بۆشاییە بکاتەوە.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست ئێمە کەوتوون، کۆنترین هۆنراوەی کوردی لـە بابـە تـاهیری هەمەدانیـەوە دەسـت پێـدەکات، کـە بەشـێوەی لـوری دووبەیتـەکانی خـۆی نوسیوەتەوە، دوای ئەوە پشت بە پشت هاتووە تاکو سەدەی هەژدەمینو سەدەی نۆزدە، کە شاعیری زۆرترو زانیاری زیاترمان لەبارەیانەوە هەیە، کە پێش ئەو مێژووە نوسـەرو شاعیرانی کورد بە زمانانی تری رۆژ هەلاتی بەرهەمەکانی تریان دەنوسـی، بەتایبـەتی نوسینی هۆنراوەو نامەگۆرینەوەی نێوانیان، تاکو ئێستاش بەتەواوی ساغ نەبۆتەوە ئایا بۆچی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانـە بـەزمانی بێگانـە نوسـراون! ئایـا هۆیەکـەی بـۆ ئـەوە دەگەرێتەوە کە کورد قەوارەی سیاسی خۆی نەبووە، یاخود نوسـین بـە زمـانی کـوردی بەڵگە بووە لەسەر کەم تواناییو بێدەسەڵاتی نوسەرەکە، یـاخود نوسـەرانی کـورد بـە زمانی زگماکی خۆیان نەیان خوێندووە، ئەوەش وای کردبێ نەزانن بـە زمـانی کـوردی بنوسن، ئەم کارە بەردەوام بوو تاکو نالی مەزن هات ئەو رێچکەیەی شـکاندو دەسـتی کرد بە هۆنراوە نوسین بە زمانی کوردی بێئەوەی سڵ بکاتەوە، بۆ سـڵ بکاتـەوە نـالی

کە دێتو شیعر بە زمانی کوردی دەنوسێ لەبێ دەسـەڵاتی نیـە چـونکە نـالی توانـای بەسەر زمانەکانی تریشدا هەیە بۆ ئەوەی شیعری پێبنوسێ.

فارسو کوردو عـەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە
نالی ئەمڕۆ حاکـمی سێ مولکە دیوانی هەیە(١)

نەك هەرئەوەندە نالی توانای نوسینی هەیە بە هەرسێ زمانـدا، بـەلکو بـەرەنگاری ئەوانەش دەبێتەوە، کە گلەیی لە نالی دەکەن کە لە زمانی کوردی حـالی نـابنو داوای مانای لێ دەکەن.

کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆکردیە، خۆکوردییە
هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا(٢)

وشەی کلاسیك لە بنەرەتدا، وشەیەکی لاتینە لەوشەی (کلاسـیکوس)ـەوە هـاتووە کەمانای چین (طبقە) دەگەیەنێ، بەو مەبەستەی ڕێبازی کلاسیك بۆ چـینێك دەگـوتراو دەنوسرا کە ئاستی ڕۆشنبیریان بەرز بوو، ئەو ڕێبازەش لـە ڕووی ئەدەبیـەوە بـەمانای لاسایی کردنەوە دێت، واتە لاسایی کردنەوەی ئەدەبی یونانی، کە ئەرسـتۆ لـە کتێبـی شیعردا باسی کردووە، پاشان کتێبەکەی هوراس بەناوی (هونەری شیعر) لـە سـەرەتای سەدەی شازدە ئیتالیەکان ئەو دوو کتێبەیان وەرگێڕایە سەر زمانی خۆیـان، پاشـان لـە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا بڵاوبۆوە، دیارە ئەو دوو کتێبە کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر ئەدەبی ئەوروپی، پاشان بە هۆی نوسەرە عەرەبەکان کومەڵێك کتێب وەرگێردرانە سـەر زمانی عەرەبی.

لە سەرەتای سـەرهەڵدانی ئـاینی ئیـسلام لـە نیمـچەدوورگەی عـەرەب و، پاشـان بڵاوبونەوەی بە وڵاتانی دەوروپشت گەلی کوردیش یەکێك بـووە لـەو میللەتانـەی کـە ئاینی ئیسلامی قبول کردووە، لە ئەنجامی ئەو تێکەڵاو بوونەی کە لە نێوان میللەتانی

ئیسلامدا هەبووە، توانراوە سوود لە شارستانیەتی یەکتری وەربگرن‌و بکەونە بەر کاریگەری یەکتری.

سەردەمی بابانەکان بەسەردەمێکی زێرین‌و پرشنگدار دادەنرێت، بۆ بوژانەوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی، پاش هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ کوردستان هیچ سەردەمێك وەکو سەردەمی بابانەکان پێشکەوتنی ئەدەبی بەخۆیەوە نەدیوە[٣]، ئەو پێشکەوتنەش لەسایەی حاکمانی بابانەکانەوە بووە، کە زەمینەیەکی چاکیان رەخساندبوو بۆ شاعیرانی سەردەمەکەی خۆیان، ئەوە بوو نالی توانی قوتابخانەی شیعری بابان دابهێنێت، سالم‌و کوردیش تەواوکەری ئەم قوتابخانەیە بوون، شیعری کلاسیکی کوردی درێژەی پێدرا تاکو بە کۆچی دوایی کردنی عەلی کمال باپیر دواتنوك لە دیاردەی شیعری کلاسیکی وشك بوو.[٤]

من لێرەدا نامەوێت باس لە خاسیەت‌و تایبەتمەندیەکانی شیعری کلاسیکی کوردی بکەم، بەڵکو هەوڵم داوە ئەوە بسەلمێنم کە چەندە قورئان‌و فەرمودە کاریگەریان هەبووە نەك هەر لەسەر شاعیرانی کلاسیکی کوردیمان بەڵکو قورئان کاریگەری لەسەر ئەوروپاش هەیە، لەسەر تۆلستۆی هەیەتی، لەسەر لامارتین هەیەتی، لەسەر پۆشکین، لەسەر بەرنادشۆ هەیەتی، بەرنادشۆ ئەگەر نەمردایە شانۆنامەیەکی تایبەتی لەسەر پێغەمبەرﷺ دەنووسی، من ئەوەم لە لێکۆڵینەوەیەکدا خوێندۆتەوە، هیچ نوسەرێکی ئەوروپی نیە زۆر گەورەبێ نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری تەورات‌و ئینجیل‌و قورئانەوە[٥]. شاعیرانی کلاسیکی کوردیش هەرهەموویان لە مزگەوت‌و حوجرەکان فێری خوێندن‌و نووسین بوینە، کەواتە رۆشنبیریان رۆشنبیریەکی ئاینی بووە، جا هەریەکێك لێکۆڵینەوە لەسەر شاعیرانی کلاسیکی بکات دەبێت لێکوڵەرەوە دەرچووی مزگەوت بێت، یان هەر هیچ نەبێت دەبێت روشنبیری ئاینی هەبێت، ئەگینا زۆر زەحمەتە راستی بپێکێ.

لە کۆتایدا دەمەوێ ئەوە بە خوێنەر بلێم هەندێك لەو باسانەی نێو ئەم کتێبە لە گوڤارو رۆژنامەکانی نێوخۆدا بلاو کراونەتەوە، جگە لەوەش شاعیرانی کلاسیکیمان گەلیك لەوە زیاترن، بەلام ئەوانەی کە من باسم لێوە کردوون ئەو شاعیرانەن کە زیاتر لەسەر زمانی خەلکەوەن.

سەرچاوەو پەراوێز:

١- دیوانی نالی / لێکولینەوەو لێکدانەوە / مەلا عبدالکریمی مدرس / کوری زانیاری کورد.
٢- هەمان سەرچاوە.
٣- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی/ ئامادەکردنی حەمە سعید/ دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی.
٤- شاعیرانی تریش هەیە پاش ئەم علی باپیر شیعری کلاسیکی دەنوسن یاخود نوسیویانە، بەلام هێندە بەناوبانگ نیە.
٥- چاوپێکەوتنێك لەگەل شاعیر (لەتیف هەلمەت) رۆژنامەی کۆمەل ژ (١٦٩) ٢٣/٤/٢٠٠٥.

نەوزاد کەلهور
شۆرش- هەولێر

کاریگـەری ئایـیـن لە شـیعری نالـی

مەلاخدری کوڕی ئەحمەدی مکائیلی یە، لە گوندی خاكو خۆڵ لەدایك بووە.

نالی دامەزرێنەری قوتابخانەی* شیعری بابانە، ئەو رۆژگارەی نالی لـە ژیانـدا بـووە لەشاری سولیمانی، سەردەمی فەرمانڕەوایی بابانەکان بووە، میرەکانی بابان توانیبویان زەمینەیەکی لەبار دروست بکەن بـۆ تەقاندنـەوەی بـەهرەی شـیعری شـاعیرانی وەکـو (نالیو سالمو کوردیو مـەلاوەسمان)، دیـارە ئەمـەش وای لـە لێکولـەرەوانی شـیعری کوردی کردووە کە بڵێن لەپاش هاتنی ئـایینی پـیرۆزی ئیـسلام بـۆ کوردسـتان، هـیچ سەردەمێك وەکو سەردەمی بابانەکان، کوردستان بوژانەوەو گەشەکردنی بەچاوی خـۆی نەبینیوە[1].

نـالی ئەسـتێرەیەکی گەشـە لـە ئـەدەبیاتی شـیعری کلاسـیکی کـوردی، کـە ئـەم ئەستێرەیە هەتا دونیا بمێنێ، ئەم ئەستێرەیە لە درەوشـانەوەی خـۆی ناکـەوێت، نـەوە دوای نەوەش شانازی بە (نالی) یەوە دەکەن.

بەداخەوە دەڵێم (نالی) هەروەکو شاعیرانی سەردەمەکەی خۆی، گەلێك لایەنی شاراوە لە ژیانیدا بەدی دەکرێت.

تاکو ئێستا بەتەواوی بۆ لێکۆلەرەوانی شیعری کوردی ساغ نەبۆتەوە کە نالی سـاڵی چەند لەدایك بووە، د.مارف خەزنەدار دەڵێت ۱۸۰۰ز لە دایك بووەو لە ساڵی ۱۸۵٦ز کۆچی دوایی کـردووە[2]، (محمـد امـین زەکـی)یـش سـاڵی ۱۲۱۵ك بـۆ لـەدایکبوونی

---

*) قوتابخانە ئەوەیە بەیاننامەیەکی ئەدەبیی هەبێو خاوەنی پرۆگرام بێت.

دادەنێت، هەروەها عەلائەدین سەجادی دەڵێت نالی لە ساڵی ١٧٩٧ لەدایکبووەو لە ساڵی ١٨٥٥ز کۆچی دوایی کردوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هیچ یەکێکیان لەمانە پشتیان بەسەرچاوەیەکی زانستیو باوەڕپێکراو نەبەستووە.[٢]

ڕونو ئاشکرایە نالی کوڕی پیاوێکی نەخوێندەوار بووە، ڕەنگە لە ڕاستی دور نەکەوینەوە گەر بڵێین لە گوندی (خاکو خۆل) کە مەڵبەندی هاتنە دونیای (نالی)یە، کەسێکی خوێندەواری تیا نەبووە جگە لە مەلای گوند (ئەویش بەو مەرجەی کە گوندی خاکو خۆل مەلای هەبووبێت) جگەلە نەبوونی کەسی خوێندەوار، ئەو سەردەمەی نالی تیادا لە دایك بووە پاشی ئەویش خەڵکی بەوڕادەیە ئەو هوشیاریەی نەبووە، کە هەر منداڵێك لەدایك بێت، یەکسەر دەست بداتە قەڵەمو پەرەموچەکەی مێژووی لە دایکبوونی تۆمار بکات، بە تایبەتیش کەسێکی وەکو نالی کە کوڕی پیاوێکی هەژارو نەخوێندەوار بووە، لەپاشان کێ دەیزانی (خدر) دەبێتە ئەو (نالی)یە مەزنەی ئیمڕۆ؟

بۆیە من گەشبین نیم بەوەی کە ڕۆژێك دابێت بە شێوەیەکی دروست ڕۆژو ساڵی لە دایکبوونی (نالی)مان دەست بکەوێت، بەڵام ڕێگای تێدەچێت ڕۆژو ساڵی کۆچی دوایی ئەو شاعیرە مەزنەمان دەستگیر بێت لەبەر ئەم هۆیانە:

١- ساڵی کۆچی دوایی کردنی نالی نزیکترە، لە ساڵی لەدایك بوونی.

٢- نالی لە گوندێکی دوور لە شارستانیەتی وەکو خاکو خۆل لەدایکبووە بەڵام لە شارێکی پێشکەوتووی وەکو ئەستەمبول کۆچی دوایی کردووە، کە دەوروبەرەکەی خوێندەوار بووە، بۆیە ڕێی تێدەچێت یەکێك لە دەوروبەرەکەی مێژووی کۆچی دوایی تۆمارکردبێت لە دامێنی کتێبێکی پەرژەرد، ئێستاش لە دەلاقەی چ مزگەوتێك یان ماڵێك کەوتبێت.

٣- کاتێك نالی دەگاتە ئەستەمبول، مرۆڤێکی ئاسایی نەبووە، تـاکو لـە دووره وڵات بەهێمنی سەر بنێتەوەو کەس پێی نەزانێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە نـالی ناوبـانگی بڵاوبۆوە بە وڵاتانی ئەورووپاش، ئەویش لە ڕێگای ڕۆژهەڵات ناسەکانەوە، بۆ نمونـە ڕۆژهەڵاتناس خۆدزکو لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەمداو لەساڵی ١٨٥٢ز چـاوی بـە ئەحمەد خان ناوێك کەوتووە، خەڵکی سلێمانی بووەو لـە ئەسـتەمبولەوە چـووە بـۆ ئەورووپا، خۆدزکو هەواڵی شاعیریەتی نالی لەو (ئەحمەد خـان)ـە بیـستووەو گویـا دۆستیشی بووە(٤). تاکو ئێستا سەرچاوەیەکی لەوە باشترمان لەبەردەستدا نیە کـە نالی هەتا ساڵی (١٨٧١-١٨٧٢) ز لە ژیاندا بووە، ئـەویش لـە سەرقـسەی مـلا عـەبدوڵای جەلی زادە (باوکی جـەنابی مـەلای گـەورەی کۆیـە) گێراوەتـەوە دیـارە قسەکەشی جێگای متمانەیە کەوا لە ساڵی (١٨٧١-١٨٧٢) زدا نـالی لـە مەکـە دیوە، دیوییشیە زۆر پـیر بـووەو ڕەنگـە لـە هەشـتا سـاڵیدا بووبـێ هەنـدێك لـە شعرەکانی (نالی) یش ئەم قسەیەی مەلاعەبدوڵای جـەلی زادە بـەهێز دەکـەن وەك دەڵێت:

مووی سپی کردم بە شوشتنی ئاوی عـەینی شۆرە شەط
شۆرە شەط یەعنی کە تێدا خودبەخود قەل بوو بە بەط
هەڵگرا، وەك مۆمی کافووری بە شەودا، مووبەمووم
وا سیاهی ڕوو بخوێنم نوقطە بە نوقطە خە ط بە خەط

دیوانی نالی ل ٢٤٢

نالی دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری بابانە، ئەو ڕۆژگارەی نالی لە ژیاندا بـووە لـە شاری سولیمانی، سەردەمی فەرمانڕەوایی بابانەکان بووە، لێکۆڵەرەوانی شـیعری لـەو باوەڕەدان کە پاش هاتنی ئایینی ئیسلام تاکو ئیمرۆ هیچ سەردەمێك وەكو سـەردەمی بابانەکان کوردستان پێشکەوتنو بوژانەوەی ئەدەبی بە چاوی خۆی نەبینیووە(٥)، دیـارە

ئەم پێشکەوتنەش بە هۆی میرو پاشاکانی بابانیەکانەوە بووە کە زەمینەیەکی لەباریان درووست کردبوو بۆ تەقاندنەوەی شیعری شاعیرانی وەکو نالیو سالمو کوردی.

نالی هەروەکو منداڵانی سەردەمەکەی خۆی دەچێتە حوجرەی مزگەوتـەکان، گـەلێك لەناوچەکانی کوردستان وەکو سلێمانیو قەرەداغو کوردستانی ڕۆژهەڵات دەگـەڕێت و، فێری قورئانو زانستەکانی شەرعی دەبێتو وە دەبێتە مەلا.

نالی لە کاتی خوێندنی فەقێیاتیدا دەکەوێتە بەر کاریگەری ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی هەروەها لە شیعرەکانیدا کاریگەری قورئانو فەرموودەو ئەدەبیو کەلتوری ئیسلامی لە شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە.

ئەوەتا نالی باس لە حۆریەکانی بەهەشت دەکا، کە مرۆڤی موسلمان لە دونیادا بـەو ئۆمیدە دەژی کە لە بەهەشتدا بەو حۆریانە بگەن هەروەکو خوای گـەورە دەفـەرموێت دەربارەی ئەو حۆریانە (حُورٌ مَقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ) (الرحمن- ٧٢)

(نالی)یش دەڵێت تۆ حۆریت جێگات بەهەشتە چی دەکەی لێرە؟ وەرە نێـو جەنـەتی چاوەکانم کە بە فرمێسکی چاوەکانم بۆ باغو گوڵزار تۆ کە حۆریت، وەرە نێو جەننـەتی دیدەم. چ دەکەی لەم دڵەی پڕ شەرەرو سینەی سۆزانمدا؟ نالی ل ٩١

(ئەزەل) واتە شتێك سەرەتای نەبێت، هەر شتێکیش سەرەتای نەبێت کۆتایشی نیە، کەواتە بە پێیە خوای گەورە ئەزەلیە، ئادەمیزادیش لە ڕۆژی ئەزەلدا پـەیمانی بـەخوای داوەکەئەودرووست کەریەتی، بەڵام ئیمڕۆ لەو پەیمانەی خۆی هەڵگەڕاوەتەوە (وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا) (الأعراف-١٧٢)

بەندە ئەزەل بە خە طظی خۆی قابیلی قیسـمەتی بووە
ئێستە بە ئیقتضای عەمەل جێگەی خۆی طەلەب دەکا

بەکارهێنانی داری (سیواك) یەکێکـە لـە سـوننەتەکانی پێغەمبـەر (ﷺ) (الـسواك مطهرة للفم ومرضاة للرب) موسڵمانیش بـۆ زیندوکردنـەوەی ئـەو سـوونەتە بـەکاری

دەهێنن بۆ خاوێن کردنەوەی دەمو ددان بە تایبەتی لە کاتی نوێژکردنـدا (نـالی)یـش دەڵێت:

داری ئیـراك‌و داری هیند هەردوو کە عودە ئسمیان
هەمدەمی سوونەتە ئەوەم مەیلی ئەبولەهەب دەکا

چیرۆکی حەزرەتی سولەیمان‌و بەلقیسی شاژنی شاری سەبەء پایتـەختی یەمـەن، لـە قورئاندا هاتووە، کاتێك پەپوسلێمانە بەسەرهاتی بەلقیس‌و قەومەکەی دەگێڕێتەوە بـۆ حەزرەتی سولیمان، کە نەتەوەیەکن سوجدە بۆ ڕۆژ دەبەن[٦]، (وَجَدْتُهَا وَقَوْمَهَا يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِنْ دُونِ اللَّهِ) (النمل- ٢٤) حەزرەتی سولیمانیش داوای گواستنەوەی عەرشی بەلقیس دەکات، یەکێك لە پیاو چاکان کە زانست‌و زانیاری لە نهێنیەکانی هەبوو وتی من بۆت دەهێنم بە چاوتروکاندنێك (قَالَ الَّذِي عِنْدَهُ عِلْمٌ مِنْ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ) (النمل- ٤٠) نالی شاعیرسودی لەم چیرۆکە قورئانیـە وەرگرتـوە بۆیە خۆی چواندووە بە پەپوسـلێمانە، حـەزرەتی سـلیمان بـە سـلیمان پاشـای بابـان‌و ئەحمەد پاشای کوڕی بە ئاصەفی کوڕی بەرخیا کە وەزیری حەزرەتی سلیمان بووە

هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە، یەقین
خۆی کە دامێن گیری شـاهی ئاصـەف ثانی دەکا ل ١٠٥

جا پاش ئەوەی عەرشی بەلقیسی گواستەوە سوپاسی خوای لەسەر کرد (قالَ هذا مِنْ فَضلِ رَبِّي)، شاعیریش هەردەم سوپاس گوزاری خوا دەکا کـە سـولەیمان پاشـا چـاکەی بەرامبەری کردووە، لە هەموو شوێنێك ئەو باسی پیاوەتی ئەم پیـاوە دەکـەم هـەروەك خوا دەفەرموێت (وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ)(الضحى- ١١).

ئەو کەسـِ تەحدیثی نیعمەتی بێ‌مورادو مەطلەبی
میثلی (نـالی) ئیمتثالی ئەمری یەزدانی دەکـا ل ١٠٥

نالی وەکو موسڵمانێکی خاوەن عەقیدە بڕوای وایە هیچ کارو کردەویەك بێ پشتیوانیو یارمەتی خوا پێك نایەت، یاخود هەر کارێك بکەی دەبێت بەناوی خوا دەست پێ بکەیت ئەگینا ئەوکارە بەرەکەتی تیا ناکەوێت هەروەکو پێغەمبەر (ﷺ) "کل امر ذی بال لم یبدأ فیە باسم اللە فهو ابتر" خوای گەورە خاوەن ڕەحمەتێکی زۆرە بەرامبەر بە گیانداران ، وە ئەگەر بیەوێت ڕەحمەتی خۆی ببارێنێت بەسەر بەردیشدا گەورەو پیرۆزی دەکات هەروەکو ئەو بەردە ڕەشەی نێو دیواری کەعبە، کەبەردێکە خوای گەورە پیرۆزی کردووەو پێغەمبەر (ﷺ) ماچی کردووە:

بەو ڕەحمەتە عامەت کە دەکا سەنگی سییەه زەڕ

لەم قەلبـــە کە وەك بەردە، ڕەشـــە (رُش رشاشا)

خوای گەورە خاوەن دەسەڵاتە هیچ شتێکیش بە بێ فەرمانی خوا نابێت گەر حەز بکات دەیکات گەر حەزیش نەکا نابێت: (يَغْفِرُ لِمَنْ يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (ال عمران- ١٢٦).

هەروەها (هُوَ الَّذِي يُصَوِّرُكُمْ فِي الأَرْحَامِ كَيْفَ يَشَاءُ) (ال عمران- ٦)

نالی شاعیریش لەم ڕاستیە دڵنیایە بۆیە دەڵێت:

لا حـول ولا حـــول ولا قـوة الا

باللە، لە القدرة، والکائن حاشا ل ٧٨

فەجری صادقو فەجری کاذب دوو زاراوەی شەرعین، فەجری کاذب هێشتا شەو ماوە، بەڵام فەجری صادق بە مانای شەو نەماوەو بەرەبەیانەو کاتی هەستانە بۆ نوێژو بانگدان، بۆیە نالی دەڵێت ئەو بولبولەی هێشتا شەو ماوە دەستی کردووە بە خوێندن بەنیازی بەیانی بەڵام لە شەو تاریك هیچی تر نیە:

لە ئەشکەنجەی شکەنجی زولفی ئەو بێ وەعدە مورغی دڵ

دەنـــاڵێنـــی وەکو بولبـول لە حـوبی کـــاذیبی شـــەودا ل ٨٨

حەرەمی مەکە شوێنێکی پیرۆزە ڕاوکـردنو کوشـتنی تیـادا حەرامـە، بۆیـە کـەس دەست درێژ ناکات بۆ هیچ گیانلەبەرێك لەناو حەرەمدا (يَاأَيُّهَا الَّـذِينَ آمَنُـوا لاَ تَقْتُلُـوا الصَّيْدَ وَأَنْتُمْ حُرُمٌ وَمَنْ قَتَلَهُ مِنْكُمْ مُتَعَمِّدًا فَجَزَاءٌ مِثْلُ مَا قَتَلَ) (المائدة-٩٥).

هەروەها نالی باسی لە شاری ئیرەم دەکا کە (شەداد) چەند کۆشكو باڵەخانەی گەورەی تێدا درووست کردبوو (إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلاَدِ) (الفجر-٨) .

گــەر بێتە دەرێ سـەروی رەوانی لە ئیرەمدا
وەرە نەبیە، دەرێ ئاهوی چینی لە حەرەمــدا

بە پێی فەرموودەی قورئانی پیرۆز، هەر مرۆڤێك دوو فریـشتەی لـە سەرشـانە لـە کارو کردەوەکانی مرۆڤ تۆمار دەکەن یەکێکیان هی خراپەو ئەوی تریان هی باشە بەلاّم بەزەیی خوای گەورە کاتێك مرۆڤ کردەوەی خراپ دەکا، فریشتەکە یەکـسەر نایـنووسـی بەڵکو ئەو مرۆڤە پەشیمان ببێتەوە، بەلاّم هی چاکە یەکـسەر دەنوسـێ بـەو دەفتـەری کردەوانەش مرۆڤ دەچێتە بەهەشت یاخود دۆزەخ (إِذْ يَتَلَقَّى الْمُتَلَقِّيَانِ عَنْ الْيَمِينِ وَعَـنْ الشِّمَالِ قَعِيدٌ) (ق- ١٧).

نالی دەڵێت:

کـاتبی خێـرو شـەڕی عوششـاقە، بۆ وەصـڵو فیراق
لوطف و قەهری هەر بەجارێ سەیری دوو دەفتەر دەکا ل١١٠

لە ڕۆژی قیامەتو زیندو بونەوە هیچ کەسێك فریای هـیچ کەسـێکی تـر ناکـەوێت هەموو کەسووکار لە دەست یەکتری ڕادەکەن (يَـوْمَ يَفِـرُّ الْمَـرْءُ مِـنْ أَخِيـهِ وَأُمِّـهِ وَأَبِيـهِ وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ) (عبس ٣٦).

نالی شاعیریش ئەوکاتەی تووشی جیابوونەوە دەبێت وەکو ئەوەیە لەناو (هاویە) بێت کە شوێنێکە لەناو دۆزەخ، بۆیە دەستەو دامێنت دەبم بۆ ساتێکیش لێم جیا نەبیەوە.

مەخەرە هاوییەی هەوڵی فیراق

دەستی من دامەنی تۆ ڕۆژی قیا ل١٢٦

نالی لە تاو دووری لە حاڵی حەلوەلادایە نە ئەوتا ژیانە نە مردنیشی مردنە کەبە جارێك هەناسەی ببڕێ کۆتای بە ژیانی بێت، لێرەدا خۆی وەکو ئەهلی دۆزەخ لێکردووە کەلەناو ئاگردا لە ژیانێکی گەلێك ناخۆشدان، هەرگیز نامرن بۆ ئەوەی لە کۆڵ ئەو ئازارە ببنەوە (ثُمَّ لاَ يَمُوتُ فِيهَا وَلاَ يَحْيَا) (الاعلى ١٣).

دوور لە تۆ ئیدی مەپرسە، قوربان

حاڵی نالی کە نەمردو نە ژیا

خوای گەورە گفتی بە بەهەشتیەکان داوە کە حۆری لە بەهەشتدا لە چاوەڕێاندایە چەندی ئارەزوی لێ بێت تەماشایان دەکەن، جا بۆیە دەبێت سوقی تەماعی ئەو حۆریانە بکات کارو کردەوەی چاك بکات بۆ ئەوەی لە ڕۆژی قیامەتدا دەستی بکەوێت (فيهن قاصرات الطرف لم يطمثهن انس ولا جان) (الرحمن ٥٦).

صوفی مەستووری ڕوتو موفلیسی خستە طەمەع

سەیری خاڵی بێ حسابو ماچی لەعلی بێ بەها

لە ڕووداوی ئیفك بوختانێکی گەورە دەرهەق بە جەزرەتی عائشەی دایکی موسڵمانان کراوە، بەڵام بۆ سەلماندنی پاكو خاوێنی حەزرەتی عائشە بەچەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە باسی خاوێنی دەکات، کەچی سەرە ڕای ئەوەش شیعە

مەزهەب هەر سوورن لەسـەر ئـەوەی کـە قـسـەی ناشـرین دەکـەن بەرامبـەر دایکـی موسڵمانان، کە هەرگیز ئەم قسانە لە گەورەیی ئەودا ناوەشێتەوە، (لَوْلا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْرًا وَقَالُوا هَذَا إِفْكٌ مُّبِينٌ) (النور-١٢).

عاجز مەبە هەرگیز لە درۆو ئیفکی حەسوودان
دونیایە، دەبێ سەگ بووەڕێ، شیعە بکا سەب ل١٢٤

قارون دەوڵەمەندێکی جوولەکە بووە لە سەردەمی حەزرەتی موسادا ژیاوە گەلێك لە خۆی بـای بـوو بـە مـاڵو سـامانی خۆیـەوە دەنـازی تەنانـەت کلیلـی گەنجینـەکانی چەندکەسێك هەڵیان دەگرت، بەڵام خوای گەورە قارو غەزەبی خۆی لێ گرت (إِنَّ قَـارُونَ كَانَ مِنْ قَوْمِ مُوسَى فَبَغَى عَلَيْهِمْ وَآتَيْنَاهُ مِنْ الْكُنُـوزِ مَـا إِنَّ مَفَاتِحَـهُ لَتَنُـوءُ بِالْعُـصْبَةِ أُولِي الْقُوَّةِ) (القصص-٧٦).

لە سنور دەرچونی قارون خوای گـەورە مـاڵو سـامانەکەی بـە نـاخی زەویـدا بـردە خوارەوە (فَخَسَفْنَا بِهِ وَبِدَارِهِ الأَرْضَ فَمَا كَانَ) (القصص-٨١).

لێرەدا نالیش ڕۆژو مانگو ئەستێرەی بە مـوڵکی خـوا دانـاوە، ڕۆژێکـیش دادێـت ئەمانەش لەناو دەبات وەکو موڵکی قارون

قارونە فەلەك، موستەحەقی گرتنو خەسـەفە
زیو زەری شەمسو قەمەرە، دیرهەمی کەوکەب ل١٢٥

چیرۆکی حەزرەتی یوسف پێغەمبەر لەگەڵ زولیخا کە دەیەوێت دەست درێژی بکاتـە سەر حەزرەتی یوسف، پاش ئاشکرا بوونی خیانەتەکەی زولەیخایان بانگ کرد، ئـەویش بۆ ئەوەی پاکانەی خۆی بکات کۆمەڵێك ئافرەتی داوەت کرد، هەریەکـەی چـەقۆیەکی دایە دەستیانو پاشان بانگی حەزرەتی یوسفی کرد، کاتێك ئافرەتـەکان (یوسـف) یـان دیت سەریان سوڕما گوتیان (فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَـا هَـذَا

بَشَرًا إِنْ هَذَا إِلاَّ مَلَكٌ كَرِيمٌ) (یوسف-٣١) (نالی)یش بۆ سوود وەرگرتن لەبەسەر هاتـە دلدارەکەی خۆی واپیشان دەدات کە هەر کەسێك دڵدارەکەی ئەبینێت دەڵێت:

حاشا ئەوە ئادەمیزاد نییە بەڵکو فریشـــتەیە

هەرچی مەحبوبم دەبینێ واتە حەییور دەیگرێ

سوێن دەخوا بە خوا دەڵێ"بالله ما هذا بشر" ل٢٠٣

کاتێك نالی دەکەوێتە ساڵەوە مووی سپی دەبێت، کە ئاماژەیە بۆ نزیـك بوونـەوەی لە مردن، چوونکە نالی چاك ئەوە دەزانێت (کل نفس ذائقـة الموت) دیـارە نـالیش لـە نەوەی ئادەمەو دەبێت ئەم دەردە بچێژێت چوونکە تەنها خوای گـەورە نـەمرە ئـەگینا ئەوانی تر هەموو دەفەوتێن خوای گەورە دەفەرموێت (كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلاَلِ وَالإِكْرَامِ) (الرحمن- ٢٧).

سپی نەزیرە هەموو موو لە سیڕڕی (وجە) لەسەر

مونـەووەرە، لـە طـەرەف نوورەوە بووە بە نەزیـــر ل ٢٠٨

نالی تەمەنی مرۆڤی بە مانگ چواندووە کاتێك مرۆڤ بەرەو تەمەنی پـیری دەڕوات کوڕ دەبێتەوە، مانگیش کاتێك لە چواردە شەو یەوە بەرەو کەم بونـەوە دەچـێت تـاکو هیچ نامێنێت خوای گەورەش لە قورئاندا دەفەرموێت (ومن نعمره ننكسه فـی الخلـق افلا يعقلون) يس ٦٨

مرووری نەکسە کە عەکسی قەمەر دەکا بە ڕەمەق

دو بۆلی نیکسە دەگێری کە عەکسی ڕیش بە شـــیر ل ٢٠٩

نالی لە غوربەتی دووری ئاوارەیدا، سۆزی خۆی بـۆ شـاری سـلێمانی دەر دەبڕێـت، پرسیار دەکاو دەڵێت ئایا ئێستا ماوەی ئەوەم هەیە یاخود زەمینە لـەبارە بگەڕێمـەوە شارەکەی خۆم؟ یاخود چاوەڕێ بکەم هەتا ڕۆژی قیامەت دیت نەفخی صور لێ دەدرێت هەموو کـەس زینـدوو دەبێتـەوە بـەرەو مەیـدانی حەشـر دەڕۆن لەوێنـدەر بەیـەکتری

شادبینەوە (وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الأَرْضِ إلاَّ مَنْ شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنْظُرُونَ) (الزمر- ٦٨).

ئایا مەقامی ڕوخصەتە لەم بەینە بێمەوە
یا مەصلەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی صور؟ ل ١٩٧

نالی دەڵێت صوفیو پیاوانی ئاینی، خۆیان لە پەنا پەردەی ئایین شاردۆتەوە گوایە پیاوی باشو لەخواترسن، بەڵام پیاوی خواناس بەکردەوەی باش بەدیار دەکەوێت نەك بەوەرەقی دیدە کە ئەو کاغەزەی دەمو چاوی پێدادەپۆشرێ وەرەق گەر مەبەستی ئەو گەلایەی بەهەشت بێت کە پاش ئەوەی ئادەمو حەوا داری گەنمیان خوارد عەورەتیان بەدیارکەوتو بەم وەرەقە خۆیان داپۆشت (فَدَلاَّهُمَا بِغُرُورٍ فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَنْ تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ) (الاعراف ٢٢)، یاخود مەبەست لە وەرەق ئەو پارە زیوەی اصحاب الكهف (فَابْعَثُوا أَحَدَكُمْ بِوَرِقِكُمْ هَذِهِ إِلَى الْمَدِينَةِ) (الكهف ١٩)، وەکو ماموستا عبدالكريمى مدرس دەفەرموێت، ئەوا لای ئێمە گرنگ نیە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە نالی کەوتوەتە بەر کاریگەری قورئان جا چ مەبەست وەرەقی بەهەشت بێت یاخود پارەی زیوی سەردەمی یارانی ئەشکەوت:

صوفییان هاتنە مەجلیس وەرەقی دیدە بشۆن
لە کن ئەو دێمیە وشکانە لە دەریا نییە باس ل ٢٣٤

نالی تووشی داوای خۆشەویستی بووە، ئەوەتا ڕوو لە دڵبەرەکەی دەکات دەڵێت مەحالە کەسێك سۆزو خۆشەویستی تۆی لەدڵا بێتو بتوانێت خۆی ڕاگرێ، چونکە خوای گەورەش داواکارێك لەکەس ناکات کە لە توانای نەبێت (لاَ يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلاَ وُسْعَهَا لَهَا) (البقرة- ٢٨٦)

قوربان مەحاڵە پێکەوە بن صەبرو ئیشتیاق
خاریج لە نەصصی ئایەیە تەکلیفی (الایطاق) ل ٢٤٨

شاعیر باس لەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤـ دەکـات، کەسـەرەتا دلۆپـە ئاوێکـە، هەروەکو چۆن لەسەرەتای بەهار گەلای دارو درەخت دەپشکوێ یاخود لـەوەرزی بـەهار کانی دەزیتو ئاو زۆر دەبێت، دیسان بـە هـۆی ئـەو ئـاوەش ئـافرەت سـکی دەبـێ: (فَلْيَنظُرْ الإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ، خُلِقَ مِنْ مَاءٍ دَافِقٍ، يَخْرُجُ مِنْ بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ) (الطارق: ٦-٧).

کانی دەزێن بەئـاو و، درەخت ئاوسـن بەبا
شاییی بەهـارە، بولبولە داماوو غونچە بوك ل٢٥٨

نالی هێندە نزیك بۆتەوە لە خۆشەویستەکەی بەقەد پێوانەی دوو کەوان، بەڵام لەگەڵ ئەم نزیکیەش هێندە دوورە دەستی نایگاتێ دەبێت نالی دووریەکەی بـە جەسـتەییبێتو نزیکیەکەشی لەدڵ بێت کە هەردەم لایەتی، لێرەدا نالی پەنای بۆ ئەو ئایەتە بردووە کە خوا دەفەرموێت:

(ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّى فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى) (النجم ٨-٩)

لە قوربی (قاب قوسین)ی دو ئەبرۆت
منی (ادنی) چ دوورو دەربەدەر مام ل ٢٦٢

نالی ئومێدێکی زۆری بەوە هەیە کە لە ژێر ئالای پێغەمبەر(ﷺ) حەشر بکرێتو بە عەفوی ئەو پێغەمبەرە کە ڕەحمەتە بۆ هەموو دونیا (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ) (الانبیاء ١٠٧)، کەواتە ئەگەر چی نالی گوناهبـارە بـەلام لـە کۆتاییـدا هەردەچێتە بەهەشت، نالی خۆی وەکو سواڵکەرێك داناوە دەچێتە بەر دەرگای پێغەمبەر(ﷺ) وەکو ئاشکراشە پێغەمبەر هیچ کەسێکی بەدەست بەتالی نەگەڕاندۆتەوە (وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ) (الذاریات ١٩)

لە خاکی دەری ڕەحمەتی بێ زەحمەتە، ((نالی))
فیردەوسـە مەئـالـی

حاشـــا کە لەمێدا ببمە ســائیلی مەحروم

هەرچـــەندە لە عوصاتم   ل ٢٧٠

نالی کەسێکە شوکرانەی خوای گەورە دەکات لەسەر ئەو نیعمەتانەی کـە لەگەلیـدا کراوە ئەوەتا وەکو مرۆڤێکی بەئەمەل باسی ئەوە دەکات کە هەر لـە تـۆقی سـەریەوە تاکو پەنجەکانی غەرقی ڕەحمەت بووە، هەندێکیش لەو نعمەتانەی باس کردووە وەکو نە پیرێکی ددان کەوتووە نە شەلە نـە کۆسـەیە، بەهـەرحاڵ گـەربێتو نیعمەتـەکانی خـوا بژمێرین ناژمێردرێت (وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لاَ تُحْصُوهَا) (ابراهيم ٢٤).

عاجیـــزی شوکری تەمامـی نیعەمم ســـــەرتاپا

کە نەریش بەلّم و، نە کۆسەو، نە کەلو گۆجو شەلم   ل ٢٩٢

دەفتەری کردوەکانی نالی پڕە لە گوناه، ئەو دەفتەری کە هەموو شتێکی تێدا تۆمار دەکرێت گەورەو بچوك هیچی لەیاد ناکرێت: (مَـالِ هَـذَا الْكِتَـابِ لاَ يُغَـادِرُ صَغِيرَةً وَلاَ كَبِيرَةً إِلاَّ أَحْصَاهَا) (الكهف ٤٩)، جا کە دەفتەری کردەوەی هێندە ڕەش بێت بە ئـاوی زەمزەمیش ناشورێتەوە، تەنها بەرەحمی تۆ نەبێت ڕەحمی تۆش هێندە زۆرە دونیـای پـڕ کردووە چ مەکە بێت یاخود شـوێنێکی تـر (وَرَحْمَتِـي وَسِعَتْ كُـلَّ شَـيْءٍ) (الاعـراف-١٥٦).

دەفتەری ئەعمـــالی من، بێ قەطرەیێکی ڕەحمـــەت

کەی بەحەد زەمزەم سیاهیی نوقطەیێکی لێ دەشوم؟   ل ٣٠٠

لەلای نالی وەعد زۆر گرنگە، مرۆڤ دەبێت عەهدو وەفای هەبێت، چونکە عەهـدو پەیمان لە ئەستۆی ئەو کەسەدایە کە وەعدەکەی داوە، هـەرگیز ئـەو عەهـدە لەسـەری ناچێت تاکو جێبەجێ دەکات (وَأَوْفُوا بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْئُولا) (الاسراء ٢٤).

وەفای عەهدە لەمن ڕۆح و، لە تۆ ماچ

چیە چارەی ئەمانەت غەیری تەســلیم   ل ٣١٢

مرۆڤ بە سروشتی خۆی حەز بەمانەوە دەکات هەرچەندە بژی وا هەست دەکات ماوەیەکی کەم ژیاوە وەکو حەزرەتی نوح سەلامی خوای لیّ بیّت کە تەنها ٩٥٠ ساڵ پێغەمبەرایەتی کردووە ئینجا دەربارەی ژیانی خۆی وتی دونیا خانوێکە دوو دەرگای هەیە لە یەکێکیان چوومە ژوورەوەو لەوی تریان هاتمە دەرەوە، کەواتە تەمەن چەند درێژ بێت مرۆڤ ناتوانێت هەموو ئاواتەکانی خۆی بهێنێتەدی کەواتە چەند بژی هێشتا کەمە چونکە ئاواتەکانی نویّ دەبنەوە (يشيب ابن ادمو يشب فيه خصلتان : الحرصو طول الامل) جا نالی دەڵێت هەرچەند وەکو خضر (خدری زیندە) کە باوە ئاوی حەیاتی خواردۆتەوە تاکو قیامەت نامریّ کەواتە گەر تەمەنی خدریشت هەبێت مادام هیوات زۆرە، تەمەن کەم دەبێت:

هەرچەندە کە عومری خضر و جامی جەمت بوو
چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو ل٣٦٧

نالی ڕوومەتی بە بەهەشت چواندووە، خالی سەرگۆناشی بەو دەنکە گەنمەی بەهەشت، کە دایکە حەواو باوکە ئادەم لە بەهەشت خواردیان و، بووە هۆی دەرکردنی هەردووکیان لە بەهەشت، جا هەرکەسێك دەست بۆ خاڵەکە ببات دەری دەکات لە بەهەشتی خۆی واتە مەحرومی دەکات لە دیتنی ڕوومەتی خۆی.(وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَنْ تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ)، (الاعراف- ٢٢)

خاڵت چییە؟ دانەی گەنمی جەننەتی ڕوونە
چاوت چییە؟ فیتنەی حەرەمی قیبلەیی ئەبرۆ ل ٣٨٦

نالی لە بەیتە شیعرێك ئاماژە بە دوو ڕووداوی گرنگی سەردەمی موسا دەکات یەکێکیان ئەوە کە داوای دیتنی خوای گەورەی کرد، خوای گەورەش نووری خۆی لە کێوی طور دا ئیتر موسا توانای خۆراگرتنی نەماو لە هۆش خۆی چوو. (وَلَمَّا جَاءَ مُوسَى لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَنْ تَرَانِي وَلَكِنْ انظُرْ إِلَى

الْجَبَلِ فَإِنْ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَى صَعِقًا فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ)، (الاعراف ١٤٢).

ڕووداوی دووەم کاتێك فرعەونو دارو دەستەکەی بەدوای موسا (سەلامی خوای لێ بێت)، کەوتن ڕووباری نیل بۆ حەزرەتی موسا شەق بوو، پاشان لەشکری فرعەون بەهەمان شێوە ویستیان بە دوایان بکەون بەڵام ڕووبارەکە یەکی گرتەوەو فرعەونو لەشکرەکەی خنکان:

(وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمْ الْبَحْرَ فَأَنْجَيْنَاكُمْ وَأَغْرَقْنَا آلَ فِرْعَوْنَ وَأَنْتُمْ تَنظُرُونَ)، (البقرة- ٥٠)

بە ناری عیشقو ئاوی دڵ، جەسەد وەك حەضرەتی موسا
طەریقی بەحری فیرعەون و، ڕەفیقی ئاتەشی طوورە   ل ٢٠٧

حەزرەتی سولەیمان فەرمانیدا هەر باڵندە هەیە کۆیان بکاتەوە، پاش پشکنینی حەزرەتی سولەیمان بۆی دەرکەوت پەپولە سلێمانە دیار نیە: (مَا لِي لاَ أَرَى الْهُدْهُدَ أَمْ كَانَ مِنْ الْغَائِبِينَ)، (النمل ٢٠).

پاشان پەپولە سلێمانە بیانوی هێنایەوە بە بەلقیس شاژنی یەمەن سەجدە بۆ ڕۆژ دەبەن، خاوەنی عەرشی خۆیەتی، جا یەکێك لە پیاوچاکان گوتی: (قَالَ الَّذِي عِنْدَهُ عِلْمٌ مِنْ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ)، (النمل٤٠).

صاحێبی (علم الکتاب)ـە موطریبی هودهود نەفەس
یا سولیمانە لە (اخوان الصفا) ئا صەف صەفە   ل ٤٥٣

نالی لای وایە عەشقی ڕاستەقینە لای ئەوە چونکە ئەو بەدوای ڕەحەتی لەشدا دەگەڕێت ئەو پەرۆشی بەلێو گەیشتنە هەروەکو چۆن پیاوێکی خواپەرست وێڵو شەیدای گەیشتیتەی بە ئاوی کەوثەر، ئەو ئاوە سپیە وەکو شیر، شیرینە وەکو هەنگوین (إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ)، (الكوثر- ١)

بە نەهری کەوثەرو شیریو عەسەل چەند تینوە صوفی
لەبی (نالی) دوچەندان بۆ لەبانی لەعلی موشتاقە   ل ٤٥٧

شاری مەکە مەڵبەندی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام کە پێغەمبەر(ﷺ) تێدا لە دایك بووەو هەرلەوێش سروشتی بۆ هاتووە ئەرکەکانی ئاینی ئیسلامی تێدا چەسپاوە، جگە لەوەش یەکەمین خانووی خواپەرستی لە مەکە دروست کراوە لەلایەن حەزرەتی ئیبراهیم بۆیە ئەم شوێنە هێندە پیرۆزە (وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنْ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنْتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ)، (البقره ١٢٧)

چ مەککە؟ دارو بەردی قاعیدەی ئەرکانی ئیسلامە
چ طەیبە؟ ماء و خاکی مائیـــدەی ئەنواری ئیمـانە ل ٤٨٥

بەجێهێشتنی حەزرەتی ئیسماعیلو دایکی لـە شـارێکی وەکـو مەکـە کـە هـیچ خواردنو خواردنەوەی لێ نەبوو، جگە لەوەش شـوێنێکی ئـەمین نـەبوو چـونکە هـیچ ئاوەدانیەکی لێ نەبوو، کەواتە بـە کـەڵکی ئـەوە نـەدەهات ئـەم دایـكو کـوڕە تێـدا بمێننەوە، بەڵام حەزرەتی ئیبراهیم لە خوا پارایەوە:

(وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَذَا بَلَدًا آمِنًا وَارْزُقْ أَهْلَهُ مِنْ الثَّمَرَاتِ مَنْ آمَنَ مِنْهُمْ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ)، (البقرة- ١٢٦).

پەپولە هێنـدە عەشـقی چـراو ڕوناکیـە هـەر بەدەوریـدا دەسـوڕێتەوە لێـی نزیـك دەبێتەوە، تاکو باڵەکانی لە ئاگرەکە ئەداو ئەسـوتێ، مرۆڤـی موسـلمانیش بەدەسـتی خۆی نیە لەدوری چەند ڕۆژە ڕێگاوە دێتە شاری مەکە عەشـقو خۆشەویـستی کەعبـە وای لێ دەکات هەردەم بەدەوریدا بـسورێتەوەو تەسـبیحاتی خـوای گـەورە بکـات ثُمَّ لِيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ)، (الحج- ٢٩).

چ جەذبە؟ جەذبەیی ضەوئە لە قنیدیلی حەرەمدا، وا
دەبێ ئینسـان لە طەوافیدا بسوتێ میثلی پەروانـە ل ٥٠١

پێغەمبەر(ﷺ) کەسێکی وا بەرێزو بەجێو ڕێگایەو خاوەنی عیـزەتو عەزمـە لـە هەردوو جیهاندا ڕێزی لێ گیراوە، جگە لەوەش لەلایەن خوای گەورەوە دەعوەت کراوە بۆ ئاسمان: (سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِنْ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا)، (الاسراء- ١)

چ میوانێکە؟ صـاحێب جێو جاەو عیززەتو عەزمە
لە دوو عالەم طوفەیلی دەعوەتی‌و ئەو صاحیبی خوانە ل ٥٠٤

دیسان پێغەمبەر(ﷺ) ڕەوانـە کـراوە بـۆ ئومـەت بـە مزگێنیـدەر بـە بەهەشـتو ترسێنەر بە ئاگری دۆزەخ (يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا(٤٥)وَدَاعِيًا إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجًا مُنِيرًا)، (الاحزاب: ٤٥-٤٦)

موحەممەد، ئەحمەدی مورسەل، مونیری مینبەرو مەحفەل
بەشیری ئاخیرو ئـەووەل، نەذیری خوێـش*و بێگـانە ل ٥٠٤

لە سەردەمی نەزانین واتە پێش هاتنی پێغەمبەر(ﷺ) خـەلکی لـە نـەفامی دەژیـا وەکـو مـردوو وابـوون بـەلام پـاش ئـەوەی کـە پێغەمبـەر(ﷺ) هـات هۆشـی وەبـەر خەلکەکەدا هێنایەوە، وەکو بلێ خەلکی زیندوو بۆوە وەکو لێـدانی نـەفخی صـور کـە جارێك لێ دەدرێ هـەموو خـەلکی ئـەمرێت، جـاری دووەم هـەموو خـەلکی زینـدوو دەبێتەوە (وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَجَمَعْنَاهُمْ جَمْعًا)، (الكهف ٩٩)

لە نەفخی صوورو نەشری بەعثەتی دینی حەق ئیحیا بوو
لە قەبری جاهیلیـەت هاتـەدەر هەرچی موسـلمانە ل٥٠٥

بە هاتنی پێغەمبەر(ﷺ) مرۆڤایەتی توانی شـتی هـەقو ناهـەق لـە یـەکتری جیـا بکاتەوە وەکو شەو ڕۆژ کە چۆن شەو دادێ ڕۆژ نامێنێ کە ڕۆژیش هات شـەو نامێنـێ

* ئاماژەیە بە ئایەتی (و انذر عشيرتك الاقربين).

ئیتر بەهاتنی ئەو پێغەمبەرەش هەق هاتو ناهەق باری کرد (جَاءَ الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا)، (الاسراء ٨١).

لەسایەی ئەمرو نەهیی، حەقو باطیل بوو بە دوو فیرقە
بە میثلی فەرقـــی ڕۆژو شەو کە فاریق نووری ئیمـــانە ٥٠٦

بە لەدایك بوونی پێغەمبەر(ﷺ) دونیا روناك بۆوە ئەو نوورەی لـە مەکـەوە سـەری هەڵدا هەموو دنیای گرتەوە، لە هەمانکاتیـشدا ئـاگری ئاگرپەرسـتانو تـاقی کیـسرا شەقی برد لە نیشانەی لەناوچوونی بوو:

(النطفت نار المجبوس و انشقت ایوان کسرا).

شـەقـاوەت بوو بە دوود داخـــیلی کوورەی ضـــەلالەت بوو
ئەمارەت خوسری خوسرەو، کەسری کیسرا، شەقی ئەیوانە ل ٥٠٧

قورئان موعجیزەیە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) هاتووە، هەروەکو چۆن هـەموو پێغەمبـەرێك موعجیزەی هەیە ئـەو قورئانـە موعجیزەیـە چـونکە کـەس ناتوانێـت یـەك ئایـەتی هاوشێوەی ئەو بهێنێت: (قُلْ لَئِنْ اجْتَمَعَتْ الإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَا الْقُرآنِ لاَ يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا)، (الاسراء ٨٨).

هەروەها ئایەتی (سبحان الذی) موعجیزەیەکی ترە لەناو موعجیزەی قورئان کە باسی شەوڕەوی پێغەمبەر(ﷺ) دەکات:

لە جوملەی موعجیز ئەندەر موعجیزی: ئەحکامی قورئانە
کە میعراجـــی بوڵەنـــدی ئەوەی ئایـــاتی (ســوبحانە) ل ٥٠٨

حەزرەتی یەعقوب لەتاو دووری یوسفی کوڕی چاوەکانی تاریك بوون ئـاوی ڕەشـیان تیاکەوت، کوێر بوون کاتێك کراسەکەی یوسفیان بۆ هێنـاو بەسەر چاویان دادا روناکی بۆ چاوەکانی گەرایەوە(فَلَمَّا أَنْ جَاءَ الْبَشِيرُ أَلْقَاهُ عَلَى وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصِيرًا)(یوسف ٩٦)، ئاسمانیش بەشەو تاریك بوو وەکـــو بڵێ چاوەکـــانی کوێر بوبێت، بەڵام کاتێـــك

پێغەمبەر(ﷺ) لەشەوی میعراج چووە ئاسمان، ئاسمان روناکی بۆ گەڕایەوە.

لە هیجری یوسفی میعراجی، یەعقوبی فەلەك چاوی
نوجـوەی بو سپی، هێشتاکو هەر حەیـران‌و سەهرانە

پێغەمبەر(ﷺ) لەشەوی میعراج شەرەفمەند بوو بە نزیك بوونەوەی لەخوای گـەورەو زانینی رازو نهێنیەکانی بونەوەر: (فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَـى فَـأَوْحَى إِلَـى عَبْـدِهِ مَـا أَوْحَى) (النجم ٩-١٠).

موشەڕڕەف بوو بە تەختی عەرش‌و تاجی قوربی (عندالله)
بە هەرچی دەرجـــی (او ادنی)و (ماوحی)ی قورئـــانە ل ٥١٥

نالی مەبەستی ئەوە نیە بەچەند بەیتێکی کوردانـە باسـی پێغەمبـەر(ﷺ) بکـات، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) گەلێك لەوە بەرزترە من ستایشی بکـەم چـونکە خـوای گـەورە دەربارەی دەفەرموێت: (وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ) هـەروەها حـەزرەتی عائـشە دایکـی موسڵمانان دەربارەی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) دەفەرموێت (کان خلقه القران) کەواتە مـن چ بڵێم دەربارەی هەرناگەتە ئەو پێناسەیەی خواو حەزرەتی عائشە:

ئەگەرچی کوردی دووری شارەزووری قەسەوتم، ئەمما
وەسیلەم طه یبەوو حیلمی شەفیع‌و فەضلی مەنناتە ل ٥١٧

ئەگەر چی نالی گوناهی گەلێك زۆرەو دەفتەری کردەوەی رەش بووتەوە بە کـردەوەی خراپە، بەڵام نالی وا لەبەر دەرگای رەحمەتی خوادایەو ئومێدی بە عـەفوی خـوا زۆرە، چونکە خوای گەورە خاوەن عەفوی زۆرە یەکێکیش لە ناوەکانی خوای گـەورە (عفـو)ە (إِنَّ رَحْمَةَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِنْ الْمُحْسِنِينَ) (النساء- ٥٦)

دەری رەحمەت کەوا بەحری موحیطی عاصییە "نالی"
تیا جان وتـــەن ئوفتادەی ســـەیلی عیصـــیانە ل٥٢٠

وەرزی بەھار واتە بوژاندنەوەی زەوی گیاوگوڵ دەردەکات زیندوو دەبێتەوە ھەروەکو چوون نەفخی صور لـێدەدرێ ھەموو مرۆڤ لە گۆڕکانیـان زینـدو دەبنـەوە (وَنُفِـخَ فِـي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الأَرْضِ إِلاَّ مَنْ شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيـهِ أُخْـرَى فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنْظُرُونَ) (الزمر ٦٨).

لەم فەیض نوورە ھـەرچی کەوا نـارە مردووە

بەم نەفخی صورە ھەرچی کەوا خاکە ژیایـەوە ل٥٥٠

موسڵمان کاتێك کە دەچێتە حەجو پاش ئیحرام بەستن دوعـای (لبیـك اللـھم لبیـك لبیك لاشریك لك لبیك ان الحمدو النعمە لك والملك لاشریك لك) دەکا.نالی پـەنای بـۆ ئەو ئایەتە بردووە کەخوا دەفەرموێت (صِبْغَةَ اللَّهِ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنْ اللَّهِ صِبْغَةً) (البقـرە ١٣٨)، ھەروەھا ئایەتی (ید اللە فوق ایدھم)

بەوەقتی تەلبیە مەستی شوھوودی (صبغة اللّه) بێ

بەگاھی تەروییــە سیرری (ید اللە) دەسـتیاری بێ

صەفاو مەروە دوو بەرزایین روکنی حەجە کە حاجی طەواف لە نێوانیان دەکات، نالی دەڵێت بە بە بەرەکەتی صەفاو مەروە رەحمەت وەکو ئاوبرژێتو،ببارێت، خوای گەورە باسی صەفاومەروە دەکاتو دەفەرموێت: (إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوْ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا) (البقرە ١٥٨).

فەیوضاتی (صفا) وو (مەروە) ھەروەك ناودان دەم دەم

لە یەنبوغی دڵـی پڕ زەمزەمەی میزانــی جـاری بێ ل ٦٣٥

لە ساڵی ٥٧١ عیسایی پاشای حەبەشە بەخۆیو کۆمەڵێك فیل ھاتن کەعبـە تێـك بدەن، کە ئەمە مێژوویەکی ئیسلامیە خوای گەورەش لە قورئاندا ئیسپاتی دەکـا (أَلَمْ تَرَى كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ) (الفیل- ١)، بۆیـە نـالی مـووی رەش دەمو چـاو دەشوبھێنێ بە نەجاشی حەبەشی کە خەریکە ئەو موە رەشانە دەمو چاو داگیر دەکات،

بەڵام جیاوازی لەوەدایە مووی ڕەش واتە ریش‌و سمێڵ دەتوانێت رووی پیاو داگیر بکات، بەڵام نەجاشی حەبەشی نەیتوانی شاری مەکە داگیر بکات‌و کەعبە تێك بدات.

صەد حەیفی لەبۆ کەعبەی حوسنت کە بەسەریا

نەجاشی‌یی خەط هاتووە نێزیکە خورووجی ل ٦٤٠

نالی لە ئیحرام دایە، کاتێکیش مرۆڤی موسلمان لە ئیحرام دا بێت نابێت راوی ئاژەڵ‌و پەلەوەر باڵندە بکات، خۆشەویستەکەی نالی لە حەرەمی مەکەدایە ناتوانێت قسەی نارێکی لەگەڵدا بکات، کەواتە هۆی چیە داواکار (موددەعی) هەروەکو سەگ دەستی کردووە بەوەڕین (لاَ تَقْتُلُوا الصَّيْدَ وَأَنْتُمْ حُرُمٌ) (المائدة).

من لە ئیحرامی ئەدەبدام‌و ئەتۆش صەیدی حەرەم

موددەعی، هەروەکو سەگ، بۆچی بە ئێمە دەوەڕێ ل ٦٥٢

ساقی گەر تۆ دەتەوێت بچیتە مەکە طەوافی مالی خوابکەی وەرە نێو دڵم چونکە تۆ دەتوانیت لەناو دڵم شوێنی خۆت بکەیتەوە نالی شاعیر ئاماژە بەدوو ئایەتی قورئانی دەکا (إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا) (ال عمران ٩٦)، کە کونترین ماڵی خوایە بۆ خواپەرستی دروست کرابێ هەروەها ئایەتی دووەم طەوافی کرد لە دەوری خانووە کۆنەکە (ثُمَّ لِيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ) (الحج ٢٩).

ساقی! وەرە مەیخانەیی دڵ کۆنە رەحیقی

گەر مایلی طەوفی حەرەم‌و بەیتی عەتیقی ل ٦٥٥

نالی لەوەرزی بەهاردایە دەشت‌و دەر بەهۆی مانگی بەهارەوە سەوز دەچێتەوە، کەواتە نالی تۆش هەروەکو حەزرەتی موسا کاتێك گەیشتە کێوی طور پێی گوترا پێڵاوەکانت داکەنە چونکە لە شوێنێکی پیرۆزی کە کێوی طورە (فَاخْلَعْ نَعْلَيْكَ إِنَّكَ بِالْوَادِي الْمُقَدَّسِ طُوًى) (طه ١٢)، هەروەها لەلای کێوی طور بەلێنمان پێدان کە گەزۆ

شەلاقەشمان بۆ باراندن: (يَابَنِي إِسْرَائِيلَ قَدْ أَنجَيْنَاكُمْ مِنْ عَدُوِّكُمْ وَوَاعَدْنَاكُمْ جَانِبَ الطُّورِ الأَيْمَنَ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكُمْ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى) (طه ٨٠)،

وادی بووە بە وادەییی پڕ نووری (طور)ی (نار)
(نەعلـین) لەپێ فرێدە ((نالی)) بە (ئەیـمەنی) ل ٦٦٦

پێغەمبەر(ﷺ) تاجی سەری عەرەب‌و عەجەمە، چونکە مرۆڤایەتی ژیـانی بەبـەردا کرایەوە وەکو وەرزی بەهار چۆن ژیان بە بەر زەوی دەداتەوە؟ پێغەمبـەر(ﷺ) کێـشەی لەگەڵ جولەکەکانی مەدینە هەبوو، بۆیـە خـۆی حـەزرەتی علـی‌و فاطمـە و حەسـەن‌و حوسـینی لـەژێر عەباکـەی خـۆی دانـا، بۆیـە ئـالی عـەبا مەبەسـت ئـال‌و بـەیتی پێغەمبەرە(ﷺ).

نالی رووله میرزا دەکات دەڵێت بۆخۆت بەزل دەزانی جلـی گرانبـای ئێرانـی لەبـەر دەکەی! ئەی ئەوە نیە پێغەمبەر(ﷺ) جـل‌و بـەرگی سـادەی یەمـەنی وەکـو بـوردەی یەمەنی کردۆتە بەری:

گوتم ئەی قیبلەی قوزە: بۆچی بە تەحریری حەریر
ڕاغیبی لیبسی عەجەم، تاریکی بەرگی یەمەنی
گوتی تـاجی عەرەب و، ئالی عەبا فەرموویـان
عەیبە تەن پەروەری یو نەرمی‌و نـازک بەدەنی ل ٦٧١

خوای گەورە هەموو نهێنیەکانی خۆی شاردۆتەوە، کەسیش نازانێت خوای گـەورە چ جێگاو ڕێگایەکی بۆ پیاوچاکان ئامادە کردووە هەروەکو خوا دەفـەرموێت: (فَـلاَ تَعْلَـمُ نَفْسٌ مَا أُخْفِيَ لَهُمْ مِنْ قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) (السجدة- ١٧).

بەڵام خۆشترین شت لـەلای ئـەهلی بەهەشـتیەکان ئـەوەی کـە چـاویان پـێ ڕۆشـن دەبێتەوەو دڵیان پێ‌فێنك دەبێت دیتنی خوایە (وُجُـوهٌ يَوْمَئِـذٍ نَاضِـرَةٌ إِلَـى رَبِّهَـا نَـاظِرَةٌ وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ بَاسِرَةٌ) (القيامة ٢٢-٢٤).

کەواتە ئەو شتە شاراوانە کە خوای گەورە ئامادەی کردوە، (کەشاف)و (بیضاوی)یش ناتوانن ڕوونی بکەنەوە، کە دوو تەفسیری باوەڕپێکراون لە جیهانی ئیسلامدا:

لە قورئانـدا بە (ما افقی لهم) مەکتـــومو مەختـــــومە
بەیان نابێ بە تەفسیری دوصەد (کەششاف)و (بەیضاوی) ل ٦٨٨

سەرچاوەو پەراوێز:

١- دیداری شیعری کلاسیکی ئیسلام / ئامادەکردنی حمە سعید حمە کـریم / دەزگـای روشـنبیری بلاوکردنەوەی کوردی / بغداد.

٢- دیوانی نالیو فەرهەنگی نالی / د.مارف خەزنەدار، بغداد / ١٩٧٧/ دار الحریە لطباعة.

٣- لە رێگای ئەدەبو لە پێناوی (نالی)دا / محمد مەلاکریم / چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد/ بەغدا / ١٩٧٩.

٤- مێژوی ئەدەبی کوردی / د. مارف خەزنەدار / دەزگای ئاراس / هەولێر / بەرگی سێیەم

٥- دیوانی نـالیو لێکولینـەوەو لێکدانـەوەی/ مـەلا عبـدالکریمی مـدرسو فـاتح عبـدالکریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد بەغدا ١٩٧٦.

٦- بەسەرهاتی حەزرەتی سلێمانو بەلقیس لە تەفسیرەکان باس کراوە بە درێژی خوێنەر دەتوانێت تەماشایان بکات.

٧- هۆنراوەکان لە دیوانی (نالی) لێکولینـەوەو لێکدانـەوەی (مـەلا عبـدالکریمی مـدرسو فـاتح عبدالکریم) وەرگیراوە.ئایەتەکانیش لەقورئان وەرگیراوە، هەروەها تەماشای تەفسیری (تفـسیرو بیان مع اسباب النزول للسیوطی / اعداد الـدکتور محمـد حـسن الحمـصو تەفـسیر ئاسـان بـۆ تێگەیشتنی قورئان / نوسینی برهان محمدامین) وەرگیراوە.

سـالم[1]

سالم (١٨٦٩-١٨٠٥) لە سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی لە حوجرەی مزگەوتـەکان دەستی پێکردووە، بـەڵام لەبـەر هـەر هۆیـەك بێـت، بـەردەوام نـەبووە لـە خوێنـدن، بنەماڵەی سالم لەگـەڵ دروسـتبوونی شـاری سـلێمانی هاتوونەتـە ئـەم شـارە، شـاعیر ئامۆزای کوردی شاعیرە.

سالم یەکێکە لە سێکوچکەی قوتابخانەی شیعری بابان هاوچـەرخی نـالیو کوردییـە، سالم شیعری لە نالیو کوردی زیاترە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا (سالم)ی شاعیر وەکـو پێویست ئاور لە خۆی شیعرەکانی نەدراوەتەوە، ئەو شیعرانەشی کە کەوتونەتە دەسـت ئێمە سەرجەمی هۆنراوەکانی سـالم نـین، بـەڵکو بەشـێکی کەمیـەتی، ئـەوەی دەسـت ئێمەش کەوتووە کەموکوری تێدایە، بەڵام هەرچۆنێك بێـت دەبێـت کارەکـانی کـوردی مەریوانیو گیوی موکریانی بەهەند وەربگیری چونکە بەرهەمی سالم لە فـەوتان رزگـار کراوە، لەلایەکی تریشەوە ئـەو سـەردەمەی بەرهـەمی سـالم بەچـاپ گەیـەنراوە هـەر ئەوەندە لە کەرستەی شیعری سالم لەبەردەست بووە.شاعیر گەلێك جار سەردانی ئێرانی کردووە، بەهۆی ئەوەوە خزمانی لـە ئێـران پـەنایان داوەو حەواندویانەتـەوە گەرچـیش گەلێك لە وڵاتی ئێران بێزاربووە. هەردەم دڵی بۆ وڵاتی بابان لێیـداوە، ئـەوەتا شـاعیر شەرت لەگەڵ دڵدا دەکات، هەرکاتێك لە تارانی پایەتەختی ئێران رزگاری بێـت، ئـەوا دەشتی (ڕەی) ببێتە بەهەشتیش بەوێدا تێپەر نابێت:

لەگـــەڵ دڵ شەرتە (سالم) گەر نەجـــاتم بێ لە تارانا
بەهەشت ئەر بێتە دەشتی ڕەی بە تارانا گوزەر ناکەم

---

١) هۆنراوەکانی لە دیوانی سالم، چاپی دووەم چاپخانەی کوردستان وەرگیراوە ١٩٧٢.

سالمی شاعیر لەسەردەمی بابانەکاندا ژیاوە، هـەوای ئـازادی سـەردەمی بابانـەکانی بەچاوی خۆی بینیـووە، لـەکاتی داگیرکردنـی سـلێمانیو تێکـچونی ئـەمارەتی بابـان لەلایەن تورکە عوسمانیەکان شاعیر لەم شـارەدا بـووە، بەچـاوی خـۆی بینیویـەتی کـە سوپای داگیرکەر چۆن کەوتبونە وێزەی گیانی ئەو خەڵکە بەستەزمانە کە هـیچ ماڵێـك نیە جەرگی پارەپارە نەکرابێت، بۆیە خەڵکی هەوای هیچ کـەبابێك هەڵنامـژن چـونکە جەرگی خۆیان سوتاوە بۆنی سوتانی جەرگیان دێت:

ناکەن هەوایی هیچ کەبابێ زەلیلی شەهر

بوریانە بەس لە ناری غەما پارەی جگەر

بۆ نایەن تەماشای گۆرستانی سەیوان بکـەن، کـە چـۆن ئـاوەدان بۆتـەوە کـە بۆتـە جێگای هەزارەها کەسی ستەمدیدە، یاخود هەرکەسێکی مردوو خزمو کـەسو کاریـان دێنە سەرگۆڕەکەی تا وای لێهاتووە ئەم گۆرستانە قەلەبالغی تیا کەوتووە:

(سەیوان) پڕە لە شەخسی ستەمدیدە خوارو ژوور

هەر قەبرێ پڕ غـەمـــاتە لە هەرلا دەکـــەم نەزەر

سالم لە ئاستی هۆنراوە نوسـیندا لـە ئاسـتی نـالی شـاعیردایە، باشـترین بەلگـەش وەلامەکەی (سالم)ــە بـۆ نـالی، گـەر یـەکێك بەچـاوی بابەتیانـەوە سـەیری هـەردوو سەرچاوەکە بکات، هەروا هەست دەکات یەك کەس ئەو دوو چامەی نوسیووە.

وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد (سالم) لە حوجرەکاندا فێری خوێنەواری بووە، هەر ئەمەشە وای کردووە رۆشنبیریەکەی سالم رۆشنبیریەکی ئاینی بێتو رەهەندی ئاینی لە شعرەکانیدا رەنگبداتەوە.

حەزرەتی موسی موعجیزەی ئەوەی هەبوو هەرکاتێك دارعەسـای دەسـتی فرێـدەدا دەبووە ئەژدیهایـەکی زۆرگـەورە، هـەموو مـاری سـیحربازەکانی فرعـەونی لـول دەدا هەروەکو چۆن بروسك بە خێرایی دێ ئاگرێکی گەورەی لێ پەیـدا دەبێـت: (قَـالَ أَلْقِهَـا

يَامُوسَى فَأَلْقَاهَا فَإِذَا هِيَ حَيَّةٌ تَسْعَى قَالَ خُذْهَا وَلاَ تَخَفْ سَنُعِيدُهَا سِيرَتَهَا الأُولَى) (طه: ١٩-٢١).

عصای موسایە سەرنێزی لە ڕەغمی مشتی فرعەونی
بە بەرقی ئاتـــەش ئەفشانو بەشکلی ئەژدەها پەیدا

لە ڕۆژی مەحشەر هەموو خەڵك كۆدەكرێتەوە، هەركـەس مـافی خـۆی وەردەگـرێ، ئەوانە تاوانبارن لەو ڕۆژەدا شەرمەزار دەبن بەرامبەر خەلکی، جا سالم هێندە طەریقەی گەرمە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نیە ئەو ڕێگایە بەردا، تەنها ئەگەر لە ڕۆژی ئەزەلدالە دەفتەری کردەوەکانیدا نوسرابێ:

طەریقی عیشقت ئەر بەردەم خەجاڵەت بم لە مەحشەردا
نەنووســرابم لە پێتا گەر ئەزەل حەڵ بم لە دەفتــــەردا

من کابرایـەکی زۆر لێکـراوم ئـاهو هەناسـەی زۆر لێکـراوانیش لـە لای خـوا ڕەت ناکرێتەوە، جامادام وایە خۆت بپارێزە لەکاتی سەحەرەدا، چونکە ئەو ڕۆژەی من تێـدا دەژیم هەروەكو ئەو ڕۆژەی عومەری کوڕی خەتابە، کە دادپەروەری هـەبوو دیـن جـێ بەجێ دەکرا:

لە هەناسەی منی مەظڵومی غەریب خۆت بپارێزە لە وەختی سەحەردا
حورمەتی تۆ لە زەمانەی (سـالم) هەروەکو دینە لە عەهـــدی عومەردا

ئاوی کەوثـەر خەلاّتی پێغەمبەر(ﷺ) کراوە (إِنَّـا أَعْطَيْنَـاكَ الْكَـوْثَرَ) بەهەشـتیەکان لێی دەخۆنەوە جا ئەگەر بێتو پەریەکانی بەهەشت لەو ئاوە بخۆنەوە هیشتا لە جوانیـدا ناگەن بە ڕووی تۆ چونکە ڕووی تۆ ڕازاوەتەوە بە خەتو خاڵ:

ئەگەر حۆری لە کەوثەر شوستوشۆی خۆیدا بە تۆ نابێ
بە ئابو ڕەنگو خاڵو خەت چە حاجــەت ڕوی زیبا

ئەو کاتەش ڕووی جوانی یوسف بە دیـار کـەوت، زولیخـای ژنـی عـەزیزی میـسـر عەشقی جوانی بوو خۆی پێ نەگیرا هەرچی ئابڕووی هەبوو نەیا بۆیە خۆی تەسـلیم

کرد، بەڵام ئاواتەکەی لەگەڵ یوسف نەهاتە دی کە یوسف وتی: (قَالَ رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ) (يوسف ٣٣).

کە شوعلەی طە لعەتی یوسف طلوعی کرد بە چی زانیم

کە عیشق ئەز پەردەی عیصمەت بیرون ئارد زولیخا را

پردی صراط ئەوپردەیە کە هەموو مرۆڤێك دەبێت بەسەریدا تێپەر ببێت، هەیە گەلێك بە خیرای هەیە لەسەرخۆ، وە هەیە ناتوانێت بپەڕێتەوە، کەوا مەجنون چ غەمی ئەوەی هەیە کە چۆن بپەڕێتەوە، چونکە لەوێش مەجنون هەر غەمی لەیلایەتی لەوێش بە ئاهی لەیلاوەیە:

مەجنون غەمی کووا پردی صیراط هەروەکو موویێ

دەیکێشی لەویشا کەشتی طووڕەیی لەیلا

نەزۆك ئەو کەسەیە کە منداڵی نابێت، حەزرەتی عیساش بێ ژنو منداڵ بووە هەروەکو حاجی قادری کۆی لە دێرە هۆنراوەیەکدا دەڵێت:

منم ئێستا وارثی عیسا

بێ ژن ومنداڵ مەئیوس و مەئوا

سالمیش کە باسی دڵدارەکەی دەکا دەڵێت ئەوەتا لە زگ پەیدا بوون ڕاوەستایە ئیتر زگی نابێت نەوەی لێ ناکەوێتەوە هەروەکو دایکی حەزرەتی عیسا، هەمدیسان ئەو نوورەی لە تۆوە پەیدا دەبێت هەروەکو دەستی حەزرەتی موسایە کە هەرکاتێك دەستی لە باخەڵیا دەناو پاشان دەریدەهێنا سپی دەبووو دەدرەوشایەوە: (اسْلُكْ يَدَكَ فِي جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ وَاضْمُمْ إِلَيْكَ جَنَاحَكَ مِنْ الرَّهْبِ) (القصص- ٣٢).

عەقیم ئاسا لە زگ وەستایەوە حەملی نەما ئیتر

لە پاش تۆ دایەی دونیا بە مثلی مادەری عیسا

لە قوببەی نووری بوستانت یەدی بەیضا نموداره

ئەبەد ناگاتە دوگمەی جێی جامەی تۆ کەفی موسا

گەردون بە ئاسانی لە نزیکەوە خوێنی حەلاڵ کردووە، گەر بە تەماشا کردنێک بە غەمزەی چاوەکانی خوێنی بە فیڕۆ بدات، گەیشتنیش هەروەکو شەوی میعراج بۆمن گەر هەر کاتێك بە پەنجە مانگی شەق بکات، سالم هەوڵی داوە شەوی ئیسراو میعراج(سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِنْ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى)، کە خوای گەورە شەوڕەوی بە پێغەمبەر (ﷺ)کرد هەروەها ئیشارەتیش بە موعجیزەی پێغەمبەر دەکا کە بە پەنجەی مانگی شەق کرد: (اقْتَرَبَتْ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ)(قمر١)

حەلاڵی کرد بە مەردوم دڵ لە قوربا
نەظەر کا غەمزەت ئەر خوێنی هەدەر کا
ویصالەت پایەی میعراجە بۆ من
لە ڕوتا گەر لەبم شەق القمر کا

زۆر ئاسانە هەر کاتێك حەزرەتی موسا بییەوێت دار عەسای دەستی فرێبدا ببێتە مار ترسو سامی خۆی بنوسێت (فَأَلْقَاهَا فَإِذَا هِيَ حَيَّةٌ تَسْعَى قَالَ خُذْهَا وَلاَ تَخَفْ سَنُعِيدُهَا سِيرَتَهَا الأُولَى) (طه- ٢١).

دڵبەری منیش موعجیزەی خۆی نیشاندام هەروەك موعجیزەی حەزرەتی موسا:

سەهلە گەر مووسا عەصای کردە حەی‌و سەهمی نوواند
موعجیزەی دا دولبەرم هەردەم بە مووی گیسو دەکا

من شێت‌و شەیدای دولبەرێکم وەرە هەر بۆ تاقیکردنەوە دەستم دەخەمە نێو باخەڵیەوە بۆ یەك چرکە ئەگەر دەستم وەکو دەستی مووسا سپی‌و نەدرەوشایەوە دەستم ببڕن، چونکە حەزرەتی مووسا هەر کاتێك دەستی لە باخەڵیا دەنا سپی دەبووو دەدرەوشایەوە:

شەهیدی دیدەی مخموری شۆخێکم منی شەیدا
لە خاکی مەشهەدم نەزدیکم دەربێ نیرگسی شەهلا
بە مەحض امتحان دەستم بنێرە با خەلت یەك دەم
لەبن دا بن برن راضیم ئەگەر نەیبوو یەدی بەیضا

با زۆر بەپەلە هەواڵی خۆشی گەیاندمی، ئەم هەواڵەش هــەردوو بــۆنی خــۆش وایــە کاتێك بای لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ بۆنی مژدە بەخـشین ڕۆشـنای چـاوە هــەروەکو چـۆن حەزرەتی یعقوب لە تــاو دووری یوسـفی کــوڕی چــاوەکانی کــوێر بــوو، بــەڵام کاتێـك کراسەکەی (یوسف)یان بۆ هێنا لە دوورەوە بــۆنی کراســەکەی بۆهــات: (وَلَمَّـا فَـصَلَتْ الْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلاَ أَنْ تُفَنِّدُونِي) (یوسف- ٩٤).

کاتێکیش کراسەکەی (یوسف)یان بەسەر چاوی چـاك بــۆوە: (فَلَمَّـا أَنْ جَـاءَ الْبَـشِيرُ أَلْقَاهُ عَلَى وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصِيرًا قَـالَ أَلَـمْ أَقُـلْ لَكُـمْ إِنِّي أَعْلَـمُ مِـنْ اللَّـهِ مَـا لاَ تَعْلَمُـونَ) (یوسف- ٩٦).

گەیاندی بۆم سەبا بۆنی عـطری گێسو
وەکـــو پیراهەنی یوســـف بۆ یعقوب

ذوالجوشن ئەو کابرایە بوو کە سەرلەشکری یەزیدی کــوڕی معاویــە بــوو، حــەزرەتی حوسینی شەهید کرد، ئیتر ئەو خوێنە بە زوڵم ڕژاوەی حسینی لەدەشتی کەربەلا تــاکو ڕۆژی حەشر ئەو خوێنە لە خەنجەرەکەی ذوالجوشن دەتکێ، ئەوا ئیمڕۆش خوێنـــی دڵی مـەظلومان بە خەنجەری موژگانی تۆوە دەتکێ:

وەك خەنجەری ذی جەوشەنتا ڕۆژی حەشر دەتکێ
خوێنـــی دڵی مـەظلومان بەو خەنجەرەی موژگانت

من بەناو دەنگو شوهرەتو لەش لارم ساڵمو لەناو خەڵکیـدا واناسـراوم، بــەڵام لــە ڕاستیدا من وەکو حەزرەتی (یعقوب)م، کە زۆر پەرۆشی (یوســف)ی کــوڕی بــوو بــەڵام حەزرەتی یعقوب لە دوایدا بە یوسف شاد بۆوە، بەڵام من زۆر زەحمەتــە جــارێکیتر بــە دیداری تۆ شاد ببم:

بە شوهرەت (ساڵم)م ئەمما لە هیجرەت پیری کەنعانم
دەبێ ڕوشەن بە وەصــڵت دیدەی تارم وەلا زەحمەت

سەروکاری ئیشی من وەها ئالۆز بووە، ڕەنگە کەمکەس هەبێت بتوانێت کـاری مـن چارەسەر بکات، تەنها ئەو کەسەی کە کەریمو غـەفورو رەحـیمو وەدوود بێـت، دیـارە ئەوانەش هەموو لە ناو صیفاتی خوای گەورەن:

سەرو کاری منی بێ کەس بە کەسێکە هەمە جا

کێ کەریمەستو غفورەستو رەحیمەستو وەدوود

ئەو شمشێرەی علی کوری ابـی طالـب شـەری پێـدەکرێت لەگـەڵ کافرەکانـدا نـاوی ذوالفقار بوو، پێغەمبەر(ﷺ) دەربارەی عەلیو شیرەکەی دەفەرموێت: (لافتی الاّ علـی لاسیف الاّ ذوالفقار) ئیمروش دولبەر بەرامبەر بە رووی سالمدا تیغی برۆی هەڵکێـشاوە لە سالم هەروەکو چۆن عەلی (رضي الله عنه) ذوالفقاری هەڵکێشاوە بەرامبەر بە کافراندا:

بە رووما دا لە ئەبرۆی تیغی کێشا

وەکو سەیفی عەلی بۆ صەفی کوفار

سالم ئیمرۆ گەلێك گرفتارەو کەوتۆتە داوی خۆیەوە بە هیچ هەوڵو کۆشیش رزگـاری نابێت، بۆیە بە خوێنی خۆی وێنەی تۆ دەکێشی هەروەکو چۆن مەنصوری حەلاج لەسەر وشەی (انا الحق) کۆشتیانو خوێنی ڕژا سەر زەوی، بە خوێنەکەی دەنوسرا (انا الحق):

نەیی ڕۆیین نەرێ بۆ دەستی کۆشش

ئیلاهی کەس نەبێ وەك من گرفتار

دەکێشێ خوێنی سالم صورەتی تۆ

وەکو مەنصور ئەگەر ببرێتە سەردار

لە شەوا مانگ دەردەکەوێ دنیا ڕوناك دەبێتەوە، تۆمن بۆمن وەکو ڕونـاکی مـانگ وایت کە بەدیار دەکەوی دڵم پڕدەبێ لە نوور، جا ئەو ڕۆژەی دەبێتە مـەحرەم دەگەینـە خەڵوەت، ئیتر ئەو کاتە هـەوای بـاغی بەهەشـتو پەریـەکانی نـاو بەهەشـت ناوێـت نامەوێت بە پەریەکان بگەم.

خوای گەورە دەربارەی پیاوانی خواناس دەفەرموێت لە پاداشتی چاکەی ئەوان لەبەهەشتدا حۆریان دەدرێنێ، ئەو حۆریانە جوان ناسکن کە کەس دەستی لێنەداون:

هەرشەو کە ماهتابی ڕوخت دەرکەوێ لە دوور
کولبـەی دڵم لە تیرەگی یا پڕدەبـێ لە نوور
تا مەحرەم بە بەزمی وصالت لە خـەلوتا
ناکەم هەوای باغی بەهەشتو لەقای حـوور

سالم خۆی دەچوێنێ بە مەنصوری حەلاج کە چۆن مەنصوری حەلاج دەیگوت (انا الحق) دیارە ئەم قسەیەش بە ظاهری شەرع درووست نییە بۆیە بڕیاریان دا کە مەنصور لەدار بدەن کەوا باوە، بەڵام مەنصور کوژراو بە خوێنەکەی (انا الحق) نوسرا لێرەدا سالم دەڵێت منیش گەر بێتو بە زۆری بمگرن وەکو مەنصور بمکۆژن خوێنی منیش برژێ انا الحق دەنوسرێ:

مقام کـەن بە زەجر ئەرداری منصور
دەکێشێ خوێنی من نەقصی انا الحق

من لەدڵو خەیاڵمە ڕۆژێك بێم حەجی کەعبەی تۆ بکەمو لەوێش هێندە فرمێسکی چاوم هەڵبڕێژم، هەروەکو ئاوی زەمزەم، دیسان ڕووی حەزرەتی موسا لە کێوی طوردا کە قسەی لەگەڵ خودا کرد، دەمیشت بۆ من وەکو مەسەلەی حەزرەتی عیساو مریەمی دایکیەتی:

لە دڵمایە حەجی کەعبەی خەیاڵت
سەتای چاوم دەگرێی ئاوی زەمزەم
روخت بۆ موسی دڵ ئاتەش طور
دەمت بۆ حاڵی من عیساو مریەم

ئەو تاقە خاڵەی کە لەسەر ڕووتە، دەبێت لاچێت، تاکە چارەیەکیش بۆ لابردنی ئـەو خالە دەبێت موعجیزەی حەزرەتی موسی هەبێت کە ناسراوە بە (کلیم) کاتیك موسـی دەچوە کێوی طور قسەی لەگەڵ خودا دەکرد (أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَن تَرَانِي) ئـیتر ئـەم نازناوە بە حەزرەتی موسا بەخشرا، بەژنو باڵای یارەکەشی زۆر ڕێكوپێکە هەر دەڵێـی گولزاری باغی (ئیرەم)ـە رووشت هەروەکو روخساری فیردەوسە کە خۆی ئارایش داوە.

تاقە خالی رووت بە تەجدیدی مسیح
سـاحرە چارت بە اعجازی کلیم
نەقشە رووت بۆ دڵ شاهی نەقشبەند
یاری دێرینە بە قورئانی قدیـم
قامەتت سەروە بە گولزاری ئیـرەم
سیەروخسارت بە فیردەوسی نعیـم

لە قورئاندا زۆرجار باسی حەزرەتی موسـاو فرعـەون کـراوە، کـە کاتێـك فرعـەون جادوگەرەکانی خۆی ئامادەکرد لەگـەل موسـی کـە پێـشبرکی بکـە، گوتیـان: (قَالُوا يَامُوسَى إِمَّا أَنْ تُلْقِيَ وَإِمَّا أَنْ نَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَى قَالَ بَلْ أَلْقُوا فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِنْ سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى)(طه- ٦٦).

کاتێکیش حەزرەتی موسا دارعەسایەکەی دەستی فرێدەدا دەبونە مارێکی زۆر گەورە (فَأَلْقَى عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُبِينٌ) (الاعراف- ١٠٧):

زەمزمەی عیشقە لەناو مصری وجودم هەمەجا
ئاتـەش ئەفشـانە هەناسەم وەکو ثعبانی مبین

یوسف کوری یەعقوب سلاوی خوای لێ بێت زۆر جوان بوو، زولیخـا ژنـی عـەزیزی مصر عەشقی جوانی بوو، خۆی تەسلیمی یوسف کـرد، بـەڵام حـەزرەتی یوسـف رازی نەبوو.

کاتێك خەڵکی مصر سەرزەنشتی زولیخایان کرد کە ئەم کارەی بۆ کـردووە ئـەویش گوتی ئێستا وەڵامتان دەدەمەوە (فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً وَآتَتْ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتْ اخْرُجْ عَلَيْهِنَّ فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هَذَا بَشَرًا إِنْ هَذَا إِلاَّ مَلَكٌ كَرِيمٌ) (یوسف- ٣١).

منیش وەکو عەشقی زولیخا بۆ یوسف ئەقڵم لە مێشکیدا نەما بۆ یوسف کە وەکو مانگە لە دەشتی کەنعاندا:

کەفی عەقـــڵی بڕی دڵ وەك زولیخا
بەتیغی غەم لە عیشقی ماهی کەنعان

ئەوە چ شتێکە تێکـەڵاوی یـەکتری کـراوە هـەتا نەقـشی جـوانی تـۆی لێ هاتۆتـە بەرهەم؟ خۆی خوای گەورە مرۆڤەکانی لە قوڕ دروست کردووە (إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِنْ طِينٍ) (ص- ٧١)

چە نەقاشێ ئەتۆی لێکدا لەگەل ڕوو
تعـــالی خلـــق الانسان من طین

لێوەت وەکو خونچە وایە هـەرکاتێك زەردەخەنـە دێتـە سـەر لێوانـت ئـەو خونـچە دەپشکوێ و دەکرێتەوەو شەق دەبا هەروەکو ئەو موعجیزەیەی پێغەمبـەر(ﷺ) کاتێـك بە ئەنگوستی پەنجەی ئیشارەی بۆ مانگ کردوو مانگ شـەقی کـردو بـووە دوو لـەت (اقْتَرَبَتْ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ)(قمر- ١).

لە ڕەشکی لێوی تۆ خونچەی شەقی برد
لە خەندەت معجزەی شـــق القمر بوو

لەبەر ئاوەدان کردنەوەی ئەم وێرانەیەی زەوی خوای گەورە ئادەمی کە دروست کـرد لە بەهەشتدا نیشتەجێی کرد (وَقُلْنَا يَاآدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلاَ مِنْهَا رَغَدًا

حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَـذِهِ الـشَّجَرَةَ وَلاَ تَقْرَبَـا هَـذِهِ الـشَّجَرَةَ فَتَكُونَـا مِـنْ الظَّـالِمِينَ) (الاعراف- ١٩).

جا ئادەم لە بەهەشتدا گەلێك شادبوو وەکو پاشا بەڵام تەمەنی لە بەهەشتدا گەلێك کەمبوو:

لەبەر تەعمیری ئەم وێرانە جەننەت مولکی ئادەم بوو
حەقیقەت پادشـــاهی کردو لاکین موددەتی کەم بوو

دیسان سالم دێتەوە سەرباسی موعجیزەی شەق القمر دەڵێ گەر بێتو ئێستا ناو لـەپم بخرێتە سەر روومەتی ناسکت ئەو شوێنەی کە من بۆسەم بۆ ناوەتەوە وەکو موعجیزەی شەق القمر شەق دەبێ:

بە ئاهیستە لەبم گەر بێتە سەر رووی نازکت یەکدەم
لە جێی بۆسەم دەبینی معجزەی شەق القمر ئەمشەو

ذوجەوشەن، وەکو لەپێشەوە ئاماژەمان بۆکرد حەزرەتی حسینە لە دەشـتی کەربـەلا شەهید کرد جا هەرکاتێك دەفێك لەسەر سینەی رەقیبە ئەوە وەکو خەنجەر وایە لە دڵی منی دەدەی وەکو ئەو خەنجەرەی ذوالجەوشەن کە حەزرەتی حسین ی پێ شەهیدکرا:

دەفمەیی ئەی کاشکی دەمدا لەسەر سینەی رەقیب
تیری ئاهی دڵ کە هەروەك خەنجەری ذول جەوشـەنە

(سالم) شاعیر خۆزگە دەخوازێ کە بە لیقای خوا بگـات سـۆزو بـەزەیی بەرامبـەری بنوێنێ، زۆریش رازیە تەنها ئەگەر بـە وشـەیەکیش وەلامـی بداتـەوە کـە وشـەی (لا ترانی) بێت، لاترانی ئاماژەیە بەو قسەیەی کە حەزرەتی موسا داوای لە خـوای گـەورە کرد خۆی پێ نیشان بدات، خوای گەورەش لە وەلامـدا فـەرموی: (وَلَمَّـا جَـاءَ مُوسَـى لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَنْ تَرَانِي وَلَكِنْ انظُـرْ إِلَـى الْجَبَـلِ فَـإِنْ

اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَى صَعِقًا)
(الاعراف ١٤٢)

لەقا خواهیش دەکەم دایم کە بنوێنی وەلێ ناچار
رضام حەرفێ لە جوابت بشنەوم با لن ترانی بێ[٢]

مستەفا بەگی کوردی

مستەفا بەگی کوری محمود بەگ لە ساڵی ١٨١٢ز لە سلێمانی لەدایك بووە، هەر لە سلێمانی لە ساڵی ١٨٥٠ز کۆچی دوایی کردووەو، لە گردی سەیوان نێژراوە.

شاعیر وەکو منداڵانی سەردەمەکەی خۆی لە حوجرە فێری خوێندەواری بووە، بەڵام درێژەی بە خوێندن نەداوە بۆ ئەوەی ببێتە مەلا.

مستەفا بەگی کوردی بە یەکێك لە کوڵەکەکانی قوتابخانەی شیعری بابان لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام بەداخەوە بەرهەمێکی کەمی شاعیر کەوتۆتە دەست خوێنەران جگە لەوەش کە ناوی شاعیر لەتەك نالیو سالمەوە دێت، بەڵام وەکو پێویست ئاور لە کوردی نەدراوەتەوە، گەلێك لایەنی شاراوەش هێشتا پەردەی لەسەر هەڵنەدراوەتەوە، کە ئەوەش وایکردووە گەلێك شتی ئەفسانە تێکەڵ بە ژیانی مستەفا بەگی کوردی بکرێت، کە هیچ بنچینەیەکی زانستی نیە.

گوایە مستەفا بەگ عەشقی قادر ناوێك بووە، ئەو قادرە بۆتە سەرچاوەی ئیلهامی شیعری مستەفا بەگ.

دەگێڕنەوە کە مستەفا بەگی کوردی بە شای ئێران گەیشتووە، لەگەڵ ئاقانی شاعیری گەورەی ئێران شەرشیعری کردووە، شای ئێران گەلێك سەرسام بووە بە کوردی، گەرچی ئەو گێڕانەوەیە جێگای گومانەو عەقلی مرۆڤ بۆی ناچێت کابرایەکی کوردی خەلکی بابان بگات بە شای ئێرانو لەوێندەر لە مەجلیسی شادا کابرایەکی سونی مەزهەب هێرش بکاتە سەر مەزهەبی شاەو ئاقانی شاعیر، بەڵام هەرچۆنێکیش بێت ئەوا هەرگیز لە شاعیریەتیو هەڵوێستی مستەفا بەگ کەمناکاتەوە، بەڵام

مستەفا بەگ کە ئاوارەی ئێران کرابێ ئاسان نیە بگاتە شای ئێران، جگـە لـەوەش لـە دیوانەکەی کە ئێستا لەبەردەستدایە هیچ ئەوە نادەنە دەست کە گەیشتووەتە کۆشـکی شاهانەو شەڕەشیعری لەگەڵ ئاقانیدا کردبێت.

ناوی قادر گەلێك جار لە هۆنراوەکانی کوردی بەکار هاتووە، بێ ئەوەی بـە تـەواوی ساغ کرابێتەوە ئەو قادر ناوە کێیە؟

ئەگەر ئەوە راست بێت کە کـوردی هـەوڵی ئـەوەی دابێـت کـە عەشـقی مـەجازی بگورێت بۆ عەشقی حەقیقی، دەکرێت بڵێین ئەو قـادرە مەبەسـتی لـە رێبـازی قـادری بێت، گەرچیش هیچ تروسکایەك نیە کە کوردی لەسەر رێبازی قـادری بێـتو رێبـازی سۆفیزمی گرتبێتەبەر، کەواتە تەنها تاکە رێگایەك دەمێنێتەوە کـە بلـێین زۆر نزیکـە ئەو قادرە ناوە ناوی ئافرەتێکی خۆشەویستی خۆی بێت، بەڵام وەکو رەمزێـك بـەکاری هێنا بێ، ئەویش لەبەر ئەوەی بارو زروفی کۆمەڵایەتی ئەو سـەردەمە رێگـای نـەدابێ بەئاشکرا ناوی بهێنێ.

جوانی پانتایەکی فراوانـی لـە شـیعرەکانی کوردیـدا داگـیر کـردووە، زۆربـەی ئـەو جوانیەش بە یوسفی کوڕی یعقوب چواندوە، لەوەوە بەدیار دەکەوێت کە مستەفا بـەگ ئەگەرچی مەلا نەبووە، بـەڵام رۆشـنبیری ئـاینی هـەبووەو کەوتۆتـە ژێـر کاریگـەری کارەساتو ڕوداوە ئاینیەکان، ئەوە باس لە جوانی حەزرەتی یوسفو زلیخا دەکات، کە چۆن زولیخا عەشقی جـوانی یوسـف بـووەو خـۆی تەسـلیم بـەو کـردووە، کـاتێکیش خەڵکەکە بەوەیان زانی سەرزەنشتی زولیخایان کرد ئـەویش بـۆ ئـەوەی قەناعـەت بـە خەڵکەکە بهێنێو پاکانەی خۆی بکات، خەڵکەکەی داوەت کردوە هەریەکەیان چـەقۆو سێوێکی دادەستیان، پاشان یوسفی پێ نیشان دان ئەوانیش لـە تـاوی جـوانی یوسـف ئاگایان لەخۆ برا دەستی خۆیان بە چەقۆ بریو گوتیان: (حَاشَ لِلَّهِ مَا هَذَا بَشَرًا إِنْ هَـذَا إِلاَّ مَلَكٌ كَرِيمٌ) (یوسف- ٣١).

کوردی دەڵێ: هەرکاتێك یوسف جوانی بەدیارکەوت من زانیم کەوا عەشقی ئەو دەبێ:

که شوعلەی طەلعەتی یوسف طلوعی کرد کە چەه زانیم
کە عیشق ئەز پەردەیی عیصمەت بیرون ئارەد زولیخا را

دیسان لەوەسفی جوانیدا دەڵێت ئەگەر حۆریەکانی بەهەشت خۆیان لە ئاوی کەوثەر بشۆتەوە، هەرچی پیسی هەیە فرێی بدەن، ئەوا بە فاڵو ڕەنگو روخسارت حاجەت بەرووی یار ناکات چونکە ناگەن بەتۆ.

ئەگــەر حۆری لە کەوثەر شوتوشۆی خۆی بەتــۆ نابــێ
بە ئاب‌و ڕەنگ‌و خاڵ‌و خەت چ حاجەت بە روویی زیبارا

کاتێك کە حەزرەتی یوسف لە باوکی دوور کەوتەوە بۆ وڵاتی میسر، باوکی واتە حەزرەتی یعقوب لە تاو دووری یوسف چاوەکانی کوێر بوون، بەڵام پاشان حەزرەتی یوسف کراسەکەی خۆی ناردو بەسەر چاویاندا هێنا چاوەکانی حەزرەتی یعقوب چاك بۆوە، جاپێش ئەوەی قاسیدەکە بێت حەزرەتی یعقوب گوتی: (إِنِّي لأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلاَ أَنْ تُفَنِّدُونِي) (یوسف- ٩٤).

کوردیش دەڵیت گەر بێتو جارێك بەلاماندا تێپەر بێت ئەو تێپەر بوونە وەکو کراسەکەی حەزرەتی یوسف بۆمن کە تارمای دڵو دەروونم بڕوێتەوەو ڕۆشنای بۆ چاوەکانم:

قمیصــی یوســفە بۆ چــاوی تاریکم وەکو یعقوب
سەبا گەر جارێك بەلامان بێنێ گەر بۆی عەرەقچینت

ئەمجارە بە پێچەوانە شاعیر دەڵێت من وەکو حەزرەتی یوسف چۆن کراسەکەی نارد بۆ باوکی‌و چاوەکانی ڕووناك بونەوە تۆش هیمەت بکە وەکو شیفا بەدیدارت شادبم‌و

چاوەکانم ڕوناك ببێتەوە:

کوێر بووە وەکو یەعقوب بە خودا دیدە لە بۆت
سا بنێرە وەکو یوسف بە شفای دیدە لە بۆت

ئەگەر بێتو تۆش وەکو حەزرەتی یوسف خۆت کەنارگیر بکەی کە بێ تاوان بوو چەند ساڵان خرایە بەندیخانەوە ئەو کاتە دەماری عیشق‌و ریشی بە توهمەت لەگەڵ پارچەی کەلێنی یەخەی کراسەکەی، چونکە کاتێك ذولیخا هەوڵی ئەوەی دەدات یوسف تەسلیمی بێت، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو، ذولیخا کراسەکەی ڕاکێشا:

ئەگەر بێتو بە ناحەق بۆت بکەی پەنهان وەکو یوسف
وەریدی عیشق‌و ڕیشی تۆ همەت‌و چاکی گریبانی

شاعیر بێ زاری خۆی دەردەبڕێت لە دەست عەشق، بەڵام هیچ کەسێك لە عاشقاتیدا موخەبر نیە لە دەسەڵاتی خۆیدا نیە، کەوایە با ئەوکەسانە کە عاشقن یاخوا لە زولیخا خراپترو شێت‌و شەیداتر بێت، چونکە زولیخا گەلێك عاشقی یوسف بوو شێت‌و شەیدای ببوو.

کەس لە ڕەویەی عەشق‌و ڕێگەی عاشقی موخیر نیە
شێت‌و شەیداتر ببوایە زولیخا کاشکێ

شاعیر سویند دەخوا بە جوانی حەزرەتی یوسف کەلە جوانیدا وینەی نەبووە، هەر ئەو حەزرەتی یوسفە کە نووری چاوەکانی حەزرەتی یەعقوبی باوکی بوو، هەرلەبەر یوسفی کوڕی کوێر بوو، هەر بە کراسەکەشی چاوەکانی چاك بۆوە.

بەحسنی یوسف ئاسات‌و بە خولق‌و لوطفی شیرینت
چراغی بەزمی خوسرەو نووری دیدەی پیری کەنعانی

ذوجەوشەن سەر لەشکری سوپای یەزیدی کوڕی معاویە لە نزیك شاری کەربەلا هێرشی کردە سەرحسینی کوڕی عەلی هەمووی شەهید کردن، بەو شێوەیە خوێنی شەهیدان هەتا ڕۆژی حەشر ئەتکی لە نێوان موژگانت:

وەك خەنجەری ذی جەوشەن تا ڕۆژی حەشر دەتکێ

خوێنی دڵی مەظڵومان لە ناوکی موژگانت

ئوبەی کوڕی خەلەف پارچە هێسکێکی بە دەستەوە بوو بە گاڵتەوە بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێ: کێ ئەو هێسکە زیندو دەکاتەوە (أترى الله يحى هذا العظام بعد مارمت) پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (نعم يبعثك الله و يدخلك الجهنم) هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (قال من يحى العظام وهى رحيم) (یاسین) کوردی دەڵێت گەیشتنی تۆ زیندوم دەکاتەوە هەروەکو چۆن هێسك یەکدەگرێتەوە هەتا ئەو کاتەی لاشەم دەبێتە گەردو تۆز خاك ئەو گەردەش هەموو بە دەم بای شەماڵەوە دەفەوتێ:

وەصلی تۆ (يحى العظام)و قالبی فەر موودەمە

بێلە تۆ بۆ خوا بلا شاد بێ بەگەردم بای شەماڵ

تۆ پەریەکانی بەهەشتی کە هێندە جوانی یا خود تۆ گوڵێکی لە گوڵە جوانەکانی باغی ئیرەم یاخود ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی یاخود ئەو ڕۆرە بە تیشکەی کە هەموو زەوی روناك کردۆتەوە

حۆریی باغی جینانی یا گوڵی ئیرەم

ام النجوم العرش ام شمس علی فوق العلم

شاعیر دەڵێت ئەی دۆستو یاران هەرگیز داوای ئەوەم لێ مەکەن کە لەگەڵ یاردا رابوێرم و، چونکە هەر کاتێك کە ئەگەم بە یار ئەوا شێتو بێهۆش دەبم، هەروەکو چۆن بای (صرصر) دێت هەمو خەڵك بەو بایە بێزارو هەراسان دەبن تاکو وایان لێدێت هەموویان دەمرن بە هۆی ئەم بایەوە، خوای گەورە کاتێك قارو غەزەبی خۆی گرت لە

هۆزی ثمود ئەو بایەی نارد کە حەوت شەو هەشت ڕۆژی خایاند (وَأَمَّا عَادٌ فَأُهْلِكُوا بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَانِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومًا فَتَرَى الْقَوْمَ فِيهَا صَرْعَى كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ) (الحاقة- ٧).

قەت مەڵێن یاران لەگەڵ فیرقەت وەرە ســـازش بکە
شێت ئەبووم وەك من خۆم تووشی بای صەرصەربکەم

حەزرەتی عیسا سلاوی خوای لێ بێت موعجیزەی ئەوە بوو مردووی زیندوو دەکردەوە بە ئیزنی خوا (وَأُبْرِئُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ وَأُحْيِ الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللَّهِ).

شاعیر دەڵێت بەڵکو ئەمە خوایە گەر بۆ جارێك بەلای گۆڕەکەمدا تێپەڕ ببێت هەروەکو عیسا فەرمان بکا هەموو هێسکە ڕزیوەکانم کۆ بکاتەوەو پاش فەوتنم زیندوم بکاتەوە

گەر وەك عیسا لە پاش مردن بەسەرما، ڕابرێ
تجمع العظـم الرحيـم تحمینی بعد العـــدم

مەنصوری حەلاج لەسەردەمی عەباسیەکان دەیگوت (انا الحق) کە ئەمەش بە ظاهیری شەرع کفرە بۆیە دادگایان بۆ دامەزراند پاشان فەرمانی دادگا دەرچو بە کوشتنی دەڵێن کە خوێنی ڕژا بە خوێنەکەی (انا الحق) دەنوسرا کوردیش دەڵێت کاتی مردنم لاشەکەم بووە تۆزو گەرد هەروەکو مەنصور حەلاج ناوی تۆی پێ دەنوسێ چونکە مەنصوری حەلاج کاتێك کوشتیان انا الحق دەنوسی کە عەشقی ئەو وتەیە بوو بە زیندویی، منیش عەشقی تۆم پاش مردن بە سروشکم ناوی تۆ دەنوسم:

سروشکم نەخشی ناوی تۆ دەکێشـــێ
جیگای سێدارەکەی مەنصورە ئەمشەو

شاری کەربەلا لە ساڵی ٤١ی کۆچی کارەساتێکی گەورەی لێ رودا، کە ئەویش کوشتاری بنەماڵەی پێغەمبەر(ﷺ) بوو لە سەردەمی یەزیدی کوڕی معاویە، شاعیریش ئەوها کوشتەی دەستی دڵدارەکەیەتی، هەروەکو چۆن کەو پێیەکانی سورە تۆش بە خوێی من ئاوها پەنجەکانی خۆت سور کردووە.

چونکە ئەمڕۆ من شەهیدی کە بەرلایی عیشقی تۆم
هەروەکو کەو پەنجەکانت وا بە خوێنم رشتووە

سامیری لە سەردەمی حەزرەتی موسادا ژیاوە، کابرایەکی ساحیرو جادوگەر بووە. بە هۆی سیحرەکانی خەڵکێکی زۆری لە خشتە بردووە، جا بۆ ئەوەی عاشق فریو بدرێ سەرنجی دڵو دەرونی عاشقان بۆ خۆی رابکێشێ ئەو دلبەرە ئەوەندە مەکر بازە، رەنگە کەسانی وەکو ساحیری ببنە شاگردانی واتە ئەو وەستایەو سامیریش شاگرد خوای گەورەش دەربارەی سامیری دەفەرموێت: (قَالَ فَإِنَّا قَدْ فَتَنَّا قَوْمَكَ مِنْ بَعْدِكَ وَأَضَلَّهُمُ السَّامِرِيُّ) (طه- ٨٥).

بۆ فریوی عاشقانو جەزبی دڵ وا ماهیری
ڕەنگە شاگردیت بکا میهتەر نەسیمی سامری

هاروتو ماروت لە قورئاندا باسیان کراوە (السِّحْرَ وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولاَ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ) (البقرة- ١٠٣). مامۆستا عبدالکریمی مدرس دەفەرموێت (ملکین) بەفەتحەی لام واتە دوو مەلائکە بەڵام بە کەسرەی لام واتە دوو پاشا بەڵام ئەو دوو پاشایە پیاوی چاك بۆینە بە مەلائکە ناویان براوە بەڵام خوێندنەوەی یەکەم واتە (الملكين) دوو مەلائکە راسترە ئەو دوو مەلائکە نێردراوی خوا بوینە، دوایی خەڵکیان لە خشتە بردووە فێری سحریان کردوون خوای گەورەش غەزەبی لێ گرتون سەرپشکی کردوون لە نێوان سزای دنیا یاخود قیامەت ئەوانیش سزای دنیایان هەڵبژاردووە گوایە سەراوژێر بە لەناو بیردا

هەلواسراون، بەڵام موفەسیرەکان ئـەم قـسەیە رەت دەکەنـەوە، چـونکە خـوای گـەورە دەربارەی مەلائکـە دەفـەرموێت: (لا يَعْـصُونَ اللهَ مَـا أَمَـرَهُمْ وَيَفْعَلُـونَ مَـا يُـؤْمَرُونَ) تفسیری نامی بەرگی یەکەم.

شاعیر ئەم بەسەرهاتەی بەم شێوەیە سوود لێ وەرگرتـووە کـە چـاڵی سەرچـەناگەی خـەڵکێکی زۆری تێـدا ئەسـیر کـراوە، هـەروەکو چـۆن هـاروت‌و مـاروت لـە چـاڵدا هەڵواسراون:

لە چـــاهی ژێری لێوت وا ئەسیرن
هەزارانی وەکوو هارووت‌و مارووت*

---

*) هۆنراوەکان لە دوایی (کوردی) چاپخانەی کوردستان ١٩٧٢ کۆکردنەوەی گیوی موکریانی.

مەولــــەوی

ناوی (سەید عـبـدالرحیم کـوڕی مـەلا سـەعید)ە لـە نـەوەی (مـەلا یوسـف جـان) ئەگەڕێتەوە سەر خواناس سەید موحەمەدی زاهید کە بە پیرخدری شـاهۆ بەناوبانگـە، لە سالّی ١٨٠٦ لە گوندی سەرشاتە ناوچەی تاوگۆز لە دایکبووە، وە لە سـالّی ١٨٨٢ لە مەلّبەندی لەدایکبوونی کۆچی دوای کردووە هەر لەوێش نێژراوە.

مەولەوی بۆ خوێندن گەلێك شوێنی کوردستان گـەڕاوە بەتایبـەتیش لـە مزگـەوتی دارالحسان لە شاری سنە کە کاتێکی زۆری سەردەمی فەقێیایەتی بەسەر بـردووە، ئـەو حوجرەیەی کە مەولەوی تیادا خوێندویەتی ژووری ژمارە ١٩بوە، کە ئێستاش هەر بـە ژوری مەولەوی بەناوبانگە، دواجاریش مەولەوی ئیجازەی مەلایەتی لە شاری سلێمانی وەردەگرێـت وە دەسـت دەکـا بـە وانـە گوتنـەوە، پاشـان هـەوای سـوفیەتی ئەچـێتە مێشکیەوە، بۆ ئەو مەبەستە دەچێتە تەوێڵەو دەبێتە موریدی شێخ عثمـان سـراجەدین لە پالّ وانە گوتنەوەبە فەقییان خەریکی سلوك ئەبێت.

مەولەوی جگە لەوەی بەهرەیەکی شیعری خۆرسکی هەبووە، زانایەکی گەورەش بـوە لە مەسەلەی عەقیدەی شەرعیەکان، هەر بۆ نمونـە گـەلێك دانـراوی بـە پێـزی دانـاوە لـەبارەی عەقیـدەوە، وەکـو عقیـدەی مەولـەوی‌و عـەقیـدی مرضـیە کـە بریتیـە لـە ٢٤٥٤دێڕە شیعر، بـاس لـە عەقیـدەی ئـەهلی سـونەو جەماعـە دەکـات، لەهـەمان کاتیشدا شەرعزان بوو، ئەوە لە سالّی ١٢٧١ کۆچی شێخ سراجەدین، مەولەوی شاعیر لەگەلّ شێخ عبدالرحمنی کوڕی ئەنێری بۆ شاری سنە بۆ چارەسەرکردنی نـاکۆکی نێـوان غولاّم شاخان‌و مەلای سنە، کەواتە ئـەو بەلّگەیـە لەسـەر ئـەوە مەولـەوی کەسـێکی

لێهاتوو شارەزا بووە، ئەگینا شێخ عثمان سراجەدین بـۆ مەسـەلەیەکی ئـەوها گـرنگ نایبنێرێ مەولەوی لە دانراوەکانی تریدا وەکـو الفضیلە کـە ٢٠٢١ بەیتـە شـیعرە بـە زمانی عەرەبیو کتێبی الفوائع کە ٥٢٧ دێڕ شیعرە بە زمانی فارسی وەستایەکی بـێ وێنەی نواندوە، بەڵام ئەوەنە هەیە ئەو کتێبانـەی کـە باسـکرا هـەمویان دەچـنە پـاڵ هونراوەی فێرکردن (الشعر التعلیمی) کە دوورە لە سـۆزو ئەندێـشە، بـەڵام مەولـەوی وەستایانە توانیویەتی بەشێوەی هۆنینەوە (نظـم) دایان بڕێژێت ئەوانەی تریشی هـەموو بریتیە لە هۆنراوەی بۆنە، کە بۆ لاواندنەوەی کەسـێکی نزیکـی گوتویـەتی یـاخود لـە وەڵامی نامەیەکی خۆشەویستدا وەڵامی داوەتـەوە بـە شـێوەیەکی ناسـكو سـەلیقەی شاعیرانە.

وەکو باسکرا مەولەوی مەلایەکی زاناو سوفیکی راسـتگۆی تەریقـەتی نەقـشبەندی بووە، وە دانراوەکانی کە باس لە عەقیدە دەکات بەڵگە لەسەر ئەوە ئاین رەنگیداوتەوە لە هزرو بیری مەولەویدا وەگەڵێك جاریش دەبینین مەولـەوی شـاعیر ئایـەتی قورئـانی وەرگرتوە (اقتباس) تێکەڵکێشی هۆنراوەکانی خۆی کردووە، یاخود بـە مانایـەکی تـر بڵێین ئاین رەنگی داوەتەوە لە هۆنراوەکانی.

ئەوەتا مەولەوی شاعیر سـوود لـە چـیرۆکی حـەزرەتی یوسـف وەردەگرێـت کاتێـك حەزرەتی یوسف فڕێ دەدرێتە ناو بیر لەلایەن براکانیەوە (والقوه في غيابة الجب) پاشـان کاروانچی بۆ ئاو خواردنەوە دێنە سەر بیرەکە بۆ ئەوەی ئاو بخۆنەوە دۆڵەکەی ئەهاوێنـە ناو بیرەکە (یوسف)ی دەهێنە دەرەوە (وَجَاءَتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُوا وَارِدَهُمْ فَـأَدْلَى دَلْـوَهُ قَـالَ يَابُشْرَى هَذَا غُلَامٌ) (یوسف ١٩).

کاروانەکە یوسف لەگەڵ خۆیاندا دەبەن بـۆ میـسر دەیفرۆشـن، کاتێـك لـە بـازاردا دەیفرۆشن، پیرژنێك خۆیو کلافەیەك دەزوو دەیـەوێت یوسـف بکڕێـت، بـەڵام کڕینـی

یوسف هێندە ئاسان نیە پیرێژن بیکڕێ، بەڵکو خوای گەورەی مەبەستی خۆی هەیە لـە فرۆشتنی یوسف (وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ).

یەکـێ وە مایەی گەنج (کەی)ەوە

چون منیچ وەتای فەرتووت نەیەوە

مەولوی چۆتە ناو فەلەسەفەیەکی قوڵی ئاینپەروەریەوە دەڵێ ئەی خودایە ئەگەر بەو هەموو نیشانانەی پێشەوە کە پێت نیشانداوین من تۆ نەناسم، لەمـەودواش هەرچـەند نیشانەی تر پیشانم بدەی هەر ناتناسم، کەواتە هێندەی پێشەوە بەسە:

بەسەد جیلوەی تەر بێ چوونو چـەنی

شـانـاسـایـی تـۆم غەبـۆ هەنـێ

مەولەوی تەواو خۆی داوەتە دەست دڵدارەکەی، جگە لەویش کەس بـۆ نیـە دەست بهاوێتە ناو دڵی مەولەویەوە، هەروەکو چۆن لە حـەرەمی مکـەی پیـرۆز کـەس بۆنیـە دەستکاری هیچ گیانلەبەرێك بكات، کە ئەوگیانلەبەرانە بە سەربەستیو ئازادی دێـنو دەچن (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَقْتُلُوا الصَّيْدَ وَأَنْتُمْ حُرُمٌ وَمَنْ قَتَلَهُ مِنْكُمْ مُتَعَمِّدًا فَجَزَاءٌ مِثْلُ مَا قَتَلَ مِنْ النَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِنْكُمْ هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِينَ أَوْ عَدْلُ) (المائدة- ٩٥).

کۆترەکـەی ئـازاد حەریم دڵ بێت

دانەی مۆبەت چین پەی وێت غافڵ بیت

شاعیر بە ئاوازەوە دەژی کەلەلای یارەوە بۆی لێئەدرێ، بەڵام چ جۆرە ئاوازێك؟ ئاوازی یەکەم لەگەڵ گوێ بیسـتبونی لەگەڵ ئاوازەکە ئەتوێتەوە، کاتێکیش گـوێ بیستی ئاوازی دووەم دەبێت سەرلەنوێ گیانی بەبەردا ئەکرێتەوەو سـەرلەنوێ زینـدوو دەبێتەوە هەروەکو چۆن حـەزرەتی ئیسرافیل فـوو دەکـا بـە صـور هـەمو زینـدەوەر دەمرێتو گیان لەدەست دەدا دنیا تێك دەچێت، لە جاری دووەمدا کە فوو دەکـاتەوە

بە صور سەرلەنوێ گیانلەبەران زیندوودەبنەوە (وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الأَرْضِ إِلاَّ مَنْ شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنْظُرُونَ) (الزمر- ٦٨).

یەکێ یەکجاری تاونۆمەوە

ئەو یەك لاونۆم یاونۆمەوە

مەولەوی تەواو بڕوای بەو پەیمانە هەیە، کە خوای گەرە داویەتێ ئەویش ئەوەیە، کە دبێت هەموو کەسێك بمرێت، ئەودەمێنێتەوە هەر خوای گەورەیە: (مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلاَلِ وَالإِكْرَامِ) (الرحمن- ٢٧).

بۆیە شاعیر پەیمانی لەگەڵ خودا بەستووە کە بە هیچ شێوەیەك ئەو پەیمانە نەشکێنێت ئەویش بریتیە لە چاکە کردنو دوور کەوتنەوە لە خراپە:

خەڵاسیش داپێت وە یەك پەیمانە

ئازاد بیت جە بەند بەستەی پەیمانە

مەولەوی دەڵێت ئەی دەف لێدەری عەشقی خوا ئامۆژگاری ئەو دۆستو خۆشەویستانە بکە کە بەیانیو ئیوارە واتە پیش رۆژ هەڵاتنو ئاوا بوون وە لە نیوە شەودا بێدارن خەریکی خوا پەرستین رووەو قیبلە دانیشتون خوا پەرستی دەکەن رووی گلەییو سەرزەنشتین بکە من ئەو قسانەم پێ بڵێ ئەی مەعدومی بەدبەخت بۆ وا بێ ئاگای لە خواپەرستی (فَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا وَمِنْ آنَاءِ اللَّيْلِ فَسَبِّحْ وَأَطْرَافَ النَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرْضَى) (طه- ٣٠)

رووی پەند ئەو یاران دڵ وە جەهدو جەخت

رووی تەوبیخ ئەولای مەعدومی بەدبەخت

مەولەوی ئەو بەسەرهاتەی حەزرەتی ئیبراهیم (سلاوی خوای لێ بێت) بۆمان دەخاتە قاڵبێکی شیعری کاتێك حەزرەتی ئیبراهیم لە شەودا مانگی دێتو گوتی ئەوە خوایە،

پاشان کە ئاوا بۆ گوتی خوا ئاوا نابێت، پاشان لە ڕۆژهـــەڵات گوتی ئا ئەوە خوایـە، کە ئەویش ون بوو گوتی نابێت ئەوە خوا بێت چونکە خـوا بـزر نابێـــــت (فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ رَأَى كَوْكَبًا قَالَ هَذَا رَبِّي فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لاَ أُحِبُّ الآفِلِـينَ فَلَمَّا رَأَى الْقَمَرَ بَازِغًا قَالَ هَذَا رَبِّي فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لَئِنْ لَمْ يَهْدِنِي رَبِّي لأَكُونَنَّ مِنْ الْقَوْمِ الضَّالِّينَ فَلَمَّا رَأَى الشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَذَا رَبِّي هَذَا أَكْبَرُ فَلَمَّا أَفَلَتْ قَالَ يَاقَوْمِ إِنِّي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ) (الانعام- ٧٨).

گا چون ستارەی تاریکەی سەحەر
گا قەمـــەر گا خۆر مەیو وەنەزەر

مەولەوی کەوتۆتە نەمەنەوە دەیەوێت خۆی دەنەوێتـەوە، چـونکە لـە مـردن نزیـک بۆتەوە گۆریش دەرگای بچوکە مرۆڤ خۆی دەنوێتەوە ناتوانێت بچێتە ناویەوە مەولـەوی پەنای بردوتە بەر ئەم ئایەتە قورئانیە کە دەفەرموێت (وَمَنْ نُعَمِّرْهُ نُنَكِّسْهُ فِي الْخَلْقِ أَفَلاَ يَعْقِلُونَ) (یس- ٦٨).

باڵا کەردەوە مەیل ئەو لای پەستی
وردیـکـلانـەن دەروازەی هەسـتی

ئەو ڕۆژەی خودای گـەورە ئـەرواحی ئـادەمیزادی کۆکردوەتـەوە پێیـانی فـەرموو: (أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ) (الاعراف). ئەوانیش لەوەڵامدا گوتیان: (قَالُوا بَلَى) بەڵێ تۆ خوامانی، جا لەو ڕۆژەدا هەرکەس خەریکی بازرگانیو سەودای کڕینو فرۆشتن بوو، جا لەوڕۆژەدا خوای گەورە، هەموو شتێکی براندەوە، بۆیە ئیستا من ترسم نیە لە دوعای خەڵکی:

من ڕۆی مامەڵەی گردین خاس وە کەس
جەو راسە بازار شارەکەی ئە لـــــەس
جەســـــەردوکانچەی شای سەر توجاران
هـــــۆر گرتم کاڵای بــــــەڵای ئازاران

پێش کۆچی پێغەمبەر ﷺ بۆ (مەدینە) ئەو شارە ناوی (یثرب) بوو، بـە گەیـشتنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەو شارە ناوی گۆڕا بۆ مەدینە، جـا پێغەمبـەر (ﷺ)دەفـەرموێت من ئەو شارەم دەرگاکەشی (عەلی کوڕی ئەبی تالب)ە مەبەستی پێغەمبـەر (ﷺ) لـە زانستو زانیاریە (انا مدینـة العلمو علی بابها) لـە نیـوە دێـڕی دووهەمیـشدا باسـی حەزرەتی یەعقوب دەکات، کاتێك لەتاو دووری یوسفی کـوڕی چـاوەکانی کـوێر بـوو، بەڵام کاتێك کراسەکەی یوسفیان بۆ هێنا لە دوورەوە بۆنی کراسەکەی کرد (قَـالَ أَبُـوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ) (یوسف- ٩٤).

پاشان کە کراسەکەی بەسەرو چاویدا هێنا ڕۆشنای بۆ چـاوەکانی گەڕایـەوە (اذْهَبُـوا بِقَمِيصِي هَٰذَا فَأَلْقُوهُ عَلَىٰ وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيرًا وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ) (یوسف ٩٣)

دەرگای مەدینەی حوسن مەحبووبی

نوور ئەفزای دیدەی جەرگی یەعقوبی

لێرەدا بەسەر هاتێـك تـەواو پێـچەوانەی بەسـەرهاتی حـەزرەتی یـەعقوب بەسـەر مەولەویدا هاتوە (جارێکیان لە خانەقای تەوێڵە ئەبێ لە چروسـتانە دێـن بـەدوایا کـە بگەڕێتەوە بۆماڵ چونکە کوڕێکی نەخۆش ئەبێ، ئەمیش سوار ئەبێ ئەگەڕێتـەوە کـە ئەگەنە نزیك دێی (عەنەب) هەناسەیەکی درێژ هەڵ ئەکێشێو فرمێسك بـە چـاوەکانیا دێتەخوار، هاورێکەی عەرزی ئەکا بۆچی وا عـاجزی؟ ئەمیش دەڵـێ چـۆن عـاجز نـەبم حەزرەتی یەعقوب(س) بۆ دڵخۆش بوون بۆنی کراسی حەزرەتی یوسفی کوڕی ئەدرا بـە لوتیا، کەچی من بۆنی کفنی کوڕەکەم ئەدرێ بە دەماخما، کە ئەگەنە ماڵـەوە ئـەزانن لەو کاتەدا ئەو هەناسەکەی هەڵکێشاوە خەریکی کفنکردنی کوڕەکەی بوون.

(دیوانی مەولەوی مەلا عبدالکریم مدرس، ل ١٤)

بـــازارە وادەی سەودایە ساقی

هەی بگرە فانی وەی بێنە باقی

ئای (حسەین) ئاسا سبەی لە نوێ‌بێ

ئاخۆ سەر لە کوێ؟ لاشەم لە کوێ بێ

شاعیر لە داخی کۆچکردنی عەنبەر خاتووندا ڕوو لە ڕۆشنایی چاوی دەکاو دەڵێت: من دوای عەنبەر ڕۆشنایی چاوم بۆ چییە؟ لێلاوی چاو برۆ لافاوی فرمێسك هەلڕێژەو بیکە بە رووباری خوێن، چونك پاش کۆچی دوایی قیبلەکەم لافاو هاتو ریشەی جەرگو دڵمی هەموو هەڵتەکاندو بردی:

ڕۆشنایی چاوم، تا کەی بۆ ماوی

لێلایی سادەی سوورکە لافاوی

بۆچی؟ قیبلەکەم عەزمی کۆچی کرد

لافاوی دووری ڕیشەی ژینمی برد

ئەمجارەیان مەولەوی روو لە عەنبەر خاتوون دەکاو دەڵێ: من چەند سەرسەختم ئەی بینایی چاو دڵەی پڕدەردم خۆ تۆ ڕۆیشتی منت جێهێشت کەچی من نەمردم، کەچی دووری تۆ ئاگرێکی ئەوتۆی بەرداوەتە دڵو هەناوم هیچی تری جێگا نابێتەوە:

بینای راستی دڵەی پڕدەردم

ئای چەن سەرسەختم دووی تۆ نەمردم

بلێسەی کورەی دووری بالاکەت

گەرمیی بێ بەش بووی تۆزی پێلاکەت

کارەساتی مردنی عەنبەر خۆشەویستی مەولەوی بەجارێك دڵی سوتاندوە، ئێستا بێ‌جێگاو شوێنە، نازانێت کام شوێن بکا بە جێگای خۆی:

وەها سوتانی سەرای مەیلی دڵ

یادەکەت ماوە بۆ مەسکەن خەجڵ

حەزرەتی ئیبراهیم داوای لە گەلەکەی خۆی کرد کە دەست هەڵبگرن لە بت پەرستی، بەڵام وازیان نەهێنا، بۆیە ڕۆژێك دەچێتە پەرستگاکەیان هەموو بتەکان دەشکێنێ، نەمروودی پاشا ڕقی هەڵدەستێت، بریار دەدا ئاگرێك بکەنەوەو حەزرەتی ئیبراهیم تێهەڵبدەنە ناوی بسوتێ، بەڵام خوای گەورە ئاگرەکەی سارد کردەوە بۆ ئەوەی بەسەلامەتی ڕزگاری ببێت (قُلْنَا يَانَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلاَمًا عَلَى إِبْرَاهِيمَ)(الانبياء ٨٩)، جا مەولەوی دەڵێت ئەو بایە وەکو هەڵی ئاگرەکەی حەزرەتی ئیبراهیم وایە هێندە بەتینە لە دەروونم بەرز دەبێتەوە:

(صبا)ی هەناسەم نە دەروون سەد تەرز

کـەردەن کڵپەی نار ئیبراهیمـی بەرز

مەولەوی قسە لەگەڵ دڵی خۆی دەکاو دەڵێت ئەی دڵ دەستم دامێنێت نەکەی تووشی نائومێدی ببی، چونکە پیاوی باش نائومید نابێت، چونکە خودا دەفەرموێت: (وَلاَ تَيْئَسُوا مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِنَّهُ لاَ يَيْئَسُ مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الكَافِرُونَ) (یوسف ٨٧). کەواتە قەد باوەڕت لەق نەبێت چونکە سیفەتی جوان لای دلداران چۆن بێت وا پاداش دەدرێتەوە.

ستارەی ڕجات هەردەم دارۆ سوو

دەماخ شاد، وەبۆی، (ولا تیاسوا)

لەو ڕۆژەی خوای گەورە عەهدو پەیمانی وەرگرت لە ئادەمیزاد کە ڕۆژی (قالوا بلی)یە ئەو ڕۆژە ئێمە لە (فەنا فی اللە) تواینەوە، کەوا لەو ڕۆژەدا سەرحەلقەی خواپەرستی بوو واتە لەو ڕۆژەی خودا پرسیاری کرد ئایا من خواتان نیم؟ ئەوانیش گوتیان بەڵێ خودامانی (أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى) (الاعراف ١٧٢).

خواجەی سەر بەزمەکەی (ألسـت)

دەماخ وە نەشئەی بادەی فەنا مەست

لە ڕۆژی حەشردا كە هەموو كە هەموو ئـادەمیزاد كۆدەكرێنـەوە بـۆ حـساب، ئـەو ڕۆژە گەلێك سەختو دژوارە، خـەڵك خۆزگـە دەخوازێـت كـە ڕزگـاری بێـت، جـا بـە هەرشێوەیەك بێت، لەو ڕۆژەدا تـەنها پێغەمبـەر(ﷺ) دێـت شـەفاعەتی دەكـات كـە دەفەرموێت (أنا لها) من بۆ ئەو كارەم جا شاعیر دەڵێت تكاكارم كـە پێغەمبـەر(ﷺ) لەو ڕۆژەدا تكام بۆ بكات لە حوزووری خودای گەورە، نـەوەك بـە ڕوورەشـی بـچمەبەر بارەگای خودای گەورە:

ڕا كەرا (احمد) لوتفش بۆ جەنیم
خەجاڵەتی بەرز (كریم) نەبۆ پێم

مەولەوی دەڵێت ئێوە بۆ گلەیم لێ دەكـەن لەسـەر ریـش تراشـین، كـە ئـەو ریـشە لەگەڵمادا نەیەتە حوزووری خودا، كەواتە هەردەبێ بیتراشم هـەتا ئـەو ڕۆژەی حـەزرەتی ئیسرافیل فوو دەكا بە صوردا، كە فوی كرد بە صور هەموو گیانلەبەر ئـەمرن، جـاری دووەم كە فووی پیاكرد هەموو زیندوو دەبێتەوەو دەچنە مەیـدانی حەشـر بـۆ حیـساب كردنی لە گەڵیاندا (وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الأَرْضِ إِلاَّ مَـنْ شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنْظُرُونَ) (الزمر- ٦٨)

ریشێ چەنی من نەیۆ وە حوزوور
مبۆ بتاشووش تا وە نەفخ سـوور

فاتمەی بەتوول نازناوی فاتمـەی زەهرایـە كـچی پێغەمبـەر(ﷺ)و دایكـی حـەزرەتی حەسەنو حسین، فاتمەی بەتوول لە گوڵەبـۆن خۆشـەكانی پێغەمبـەر(ﷺ) سـەیدەكانی ئیمرۆش لەنەوەی ئەو بەرێزەن دەشبێت مەبەسـتی شـێخانی بیـارە بێـت زیـاترە، كـە ئەمانە بە ڕەچەلەك بە چـاكی هاتونەتـەوە هـەروەكو چـۆن دارێكـی چـاك ڕەگـی لـە زەویدایەو لقاوپۆیەكانیشی بە ئاسماندا چووە، ئەمەش وەكو قسەی چاك وایە، كـــە

هەردەم لەدەمی پیاوی چاکەوە دەردەچێـــت (كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ) (ابراهیم- ٢٤).

شِکۆفەی وەش بۆی ڕەیحانەی ڕەسول
ئەو بـــاوەی نەمام (طیبە) بە توول

مەولەوی گفتی داوە، ئەم گفتەش ناشکێنێ تاکو ئەچێتە نـاو گـۆڕو سـەری لەسـەر بەردی ئەحەد دادەنێن قیامـەتیش هەڵدەسـێ دنیـا تێکدەچـێ چیاکان وەکـو لۆکـەی پەڕەکراوی لێ دێتو هەروەکو خـودای گـەورە دەفـەرموێت: (وَتَكُونُ الْجِبَالُ كَالْعِهْنِ الْمَنفُوشِ) (القارعة- ٥).

ئەو تا سـایەی بەرد، ئەو تا بۆ وەگەرد
ئەو تەمو ئەو خەم ئەو سەردی ئەو دەرد

خودای گەورە موعجیزەیەکی ئەوتوی دابووە حەزرەتی عیسا وەکـو کـوێرو بەلـەکی چاك ئەکردەوە هەروەها مردووی زیندوو دەکـردەوە بـە ئیزنـی خـودای گـەورە (وَأُبْرِئُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ وَأُحْيِ الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللَّهِ).

مەولەویش دەڵێت تۆش وەرە هەروەکو حەزرەتی عیسا زیندوم بکەوە بەوەی جامێك لە شەرابم بدەیتێ کاتێك سەری کوپەو شەربە شۆر دەکەیتەوە قلپە قلپی لێوە دێت، بە شوشەی شەرابی رووت دەچێت.

بە وێنەی جاران سا پێم دەرەوە
عیسەوی ئاسـا ئیحیام کەرەوە

مەولەوی شاعیرێکی هەست ناسك بووە دیمەنی سروشتی گەلێك کاری کردۆتە سـەر هەستو نەسـتی شـاعیریەکەی، ئـەوەتا کاتێـك دلبـەرێکی نەشیلـەی جـوان دەبێـت

دەیچوێنێ بە حوریەکانی بەهەشت ئەو ئافرەتە لای مەولەوی وەکو ئـەو مانگەیـە کـە لەژێر هەوردا دێتە دەرەوە کە چۆن ڕوناك بە هەموو ڕێگا دەبەخشێ خـودای گـەورەش لە پاداشتی کردەوەی چاکی ئیمانداران لە بەهەشتدا حۆرییان دەداتێ، ئـەو حۆریانـەی لە خەیمەکانی خۆیاندا چاوەڕێی ئەو کەسانە دەکەن کە خودای گـەورە لـوتفی لەگەڵـدا کردوون (حُورٌ مَقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ) (الرحمن- ٧٢).

به خودا قەسەم پاســـەم ئومێدەن
(حورُ مقصورات فی الخیام) تێدەن

چیرۆکی حەزرەتی یـونس پێغەمبـەر لـە قورئانـدا ئامـاژەی پێکـراوە، کاتێـك لـە قەومەکەی تووڕە دەبێت سەفەر دەکا سواری کەشتی دەبێت، پاشان فڕێ دەدرێتـە نـاو رووبارو ماسی قوتی دەدا (وَذَا النُّونِ إِذْ ذَهَبَ مُغَاضِبًا فَظَنَّ أَنْ لَنْ نَقْدِرَ عَلَيْـهِ فَنَـادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ) (الانبیاء ٨٧).

پاشان لە سکی ماسیدا تەسبیحاتی خودا دەکات ماسیەکە فڕێی دەداتە کەنار روبار (أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنْ الظَّالِمِينَ) (الانبیاء- ٨٧)

لوقمەکەی ماساو قوول دەریای مەیل
لوخت سای کۆڵەی سارای دەرد لەیل

شاعیر بە شێك لە ئایەتی (و امتازوا) تێکەڵکێشی دێرە هۆنراوەیەکی خۆی کـردووە دەڵێت ساقی بانگ ڕادێرە لە مەیدانی مەحـشەر بۆئـەوەی ڕۆژووگـران ئەوانـەی ڕۆژوو مانگی رەمـەزانیان نەگرتوە لە یەکتری جوێ ببنەوە هەردوو چۆن لە ڕۆژی دوایدا خـوای گەورە دەفەرمویێت: (وَامْتَازُوا الْيَوْمَ أَيُّهَا الْمُجْرِمُونَ أَلَـمْ أَعْهَـدْ إِلَـيْكُمْ يَـابَنِي آدَمَ أَنْ لاَ تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ) (یس: ٥٩-٦٠).

ساقی سا ســـــــەدجار وە نازت نازوو
هوردەر وە گوڵ بانگ سەدای (و امتازوا)

لە کۆنەوە گوتراوە ڕۆژ بۆ کەسابەت‌و شەویش بۆ ئیسراحەت کاتێک مەولەوی لە بەرەبەیاندا دۆستەکەیەتی، کاتێکیش ئاوا دەبێت دەبێتە مایەی حەسانەوەی ڕەحەتی دڵ‌و دەرونی مەولەوی (معاش)و سُبات لە قورئانی وەرگرتوە لە خودا دەفەرموێت (وَجَعَلْنَا النَّهَارَ مَعَاشًا)(النبأ- ١١)، وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا) (النبأ- ٩).

تلووع‌و عرووب سوب ئێوارانەن
مەعاش‌و سەبات دەردەداران[٣]

٣) هۆنراوەکان لە (دیوانی مەولەوی) کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو لەسەر نووسینی (مەلا عبدالکریم مدرس) وەرگیراوە.

حاجــی قــادری کــۆیی

حاجی قادری کۆیی (١٨٢٥-١٨٩٧) یەکێکە لـەو شـاعیرە کوردانـەی کـە شـوێن پەنجەی لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا دیارە، کـە هـۆنراوە نیـشتمانیو نەتەوەیـەکانی شورشێکی کوردستانی باشوردا هەڵگیرساند.

حاجی قادری کۆیی، هەروەکو شاعیرە کلاسیکیەکانی دیکەی کورد بـەخت یـاوەری نەبووە تاکو بزانین لە کوێ لە ساڵی چەند لە دایك بووە.

لێکوڵەرەوانی شیعری کلاسیکی، بۆ زیاتر شارەزا بـوون لـەبارەی ژیـانو بەرهـەمی شاعیران، ناچار دەبن پەنا بۆ هۆنراوەکانی شاعیر بەرن، کە یارمەتیـدەرێکی باشـن بـۆ ئەوەی سەرە داوێکیان دەست بکەوێت، هەروەها ڕووداو کارەساتەکانی ئەو سەردەمەی شاعیر تیا ژیاوە، ئەمیش ڕێگایەکی تـرە بـۆ یارمەتیـدانی لێکولـەرەوەکان بـۆ نمونـە حاجی دەڵێت:

باوکم ئەحمەد بوو ناوی فیکرم دێ

خەڵقی لادێ بوو، دایکی من فاتێ

کە واتە لە ڕێگای ئەو هۆنراوەی (حاجی)یەوە دەزانین بـاوکی نـاوی ئەحمـەد بـووەو دایکی فاتێ، جا ئەگەر بێتو حاجی ئـەو هـۆنراوەی نەوتبایـە، یـاخود نەگەیـشتبایە دەست ئێمە نەمان دەزانی ناوی دایكو باوکی حاجی چ بووە؟ هەروەکو ئێـستا نـازانین ساڵی لە دایکبوونی چەندە؟

جا ئەگەر کەسێکی نزیکی حاجی قادر مێژووی لەدایکبوونی تۆمار بکردایە یـاخود پاش ئەوەی خۆی کە فامی کردووەو دەستی قەڵەمی گرت بەدێرە هۆنراوەیەك مێـژووی

لەدایکبوونی خۆی بنووسیایە ئەم کێشەیە لەسـەر لـەدایکبوونی پەیدانـەدەبوو. شـێخ ڕەزای تاڵەبانی لە دێرە هۆنراوەیەکدا باسی شەڕی نێوان عەبدوڵڵا پاشـای بابـانو والی سنە دەکا، هەر لەم دێرە هۆنراوەیەدا بە شـێوەی ناراسـتەوخۆ مێـژووی لـەدایکبوونی شاعیر بەدیار دەکەوێت، با ئەم مێژووەی لەدایکبوونـەش یـەك دوو سـاڵێك جیـاوازی هەبێت:

کە عـەبدوڵڵا پاشـا لەشـکری والیی سنەی شـڕ کرد
ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنجو شەش تیفلی دەبستان بوو (١)

ئەم ڕووداوەی کە شێخ ڕەزا باسی دەکات، شەڕی نێوان عەبدوڵڵا پاشای بابانو والی سنە، شێخ ئەو کاتـە تەمـەنی شـەش حـەوت سـاڵێك بـووە، ئەگـەر بێتـو یـەك دوو ساڵێکیش جیاوازی هەبێت ڕەنگە کـارێکی ئاسـای بێـت چـونکە ئـەو سـەردەمە لـە کوردوستاندا خوێندەواری کەم بووە، بەڵام ئە کەسانەی خەریکی لێکۆڵینەوە بووینە لە دونیای شیعری حاجی جیاوازی زۆریان هەیە لە نێوان ساڵی لەدایکبوونی حاجی قادری کۆیی، هەندێکیان مێژووی لە دایکبوونی دەگەڕێننەوە بـۆ سـاڵی (١٨١٥) زاینـی(٢) کە ئەوە لەگەڵ هەندێك لە شیعرەکانی ڕێکدەکەوێت:

سەرو ڕیشم سەراپا بۆتە لۆکـــە
شەوی هەمرازمە پشمینو کۆکە

هەروەها دەڵێت:

لەبەر پیری ئەوەندە بێ حەواسم
دەڵێی ئەرکانی ئیسلامی ئناسم

کاتێك مرۆڤ بە ساڵا دەچێتو دەکەوێتە تەمەنەوە، سەرو ڕیشی سپی دەبێتو جگـە لەمەش نەخۆشیو بێ هێزی رووی تێدەکاو خانەکانی لەش لە کەڵك دەکەون هـەروەکو منداڵی ساوا پێویستی بە چاودێری کردنی زیاتر هەیە، هەروەها پیری کار دەکاتە سـەر

هەستەکانی مرۆڤ هەروەکو ئەوەی چاوی کز دەبێت‌و گوێییەکانی گران دەبن‌و زەین‌و هۆشیشی لەسەرخۆ نامێنێت زۆر بە زەحمەت شتی دەکەوێتەوە بیر، ئەم پیرییە وای لە حاجی کردووە، تەنانەت ئەرکەکانی ئیسلامیش بە زەحمەت بزانێت. ئەو کەسانەی ساڵی (١٨٢٥) بە ساڵی لە دایکبوونی حاجی دەزانن هەر ئەو وەسفانەی پیری لێ دێتە جێ، تەمەنەکەی حاجی دەبێتە (٧٢) ساڵ، جگە لەو تەمەنە زۆرەی حاجی، کە دەربەدەری‌و ئاوارەیی‌و خەمخۆری میلەتەکەشی، زەمینە خۆش کەرن بۆ ئەوەی حاجی پیری‌و بێ حەواسی تێدا دەربکەوێ.

سەفەری حاجی‌و مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە بەیەکەوە بۆ باڵەکایەتی، زیاتر ئەم ڕایە بە هێزو پشت ئەستورتر دەکا لە بۆچونی یەکەم، چونکە وەکو روون‌و ئاشکرایە، حاجی مەلاعەبدوڵڵا لە ساڵی (١٨٢٥)ی زاینی لەدایکبووە، ئەقلیش ئەوە قبوڵ ناکات کە حاجی‌و مەلاعەبدوڵڵا جیاوازی تەمەنیان (٢٥) ساڵ بێت‌و ببنە هاوڕێی خوێندن، گەر حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە لە ساڵی (١٨٢٥) زاینی لەدایکبووبێ، بەلای کەمی دەبێت تەمەنی (١٥) بەرەو ژور بێت بۆ ئەوەی لە شوێنی لە دایکبوونی دوور بکەوێتەوە بۆ شوێنێکی دوور وەکو باڵەکایەتی کەواتە ئەو کاتە تەمەنی حاجی دەبێت (٣٥) ساڵ بێت، ئەگەر لە ساڵی (١٨١٥) زاینی لە دایکبوبێ، دیارە ئەم تەمەنەش ئیجگار زۆرە بۆ خوێندنی فەقێیایەتی، چونکە هەموو ژیانی خوێندنی مەلایەتی لە نێوان (٢٠-٢٥) ساڵیدایە، بۆ کەسێکی وەکو حاجی دەبێت لەتەمەنی (٣٠) ساڵی ئیجازەی خوێندنی مەلای وەرگرتبێت، بەڵام گەر ساڵی (١٨٢٥) زاینی بۆ ساڵی لە دایکبوونی دابنێین، ئەمە گەلێك لە راستیەوە نزیکەو هەموو (١٠) ساڵێك لەگەڵ مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە جیاوازیان هەیە.

مامۆستایان کەریم شارەزاو سەردار میران لەدیوانی حاجی قادری کۆیی دەڵێن (حاجی قادر تاکو ساڵی (١٨٦٢) لە ئێران ماوەتەوە، هەر ئەو ساڵە ئیجازەی

مـەلایەتی وەرگرتووە[٣].

ئەم قسـەیە جێگای گومانو لەسەر وەستانە چونکە گەر بێتو ساڵی ١٨٢٥ز یش لە دایکبووبێت، دەبێـت حـاجی قـادر لـە تەمـەنی (٣٧) سـاڵێدا ئیجـازەی مـەلایـەتی وەرگرتبێت، هەمدیـسان ئەمـەش بـە ئاسـانی ناچـێتە عەقڵـەوەحاجی لـەو تەمەنـە خوێندنی کۆتایی پێ هێنابێ.

د.مارف خەزنەداریش لە مێژووی ئەدەبی کوردییەکەیـدا دەڵێـت حـاجی لـە سـاڵی ١٨١٦ز لە دایکبووە لە ساڵی ١٨٦٢ ئیجازەی دوازدە عـیلمی وەرگرتوە[٤]، بـەم پێیـە دەبێت حاجی لە تەمەنی (٤٦) ساڵیدا بوبێتە مەلا، کە ئەمـەش دوورە بـۆ یـەکێکی ئاسایی لەم تەمەنەدا ئیجازەی مەلایەتی وەربگرێت، نەك بۆ یـەکێکی وەکـو حـاجی، هەروەها دەڵێت پاش خوێندنی باڵەکایەتی بە تەنها دەچـێت بـۆ ئێـران شـەش حـەوت ساڵێك دەمـێنێتەوە، ئینجا لە ساڵی ١٨٦٢ بە ئیجازەی دوازدە عـیلمەوە دەگەڕێتـەوە، بە گوێرەی ئەو ساڵانەی د.مارف دەڵێـت (٩) سـاڵی خایانـدووە بـەو مەرجـەی پـاش وەرگرتنی ئیجازەکە ڕاستەوخۆ گەڕابێتەوە کوردستانی باشوور.

لێکۆڵەوەرانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی ڕێکن لەسەر سـاڵی کۆچـی دوایـی حـاجی قادری کۆیی کە ساڵی (١٨٩٧)ی زایینـی، دیـارە هەمووشـیان پـشت بـەو سەرچـاوە دەبەستن کە لە ژمـارە سـێی ڕۆژنامـەی کوردسـتان لـە ٢٠ی مایـسی سـاڵی ١٨٩٨ دەرچووە دەڵێ ساڵی پار واتە (١٨٩٧).

شاعیری گەورەی کورد حاجی قادری کۆیی وەفاتی کرد هۆنراوەی (زەمانە)ش لەگەڵ هەواڵەکە بلاو کردۆتەوە[٥].

حاجی قادری کۆیی ئەو ماوەیە چ بە فەقێیاتی چ بە مەلایەتی کـە لـە کوردسـتانی ئێرانو عێراق بـووە، هۆنراوەکـانی لـە چوارچـێوەی کێـشە کۆمەڵایەتیـەکانو ئـاینی

نەچۆتە دەرەوە، بە تایبەتی ئەو کێشەیەی کە لەگەڵ شێخ نەبی ماویلی، زۆرجاران کە حاجی لە کۆیە بووە کێشەی لەگەڵ پەیدا کردووە:

لە عەهدی (کەرنەی) تا دەوری (گاکوێر)
لە گوێ ی گا نووستون زۆر حەیفە بۆ شێر

یاخـــود

پێـــی دەڵێن حیلەبازو کـــەززابە
(شێخ نەبی) خاریجـــە لە ئەم بابە

بەڵام چونکە شێخ نەبی ماویلی سەر بە شێخی تەریقەتو دەســەڵاتدار بـووە حـاجی نەیتوانیوە لە کۆیە بمێنیتەوەو درێژە بە ژیانی خۆی بدات لە مەڵبەنـدی لـەدایکبوونی خۆی کە شاری کۆیە بووە، نەیتوانیوە پارێزگاری لـە ژیـانو مـافی خـۆی بکـات، لـە بەرامبەر ئەوەش شێخ نەبی دەرهەق بە حاجی قـادر قـسووری نـەکردووە، هـەتا کـار گەیشتە ئەوەی حاجی وڵات بەجێبهێڵێ:

لە (قوشخانە) وە تا دەمی (ئیچ قەڵا)
لە (بایزاغە) وە تا مەحللەی (قەڵات)
هـــەموو خزمی خۆمن دەزانم دەڵێــن
لەبێ حورمەتیمان بوو حاجــی هەڵات

حاجی دەڵێت ئەو شێخانەی کە کەوتونەتە ڕاوو رووتکردنی خـەڵکی نـەفامو هـەژار زۆر بێویژدانانە دەیانچەوسێنەوە، خەڵکەش لە نەفامی خۆیانەوە بـە قـسەیان دەکـەن واهەست دەکەن پادشاهی رۆم عەجەم هەموو شتێکەو هەتا سەرە:

هەر شێخی کەوتە شوێنی یەك دوو کەسی رەشو ڕووت
خەڵکـــی بە موور دەزانێ خـــۆی حەزرەتی ســـولیمان
یەکتـــان نەچوونە گـــەردش واتێ دەگەن لە دنیـــا
هەر پادشـــاهی رۆمەو شـــاهی عەجەم لە تـــاران

هەروەها دەربارەی شێخو تەکیەکان دەڵێت:

ئودەبا چاکـــە لێم نەبـــن درهەم
لەم قسەو لەم حیکایەتەی دەیکەم
ئیدیعای هەر ســەنایعێك ناکــەن
تاکو نەیخوێنن ئیمتیحانێ نەکــەن
پێی دەڵێن حیلەبازو کەززابـــــە
شێخ نەبێ خاریجە لە ئەم بابـــە
خانەقاو شێخو تەکیەکان یەکســەر
پێم بڵێ نەفعیان چیە ئاخـــــــر
غەیری تەعلیمی تەتبەلی کــردن
جەمعی ئەملاكو خەزنە کۆکــردن

دیارە حاجی زۆر هاواری کردووە بۆ ئەوەی خەڵك دەستی خۆیان بکێشنەوە لە شـێخ نەبی ماویلی، دیارە هەوڵەکانی بێسوود بووەو کەس بـە قـسەی نـەکردووە ئەگەرچـی حاجی ئەوکاتە مەلا بووە، بەڵام خەڵکە ڕەشوکیەکە زیاتر بڕوایان بە کەرامـەتی شـێخ بووە، بۆیە بوونەتە لایەنگیری شێخو دژی حاجی قادر وەستاون زۆرجـاریش هەڕەشـەی کوشتنی کراوە:

دەخـــیل شێخو مێخ مەبن ئەبەدا
هیچ کەسێ رزقی هیچ کەسێ نادا
ئەی خەریکــی رموزو نازو نیــاز
ئەوروپا فەنی گەیشتوتە ئیعجــاز
قوللەیی ئیقـلی لە ئەفلاکـــــە
عەکسی ئەو گەردشی لەژێر خاکـە

ئەو بارە کۆمەڵایەتیەی کە حاجی تیا دەژیا لە شاری کۆیە، زۆر زەحمەتو دژواربوو بۆ یەکێکی وەکو حاجی کە بتوانێت بەرگەی تیا بگرێت، چونکە خەڵکەکە خۆیان دەخیلی شێخ دەکرد، وایان هەست دەکرد کە بژێوی خەڵك بەدەستی شێخەوەیە، بۆیە هانایان بۆ دەبرد، لە هەمان کاتیشدا بێئاگا بوون لەوەی کە ئەوروپا لە زانستو هونەردا زۆر پێشکەوتوو بوون، بە تایبەتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا دروستکردنی قوللەی ئیڤل لە لایەن ئەندازیار (گوستاڤ ئیڤل)ـەوە کە لە هەموو دنیادا دەنگی دابۆوە.

حاجی قادری کۆیی پەروەردەی حوجرەو مزگەوت بووە، بیروبۆچونە ئیسلامیەکان لە هزرو بیری رەنگی داوەتەوە، پێشکەوتنی گەلو نیشتمانی لە ئاینی ئیسلامدا دۆزیوەتەوەو یان بە مانیەکی تر بڵێن ئاینی ئیسلامی بەچارەسەر داناوە بۆ گشت کێشە کۆمەڵایەتیەکانو چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی.

بۆ کەیە ناموسو عـــارو، بۆ چی یە ئیمانو دین
خـــاچو ئینجیلی لە جینی تەفسیرو قورئان دادەنێ
مەدرەسە دەیکاتە جێی قیسیسو ڕەهبانو کەشیش
بانگە ناقووسی لە تەکیەش پیری مەتران دادەنـــێ

ئیبنوئەسیر یەکێکە لە مێژوونووسە ناودارەکانی جیهانی ئیسلامی، ئیبنو حەجەری عەسقەلانیش یەکێکە لە شەرعزانەکانی ئیسلامی کە کتێبەکەی بەناوی خۆیەوەیەتی (ابن الحجر) کە جاران شەرع بەم کتێبە دەکراو فەقێکان دەیانخوێند تێدا فێری شەرعی ئیسلامی دەبوون، جا حاجی دەڵێت:

نی یـــە (ابن الاثیر)ێ بێتە کەمـــــان
بەردی (ابن الحجر) بکاتە نیشـــــــان

کاك ئەحمەدی شێخ یەکێکە لە زانا بەرزەکانی ئیسلام کە خزمەتێکی زۆری موسلمانانی کردووە چ لە ڕێگای تەریقەت یاخود لە ڕێگای شەریعەت، بۆیە حاجی

دەڵێت ئێستا ئەوەی مابێت کاك ئەحمـەدی شـێخە جێگـرەوەی شـێخ مـەعروف، کـە خزمەت بە قورئانو مسوڵمانان بکات.

کەس نەمـــاوە بە غەیری کاك ئەحمەد
شەیـخی مەعرووفـو عالیمی ئەرشـەد
چاکە ئێستا دەکا لە بۆ کـــــوردان
تەرجەمەی شەرعو ئایەتی قـورئـــان

حاجی قادر گەلێك بەوە نیگەرانە کە میللەت لـە ئـاینی خـۆی دوور دەکەوێتـەوە، غەیرە دین جێگای پیاوانی ئاین دەگرنەوە وەکو دەڵێت ئەوا مزگەوتـەکان دەبنـە دێـر، لە جیاتی بانگدانی الله اکبری مزگەوتیش وەکو دێرەکان نـاقوس لێـدەدرێت، پیـاوانی مەترانی مەسیحی شوێنی قازی دەگرێتەوەو موفتیەکانیش دەبنە ڕەهبان:*

مەسجید دەبێتە دێرە ناقووسیان موئەززین
مەتران دەبێتە قازی، موفتی دەبێتە ڕەهبان

سامیری یەکێکە لە سیحربازەکانی سەردەمی موسا، داوای لە بەنی ئیسرائیل کـرد کە زێری بۆ کۆبکەنەوە، بەڵکو گوێرەکەیەکیان بۆ دروســـت بکـات، ئـەوانیش واتـە بەنو ئیسرائیل بە گوێیان کرد، ئەویش گۆلێکی بۆ دروســتکردن، باوەڕیـان پێهێنـا، کاتێك موسا گەرایەوە نێو بـەنی ئیســرائیل ئـەم وەزعـەی دیـت زۆر نیگـەران بـوو (فَكَذَٰلِكَ أَلْقَى السَّامِرِيُّ ۞ فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلاً جَسَدًا لَـهُ خُـوَارٌ فَقَـالُوا هَـذَا إِلَهُكُـمْ وَإِلَـهُ مُوسَى) (طه: ٧٧-٨٨)

ســـامیری گۆسالەیە طورڕەی کە طەڕڕاری دەکـــا
ساحیری ئەصلی هەیە غەمزەی مە غەمازی دەکا

*) دیارە لەو سەردەمەدا بیرۆکەی وا هەبووە کە کوردستان بکرێتە ئەرمەنستانو موسڵمان بکرێتە دیان.

خوایْ گەورە هێزو دەسەڵاتێکی ئەوتۆی دابوو بـە حـەزرەتی سـولیمان، کـە توانـای هەبوو لەگەل هەموو گیانلەبەرێك قسە بکـات، (يَاأَيُّهَـا النَّـاسُ عُلِّمْنَـا مَنطِـقَ الطَّيْـرِ وَأُوتِينَـا مِـنْ كُـلِّ شَـيْءٍ إِنَّ هَـذَا لَهُـوَ الْفَـضْلُ الْمُـبِينُ) (النمـل- ١٦)، یـەکێك لـەو گیانلەبەرانەی قسەی لەگەڵدا کردووە مێروو بـووە: (حَتَّـى إِذَا أَتَـوْا عَلَـى وَادِي النَّمْـلِ قَالَـتْ نَمْلَـةٌ يَاأَيُّهَـا النَّمْـلُ ادْخُلُـوا مَـسَاكِنَكُمْ لاَ يَحْطِمَـنَّكُمْ سُـلَيْمَانُ وَجُنُـودُهُ وَهُـمْ لاَ يَـشْعُرُونَ) (النمل- ١٨)، هەروەها ئەنگوستیلەکەی حەزرەتی سولەیمان کە لـە پەنجـەی کردووە، هەموو شتێکی بۆ فەراهەم کردووە:

خەتی دەورەی ڕوخی داوە وەکو مووری سولیمانی

خـــەیاڵی کردووە زولفت بە حیلـــە خاتەمی لادا   ل ٤٨

ئەو ڕۆژەی خوای گەورە عەهدو پـەیمانی لـە مرۆڤـ وەرگـرتو فـەرمووی: (الـست بربکم) مرۆڤەکانیش لە وەڵامدا گوتیان: (قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا أَنْ تَقُولُـوا يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ إِنَّـا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِين) (الاعـراف- ١٧٢)، کەواتـە زولفـیش بـۆ ڕەتدانـەوەی لەشـکری سولتان کە خەتو خاڵە، ئەوا کەوتە سەرخاكو سەری دانا، هەروەکو چـۆن ئـەو ڕۆژەی مرۆڤـ پەیمانیدا کە جگە لەو خوایە هیچی تر نیە، ئەو ڕۆژەش ناونراوە رۆژی (الست):

زولفی بۆ دەفعی هوجوومی لەشکری سولتانی خەت

کەوتە سەرخاكو سەرکەشی دانا وەکو عەهدی الست   ل ٥٧

حەزرەتی یوسف لای باوکی گەلێك خۆشەویست بوو، بۆیە براکانی ئێزەییان پـێبردو خەریکی فەوتاندنی بوون، چەند ساڵێك لە سۆزو خۆشەویـستی بـاوکی دوور کەوتـەوە، باوکیشی لەتاو دووری کورەکەی چاوەکانی کوێر بوو، بەڵام لە پـاش ئـەو مـاوە دوورو درێژە، حەزرەتی یوسف کراسەکەی خۆی بۆ نارد، باوکی فەرمووی: (وَلَمَّـا فَـصَلَتْ الْعِيرُ قَـالَ أَبُـوهُمْ إِنِّـي لاَجِـدُ رِيـحَ يُوسُـفَ لَـوْلاَ أَنْ تُفَنِّـدُونِي) (یوســف- ٩٤)؛ کـاتێکیش مژدەهێنەرەکە کراسەکەی هێناو بەسەرچاوی حەزرەتی (یعقوب)یان داهێنـا چـاوەکانی

روشن بوونەوە: (فَلَمَّا أَنْ جَاءَ الْبَشِيرُ أَلْقَاهُ عَلَى وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصِيرًا قَالَ أَلَمْ أَقُلْ لَكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ مِنْ اللَّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ) (یوسف- ٩٦)، حاجی قادریش کاتێك دەیەوێت گلەیی لە خزمانی بکات لە نەیانتوانی بەرگی لە حـاجی بکـەن، یەکـسەر کارەسـاتی حـەزرەتی یوسفی دێتەوە یاد:

ئەو دەمی هاتمە سەر شەکوە لە خزمو کەسی خۆم

ڕوستەمو یوسـفی گوڵ پیرەهـەنم کەوتەوە بیـر   ل ٦٤

لە شەوی ئیسراءو میعراج پێغەمبەرﷺ چووە ئاسمانەکانو هێندە لە خـوای گـەورە نزیك بۆوە هەتا دوری نێوان کەوانێك (فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى)(النجم- ٩)، شاعیر ئەو قاب القوسین بۆتە رەمز بۆ ئەبرۆی یار:

جودایی باسی مەکە فەصـڵی (قاب القوسین)ت

کەمانی ئەبرویی تۆ بوو لەبەزمی خاصی عەلیـم   ل ٨١

لولاك ئاماژەیە بۆ ئەو حەدیسە قودسیەی کە دەفەرموێت: (لولاك لولاك لما خلقت افلاك)، واتە: گەر تۆ نەبوای دنیامان دروست نەدەکرد، هەروەها (ارسلناك) ئاماژەیـە بۆ ئەو ئایە قورئانیە: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ) (الانبیـاء- ١٠٧)، ئـەم دوو فەرموودەیە دەربارەی گەورەیی پێغەمبەر(ﷺ) گوتراوە، کەواتە هێندە بەسەر خـاوەنی جەلالو کەمال کە خوای گەورەیە باسی گەورەیی ئەو پێغەمبەرە(ﷺ) بکات:

خەلاتی عیـزەتی (لولاك)و تاجی (ارسلناك)

بەسە ثەنایی جەلالو کەمالی خوڵقی عەظیم   ل ٨١

پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕۆژی کۆتایی شەفاعەت بۆ ئومەتی خۆی دەکا بە ئیزنـی خـوای گەورە، جا گەر بێتو تۆ شەفاعەت نەکەی، من دەچمە دۆزەخ گەر بێتو هەردەم لە ژێـر ئیحرام دابم:

بەبەر شەفاعەتی خۆتی ئەگەر نەخەی (حاجی)

لیباسی کەعبـە لەبەرکـا دەبێ بچێتە جەحیم   ل ٨٢

کێوی طور ئەو کێوەیە کە حەزرەتی موسی سەلامی خوای لێ بێت، داوای لە خوا کرد کە بیبینێ خوای گەورە فەرمووی ناتوانی ببینی، بەڵام سەیری ئەم کێوە بکە نووری خۆم پیشانت دەدەم کاتێك موسی نورەکەی دێت لەهۆش خۆی چوو (قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَنْ تَرَانِي وَلَكِنْ انظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنْ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَى صَعِقًا) (الاعراف- ١٤٢).

لەسەر طووری ڕوخت مووسا کە فیرعەونی خەتی لادا

لە سـیڕی زاری تۆی پرسـی جەوابی (لن ترانی) بوو ل ١٠٢

حەزرەتی (یوسف)یش بەهۆی خۆشەویستیەکی زۆری باوکیـەوە، براکـانی ئێرەییـان پێبرد بە پیلانێك هەڵیاندایە ناوبیر (فَلَمَّا ذَهَبُوا بِهِ وَأَجْمَعُوا أَنْ يَجْعَلُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ) (یوسف ١٥)، پاشان کاروانێك هات بۆئەوەی ئاو لە بیرەکە دەربهێنـێ دیتیـان منداڵێك لەناو بیرەکەیە (وَجَاءَتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُوا وَارِدَهُمْ فَأَدْلَى دَلْوَهُ قَالَ يَابُشْرَى هَذَا غُلَامٌ وَأَسَرُّوهُ بِضَاعَةً وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَعْمَلُونَ) (یوسف- ١٩).

مەگەر بیستوویەتی خەططت لە نێو چاهی زەنەخدانت

ئەسـیری یووسـفە بۆیە نـزوولی کـاروانی بوو ل ١٠٢

ئەو موعجیزەیەی خوای گەورە بە حەزرەتی موسای دابوو، هـەرکاتێك دەستی لـە باخەڵیا دەناو پاشان دەریدەهێنا دەستی سپی دەبوو دەدرەوشایەوە (وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ آيَةً أُخْرَى) (طه- ٢٢).

(حاجی) دەڵێت ئەوشتەی خۆت کە هەتە ئاشکرای مەکە چونکە ئـەو هێڵـەی کـە هەیە لە مابەینی یەهودیەکان وەکو شەڕی بەدرو حونینە کـە شـەری بـەدر لـە سـاڵی (٢ك) لە نێوان موسلمانەکانو کافرە قوریشیەکان بوو، شەری (حـونین)یـش لـە نێـوان موسڵمانو هۆزی هوازین ثقیف رویدا لە ساڵی ١٥ کۆچی.

ظاهر مەکە دەلالەتی بە مووسای یەدی بەیزات

بۆ حەنتی یەهوودی کە شەڕی بەدرو حونینـــە ل١٢٢

شەوڕەوی پێغەمبەر (ﷺ) لە شاری مەکە بۆ قودس وە لە وێـشەوە بـۆ ئاسمانـەکان بەڵگەی قورئانی هەیە (سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِنْ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَـا إِنَّـه هُـوَ الـسَّمِيعُ الْبَـصِيرُ) (الاسـراء- ١)، بەهاوڕێتی جوبرائیلی ئەمینە تاکو گەیشتنە (سدره المنتهی) ئیتر لەو شوێنە جوبرائیل گوتی: توانم نیە، (وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى عِنْدَ سِدْرَةِ الْمُنْتَهَـى) (النجم: ١٣-١٤)، حـاجی قادریش هەر ئەو باسە دەوروژێنی کە پێغەمبەر(ﷺ) توانی ڕۆیشتنی زیـاتری هـەبووە لە سدره المنتهی بەڵام جوبرائیل لە ڕێگا وەستاوو توانای لەوە زیاتری نەبوو.

شەوی میعراجی سوبحانە بەقەدری سەروی تۆی زانی
لە (سـدرە) جوبرئیل بۆیی لە نیوەی ڕێگە لایـداوە ل١٢٧

شەیتان کاتی خۆی داوای لێکرا سەجدە بۆ ئادەم ببات، کەچی شەیتان یاخی بوو سەجدەی نەبرد، پێی گوترا بۆ سەجدە نابەی؟

لە وەڵامدا گوتی من چاکترم لە ئادەم چونکە من لە ئاگر دروست کراومو ئەو لە قوڕ (فَسَجَدَ الْمَلاَئِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ، إِلاَّ إِبْلِيسَ اسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنْ الْكَافِرِينَ، قَالَ يَاإِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَنْ تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ أَاسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ مِنْ الْعَالِينَ، قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِنْهُ خَلَقْتَنِي مِنْ نَارٍ وَخَلَقْتَهُ مِنْ طِينٍ) (ص- ٧٥).

کاتێك شەیتان محرابی بڕۆی دیوە، لـەم کـارەی خـۆی پەشـیمان بوتـەوە، کـە بـۆ چ سەرپێچی لە سەجدە بردن کردووە.

کە شەیتان تاقی میحرابی بڕۆی تۆی دی گوتی (یارەب)
لە سـەجدەی حەزرەتی ئادەم سـەری خۆم بۆچی باداوە ل١٢٧

(الست) ئەو ڕۆژەی کە خوای گەورە عەرزی بنی ئـادەمی کـرد (الـست بـربکم) لـە وەڵامدا گوتیان (قالوا بلی).

حاجی قادر شیکایەت دەکات لەدەست شکاندنی جامی مەی، کەچی سـاقی

هەروەکو ڕۆژی (الست) پەیمانی داوە حاجی مەی هەردەم پڕ بکات:

ساقی کەریمە بادەی بەزمی (الست)
حاجی لە جامی قەلبی شکاوە شیکایەتی ل١٥٨

حاجی قادر کۆیی زۆر بە تەنگ پێشکەوتنی وڵاتەکەیەوە بووە، چاکیشی زانیوە تەنها ڕیگای پێشکەوتن لەڕێگای خوێندنو خوێندەواریەوە دەبێت، لێرەدا حاجی وەکو کەسێکی موسڵمانو بڕوا پتەو هانی خەڵکی ئەدا بۆ خوێندن، بەڵگەشی ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (اطلب العلم ولو بالصين).

ڕەنگە لە سەردەمی حاجی قادر کەسانێك هەبووبن دژی خوێندەواری بووینە خوشیان بە موسڵمان زانیووە، حاجی قادر بۆ دەمکوت کردنیان ئەو فەرموودەیەی هێناوەتەوە کە ئاینی ئیسلام یەکەمین هاندەرە بۆ وەدەست هێنانی زانستو زانیاری گەر لە دوورترین شوێن بێت:

بۆچی فەرموویەتی نەبی یی ئەمین
اطلبوا العلم ولو بالصين ل ١٨٦

کاتێك نوح پێغەمبەر لەگەلەکەی بێزاربوو داوای لە خوای گەورە کرد لەناویان ببات (وَقَالَ نُوحٌ رَّبِّ لاَ تَذَرْ عَلَى الأَرْضِ مِنْ الْكَافِرِينَ دَيَّارًا) (نوح- ٢٦)، خوای گەورەش فەرمانی پێکرد کەشتیەك دروست بکات بروادارەکانو لە زیندەوەرانی تر نێرو مێیەك هەڵبگرێ لەگەڵ خۆیدا لەناو ئەو کەشتیە، (قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِنْ كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلاَّ مَنْ سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ وَمَنْ آمَنَ وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلاَّ قَلِيلٌ)(هود- ٤٠)، حاجی قادری کۆیی ئەم بەسەرهاتە وەکو چیرۆك بە شێوەی هونراوە دەگێڕێتەوە:

ئەو ڕۆژە بە ئەمری حەبیبی مەننان
ئەم عالەمە پاکی بوو بە تۆفان
دەییاری نەما لە جینسی ذی ڕووح
غەیری ئەمە هاتە کەشتی یی نووح ل ١٩٥

حاجی قادری کۆیی هەڵساوە فەرموودەیەکی پێغەمبەری(ﷺ) تێکەڵکێشی دێڕە هونراوەیەکی خۆی کردووە کە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (حب الوطن من الایمان):

ئاریٚ بە حەدیثو نەصصی قورئان
حوببی وەتەنە دەلیلی ئیمان ل ١٩٦

سەرچاوەکان:

١- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی / شەرحو لێکۆڵینەوەی شوکر مستەفا / دەزگای ئاراس.

٢- عەلائەدین سەجادی، مێژووی کوردی، چ ١، بەغدا ١٩٥٢، ل ٢١٠، منیش لە دیوانی حاجی قادری کۆیی (کریم شارەزا، سردار میران) وەرمگرتووە.

٣- دیوانی حاجی قادری کۆیی / کەریم شارەزا، سردار میران، پێداچونەوەی مسعود محمد، ١٩٨٦، ل ١٢.

٤- مێژووی ئەدەبی کوردی ، ب ٤، ل ١٢٠، د.مارف خەزنەدار.

٥- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٣، ١٨٩٨/٥/٢٠، هەموو سەرچاوەکان لەو ڕۆژنامەیان وەرگرتووە.

ڕەهــەندی ئایـیـن لە شـیعری مەحــوی

مەحوی (١٨٣٢-١٩٠٦) یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی کورد، کە شوێن پەنجەی لە ئەدەبی شیعری کلاسیکی کوردیدا دیارو بەرچاوە، هەروەها یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی کە دەتوانین بڵێین هەقی خۆی دراوەتێ کە دیوانەکەی بە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیەکی تێروتەسەلو گێرانی کۆڕو ڤیستڤالو نوسینی نامەی دکتورای لەسەر کراوەو نوسراوە.[١]

وەکو ئاشکرایە لای هەموو رۆشنبیران، مەحوی لەو بارو زروفەی سەردەمەی تێدا ژیاوە خوێندنی حوجرەو مزگەوتەکان باوی هەبووە، (مەحوی) یش وەکو هەر کەسێکی دیکەی سەردەمەکەی خۆی چۆتە حوجرەو فرچکی بە خوێندنی زانستەکانی ئاینەوە گرتووە، سەرەرای زانستەکانی ئاینی لە خێزانێکی ئاینپەروەری صوفیدا پەروەردە بووە، مەلا عوسمانی باوکی خەلیفە شێخ عوسمانی تەوێڵە بووە، خۆشی خەلیفەی شێخ بەهائەدینی کوڕی شێخ عوسمان بووە.

گومان لەوەدا نیە (نالیو سالمو کوردی) بە سێکوچکەی قوتابخانەی شیعری بابان لە قەڵەم دەدرێن، کاتێکیش باس لە کەڵەشاعیرێکی تری ڕێبازی کلاسیکی کوردی وەکو مەحوی دەکەین کە بە یەکێك لە تەواوکەرو درێژەپێدەری قوتابخانەی شیعری بابان دەژمێردرێ، مەحوی سی ساڵێك پاش نالی هاتۆتە دونیاوە، لە ئاخرو ئوخرەی ئەمارەتی باباندا ژیاوە، بە رووخاندنو لەناوچوونی ئەمارەتی بابان نیگەران بووە:

لە دەوری دڵمی کە دێ ئەم هەموو غەمو تەعەبە
دەروونی کەیلە لە زووخاوو دەردو تا بە لەبە

وتی: ببـــێ دڵە! وەك تۆ خەراب‌و شـــیفتە حاڵ

بەڵــێ هەیـە لەمن ئاشـــفتەتر: ولاتی بەبـــە   ل ٣٥٣

مەحوی گەلێك ئازارو ئەشكەنجەی خەڵكی سولێمانی‌و دەوروپشتی بەچاوی خۆی بینیوە، ئەو ڕۆژگارەی کە مەحوی تێدا ژیاوە شاری سولێمانی ببووە مەیدانی ناکۆکی‌و زۆرانبازی نێوان بەرەی هەق‌و ناهەق، بەڵام مەحوی وەکو شاعیرێکی جەربەزە هیچکاتێك ئامادەی ئەوە نەبووە مەیدان چۆڵ بکاو سەری ئاوارەیی خۆی هەڵبگرێ‌و خۆی لە ئێش‌و ئازاری نەتەوەکەی بدزێتەوە، بەڵکو کەوتۆتە ململانێیەکی سەختەوە لەگەل بەرەی ناهەقدا، بە پێچەوانەی گەلێك لە روناکبیرانی سەردەمەکەی خۆی کە نەیانتوانی یاخود چاویان بەرایی نەهات میرنشینی بابان بەم شێوە ببینن.

هەرچۆنێك بێت ئەگەر ئێمە بمانەوێ لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل لەسەر شیعری مەحوی بکەین ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەوێت، چونکە شیعری مەحوی هەمەلایەنەیە (ئاینی، سۆفیزمی، فەلسەفە، کۆمەڵایەتی...تاد) لە هەموو لایەنەکانیشدا شیعری بەهێزی وتووە، بێخودی شاعیر دەڵێت (شیعری مەحوی چەکوش کاریە قوورسەو داخراوە، ئەبێ زۆر لێی وردبیتەوە، ئەبێ تەماشای کتێبی بۆ بکەی، ئەبێ لە شەرحەکانی حەدیس‌و تەفسیری قورئان‌و زانستەکانی ئاینی‌و شاعیرە گەورەکانی فارسی شارەزا بین(٢)).

ئەمە وامان لێ دەکات کە بڵێین هیچ شاعیرێکی سەردەمی مەحوی لە ڕووی فەلسەفەو بیری قووڵ‌و ورد شیعریان وەکو مەحوی نەگوتووە.

مەحوی لەبەرئەوەی دەرچووی حوجرەو مزگەوتەکانە، بە ڕون‌وئاشکرا ئایین‌و کەلتوری ئیسلامی لە شیعرەکانیدا، رەنگی داوەتەوە، جا شارەزا بوون‌و ئاشنا بوونی بە میراتی کەلەپووری مەحوی کە هەڵقولاوی زادەی بیری سەردەمەکەی بووەو سود وەرگرتنی لە کەلەپوری ئاینی ئیسلامی‌و بەستی هەردوو جەمسەری بەیەکەوە.

جا وەنەبێت کە دەڵێن مەحوی ئاینو کەلەپوری ئیسلامی لـە هۆنراوەکـانی ڕەنگـی داوەتەوە، لایەنەکانی تری وەکو (کۆمەڵایەتی، سیاسی، تاد) فەرامۆش کردبێت، بەڵکو دیوانی مـەحوی پڕە لە شیعری هەمە جۆر:

وتی: میوەی بەهەشتە شیعری مـەحوی
خودا نەبـــڕی لە باغـم داری بـــەردار   ل ١٢٠

لێکولەرەوە کاتێك لێکۆڵینەوەیەك لەسەر شاعیرێك دەکات، ناچار دەبێـت پـەنا بـۆ شیعرەکانی دەبات، چونکە ئەوە دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ لێکۆڵـەرەوە جـا بـەم پێیـە دیـوانی مـەحوی پـڕە لـە شـیعری ئـاینیو سـوفیزم، بۆیـە ئـەو لێکۆڵەرەوانـە سوفیزمیان کردۆتە دەروازەیەك بۆ چونە نێو دونیای شیعری مەحوی، کەواتـە مـەحوی شاعیرێکی سۆفیە بەمانای وشە، بەڵام گەلێك جاریش وا دەبێت مەحوی تـوانجو پـلار دەگرێتە ئەو کەسانەی ئاین دەکەنـە پەنایـەك بـۆ ئـەوەی مەرامـەکانی خۆیـان تێـدا بشارنەوە، گەلێك جاریش دەبینین خـودی سـوفێتی خۆشـی پروشـکی تانـەو تەشـەری بەردەکەوێ:

شێخێ هەمەوەندێکی دەدا پەندو نەصیحەت
ئەو قوربەسەرەی دابوە بەر فەحشو فەضیحەت
خـــۆش هـاتە جوابو وتی حەقتە، فەقەط من
قوططاعی طەریقم نەکــو قوططاعی طەریقەت   ل ٣٣

مەحوی لە ڕۆژێکی خراپدایە، زیاتریش شاعیر دەست بەدوعایە لەبەر ئەو کەسـانەی کە هەردەم چاکەیان لەگەڵ دەکا، پێغەمبەر(ﷺ) لە فەرمودەیەکدا دەفـەرموێت: (اتـق شر من احسنت الیه) ئەی ئەوە نیە خەلیفەی یەکەمی موسڵمان ئەبوبەکری صدیق ﵁ هەردەم چاکەی لەگەڵ مەسطەحـی پـوورزای دەکـردو مەسـرەفی دەکێـشا، هـەر ئـەو مەسطەحە گەورەترین بوختانی بە کچی ئەبوبەکر کردوو کە دەکاتە حەزرەتی عائشەی

خێزانی پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕووداوی ئیفك[٣]:

هەر ئەو کەسە کە خەیری دوعای خێری دیوە لێم

دائیم دوعامە شەڕڕێ لەمن لابدا خودا ل ٤

مەحوی گەلێك پەرۆشە بۆ برایانی خۆی کە ڕێگای خۆشەویستی خوایان ونکردووەو ڕێگای ڕاستیان لێ گۆڕاوە، جا مەحوی هەڵساوە ئایەتێکی قورئانی (اقتباس) وەرگرتووە کە دەفەرموێت: (وَالسَّلَامُ عَلَى مَنْ اتَّبَعَ الْهُدَى) (طه- ٤٨)، واتە: سڵاو لەسەر ئەو کەسانەی کە شوێن هیدایەتو ڕێبازی ڕاستەقینە کەوتوون:

بۆ گوم بوانی چۆلی مەحبەتیەتی، خودا

تەبشیری (والسلام علی تابع الهدی) ل ٥

مەحوی وەکو مرۆڤێکی باوەڕ بەخوا، هەموو ئیشێکی کە دەیکا پشتو پەنای بەخوا بەستووە بۆ هیچ پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتووە کە ئەو دەردوو بەڵایانەی لە دونیا تووشی دەبێت.

شێخی سەعدی لە هۆنراوەیەکدا دەڵێت کە مەلا مستەفای صفوەت کردوویە بە کوردی:

قایمە دیواری ئومەت تۆی هەبێ بۆ پشتیەوان

کێ غەمیەتی نوح ببێتە کەشتیەوان

جا مەحوی شاعیر سوودی لەم ئایەتە وەرگرتوە کەخوا دەفەرموێت: (وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا) (الطلاق- ٣)،

موستەغنیە لە مەننی سەفینەو سەفینەوان

هەرکەس کە ئیشی هەر بەخودا بێ، نە ناخودا ل ٦

لەسەردەمی ژیانی مەحوی، زۆر ناهەقی کراوەو گوتراوە بەرامبەر بە خەڵکەکە بۆیە مەحوی نەیتوانیوە بەرامبەر ئەم هەموو ناهەقیە بێ دەنگ بێت، چونکە مرۆڤی حەق

خواز هەرچەندە دان بە خۆیدا بگرێت ناتوانێت هەتاسەر لە قسەیەکی ناڕەوا یان کارێکی نابەجێ بێدەنگ بێت، هەروەکو پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت (قل الحق ولو على انفسكم) مەحویش دەڵێت:

هەتا حەق ناصیرە، هەر هەقمە مەنظور
وەکوو (مەنصور) ئەگەر بمکەن بە دارا   ل ٨

مەحوی دەپاڕێتەوە لە خوای گەورە، کە (عفو) یەکێکە لە سیفەتەکانی خوای گەورە، دەڵێت ئەی خوای گەورە عەفوم بکە لەبەر خاتری جاهی پێغەمبەر(ﷺ)، ئیشارە هەیە بە دوو ڕوەکانی مەدینە کەهاتنە لای پێغەمبەر(ﷺ) بیانویان هێناوە، کە ناتوانن ئامادەی جەنگ بن لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ).(عَفَا اللَّهُ عَنْكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَتَعْلَمَ الْكَاذِبِينَ)

عەفوم کە (یا عفو) بەحەق جاهی ئەو شەهە
ئایەی عولووی جاهی ئەوە ئایەتی (عفا)   ل ١٢

پێغەمبەری ئیسلام(ﷺ) لە کتێبەکانی ئاسمانیدا، ناوی هاتوە بە ئەحمەد، کاتێک عیسا پێغەمبەر(ﷺ) بە لایەنگیرانی خۆی دەڵێت، پاش من پێغەمبەرێکی تر دێت بەناوی ئەحمەد بڕوای پێبهێنن، ئەو پێغەمبەرە هەڵبژێردراوی خوایە لەلایەن فریشتەکانی خوا بەناوبانگە بە مەحمود، دیارە ئەحمەدو مەحمودیش هەریەکن. (وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَابَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُبِينٌ) (الصف- ٦).

مەحموودی (فی السما) یە، حەبیبی خودایە ئەو
مەقبولی بارەگاه، ئەو موختارەو موصطەفا   ل ١٢

مەحوی لەتاو دووری یارەکەی تووشی چاوئێشە بووە، بەڵام بەهاتنی تۆزی ڕێگای بەرپێی چاوئێشەکەی نەما، هەروەکو چۆن حەزرەتی یەعقووب لەتاو دووری یوسفی

کوڕی چاوەکانی کوێر بوو، بەڵام کاتێك کراسـەکەی یوسـفیان هێنـاو بەسـەر چـاویان دادا.چاوەکانی چاك بۆوە، (فَلَمَّا أَنْ جَاءَ الْبَشِيرُ أَلْقَاهُ عَلَى وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصِيرًا قَالَ أَلَمْ أَقُلْ لَكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ مِنْ اللَّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ)(یوسف- ٩٦):

یەعقوب- وەش کە (مەحوی) یە چاو تیشەداری هیجر
چاوی بە گـەردی ڕاهی بەشـیرت گـــلی شـــکا ل ٢٢

شەهید کەسێکە نە دەشۆری نە نوێژی مردووی لەسەر دەکرێت ئەوە دۆستی مەحوی کە مەولەوەیە مردوو، لە ئاسماندا وشەی الصلا دەنگ دەداتەوە دەڵێت بـە فریـشتەکان ئامادەبن بۆ نوێژی جەنازە، چونکە شەهید مەلائیکە نوێژی لەسەر دەکا:

وەقتی نوێژی سەرجەنازەی بۆ شەهیدی عیشق دۆست
مەوج ئـەدا ئەم ئاسـمانە لە دەنگـــــی (ألصلا)

لە ساڵی ٤١ کۆچی کارەساتێکی دڵتەزێن ڕوویدا لـە جیهـانی ئیـسلامیدا ئـەویش شەهید بوونی حەزرەتی حوسێن بەدەستی لەشکری یەزیدی کـوری معاویـە، کـاتێکیش شاعیر شوێنی کوشتنی دڵدارەکانی خۆی دیت وتی من یەزیدم ئەو شوێنەش کەربـەلای دووەمە، کتێبەکانی مێژووش ئەم بەسەرهاتە باشتر ڕوون دەکەنەوە:

تورکی من کوشتارخانەی عاشقانی دی، وتی
من (برنجی بر یزید) ئێـــرە (ایکنجی کربلا) ل ٢٩

دونیا پیاوی تیا نەماوە، ئەم دونیایە جێگای مرۆڤی مەردی تیا نابێتەوە، ئەی ئەوە نیە مەنصوری حەلاج دەکرێ بەداراو یونس پێغەمبەریش ماسی قووتی دەدا.

کاتێك یونسی پێغەمبەر(ﷺ) سواری بەلەم دەبێت، پاشان فرێی دەدەنە ناو ئاو ماسیەك (النون) قوتی دەدات، پاشان بەهۆی تەسبیحاتی یونس پێغەمبەر(ﷺ) ماسیەکە فرێی دایە کەنار ڕووبار (وَذَا النُّونِ إِذْ ذَهَبَ مُغَاضِبًا فَظَنَّ أَنْ لَنْ نَقْدِرَ عَلَيْهِ

فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنْ الظَّالِمِينَ) (الانبیاء ۸۷)،

قاتی پیاوە لەسەر ئەم ئەرزە، دەبینی مەنصور
بەسـەری دارەوە (ذالنـون)ـە لەبن زیندانـا ل ٢٤

خدری زیندە واتە خضر، کۆمـەلی زانـا ئاینیـەکان باوەڕیـان وایـە کـە ئـەو بەنـدە مەشهورە بە (خضر)و، بە گوێرەی ئەوەی لە حەدیثەوە دەرئەکەوێ، بەتایبـەتی ئـەوەی کە بوخاریو طـەبری ئەو ریوایەتەیان کردووە لە حەزرەتەوە(ﷺ) کە ئـەو بەنـدە کاتـێ دادەنیشت لەسەر عەرزی سافی سپی گیای لێ ئەڕواو سەوز ئەبو، جا لەبەر ئەمـە بـو ناوبراو بە (خضر)[٤]، واتە بەردەرگای ئەو لە بەردەرگای هیچ کـەس ناچـێت، خـەڵکی مالی لە نزیك ئاوە هی ئەو لەسەر ئاوی حەیاتە، خەڵکی بەردەرگای هەموو دڕکە هـی ئەو دڕکی وەکو گول وایە، لەناو کوردەواری وا باوە خـدر ئـاوی حـەیاتی خواردۆتـەوە هەتا رۆژی قیامەت نامرێ:

ئاوی (خضر)ـە خاکـی ئەو بەرقاپییە
دڕکی ئەو بەردەرکە گوڵ، پووشی گیا ل ٣٩

هەرکاتێك شاهی دلبەران فەرمانی دەرکرد کە دەفتەری خۆی بخوێنێتـەوە، جـا ئـەو دەفتەرە چی تێدا بێت کەس ناتوانێت نکوڵی لێ بکـات نەیخوێنێتـەوە گـەر فـەرمانی کوشتنیشی تێدا بێت، لە ڕۆژی قیامەت هەرکەس دەفتەری خۆی وەردەگرێتەوە خـوای گەورە دەفەرموێت خۆتان دەفتەری کردەوەکانتان بخوێننەوە بـزانن چـی تێدایـە؟ (اقْـرَأْ كِتَابَكَ كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا) (الاسراء- ١٤):

کە ئەمـری فەرمو ئەو شاهە بە (اقراء)
ئەگەر فەرمانی قەتڵە کـێ دەڵێ نەء؟ ل ٤٠

کاتێك خوای گەورە پرسیاری لە حەزرەتی موسا کردو فەرموی ئەوە چیە بەدەسـتی ڕاستەوە؟ ئەویش عەرزی کرد ئەوە عـەسای خۆمە کاتی کە مانـدوو بـووم یـان بـەلای

ئاژەڵەکانمەوە وەستام خۆم ئەدەم بەسەریا وە گەڵاداریشی پێدا ئـەوەرێنم چـەند ئیـشی تری پێدەکەم (وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَامُوسَى، قَالَ هِـيَ عَـصَايَ أَتَوَكَّأُ عَلَيْهَـا وَأَهُـشُّ بِهَـا عَلَى غَنَمِي وَلِيَ فِيهَا مَآرِبُ أُخْرَى) (طه: ١٧-١٨)، (مەحوی)یش دەڵێت منیش خـۆم ڕاگرتووە بەقەد باڵای یارم ئەونەبێت ناتوانم خۆم ڕاگرم ماوەی ژیانم نەماوە:

بەیادی قامـــــەتی ماوم بەپێوە

علی ما مثلهـا موســـی توکـا ل ٤١

شەرەف‌و گەورەیی بە زانستە، لەبەر گەورەیی ئەو زانستە خـوای گـەورە لـە یەکـەم ئایەتیدا بە (اقراء) دەستی پێکردو بەسەر پێغەمبەری(ﷺ) دابەزاند (اقْـرَأْ بِاسْـمِ رَبِّـكَ الَّذِي خَلَقَ) (العلق- ١)،

شەرەف هەر عیلمە، نابینی کە ئەشرەف

موشـەڕڕەف بوو بە ئەمر ئەووەڵ بە اقرأ ل ٤٢

مەحوی گلەیی لەو مامۆستایە دەکات کاتێـك بەدەسـتەکانی لـەو قوتابیـەی داوە، کەواتە ئەو دەستە برزی وەکو دەسـتی ابولهـب کاتێـك بـە دەسـتەکانی ئامـاژەی بـۆ پێغەمبەر(ﷺ) کرد قسەی ناشیرینی پێگوت، کەواتە دەستی ابولهب وشك بێـت وەکـو وشك بوو (تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ) (المسد ٥):

زللەی موعەللیم ئەو گوڵی ڕوومەتیە خستە تەب

(تبـت یدا ابي لهـب)ی بێئـــەدەب (وتـــــب) ل ٦٤

یارم ئازاری دام بەهۆی کەسەکانی دەوروبەری کە هەموویان فتنە ئەگێرن ئـەو فتنـە چیانە ئاگری دۆزەخ خۆش دەکەن، هەروەکو چۆن خاوەنی حماله الحطب کە خێزانی (ابـو لهب)ـە دڕکی ئەگواستەوە بۆ سەر ڕێگای پێغەمبەر(ﷺ): (وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ، فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِنْ مَسَدٍ) (المسد- ٥):

ئازاری دام‌و هەرکەسە کردی لە گردی خۆی

هێـــزم کەشی جەهەننمە (حمالة الحطـــب) ل ٤٧

مەحوی کوشتەی دەستی یارەکەیەتی، پاش ئەوەی دەیکوژێ ئیمانەکەشی دەبا (پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت (من قتل قتیلا فله سلبه)) هەرکەسێك یەكێكی كافر لەشەڕدا بکوژێت کەلو پەلەکەشی بۆ خۆی دەبات:

هەم دەمکوژێتو دینو دلێشم دەبا، دەلێ
من (من قتل)، ئەمیشە قەتیلم (لی السلب) ل ٤٩

رافیضیەکان تیرەیەکن قسەی ناشیرین بە حەزرەتی عائشەی دایکی موسڵمان دەڵێت دەربارەی رووداوی (ئیفك)، (تەماشای سورەتی النور بکە)، مەحویش دەلێ من وەکو حەزرەتی عائشە وام هەرچەندە خەلکی قسەی خراپم جنێوم پێ بدەن ئەوا من بە هیچ شێوەیەك وەلامیان نادەمەوە:

ئەگەر واعیظ دوصەد طەعنە بدا، طەعنێکی لێ نادەم
ئەگەرچی موستەحەققی لەعنە، با بو ڕافض بێسەب ل ٥٠

فەجری کاذب زاراوەیەکی شەرعیە کاتێك بەری بەیان روناك دەبێت، خەلکی واهەست دەکات بەیانیە، بەلام پاشان دونیا تاریك دەبێتەوە، ئێمە بە خۆمان دەلێین پیاو، خوای گەورەش بەو کەسانە دەلێ پیاو کە کرینو فرۆشتن ناتوانێت خوایان لەبیر بباتەوە، ئەوانە پیاون ئێمەش بەناو پیاوین هەروەکو فەجری کاذب و فەجری صادق هەردوکیان پێیان دەگوترێ بەیانی (رِجَالٌ لاَ تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلاَ بَيْعٌ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلاَةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ وَالأَبْصَارُ) (النور- ٣٧)

بەناو ئێمەش ڕیجالین و، ریجالی (هم رجال) هەم
بە فەجری ناو دەبەن، صەد حەیف، ئەگەر صادیق، ئەگەر کاذیب ل ٥٤

مەحوی دەلێ حەیفە موسلمانی ئیماندار لە خوای خۆی غافل بێت گەر بۆ ساتێکیش بێت، چونکە دلی موسلمان عەرشی خوایە (قلب المومن عرش الرحمن):

دڵە عەرشی خودا (مەحوی) خەجاڵەت بە لەبەر غەفڵەتی
کە بۆتە بوتکەدەی بێبەرهەمەن یا دەربری بێ راهیب ل ٥٥

مەحوی زۆر بێزارە لە سەردەمەی خۆی کە مرۆڤ خراپ هەیە وەکو شـەیتان ئـاژاوە دەگێڕیو ئازاری دڵی خەڵکی دەدەن، یەکێك لەوکەسانە مەحوی شاعیرە، بەڵام مەحوی گوێیان پێ‌داناو حەواڵەی خوایان دەکات چونکە مەحوی ئیماندارەو خـوای بەسـە کـە یارمەتی دەرو پشتیوانیکی چاکە (حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ) (آل عمران-١٧٣):

بەو خودایەو بەس، لە شـــەیطانی شەقی مەحوی پەناه

بەس لە غەدری شەیطەنەت پیشەوە بە بەرکەس شکات ل ٦١

خضر ئاوی حەیاتی خواردۆتەوە هەتا ڕۆژی قیامەت نامرێ، مەحوی دەڵێ من وەکـو خضر نیمو چاو ببرمە ژیان، من هەر ئەوەندە دمەوێ بژیم هەتا دەگەمە دەرگای یار:

(خضر) ئەگەر چاوی حەیاتی برییە ئاوی حەیات

من لە خاکی دەری جانانەمە هەر چاوی حەیات ل ٦٣

مەحوی دەڵێ نەفسی مرۆڤ بێ‌دەسەڵاتە، جلەکانی خۆی لێ بەڵایـە ناتوانـێ کـاری خۆی بەرێوە ببا چ جای ئەوە ئەو ئەمانەتە گەورەیە کە (قورئانـە) هـەڵبگرێ، چـونکە کاتی خۆی داوا لە ئاسمانو زەوی کرا کە ئـەو ئەمانەتـە بگرنـە ئەسـتۆ، بـەڵام شـانی خۆیان نەدابەر، مرۆڤ خستیە سەر شانی خۆی بەوەش زوڵمێکی زۆری لەخۆی کرد (إِنَّا عَرَضْنَا الأَمَانَـةَ عَلَـى الـسَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَالْجِبَـالِ فَـأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَـا وَأَشْـفَقْنَ مِنْهَـا وَحَمَلَهَا الإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولاً) (الاحزاب- ٧٢)،

لەبەر باری مەحەببەت ئاسمانو ئەرز ئەناڵێنـــــن

چیە ئەم دەعوییەت زاهید، جلی لێ بارەگا پیرت

مەحوی شاعیر ئامادەیە دەستی بەیعەت لەناو دەستی کەسێك بنێـت کـە شـایەنی ئەو بەیعەتە بێت، ئیتر من چ پێویستم بە موعجیزەی حەزرەتی عیسا هەیە کە مردووی زیندو دەکردەوە (وَأُبْرِئُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ وَأُحْيِي الْمَـوْتَى بِـإِذْنِ اللَّـهِ) (آل عمـران- ٤٩)،

یاخود کاتێك حەزرەتی موسا دەستی لە باخەڵیا دەنا دەستی سپی دەبوو (وَاضْمُمْ يَـدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ آيَةً أُخْرَى) (طه- ٢٢).

بەدەستی غونچە دەمێ، دەستی دا کە بەیعەت بۆم
چ ئارەزوومە لە (عیسـا) دەمو لە (موسـا) دەست ل ٧١

زەمزەم ئەو بیرەیە کە ئاوی لێ هەڵدەقوڵێ، خەڵکی ئاوی لێ دەخواتەوە، ئەم بیرە لە سەردەمی (حەزرەتی ئیسماعیل)ـەوە هەیە، خـەڵکی ئێـستاش کاتێـك دەچـنە حـەج هەندێکی لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە بۆ موتفەرك، مەحوی دەڵێ زەمزەم بـەو پیرۆزیـەی خۆی ناتوانێت ئەو شتە خاوێن بکاتەوە:

زەمزەم چیە، بە زەمزەمەی ئایاتو صەد حەدیث
پابونەوە لە شـەئنی نیە طیفـەتی خەبیـث ل٩٠

مەحوی دووریو نارەحەتی دڵدارانی بەرۆژی حەشر لێکداوەتـەوە، کـە لـەو رۆژەدا چەند ڕوخسارێك خەجاڵەتو رەنـگ زەردو شـەرمەزار دەبـن (مـەحوی ئـەم ئایەتـەی وەرگرتـووەو تێکـەڵی ئـەم دێـڕە هۆنراوەیـەی کـردووە: (هَـلْ أَتَـاكَ حَـدِيثُ الْغَاشِـيَةِ) (الغاشية- ١).

ئەهوالی ڕۆژی فیرقەتو ئەحوالی عاشقان
لـەو ڕۆژەدا موطابیقیە (هل اتی حدیث) ل ٩٠

(قابیلو هابیل) هەردوکیان کوڕی حەزرەتی ئادەمن، بەڵام ئەو دوو کوڕە، دەسـتیان بە کوشتنی یەکتری کرد، ئەوە بوو قابیل هابیلی برای کوشت ئەمەش یەکەم مرۆڤە کە خوێنی ڕژابێ (فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ فَأَصْبَحَ مِنْ الْخَاسِرِينَ) (المائدة- ٣٠)، جا چۆن دڵ لەت لەتو پارەپارە نەبێت کە برا برای دەکوژێ، کە هەردووکیانیش کوڕی حەزرەتی ئادەمن:

دڵ لەت دەبێ کە هەردوو جگەرگۆشەی ئادەمن
قابیلـە ئەشـقیایە (ابو الانبیاء) یە شـیث ل ٩١

دونیا هیچە هەر هەمووشمان دەڵێین هیچە، بەڵام سەیر لەوەدایە کەسمان دەست لە ئارەزووەکانی هەڵناگرین هەروەکو پێغەمبەر(ﷺ) لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت: (الدنیا جیفەو طالبها کلاب)، دونیا شتێکی بۆگەنە مرۆڤی عاقڵیش عەشقی شتی بۆگەن نابێت، تەنها سەگ نەبێت کە عەشقی شتی بۆگەنە:

دنیاکە هیچە، جوملە دەزانن کەچی چ کەس

مەردانە بۆ خودا نیە دەس هەڵگرێ لە هیچ ل ٩٨

یار بە لێوەکانی، لێوەلەرزەی بەو کەسانە خست، کە ئامۆژگاری خەڵك دەکەن کە هەرگیز بە شوێن پەیڕەوی دڵداران نەکەون، ئەگینا ئەو تەوبە نەصوحەی کردووە بۆت راناگیرێ، توبەی نەصوح واتە نەگەڕانەوە بۆسەر گوناە، یاخود چۆن شیر لە گوانی مانگا هاتەدەر جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ گوانی ئاواش مرۆڤ کە تەوبەی نەصوحی کرد نابێت بگەڕێتەوە سەر گوناە (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَصُوحًا) (التحریم- ٨)،

لێوی دەرخستو بە ناصح لێوەلەرزەی خست ئەگەر

بێ تەبەسسوم دەبێتە ئافەتی تەوبەی نەصوح ل ١٠٢

هەر کاتێك یار تەماشای مەحوی دەکا بەتیغی برۆی سینەی مەحوی شەق دەکا، بەو سنگ شەق کردنە مەحوی رزگاری دەبێتو دەحەسێتەوە، چونکە هەرچی پیسی هەیە دەری دەهێنێ، ئایەتی (الن نشرح) ئیشارەیە بۆ سنگ شەقکردنی پێغەمبەرﷺ: (أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ، وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ) (الشرح: ٢-١)،

کە تیغت دڵ دەکا دوو قەد، دەدا تەبشیری (قد افلح)

دەنووسرێت لە صەفحەی سینە تەفسیری الم نشرح ل ١٠٣

بە خەندەی دەمی ئیشارە دەکا کە خەم مەخۆ سەرئەنجام هەر بۆ ئێمە چونکە خوامان لەگەڵە، بەتیغی برۆکانیشی هەرەشە دەکاو دەڵێ کەیف خۆش مەبن

سەرئەنجامی ئێوە هەر دۆراندنو پەشیمانیە وشەی (لاتحزن) ئیشارەیە بۆ ئـەو ئایەتـەی کە خوا دەفەرموێت دەربارەی پێغەمبـەر(ﷺ)و ئەبوبـەکری صـدیق کاتێـك کافرەکـان هاتنەسەر ئەشکەوت ئەبوبەکر ترسا لە دیتنیان (لاَ تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا) (التوبة- ٤٠)

بەخەندەی لەب دەداتن مژدە (لاتحزن) بە مەحزونان

دەمی تیغی برۆی ئیفشـــا دەکا تەهدیدی (لاتفرح) ل ١٠٤

دڵی مەحوی هێشتا هەر خەفەتبارە، جا خوای گەورە لەبەر خاتری حەزرەتی موسـا سلاوی خوای لێ بێ کاتێك دوعای کردو گوتی خوایە دڵو دەرونم ئاسودە بکەو ئـیشو کارو هەوڵو کۆششم بۆ ئاسان بکەو گرێی زمانم بکەرەوەو زمانم پـاراو بکـە (قَالَ رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي، وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي، وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِنْ لِسَانِي) (طه: ٢٥-٢٧)،

دڵی مەحـــوی لە سینەی تەنگیـــا هەرما بەدڵ تەنگی

بە جاهی موسەوی بۆمەش وەکو بۆ ئەو بو (رب اشرح) ل ١٠٤

هەرکەسێك بیەوێت بگاتە لای خواو لیقای خوا بکات دەبێت کردەوەی چـاك ئـەنجام بداتو دەست لە دونیا هەڵگرێ، بەمەش دەبێت خۆی یـەکالا بکاتـەوە نەفـسی خـۆی بەڕەلا نەکات (فَمَنْ كَانَ يَرْجُوا لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلاً صَالِحًا) (الکهف: ١١٠)،

چ خەیاڵێکە لیقا بێ بە فەنا بونی جەسەد

تا پریشان نشود کار بســـامان نرســـد ل ١١١

بەسیەتی مەحوی هێندە دەستەودامێنی ئەموئەو دەبی بۆ ڕاپەڕاندنی کاری دونیـای خۆت، کە بەمەش خۆت تووشی هاوبەشی پەیداکردن دەکەی، پێویست بەوەناکات خۆت تەسلیمی خوای خۆت بکە پشتی خۆتی پێببەستە (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) (الاخلاص-١).

مەحویا با بەس بێ شیرکی تەشەببوث بەمو بەو

بگرە بەس دامەنی تەوحیـــدی (هو الله احـــد) ل ١١٤

لە شەوی ئیسراو میعـراج پێغەمبـەر(ﷺ) داوەت کـرا بـۆ ئاسمانـەکان، حـەزرەتی جوبرائیل یاوەری بوو، پێغەمبەر(ﷺ) سـواری گیانـدارێك بـوو پێـی دەگـوترا بـوراق، کەواتـە مـەحوی شـانازی بـەو پێغەمبـەرە(ﷺ) دەکـات کـە بـوراق لـە ژێریـەتیو جوبرائیلیش یاوەریەتی: (سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِنْ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى) (الاسراء- ١)،

بنازم بەم شەهی مەه سەیرە بۆ گەشتو گوزاری ئەو

سـوارێکە: بوراقـی تەوسەنە جیـبریلیـە شـاتر ل ١٢٦

مەحوی هەرکاتێك بەدیداری یارەکـەی دەگـا وەکـو تروسـکایی ئـاگر دڵـی ڕۆشـن دەکاتەوە، هەر کـاتێکیش لێـی دور دەکەوێتـەوە ڕەش هەڵدەگـەڕێ، هـەروەکو چـۆن حەزرەتی موسا لە ڕێگای گەرانەوەیدا بۆ میسر ئاگرێکی دیت، بـە خێزانەکـەی گـوت من ئاگرێك دەبینمو دەچم پشکو ئاگرێکتان بۆ دەهێنم بۆ ئەوەی گەرم ببنەوە (إِذْ قَالَ مُوسَى لأَهْلِهِ إِنِّي آنَسْتُ نَارًا سَآتِيكُمْ مِنْهَا بِخَبَرٍ أَوْ آتِيكُمْ بِشِهَابٍ قَبَسٍ لَعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ) (النمل- ١٠)

ویصـالت نارە هیجـرت ڕۆژەڕەش، وەك ئافتابی تۆ

لە تۆ نەزدیکە پشکویە، خەلوزە گەر لە تۆبێ دوور ل ١٢٩

مەحوی دەڵێت مرۆڤ نابێت لەخۆی ڕازی بێتو بڵێت من لە خەڵکی چاکترم ئەگینا بەدەردی شەیتان دەچێت، چونکە شەیتان خۆی بەزل زانی کاتێك داوای لێکـرا سـەجدە بۆ ئادەم ببات، بەڵام سەرپێچی ئەو فەرمانەی کردو گوتی: من لە ئادەم باشترم چونکە ئادەم لە قوڕ دروست کراوەو من لە ئاگر (قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلاَّ تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِنْهُ خَلَقْتَنِي مِنْ نَارٍ وَخَلَقْتَهُ مِنْ طِينٍ) (الاعراف- ١٢)

هەرکەس تەکەللومی بە (انا الخیر)ـە وەك بلیس

ئەمڕۆ سـبەی خیطـابیـە (یا أیها البـزاز) ل ١٣٥

ئاەو هەناسەی مرۆڤی ستەم لێکراو بە کەم مەزانە چونکە ئەو هەناسەی لە سینەی مرۆڤی ستەم لێکراو دێتە دەر عەرشی خوا دەلەرزێنێتەوە، یاخود هیچ پەردەیەك نیە لە نێوان دوعای مەظلوم بارەگای خوادا (عرش الرحمان يهتز لبكاء المظلومين):

با زۆری بێ، بەکەم مەگرە ئاهی بێ کەسان

بەم سروە بایە عەرشی خودا دێتە ئیهتیزاز ل ١٣٦

ڕۆژ تووشی دەردێکی بێدەرمان بووە، لە بەیانی تاکو ئێوارە هەرهاتووچۆیەتی ئوقرە ناگرێ، تاکو ڕۆژی قیامەت بەردەوام دەبێت، ئەمەش هەمووی دەردی دلداریە تووشی بووە، حەزرەتی عیسا کە مردووی زیندوو دەکردەوە، توانای نیە ڕاگرتنی ڕۆژی نیە (وَأُبْرِئُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ وَأُحْيِ الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللّهِ) (ال عمران- ٤٩)

ئەم گـــلاراوەی لە عیشقە تا قیامەت هەردەبێ

صەد مەسیحا چاری ناکا، دەردی بێدەرمانە ڕۆژ ل ١٣٩

شەو ڕۆژی بێتاقەت کردووە، چونکە ئەوکاتەی پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ ئاسمان شەو بوو، واتە ڕۆژ بۆیە هێندە بێتاقە چونکە پێشبرکێی بوو لەگەڵ شەودا بۆ ئەوەی لە ڕۆژدا بچێتە ئەو سەفەرە، بەڵام شەرەفی ئەم سەفەرەی پێغەمبەر(ﷺ) بەرشەو کەوت و ڕۆژ لێی بێبەش بوو (سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِنْ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى) (الاسراء- ١)،

شەو شەوی میعراجی شاهی ئەنبیا بێ، وادەبێ

بیپەرستی، بەڵکی سوجدەی بۆ ببا هەر ئانە ڕۆژ ل ١٤٠

شەومیعراج و ڕۆشتنی پێغەمبەر(ﷺ) بەر شەو کەوت، بۆیە هەتا دونیا ماْیە ڕۆژ ئێرەیی بەشەو دەبات:

من بە فیدای ئەو زاتە بم، بەو، ئەو شەوە بوو بەم شەوە

تا قیامـەت هەر حەســـەد با بەو شکۆهو شـــانە ڕۆژ ل ١٤١

حەزرەتی عیسا وێڵو سەرگەردانە، دەگەڕێت بە ئاسماندا بە دوای پێغەمبەردا(ﷺ) تاکو ئێستاش لە ئاسمانە(بَلْ رَفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا) (النساء- ١٥٨)، پاشان حەزرەتی عیسا لە ئاسمان دێتە خوارەوە، کاتێکیش دەمرێت لەشاری مەدینە لە تەنیشت گۆڕی پێغەمبەرﷺ دەنێژرێت (ئێستا لە رەوضەی پێغەمبەردا ﷺ شوێنێك هەیە بە بۆشی ماوەتەوە پاش مردنی حەزرەتی عیسا لەوێ دەنێژرێ):

ئەوی ئەو وێڵیە بورجی زەمینــــــە

دەبەس بڕوا مەسیحا بۆ سەما، بەس ل ١٤٦

مەحوی گەیشتۆتە قەناعەت کە خەڵکی دەورووپشتی مرۆڤی نامەردن، بۆیە مەحوی دەستی لە هەموویان هەڵگرتووە، رووی داوەتە خواپەرستی، تەنها پشت بە خوا دەبەستم (فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ) (التوبة- ١٢٩)،

نائەهلیــــی ئەم ئەهالییە مەعلومی من کە بو

شوکری خودا، خودا بەس، ئومێدم نەما بە کەس ل ١٤٧

هەناسەی یار وەکو ئەو هەناسەیەیە کە لە دەمی عیسا دەردەچوو کاتێك فووی ئەکرد بەشت بەکاری خوا گیانی پیادەکرا، ئاواش ئەو هەناسەی سەرلێوەی یار بۆمن مایەی ژیانە (رَبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُمْ مِنْ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ) (ال عمران- ٤٩)

لە زولفیــا ونە ڕۆ، لێوی هەر لە کارایە

ئەو ئافتابە گەر ئاوا بوە، مەسیحا خۆش ل ١٥٢

قەناعەت کەنزێکی نەبڕاوەیە، جا هەرکەسێك خاوەنی ئەو گەنجینەیە بێت دەبێتە پاشا، جا ئەو خاوەنە قەناعەتە گەر گەداش بێت هەر پاشایە (القناعة کنز لایغنی):

گەدا شەهـ، چونکە (لایغنی)یە کەنزی

شـــەهەنشاهی هەموو دنیــایە قانیع ل ١٦٧

مەحوی خۆشحاڵو سوپاس گوزارە کە لەوانەی عیشق رووزەردەو سەرفرازە، لێرەدا مەحوی ئەو رووزەردیەی خۆی بەو مانگایە دەچوێنێ، کاتێك بنو اسرائیل دەیانویست خۆیان لەو مەسەلەیە بدزنەوە کە داوایان لێکرابوو سەری ببڕن، مەحوی هەوڵی داوە زەردی ئەو مانگایە بە رووزەردی خۆی بچوێنێ (إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَاءُ فَاقِعٌ لَوْنُهَا تَسُرُّ النَّاظِرِينَ) (البقرة- ٦٩)، (بۆ زیاتر شارەزا بوون دەتوانرێت تەماشای تەفسیرەکان بکرێت):

شوکر ڕووزەردی عیشقم، نوسراوە
لەسەر ڕووم ئایەتی صَفْرَاءُ فَاقِعٌ ل ١٦٧

مەحوی وەکو مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ بڕوای بەوە هەیە کە رۆژێك دادێت حسابو کتاب دێتە گۆری، ئەو ڕۆژەش گەلێك تەنگە کەس بەهاواری کەسەوە نایەت (لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ) (عبس- ٣٧)، جا ئەو ڕۆژە تەنها شەفاعەتی پێغەمبەر(ﷺ) بە هانای ئەو خەڵکە دێت کە دەفەرموێت (انا لها) ئەمن بۆ ئەوکارە شیاوم لە شەفاعەت بکەم، دیارە (مەحوی)یش ئومێدی بەو شەفاعەتە هەیە:

لە ئیشی ئومەتی بێ حەشرو نەشری
لە حەشردا هەر بەوە، بەو ڕەفعو ڕاجیع ل ١٦٩

پێغەمبەرﷺ کۆتایی پێغەمبەرانە (لا نبي من بعد) گەورەو سەروەری هەمووشیانە، ئیمامی بۆ هەموو پێغەمبەران کردووە لە شاری قودس کاتی چوونی بۆ قودسو پاشان بۆ ئاسمانەکان، کەواتە چۆن حەزرەتی موسا دەگاتە ئاستی پێغەمبەری ئێمە، هەروەها حەزرەتی عیسا کە سواری گوێ درێژ دەبوو چۆن دەگاتە پێغەمبەری ئێمە کە سواری بوراق بووە:

هەر شوانێ کەی دەبێتە هەم قەرینی شاهی من
سواری کەر نابێ ببێتە هەم تەکی سواری بوراق ل ١٧٩

ئیمامی عەلی (ﷺ) دونیای سێبەسێ تـەلاق داوە (انـی طلقتهـا ثلاثـە)، مـەحوی وەکو شوێن پێ هەڵگری ئیمامی عەلی دەڵێ ئەم دونیایە وەکو ئافرەتێکە هەر ڕۆژێـك لە باوەشی یەکێکە، دونیاش هەر ڕۆژەی بۆ یەکێکە بۆیە دەبێت تەلاقی بدەی دەستی خۆی لێ بکەیەوە.

تا لە ماڵی دەرنەکردووی ئەم شەوی صەد شووکەرە
(مەحوی) ئازانـــە بدە تۆ ســێبەسێ دنیا طــەلاق   ل ١٨٠

کاتێك زەمین لەرزە پەیدا دەبێت، زەوی هەرچی لەناویدا هەیە فڕێی ئەداتە دەرەوە، ڕۆژێکی زۆر بەسامە، کاتێکیش یـار پەچـەی لەسـەر ڕووی خـۆی لادەدا لایـەنگیران و هەوادارانی هەرایـەکی ئـەوتۆ دەخـولقێنن وەکـو ڕۆژی حەشـری لێ دێـت (إِذَا زُلْزِلَـتْ الأَرْضُ زِلْزَالَهَا، وَأَخْرَجَتْ الأَرْضُ أَثْقَالَهَا) (الزلزلة: ١-٢)،

لەپەردەی جیلوە یەکتا ڕوونمایە شۆری صەد مەحشەر
نیقـــابی لادە لەو چیهرە، ببینە زەلزەلەی مەخلوق   ل ١٨١

بەهاتنی پێغەمبەر(ﷺ) کە دوا پێغەمبەر(ﷺ) هەموو ئاینەکانی تر بەتاڵ بونـەوە، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوانیتردا، هەرچـی پێغەمبـەرانی پـێش پێغەمبەرە(ﷺ) تەنها بۆ قەومەکانی خۆیان بوون، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) بە ڕەحمەت بۆ هەموو دونیا ڕەوانـە کـراوە (وَمَـا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَـةً لِلْعَـالَمِينَ) (الانبیـاء- ١٠٧)، بۆیەش دەبێت وەکو پیتی الف بەژنوباڵای لەناو هەموو پیتەکانی تردا ڕێكوپێکترە:

باڵاتە وەك ئەلیـــف لە حروفاتی کائینـــات
مافەوقی تۆ کوژاوەیە ناوی لە تەحت و فەوق   ل ١٨٣

لەلای مەحوی گوتەی بێکردەوە هیچ سودێکی نیە، با مرۆڤ لە پێنج فەرزەی نوێـژ هەر بڵێ (ایاك نعبدو ایاك نـستعین) سـوودی چیـە، گـەر ئـەم گوتەیـە لـە کـردەوەی ڕۆژانەیدا ڕەنگ نەداتەوە (ئیمامی غەزالی) دەفەرموێت: (العلم بلا عمل جنون و العمل

بدون علم لا يكون)، احياء علوم الدين، لێرەدا مەحوی مەبەستی سورەتی فاتیحە کە موسڵمان لە پێنج فەرزەکانی نوێژدا دەڵێن (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ) (الفاتحة- ٥)،

لە دڵدا خەلقو خوا بوو، فائیدەی چی

کـــە دەم پڕ بێ لە (اياك ...و اياك) ل ١٨٧

لەبەر گەورەیی بەڕێزی پێغەمبەر(ﷺ) خوای گەورە ئاسمانەکانی دروست کردووە، کە لە حەدیـثێکی قودسیدا دەفەرموێت (لولاك لولاك لما خلقت الافلاك) لێـرەدا مـەحوی ئەم فەرموودەیەی لە هۆنراوەکەی خۆیدا بەکارهێناوە:

خودا، تۆ لاگری لەولاکـــە مەحوی

بە جاهی پادشاهی تەختی (لولاك) ل ١٨٧

پیاوانی بە دیمەن خواپەرست، لە دونیادا هێندە چێشتی (نیسك) یان خواردووە، بۆیە لە دوارۆژدا لوتیان بۆنی میسك ناکات، جا ئەوانەی بۆنی میسك دەکەن دیارە ئـەهلی بەهەشتن، جا بۆیە دەبێت پێشبڕکێکەران پێشبڕکێ بکەن بۆ ئەمەی بگەنــە بەهەشــتو بۆنی میسك بکەن (خِتَامُهُ مِسْكٌ وَفِي ذَلِكَ فَلْيَتَنَافَسْ الْمُتَنَافِسُونَ) (١٨٨)

مەئلوفە زەوقی زاهیــد ئەوەندە بەتامی نیسك

بێگانە ماوە شەممی لە نەشئەی خیتامی میسك ل ١٨٨

ئەبوبەکری صدیق یەکەم خەلیفەی پێغەمبەرە(ﷺ) هەروەها هـاوڕێی پێغەمبـەرﷺ بووە لە سەفەری بۆ شاری مەدینە، پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر(ﷺ) بۆتە جێنـشینی پێغەمبەر(ﷺ).

لەسەردەمی ئەودا کۆمــەڵێك کـەس لــە ئـاییـنی ئیـسلام هەڵگەڕانـەوە، ئەبوبـەکر هێرشی کردە سەریان دایمرکاندنەوە، هەروەها کۆکردنەوەی قورئـان لەسـەردەمی ئـەودا دەستی پێکرد، چونکە گەلێك لە یارەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کە قورئانیان لەبەر بوو لـە شەڕدا شەهید دەبوون یاخود خۆیان دەمردن بۆیە لە ترسی فـەوتان قورئـانی هـەمووی

کۆکردەوە، سەرەڕای ئەم چاکانە هێشتا هەندێك کەس سفلەنەو قسەی ناشیرین دەرهەق ئەم ذاتە بەڕێزە دەکەن:

ئەو سەگانەن سپلە، سەببو ڕەفضی ذاتی وا دەکەت

هیممەتی ئەو بەعدی ڕیحلەت نەبوەوە ئەم دینە حەك   ل ١٩٥

هەروەها تەماشای لەخوا ترسانی عومەری کوڕی خەتاب بکەن، کاتێك نەیویست گوڵە ناسکەکەی پێغەمبەر(ﷺ) کە حەزرەتی فاطمەیە بژاکێو تووشی حەرام ببێت لەسەر باخی (فەدەك) ئەو باخە بوو نزیك خەیبەر کە بەر پێغەمبەر(ﷺ) کەوتبوو هەتا خۆی لە ژیاندا بوو بژێوی ماڵو منداڵی پێدەکرد، کاتێك کۆچی دوایی کرد حەزرەتی فاطمە داوای ئەو میراتەی کرد لە ئەبوبەکری صدیق، ئەویش گوتی پێغەمبەری(ﷺ) باوکت دەفەرموێت (نحن معاشر الانبیاء لانرث ولانورث) واتە: ئێمە نەمیرات وەردەگرین نە میرات دەدەین. جا لەم بەسەرهاتە حەزرەتی عومەر(ﷺ) پشتیوانی ئەبوبەکری گرت، مەبەستیشی ئەوەبوو کە نابێت جەرگی پێغەمبەر(ﷺ) خواردنی حەرام بخواو ئەم فەرموودەیەش ڕاستە:

وەرعی فاروقی تەماشاکەن، وتی: ناکا قوبوول

غیرەتم ژاکاوی ئەو گوڵباغە بۆ باغی فەدەك   ل ١٩٥

هەرکاتێك مەحوی ڕووی یاری دەبینێ وەکو تیشکی ڕۆژ ئەدرەوشێتەوە، زۆر هەوڵم دا شتێکی لێ فێر ببم، بەڵام بەداخەوە هیچی لێ حاڵی نەبووم، بەڵام ئەمساڵ بەشەو دێم، کاتێك یار رووی دائەپۆشی تاریك دادێ وەکو شەوی لێ دێت، ئەم تاریکیە موناسبە لەگەڵ بەخت ڕەشیم دەگونجێ (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا) (الشمس- ١)، (وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَى) (اللیل- ١)،

بە دەرسی من نەشا (والشمس)ی پاری پاری طەلعەتت، ئەمسال

ئیجازەم دە موتاڵاکردنی (و اللیل)ی خەطو خاڵ   ل ٢٠١

وەرزی بەهار وەرزی ڕازانەوەی دەرودەشتە، مرۆڤ خەریکی کەیفو سەفا دەبێت، جا ئەوانەی لە کونجی مزگەوتدا وەرزەکانی تر خەریکی خواپەرستین لەم وەرزەدا هەموویان دێنە دەرو شوشەی شەرەبیان لێ دەخەنە گەر. هەرکاتێك شەرابەکە لەناو پیالە دەکەن قولقولی لێوەدێت (مەحوی لەم بەیتەدا ئاماژەی بە سورەتی ئیخلاص کردووە کە باسی تاكو تەنیایی خوادەکات): (قل هو الله احد) (الإخلاص-١)، کە بەڵگەیە بۆ خواپەرستی.

دەبینی (قل هو الله) خوێنەکانی کونجی مزگەوتان
ڕوەو صەحرا، کە دەبیەن وا سوراحیی هاتەوە قولقول ل ٢٠٥

مەحوی زۆر بێزارە لە کارگێڕی دەوڵەت، کۆمەڵێك کەس دەستیان بەسەر دامو دەزگای کۆمەڵ داگرتوە، لە ڕادەبەدەر خراپن کە وەکو دەجالیان لێ‌هاتووە، ئەو دەجالەی کە مرۆڤ لەدین لادەدا جا بۆیە بۆ کۆتایی هاتنو رزگار بوون لەم دەجالانە پێویستیان بە عیسایەك هەیە بۆ ئەوەی بیانکوژێ، مەحوی سوودی لەو کەلتورە ئیسلامیە وەرگرتووە کە عیسا لە ئاخری زەمان دێتە خوارەوە دەجال دەکوژێ:

دەرچوو لە حەددی غایە عوروجی دەجاجیلە
یا ڕەببی تۆ بکەی کە بکا عیسەیەك نزول ل ٢٠٧

من هێندە کاری چاکەم کردو خۆم لەپێناو عەشقی تۆدا کوشت، چونکە ئومێدی زۆر بەوە هەیە، کە خوا دەفەرموێت: (فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَه) (الزلزلة- ٧).

بەڵام تۆ بە پێچەوانەوە بە دەردی دووریت منت کوشت قەد ئەوەت بە خەیاڵدا نەهات کە خوا دەفەرموێت: (وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَه) (الزلزلة- ٨).

حەیاتم صەرفی عیشقت کرد بە ئومێدی (فمن یعمل)
بە هیجرەت کوشتمو نەتکردەوە فکری (ومن یعمل) ل ٢٠٨

زولفی یار هێندە ڕەشە وەکو تاریکایی کوفر خستویەتیە گەردەنی مەحوی خەریکە دەیخنکێنیٚ، بەمەش بۆتە ئافەت بەڵا بۆسەر دڵی هەموو موسڵمانێك، هەروەکو چۆن حکومەتی موسڵمان جزیەی ئەخستە سەر ئەهلی ذمە کە هەقی پاراستی ئەوان بوو ئەم جزیەیە:

بنازم من بە کوفری زوڵفی تۆ ئەی ئافەتی ئیسلام
کە ئەستۆبەندی جیزیەی خستە مل ئیمانی خاص‌و عام   ل ٢١٥

من بەرامبەر خوای گەورە گەلێك شەرمەزارم، چونکە ئەو وەکو منی ناشتوە بە سێو بۆ ئەوەی رووسوور بم، کەچی من بەهێی شەرمەزاری بۆ دەگرم، مەحوی لێرەدا بڕوای بەوە هەیە کە خوا جن‌و ئینسی بۆ پەرستنی خۆی دروست کردووە (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِي) (الذاريات- ٥٦)

لە رووسوریی عیبادەت لام و رووزەردی خەجاڵەت مام
بەناوی سێوی ناوم باغەوان و، من بەهیٚ دەگرم   ل ٢١٨

کاتێك رۆژی قیامەت دێت‌و هەرکەسێك بەرەو مەیدانی لیٚ پرسینەوە دەکەوتەریٚ، خەڵکی پۆل پۆل رادەوەستن بۆ لێپرسینەوە، جا ئەوانەی لە دونیا یەکتریان خۆشویستوە لەگەڵ یەك دەبن جا لە هەر چ گروپ‌و تاقمێك بن (يحشر المرء مع من احبه) یاخود (المرء على دين خليله) جا مەحوی دەڵیٚ گەلی دۆست‌و برادەران خۆتان لەمن بپارێزن با حەشرتان لەگەڵ حەشری من نەبێت‌و بە ئاگری من نەسوتێن:

سبەینیٚ (يحشر المرء)ـە براگەل، فرسەتە ئەمڕۆ
تەبەڕڕا بن لەمن باکەس نەبیٚ حەشری لەگەڵ حەشرم   ل ٢٢١

من وەکو تەیری قەقنەس لێـت دور کەوتووەتـەوە، چـونکە قەقنـەس هێنـدە بـەرز دەبێتەوە تاکو لە ڕۆژ نزیك دەبێتەوە هـەتا خـۆی دەسـوتێنێ، منـیش لـەتاو دوریـت ئاگرێکی ئەوتۆ لە گیانمایە وەکو ئاگـری دۆزەخە (يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا مَسَّ سَقَرَ) (القمر- ٤٨)

بە ئۆغرکردنـــی من بومـــە قەقنـــەس

کە ئەو چوو بۆ سەفەر، من بۆ سەقەر چوم ل ٢٢٦

مەحوی بۆتە نێچیری نەفسی خۆی، بەدوای ڕێگاچارەیەك دەگەڕێ بۆ ئەوەی ڕزگاری بێ لەدەستی، دیارە پەناشی بۆ خوا بردووەبەڵکو بە هانایەوە بێت.

لەسەر ڕۆشنایی ئایەتەکانی قورئان نـەفس بـە سـیفەتی (امـارة) وەکـو (إِنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ) (یوسف- ٤)، جارجاریش بە سیفەتی (لوامـە) وەکـو (لاَ أُقْسِمُ بِيَوْمِ الْقِيَامَةِ، وَلاَ أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ) (قیامە ٢)، جارجاریش بە (مطمئنـە) نـاو دەبـرێ (يَاأَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ) (الفجر ٢٧)، ئەم سێ نەفسە هەر ئەو نەفسەن لەگەڵ ڕوحدا یەکێکن، بەڵام لە گیانی خۆیدا بە تەبیعەت (ئەمارەیە)و فەرمان دەدا بە بـەجێهێنانی ئارەزووی خۆی، وە لەپاش ئەوە کە بەندەیی طاعەت مەشغول کرا وای لێدێ لە نێـوان ئەحواڵی موختەلیفە دەمێنێتەوە لە رووی زۆرهێنانی هێزی ئارەزووی بەدەوە ئارەزووی بەهێز دەبی کاروباری ناباری دێ بەسەرداو تاوان دەکالەبەر هێرش هێزی (اطمئان) روو دەکاتەوە بۆلای هەق‌و عیبادەت‌و سەرزەنشتی خۆی دەکا لەسەر گوناە لەوکاتـەدا نـاو دەبرێ بە (لوامە) وە ئەگەر تەوفیقی بێ خودا لەم حاڵە پەستە ڕزگاری ببـێ‌و شـیفای بۆ بێت دادەمەزرێ ناو ئەبرێ بە نەفسی (مطمئنە):

ئەسیرو صەیدی قەیدی کەیدو شەیدی نەفس ئەمارەم

لەدەست ئەم مارە بەدچارە چیە چـارم، خودا چـارەم ل ٢٢٨

لە ڕۆژی حەشردا هەرکەس دەفتەری کردەوەی دەدرێنێ دەڵێ کردەوەکانی خۆت بخوێنەوەو بزانە لە دونیا چت کردووە (اقْرَأْ كِتَابَكَ كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا) (الاسراء- ١٤)، مەحوی لەو ڕۆژەدا سینەی خۆی دەکاتەوە کە قورئانی تیایە دەڵێ ئەوە کردەوەی منە:

بە ناخوون صورەتی یارم لە صەفحەی سینە نوسیوە

لە حەشردا وەقتی نەشری نامە کردن، منمو سیپارەم ل ٢٢٩

مەحوی وەکو هەرکەسێکی تر پیر بووە لەگەڵ ئەم پیریەش دوو سیفەتی لەگەڵدا چرۆ دەکەن وەکو نەمام سەردەکەنو بالا دەکەن ئەویش تەماعو تەمەن درێژی هەروەکو پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: (یشیب ابن ادمو یشب فیه خصلتان: الحرصو طول الامل)

پیری نەمامی باغی جوانیمی کردە پووش

تازەم درەختی طولی ئەمەل دەردەکا چرۆ ل ٢٥٤

مرۆڤ لە خاك بوەو دەبێتەوە خاك، کەواتە هەتا زووە بڕۆ خۆت لەبەردەرگای (ابوتراب) کە کونیەی حەزرەتی (عەلی)یە (ﷺ) وەربدە هەتا نەبویەوە خاك وەکو دەفەرموێت (کلکم من ادمو ادم من تراب)

لە دایەی خاکت ئاخر هەر دەبێ بگریتە باوەش خۆی

بکە خاکێ بەسەر خۆتا لە قاپیی (بو تراب)ێ زوو ل ٢٥٦

شەو زۆر بە پیتو بەفەڕە، خوای گەورە گەلێك گەورەی کردووە، چونکە لە شەودا پێغەمبەر(ﷺ) چوە ئیسراو میعراج (سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِنْ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى) (الاسراء- ١)، هەروەها هەر لە شەودایە کە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لە دە شەوی ئاخیری مانگی ڕەمەزان دابەزیوە (إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ) (القدر- ١)، دیسان دابەشکردنی ڕزق لە نیوەی مانگی شەعبان بووە، کە واتە

ئەو شەرەفو گەورەییە بەرشەو کەوتووە.

هێندە صاحێب سیرە (میعراج)و شەوی(قەدر)و (بەرات)

خاصـــەجاتی ئەون و، مومتازە بەم ئەســـرارانە شـــەو   ل ٢٥٩

پێغەمبەر(ﷺ) لە سالّی ٩ی کۆچی نامەی بۆ پاشاکانی دەوروپشتی خۆی نارد، کـە بێنە سەر ڕێگای ڕاست کە ئـاینی ئیـسلامە وەکـو پاشـای حەبەشـی هەرقـەلی ڕۆمو خوسرەوی پەرویز، بەلاّم نوسرەوی پەرویز بێئەدەبی کرد بەرامبەر پێغەمبـەر(ﷺ) کـە نامەکەی دڕاند، پێغەمبەر کە ئەم هەوالّەی زانی فەرمووی: (اللهم مـزق ملکـە، کمـا مزق کتابی) کەواتە وەکو مەحوی دەلّێ ئەدەب زۆر باشە بۆ مرۆڤ هـەروەکو دوعـای چاوزار وایە خەلّکی دەپارێزێ:

خودا بیـــدا ئەدەب (حرز الامان)ێکە عەطییەی ڕەب

چبوو جەرگی بری غەیری ئەمەی نامەی دڕی خوسرەو   ل ٢٦٢

شاعیر سەری لەوە سورماوە کە مرۆڤی عـاقلّ دونیا دیدە گوێ بە دونیا نادا و حـەلاّل حەرام لێك جیاناکاتەوەو لە خوا ناترسێ، بـەلّکو بـە پێـچەوانەوە مرۆڤـی لـەخواترس دەبێت کردەوەی چاکە بکات، چونکە هەموو کردەوەیـەکی چـاکە لـە ترسـی خواوەیـە هەروەکو پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت (راس الحکمة مخافة الله):

عەجیبم دێ لەعەقلّی ئەو کەسە واتێ دەگا مەردە

کەچی وەك خانو خانم دائیما دلّخـۆشو بێ دەردە   ل ٢٧٠

هەرکاتێك یاری سەوزی کەواشین دێت تەماشای خەستەخانەی عیشق دەکا، مرۆڤـی خەستە دەکەوێتە حالّی حەلوەلا دەکەوێتە گیاندان ئەوکاتە خەلّکی لەسـەری سـورەتی (یاسین)ی لەسەر دەخوێنن (یس والقرآن الحکیم) (یـس- ١)، یـاخود یەکـسەر گیـانی دەردەچێت، بەمەش دەبێتە شینو گریان لەسەر ئەو نەخۆشە کە گیانی دا:

لە سەیری خەستەخانەی عیشق ئەوی سەوزەی کەوا شینە

لەسەر هەر خەستە دێ یا خوێندنی یاســینە، یا شـــینە   ل ٢٨٣

پیری تەریقەت دەزانێت هەرکاتێك بگرێت ئەوا یەکسەر ڕەحمی خوا دەگاتـە فریـای، بۆیە پیری تەریقەت بە ریشی (سپی)یەوە فرمێسك بەسەر ریشدا دێتە خوارەوە، وەکـو منداڵ (فَلْيَضْحَكُوا قَلِيلاً وَلْيَبْكُوا كَثِيرًا) (التوبة- ٨٢).

لەگەڵ فەریادو گریە حاضرە فەریادڕەس (مەحوی)

لیبکـــوا ڕێ دەدا پیری طەریقەت طیفلی ساوا بێ   ل ٢٩٦

هەڵگرتنی ئەو پەیمانە گـەلێك زەحمەتـە کـە ئـەو دڵـەی مـن بـاری عـشقی یـاری هەڵگرتوە، کەچی ئەم گەورەییە بە زەویو ئاسمـانو چـیاکان هـەڵناگیرێ (إِنَّا عَرَضْنَا الأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولا) (الاحزاب- ٧٢):

خودا گرتوو دڵم، چۆنن بەگژ شۆرو شەری عیشـــقا

بە نەصصی ئایە ئەفلاكو زەمین ئەم بارە ناکێشێ   ل ٣٠٣

دونیا تەمـەنێکی گەورەی هەیە وەکو دەڵێن (پـیرە دونیـا) جـا ئـەم دونیـا گـەلێك مرۆڤـی پێگەیانـدوەو، پاشـان لـەناوی بـردوون (یـەکێك) لـەو مرۆڤـە بەدەسـەڵاتانە (ذوالقرنین) کە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای لە ژێر دەستدا بوو، کەچی کە لێ کەوت دنیـا بـە گاڵتەوە گوتی کوا ئەو دەوڵـەتو دەسـەڵاتەی هـەتبوو، ذوالقـرنین نـاوی لـە قورئانـدا هاتووە کە خوا دەفـەرموێت: (قَالُوا يَاذَا الْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ) (الكهف- ٩٤).

هەروەها دەگێڕنەوە حەجاجی کوڕی یوسفی ثەقەفی کاتێك لە سەرەمەرگ بـوو ئـەم ئایەتەی دەخوێندەوە (مَا أَغْنَى عَنِّي مَالِي، هَلَكَ عَنِّي سُلْطَانِي) (الحاقة: ٢٨-٢٩)،

دنیا بە نەوسەوە دەمی مەرگی وتی کە (ذول

قرنین)ی دی زەلیـــلە لەکن خۆت ئەتۆ کەڵی   ل ٣٠٨

مەحوی دەڵێ من وەکو مێرولە وام با واعیظ هێندە لەپاشملە باسم نەکات، گەرچی

من وەکو مێرولە وام بچوکم بەڵام زەبری کاریگەریشم هەیە گـەر هێنـدە باسـم بکـات وەکو ئەو کەسەیە کە مێرولە بخوا بای لێ بەردەبێ جگە لەوەش غـەیبەت کـردن وەکـو ئەوەیە گۆشتی مردووی برای خۆت بخۆی: (وَلاَ يَغْتَبْ بَعْـضُكُمْ بَعْـضًا أَيُحِـبُّ أَحَـدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا) (الحجرات- ١٢)

به غـەیبەت کردنی ئەم بێنەوایە توشی خەجڵەت دێ

بڵێ واعیـــظ بەس ئەم مێروولە بخوا وازی لێ بێنـــێ ل ٣١١

هەر کەسێك لە قورئان وردبێتەوە لە نهێنیەکانی قورئان حاڵی ببێ زۆر بـە ئاسـانی بۆی دەردەکەوێت کـە بەهەشـتو دۆزەخ وەکـو یـەك نـین (لاَ يَـسْتَوِي أَصْـحَابُ النَّـارِ وَأَصْحَابُ الْجَنَّةِ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ الْفَائِزُونَ) (الحشر- ٢٠)

تێدەگا هەرکەس بکا فەهمی ڕووموزی مەعنەوی

هیجرو وەصڵە نارو جەننـــەی ئایەتی (لا یستوی) ل ٣١٦

من نازانم بە تیری کێ پێکاوم، هەرقسەیەکیش بکەم دەبێتـە بوختـان چـونکە مـن دڵنیا نیم، تەنها ئەوەندە نەبێت کە بڵێم خەبەری ڕاست لەلای جوهەینەوەیە.

لە کەلتوری ئیسلامەوە هەیە (جوهەینە) کۆتایی کەسە کە لە دۆزەخ ڕزگاری دەبێت (لە ئیماندارەکان) بۆیە ئەو کۆتا هەواڵی لەلایەو ئەو هەمووکەسێك باشتر دەزانێت.

دڵ شەکەتی تیری کێم؟ چاوی بزانێ مەگەر

توهمەتە هەرکەس بڵێم (عـند جهینه الخبر) ل ٣٣٨

هەرکاتێك یار ڕاست دەبێتەوە، ڕۆژی قیامەت دێت، بـە بەڵگـەی ئـەوەی مـن لـە کۆڕی مەی خواردنەوە دانەنیشاوم ئەی بۆ سەرخۆش بویمە.کاتێك ڕۆژی قیامـەت دێـت خەڵکی وەکو سەرخۆش وان کەچی سەرخۆشیش نین، بەڵام لەبەر سـەختی ئـەو ڕۆژەیـە (وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُمْ بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ) (الحج- ٢)

هەستانت ئەو قیامی قیامـــەت نیە، چیـــە

بێدەخلی چەنگو نەیو مەی لەمەست ئەچم ل ٣٤٢

مەحوی دەمێکە گفتوگۆ دەکا، بەڵام بێسوودە چونکە ئەو گفتوگۆیەی کە دەیکات هیچی لێ حاڵی نابێت، ئەوەی دەیلێیش زۆر دوورە لە ڕاستیەوە چونکە مەحوی زانستێکی کەمی هەیە، ئەویش کە هەیە خوا پێیداوە: (وَمَا أُوتِيتُمْ مِنْ الْعِلْمِ إِلاَّ قَلِيلاً) (الاسراء- ٨٥).

هەر گفتوگۆمە، کەچی هەر دەڵێم وتێ ناگەم
هەر چوستو جۆمە، کەچی هەر دەڕۆمو پێناگەم
چاو ڕواوو گوشەیی ئەو ئەبروەم نەدی
دڵ بۆ بە بەحری عولوومو لە ئەلفو بێ ناگەم ل ٣٤٣

لەسەردەمی عەباسیەکان زۆر ئازارو ئەشکەنجەی ئیمامی (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) یان دا بۆ ئەوەی فەتوای ئەوەی پێبدەن کە قورئان خالقەو پەیدا بووە، بەڵام ئیمام ئەحمەد ڕەزای خوای لێ بێت ئەم ناهەقیەی نەسەلماندو بەڵکو سوڕ بوو لەسەر ئەوە کە قورئان خالق نیەو شتێکی ئەزەلیە:

حادیث نیە، قەدیمە، کەلامی خودا بەهەق
دەم بۆ حەدەث بە ناهەق ئەبەن (ضال)و گومڕەهان ل٣٧٥

خوای گەورە لە ماوەی شەش ڕۆژدا ئەرزو ئاسمانی دروست کردووە، گەراوەتەوەش سەر عەرشی خۆی (ئێمەش نازانین هەر ڕۆژەی درێژی چەندە، هەروەها (عەرش) یش هیچ زانیاریەکیان نیە)، بەڵام ئیمامی مالیك دەفەرموێت (استوی معلومو کیفیە مجهولو السؤال بدعەو الایمان بە واجب: (وەستانەکە حەقیقەتی هەیە، چۆنیەتیەکەی شاراوەیە، پرسیارکردنی بیدعەیە، باوەڕبوون پێی واجبە). (خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ) (السجدة- ٤):

باوەڕ ببێ خودا کە لەسەر عەرشە موستەوی
ئەمما بە ئیستیوایەکی بێ چوونو کەس نەزان ل ٣٧٥

تۆ هــــەردەم ناوی ئەو خوایە ببە ذکـری (الله اکـبر) بکـە، کـە ئـەو خوایـە هـیچ منداڵی نیەو شەریكو هاوتای بۆخۆی دانەناوە (وَقُلْ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي لَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُنْ لَهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ وَلِيٌّ مِنْ الذُّلِّ وَكَبِّرْهُ تَكْبِيرًا) (الاسراء- ١١١)، هــەروەها لــە ســورەتی ئیخلاصـیش دەفــەرمویّت: (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ، اللَّهُ الصَّمَدُ)(الإخلاص: ١-٢).

نەیگرتوە شەریكو موعینو ژنو وەلـــــەد
بۆ ئێمەیە لە ئایەتی (عز) ئەم قسە عەیان ل ٣٧٧

پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر زەوی ناوی (موحەممەد)ـە، لـە ئاسمـانیش نـاوی (ئەحمـەد)ە، حەزرەتی عیسا مزگێنی دەدا بە خەڵکی خۆی کە پاش مـن پێغەمبـەرێکی تـر دێـت بەناوی ئەحمەد، پەیڕەوی ئەو بکـەن (وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ) (الصف- ٦).

یەعنی پەیەمبەری عەربی، هاشمی نەسەب
ئەحمەد لە ئاسمانو موحەممەد لە سەرزەمین ل ٣٧٩

سەرچاوەکان

١- لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی دیوانی مـەحوی (مـەلا عبـدالکریمی مـدرس، فـاتح عبـدالکریم)، هەروەها ڤیستیڤاڵی مەحوی لە هەولێر، نوسینی نامەی دکتورای وەکو د.بدیعـە مـەحوی، د. ئیبراهیم شوان، د. احمدی مەلا..
٢- لەبارەی مەحوی لوتکەوە / پێشەکی رونکردنەوەو ئامادەکردنی عبدوڵلا خالید ئاگرین، چاپی یەکەم ١٩٨٦، ئەمینداریەتی گشتی روشنبیریو لاوانی ل ٨٩.
٣- تەفسیری نامی بۆ قورئانی پیرۆز، دانانی مەلاعبدالکریمی مدرس / بەرگی ٥ لە ل ٣٣١
٤- هەمان سەرچاوە / ل ٥٢

٥- تەفسیری نامی مەلا عبدالکریمی مدرس / بەرگی حەوتەم / ل ١٧ .

تێبینی:- هۆنراوەکان لە دیوانی مەحوی، لێکولینەوەو لێکدانەوەی، مـەلا عبـدالکریمی مـدرس و فاتح عبدالکریم، چاپی دووەم، ١٩٨٦، چاپخانەی ئوفیسی حسام.

تەماشای تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، دانانی (برهان محمد امین) کراوە.

شـێخ ڕەزای تاڵـەبانی

شێخ ڕەزای تاڵەبانی ١٨٣٧ لە گوندی (قـرخ)ی نزیـك چەمـچەماڵ لـە دایكبـووە، شاعیر ناوی خۆی وەك نازناو بەكارهێناوە، هەندێك جاریش (لامیع)ی بەكارهێناوە.

جومعانە بڕاوە بەخودا موفلیسە (لامع)
نە پوولی حەمامی هەیە نە پارەیی تووتن

شێخ ڕەزا لە بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانین، سـەر بـە تەریقـەی قـادری. شـێخ وەكـو سەردەمەكەی خۆی چۆتە حـوجرەی مزگەوتـەكانو فێـری خوێنـدنو نووسـینی بـووە، سەرەتا لەلای باوكی دەستی بە خوێندن كردووە پاشان ناوچەكانی كوردسـتان گـەڕاوە، ماوەیەكیش لەشاری كۆیە لەلای مەلای ئەسعەی جەلی زادە خوێندویـەتی، شـێخ ڕەزا هێشتا باوكی لە ژیاندا بووە سەفەری بۆ ئەستەمبول كردووە، لەم شارەدا گـەلێك شـت فێربووەو چاوی كراوەتەوە، لە ڕێگای هاتنەوەیدا هەواڵی كۆچی دوایی باوكی دەزانێت.

شێخ ڕەزای شـاعیر هـەتا بـاوكی لـە ژیانـدا بـووە، ژیـانێكی سـادەو زاهیدانـەی رابواردووە، بەڵام پاش كۆچی دوایی باوكی دەیەوێت لە ژیـانی تەسـكی دەروێـشایەتی بچێتە دەرەوە، بۆیە لەگەڵ شـێخ عـەلی بـرای دانویـان بەیەكـەوە ناكوڵێـت، زۆربـەی كێشەكانیشیان لەسەر موڵكو ماڵی باوكیان بـووە بۆیـە لـە ڕقـی براگـەورەی شـاری كەركوك بەجێدەهێڵێ:

بەم حاڵە ئەگەر دەفعەیێ تر بچمەوە كەركوك
مەعلـوومە بە مەردی نەڕواوە لەسەرم تووك   شێخ ڕەزا

شێخ ڕەزا واهەست دەکا شێخ عەلی برا گەورەی لە کیسەی باوکیان دەست کراوە بووە بۆ خزمو بێگانە، بەڵام بۆ براکانی وانەبووە، بۆیە برایەکانی موفلیسو ڕووتن:

بێگانە هەموو صاحیبی جاەو جەبەرووتن
بێچارە برای (شێخ عەلی) موفلیسو ڕووتن

بڕواناکەم شێخ ڕەزا کەسی بواردبێ لە داشۆرین، هەرکەسێکی نەگەیشتبێتە دڵی بە شیعر هێرشی کردۆتە سەری، ئەم هێرش کردنو جنێودانە گەلێك جار بۆتە مایەی گلەیی کردنو بێزاری دەربڕین بەرامبەر بە بنەماڵەی تاڵەبانی، ڕۆژێك حاجی عەلی قەردار دێتە لای شێخ عەلیو دەڵێت: من پیاوێکی حاجیو دیندارو موخلیصی تەکیەی تاڵەبانیم، کەچی شێخ ڕەزا لە شیعرێکدا منی هانیوەتە ریزی میناس گاوور، ئەمە چۆن خوا قەبووڵ ئەکا! شێخ عەلی زۆری پێناخۆش دەبێتو دەنێرێتە دووی شێخ ڕەزا هەرلە دەرگاکەوە ڕەزا ئێمە تەقەلا ئەدەین دڵی دوو مسوڵمان ڕاکێشین کەچی تۆ بەدوو قسەی هیچو پووچ لێمانی دەتورێنیت، چۆن مسوڵمانێکی حاجی وەکو حاجی عەلی دەبەیتە ڕیزی میناس گاوور، شێخ ڕەزا دەڵێت نازانم من لەدەس ئەم خەڵکە بۆ کێ سەری خۆم هەڵگرم، بەیانی زوو مینایش دەرگای لێم گرتووەو دەڵێت: من هەرچەنێك گاوورم بەڵام پیاوێکی بە وجدانم، خوا چۆن هەڵئەگرێت من دەبەیتە ڕیزی حاجی عەلی[1].

هەر لەم بارەیەوە شێخ ڕەزا بە شیعرێك هێرش دەکاتە سەر شێخ قادری برای، بەڵام شێخ قادر لێی قبوڵ ناکا دەست دەداتە گۆزەیەكو ڕایدەوەشێنێ، شێخ ڕەزا هاوار دەکاو دەڵێت:

کاکە قادرە بۆزە
دەستی شکاندم بە گۆزە

شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە هونەریدا شوێن لە ریزی پێشەوەی شاعیرانە کەس نەیتوانیوە شان بە شانی بدات.مامۆستا علاءالدین سجادی دەڵێت (جەریرو فەرزدق دوو شاعیری گەورەی عەرەبن لە داشوریندا، بەڵام گەر هاوچەرخی شێخ ڕەزا بان لە وڵاتی حیجازەوە نەدەوێران روو بکەنە عێراق[٢]).

بەڵام ئەم هۆنراوانەی شێخ ڕەزا کە باس لە داشورین دەکات وەنەبێت لە کردەوە ڕەفتاریدا ڕەنگی دابێتەوە، بەڵکو تەنها بۆ هونەری شیعر بووەو بەس، بەڵام ئەم هونەرە لەلای هەندێك کەس ئەمە گران بووەو، وەلەسەر بنەماڵەی شێخ ڕەزا گران وەستاوە. شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە دوولاوە کەوتۆتە بەر کاریگەری ئایین، لەلایەن فرچکی بە حوجرەی مزگەوتەکانەوە گرتبوو کە تێدا فێری علومەکانی شەرعی بوو لەگەڵ هەردوو زمانی عەرەبیو فارسی، لە هەردوو سەفەری ئەستەمبوڵیشی فێری تورکی بوو، لە لایەکی تریشەوە شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عبد الرحمانی تاڵەبانیە، کە خاوەنی تەکیەو شێخی تەریقەتی قادری بوون، ئەوانە لەهەردوو لاوە کاریان کردە سەر شێخ رەزای تاڵەبانی کە بکەوێتە بەر کاریگەری ئاینو کەلتوری ئیسلامی لە هۆنراوەکانیدا رەنگبداتەوە، وەکو زانراوە، سەرەتای هونەری شیعری شێخ ڕەزا بە زمانی فارسی لەسەر شێخ عەبدوالقادری گەیلانی بووە، کاتێك شێخ ڕەزا بۆ یەکومجار لەگەڵ باوکیدا دەچێتە بەغداو زیارەتی شێخ عەبدوالقادری گەیلانی، بۆ یەکەمجار لە مەرقەدی شێخدا ئەم شیعرە فارسیەی وتووە:

أین بارگه غوث الثقلین است

نقد کمر حیدرو نجل حسنین است

مادرش حسین نسب استو پدر او

ز اولاد حسن، یعنی کریم الابوین است

دیوانی شێخ ل ١٨١

ئەم شیعرەی شێخ ڕەزا تاکو سالآنی هەشتاکان لەسـەر هـەردوو دەرگـای مەرقـەدی شێخی گەیلانی نووسرابوو، وادیارە لەبەر ئەوەی بە فارسیە لایان برد[٣].

شێخ ڕەزا هاوچەرخی سولتان عبدالحمیدی سولتانی عوسمانی بـووە کـە سـولتانێکی بەهێز بووە، بەلام شێخ ڕەزا لیـی نەترسـاوە، سـولتانی عوسـمانی خـۆی بەجێنـشینی پێغەمبەر(ﷺ) زانیوە، کەواتە دەبێت وەکو پێغەمبەر(ﷺ) بە بەزەیی و رەحمـەت بێـت بەرامبەر بە هاوولاتیان، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) بە رەحمەت بۆ هـەموو دنیـا نێـردراوە (وَمَـا أَرْسَـلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَـةً لِلْعَـالَمِينَ) بـەلام سـولتان عبدالحميـد لای شـێخ ڕەزا بۆتـە گوێدرێژی موسلمانان، چونکە پێچەوانەی پێغەمـبەر(ﷺ) بۆ ئازارو ئەشکەنجەی:

کـــاش یك روزم بمـــابین همایون ره دهنـــد
تا (حمید خان) را بگویم ای (حمیر المؤمنین)
بعثت تو بر خـــلاف بعثت پیغـــمبر اســـت
(انت ما ارسـلت الا رحمـــة للعالميـــــــن)

بنەماڵەی شێخ ڕەزا سەر بە تەریقەتی قادرین، کە لە شێخ عەبـدوالقادری گـەیلانی سەرچەلەکەی دەست پێدەکات، یاخود باشتر بلێین تەریقەی قـادری بـە نـاوی ئـەوەوە ناونراوە، شێخ ڕەزاش دەڵێت من سەگی ئیمامی عەلی مرتضام و دەروێشی شێخ عبـد القادرم، کە هەردوکیان دەگەڕێنەوە سەر ئیمامی عەلی کوری ئەبی طالـب (ﷺ) دیارە ئەم ڕێگایەش ڕاستەو ڕێگای بەرەو خوا چوونە:

من نسیم نامم ڕەزا_ کلب امام مرتضی
درویش عبدالقادرم_ راهم به مولا میرود

شێخ عبدالرحمانی بـاوکی شـێخ ڕەزا کـوڕی رەحمـانی شـێخ مـارفی نـوودەیی بـووە تەمەسوکی تەریقەتی لەو وەرگرتووە، هەر ئەویش ئیجازەی ئیرشادی پێـداوە، کەواتـە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان ئەو دوو بنەماڵەیەدا هەبووە، بۆیە شێخ ڕەزا ژیانی خـۆی

بە سولێمانی بەستۆتەوەو خۆزگەش بە سەگی بەردەرگای کاکە ئەحمەدی شێخ دەخوازێت.

مەربووطە حەیاتم بە سولێمانیو خاکی

خۆزگەم بە سەگی قاپیەکە ئەحمەدی کاکی   شێخ ڕەزا

(شمر) سەرلەشکری سوپای ئەمەویەکان بوو، لەسەردەمی خەلافەتی زەیدی کوری معاویە، کاتێك هێرشیان کردە سەر بنەماڵەی عەلی کوری ئەبی طالب، خەڵکی عێراق بیعەتیان‌دا بە حوسێن کە ببێتە خەلیفەی موسڵمانان، بەڵام لە نزیك شاری کەربەلا کارەساتێکی گەورە ڕوویدا کە لە مێژوودا وێنەی کەمە، بنەماڵەی عەلی کوری ئەبی‌طالب زۆربەیان شەهید کران بەدەستی سوپای (شمر) بۆیە ئەم ناوە شوومە لە مێژوودا، لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا ڕەمزە بۆ شتی بەدو شوم، لێرەدا شێخ ڕەزا ئەو خراپەیەی دەرهەقی کراوە لەلایەن خزمو کەسەکانیەوە بەم ڕووداوەی دەچوێنێ، مەبەست لە ال عبا پێغەمبەر(ﷺ)و عەلیو فاطمەو حەسەنو حسێنە:

تعدایی کە با من اقربا کرد

ندیدم شمر با ال عبـــا کرد

چیرۆکی (اصحاب الکهف) لە قورئانی پیرۆزدا گەلێك بە ناوبانگە کە ژمارەیان لە نێوان (٣-٨) بووە لە ترسی زوڵمی پادشا دەقیانووس وڵاتیان بەجێهێشتووە سەگێکیان لەگەڵدا بووە (سَيَقُولُونَ ثَلَاثَةٌ رَابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ رَجْمًا بِالْغَيْبِ وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ قُلْ رَبِّي أَعْلَمُ بِعِدَّتِهِمْ) (الکهف- ٢٢).

اصحاب الکهف بە سەگەوە دەچنە بەهەشت، شێخ ڕەزا خۆی دەچوێنێ بەو سەگەی اصحاب الکهفو دەڵێ کێ بە ڕەوای دەزانێت سەگی اصحاب الکهف بچێتە بەهەشتو منیش سەگی بەردەرگای تۆم بچمە دۆزەخ چونکە تۆ لە اصحاب الکهف پایەبەرزتری دەچیتە بەهەشت، کەواتە سەگەکە شت لە سەگی اصحاب الکهف دەبێت

گەورەتر بێت، جا کە سەگی اصحاب الكهف بچێتە بەهەشت منیش سەگی بەردەرگای تۆمە دەبێت بچمە بەهەشت، شایانی باسە ئەم چوارینە لەسەر کێلی گـۆری شـێخ ڕەزا نوسراوە:

یارسول الله چه باشد چون سگ اصحاب كهف
داخلی جنـــت شـــوم در زمـــره اصـــحاب تو
او رود در جنـــت من در جهنـم كی رواســـت
او اصـــحاب كهـف من ســـگ اصـــحاب تو

بنەماڵەی (خادم السجادە) لە بنەچە خەڵکی (کۆیە)ن، بەڵام هەندێکیان کەوتونەتـە کەرکوك، بە ڕێکەوت بەرماڵێکی پێغەمبەریان کەوتۆتە لایانو خەڵکی بـۆ موتفـەرك دەچن ماچی دەکەن، ئەم بنەماڵەیە خۆیان بەخزمەتچی ئەو بەرماڵەی پێغەمبـەر(ﷺ) دەزانن، شێخ ڕەزا دەڵێت هەرکەسێك بچێت ئەو بەرماڵە ماچ بکات، بێ گومان خاوەن بەرماڵ ڕۆژی دوایی لە گۆڕەپانی مەحشەر شەفاعەتی بۆ دەکا:

ســـجادە شـــریفەیە تقبیـــل اید نلـــر
بێ شبهە در شفاعەت سجادە صاحبی

شێخ ڕەزا دەڵێت هیچ کەسێك نیە زیانی لێ نەکەوتبێت لەدەس زەمانـە، ئـادەم بـە فرتو فێلی تۆ هەڵخەڵەتا، گەنمت دەرخواردیدا تاکو لە بەهەشتا دەرکرا (وَقُالْ اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ) (الاعراف- ٢٤)

ادم به دسیسهً تو اغلواس
نه حبه سبب شدو نه حوا

قابیلو هابیل کوڕی حەزرەتی ئادەمن، قابیل هەستا بە کوشتنی هابیلی برای، بۆیە ئێستاش هەر کوشتنێك دەکرێت، قابیل تێدا بەشدارە، چونکە ئەو یەکـەم کـەس بـووە

کوشتنی داهێناوە، کەواتە زەمانە ڕێگا پێشاندەری هەزارەها کەس وەکو (قابیل)ـە، (فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ فَأَصْبَحَ مِنْ الْخَاسِرِينَ) (المائدة- ٣٠)

من سنگ زدم به فرق هابیل
ای رهنمای صد چو قابیل

ئەی زەمانە تۆ وەکو ئەو گورگە شەرمەزارەیت، کاتێك براکانی یوسف گوتیانە باوکیان یوسف گورگ خواردی‌و کراسە بە خوێنەکەیان بۆ هێنایەوە (قَالُوا يَاأَبَانَا إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِنْدَ مَتَاعِنَا فَأَكَلَهُ الذِّئْبُ وَمَا أَنْتَ بِمُؤْمِنٍ لَنَا وَلَوْ كُنَّا صَادِقِينَ) (یوسف- ١٧)

ماند به حدیث گرگ معجوب
یوسف نه ندریده، پیش یعقوب

شێخ ڕەزا لەخوا دەپاڕێتەوە، کە ڕۆژێکدا بێت زیارەتی کەعبە بکات بچێتە حەج، دیارە حەج یەکێکە لەو واجبانەی خوای گەورە لەسەر موسڵمانانی فەرز کردووە، هەر لەم سەفەرەدا حاجیان دەچنە زیارەتی گۆری پێغەمبەر(ﷺ)، لەو شوێنەشدا خۆی بکاتە قوربانی پێغەمبەر(ﷺ) بەڵکو بە هیممەت‌و بەرەکەتی ئەو پێغەمبەرە(ﷺ) خەم‌و خەفەتی لە کۆڵ ببێتەوە:

کی بود یارب گواف کعبه و زمزم کنم
بعد از ان رو در مزار سید عالم کنم
یارسول الله بحالم گوشهٔ چشمی فکن
تا شوم قربان تو خودرا خلاص از غم کنم

شێخ ڕەزا لە ئاستی گەورەی پێغەمبەر(ﷺ) دەستە وەستانە، هەرچەند زمان بزانێت، ناتوانێت باس لە گەورەیی ئەم ذاتە بەرێزە بکات چونکە مەدحی ئەو پێغەمبەرە(ﷺ) لە قورئاندا هاتووە (وانك لعلى خلق عظيم) هەروەها حەزرەتی عائشە(رضي الله عنها) دەربارەی دەفەرموێت: (کان خلق القران) کە واتە شێخ ڕەزا گەر عەرەبی‌و

فارسیو زمانانی تریش بزانێت بێسوودە، تەنها ئەوەندە نەبێت صەلاوات بۆی بنێری:

زبان فارسیم هستو لهجهٔ عربی
بصد زبان دیگر عاجزم ز نقد نبی
بقدر علم خدا از صلواتو سلام
بروح شاه وسالت: محمد عربی

حەزرەتی عیسا سلاوی خوای لێ بێت، کاتی خۆی خوای گەورە بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان (بَلْ رَفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا) (النساء- ١٥٨)، پێغەمبەری ئیسلامیش محمد(ﷺ) کۆچی دوایی کردووە لە ژێر خاکدایە، ئەوە تا گۆڕی پیرۆزی لە شاری مەدینەیە، شێخ ڕەزاش سەری سورمایە، کە بۆچی عیسا پێغەمبەر لە ئاسمانەو پێغەمبەری ئیسلامیش لە ژێر خاکدایە وەختە جەرگم بسوتێتو ببێتە کەباب، ناچار بووم پرسیارم کرد لە پیرێکی خاوەن عەقڵ کە ئەمە بۆ وایە؟

لە وەڵامدا فەرمووی هەردووکیان خراونەتە تەرازوو شای ئەنبیا گەلێك گرانو قورسە لە هەموو روێکەوە گەیشتە سەرزەوی، بەڵام ئەویتر سەرکەوت بۆ ئاسمانی چوارەم:

مسیح بر فلكو شاه انبیا بتراب
دلم ز اتش این غصه بس كه بود کباب
سؤال کردم ازین ماجرا ز پیر خود
چو غنچه لب بسخن بر گشود داد جواب
که قدر هردو بمیزان قدر سنجیدند
گه چون گرانتر ازو بود در همه ابواب
نشست کفهٔ میزان مصطفی بزمین
بآسمان چهارم مسیح شد بشتاب

هەموو مەفتوونی چاوت بریتیە لە ئاسۆی هەر بەرزو بڵندەوە، کە ئاسۆی پڕ کردبوو(مَا زَاغَ الْبَصَرُ وَمَا طَغَى) (النجم- ١٧)، روخساریشت وەکو چێشتەنگاو وایە کە رۆژی تیا هەڵدێ دنیا روناك دەبێتەوە (وَالضُّحَى) (الضحى ١) گەندەمووی ڕوومەتیشت وەکو شەوە کە روناکی تیادا ون دەبێت: (وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى) (الضحى- ٢)، (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) ئەمە هەموو هێزی بازووتە لەگەڵ ئایەتی (قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى) (النجم- ٩)، ئەو شتانەش کە لە بونەوەردا هەیە هەموو نیشانەو دەسەڵاتی خوایەو هیچی تر.

سرمه مفتون چشـم (ما زاغت)
نا نه دلریش خال هنـدویت
عـارضت (والضحى) خطت (والليل)
قل هو الله حرز بازويـت
(قاب القوسين) را نميدانـم
جـز کمانهای هردو ابرويـت
نسخهٔ کائنات‌و هرچه در اويسـت
شرح رمزی ز مصحف رويـت ل ١٧٠

شێخ ڕەزا وەکو مسوڵمانێکی خاوەن باوەڕ، بڕوای بە شەفاعەتی پێغەمبەر(ﷺ) هەیە، کە شەفاعەت بۆ موسڵمانان دەکات لە ڕۆژی حەشر جا داوا دەکات‌و دەڵێت یا رسول الله ئەو ڕۆژە بە گۆشەی چاویشت بێت تەماشایەکم بکە، لەسەر ئاوی (کەوثەر) یش دەرم مەکەو با لێوەکانم بەو ئاوە تەڕ بکەم، چونکە گەر کەسێك بیەوێت بەختەوەری دەست بکەوێت دەبێت ببێتە بەرقاپی تۆ:

کـن در از یا رسـول الله
نظری سوی من بگوشهٔ عين

بنـوازو مرانم از لـب حـوض

تر کن از اب کوثرم شـفتیـن

ای بکویت سعادت ابــدی ل ١٧٢

لە ڕۆژی عاشورا موسڵمانانی شیعە مەزهـەب شـیوەن دەکـەن بـۆ شـەهید بـوونی بنەماڵەی عەلی (ﷺ) ئەو بنەماڵەیە لە دەشتی کەربەلا لە ساڵی ٤١ کۆچـی شـەهید بوون، جا لەو ڕۆژە خوێن وەکو دەریا دەڕوات، خەڵکی لەسەرو سنگی خۆیان دەدەن لـە عەشقی ئەو بنەماڵەیە، دەنگی شینو هاوار دەچێتە ئاسمان:

در ماتم ال علی خون همچـو دریــا میرود

تیغ است بر سر میزند دەســت بــالا میرود

ازعشق ال بو الحسن این تیغ زنو ان سینەزن

داد فغان مردو زن تا عرش اعلــی میـرود ل ١٧٥

دوو گوڵە بۆنخۆشەکەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەکاتە حەسـەنو حوسـین، حوسـێنی لـە کەربەلا شەهید کرا گیانیان بووە قوربانی سەروماڵیان بەتاڵا چوون، دیارە نابێـت ئـەو خوێنەی کە بەناهەق ڕژا بە فیڕۆ بچێت:

پیرامون شمع خدا یعنی حسین مجتبــــا

جانها همی گردد فدا سرها بیغما میـــرود

کوتاه کن اینکار را بدعته مکو این کـــار را

این سوك ال حیدرست این خون نە بیجا میرود

دیارە شاعسر لەسەر تەریقەی قادریە، کە لە شێخ عبدالقادرەوە دەست پێدەکات، شێخ عبدالقادریش نەوەی ئیمـامی عەلیــە، بۆیــە هەست دەکرێـت ڕووداوی کەربـەلا کاریگەریەکی لەسەر شێخ ڕەزا هەبێت ڕێشی تێدەچێت لە شینی حەسەنو حسێنی لـە ڕۆژی عاشورا بەشداری کردبێت گەر هیچ نەبێت وەکو تەماشاکەرێك لە سۆزی بۆیـان

جولاٚبێ بۆیە دەبینین بکوژانی ال عەلی، یەزیدی کـوری معاویـەو شمـری سەرلەشـکری سوپای ئەمەوی دەڵێت چۆن دەستان چووە خوێنی بنەماڵەی پێغەمبەر(ﷺ)؟ ئـەوا لـە ڕۆژی عاشورا لە ناوچەی کاظمیـە کە شوێنێکە لە بەغدا شیعەکانی تێدا دەژین گـۆری ئیمام موسای کاظمی تێدایە خوێن وەکو گوڵاڵە سوورە دەڕوا تا دەگاتە تاقی کیسرا:

از ابن سعد بی وفا شامی شمر پرجفـــــــا

بر ال بیت مصطفی چندین تعدیٰ میـــــرود

بغداد گردد لالەگون در روز عاشورا بخــــون

و از کاظمین ان سیل خون طاق کیسرا میرود   ل ١٧٦

شێخ ڕەزا ئیمانی خۆی یەکەلا دەکاتەوە، کە باوەری بە تاكو تەنهایی خوای گـەورە هەیە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ)و یاوەرەکـانی، خۆشـی بـە دوور دەگرێـت بـە شـیعەکان، چونکە ئەم شیعانە جنێو بە کەسو کاری پێغەمبەر(ﷺ) دەدەن:

ایمان بخدا دارمو پیغمبرو اصـــحاب

نە شیعە سبابمو نە بابی ســـباب

سەرچاوەکان:

١- شێخ ڕەزای تاڵەبانی/ ژیانی پەروەردەی بیروباوەڕیو شیعری / د.مکرم تاڵەبانی دەزگای ئاراس/ ل ٣٦.

٢- شیعرو ئەدەبیاتی کوردی/ علاءالدین سجادی/ چاپخانەی معارف.

٣- شێخ ڕەزای تاڵەبانی/ ژیانی پەروەردەی بیروباوەڕیو شیعری/ د.مکرم تاڵەبانی دەزگای ئاراس/ ل ١٨.

ئـــــەدەب

ئەدەب (١٨٥٩-١٩١٦) یەکێکە لە شاعیرانی کلاسیکی کـوردی، یەکێکیـشە لـە درێژەپێدەری قوتابخانەی شیعری نالی.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدە لە کوردستانی باشور، نالی توانی قوتابخانەیەکی شـیعری کوردی دابهێنێت، ئەم قوتابخانەیە توانی هەرزوو بە زوو پـەلوپۆی خـۆی بهاوێـتو لـە بەشەکانی تری کوردستان بڵاو بێتەوە، بە تایبەتی لـە کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـدا، بۆیـە دەبینن (ئەدەب) یش کەوتۆتە بەرکاریگەری شیعری نالی، لە هۆنراوەکانیدا بـە روونـو ئاشکرا بۆنی شیعری نالی لێوە دێت.

ئەدەب بە گوێرەی بارو زرووفی سەردەمەکەی خۆی چۆتە بەر خوێندنو سەرەتاش لە حوجرە دەستی پێکردووە، فێری خوێندنو نوسـینو زانـستەکانی شـەرعی بـووە، بـەڵام چونکە ئەدەب کوڕی پیاوێکی بەدەسەڵاتو دەوڵەمەندو دەست ڕۆیـشتوو بـووە، پـاش فێربوونی ئەلفو بێ، باوکی لە گوندەکەی خۆیان (ئەرمەنی بلاغ) مامـوستای تایبـەتی بۆ رادەگرێت، پاش پێگەیشتنی، نوسەرێکی تایبەتی هەبووە، کـە ئـەوەش وایکـردووە ئەدەب یەکەمین شاعیری کلاسیکی بێت، لە ددامێنـی کتێبێکـی کۆنـدا ڕۆژی کـۆژی دوایی‌و ساڵی کۆچ کردنی بە تەواوی تۆمار کرابێت کـە بـەم شـێوەیە (وفـات مرحـوم عبـدالله خـان مـصباح دیـوان شـب شـنبه ١٩ جمـاد الاخـر ١٣٣٤) واتـە کۆچـی خوالێخۆشبوو عبدالله خانی مصباح دیوان شەوی شـەمە ١٩جـەمادی دووەم ١٣٣٤ی هیجری کە دەکاتە بەرامبەری ١٩١٦/٥/٢٢ز. [1]

ئەدەب هەروەکو موسڵمانێکی خاوەن عەقیدەی تەواو بروای بە ئەرکەکانی ئیسلام.

هەیە ئەوەتا لە هۆنراوەیەکی درێـژدا باسـی سـیفەتەکانی خـوای گـەورە دەکـات، لـە بەرامبەر باس لە خەیاڵی مرۆڤـ دەکات، کە ئەم خەیاڵە پڕوپووچـەی مرۆڤـ هەیـەتی هەرگیز لەگەڵ توانای گەورەیی ئەودا یەکناگرێتەوە:

ئەی حەدی کبریات وەرای فەهمی ماســیوا
وەی حەصری ئیعتیلان لە وەهمی مە ماوەرا

پێغەمبەر(ﷺ) لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت (کل شیء لم یبدأ بسم الله فهو ابـتر او اجدع) واتە هەرکارێك بە ناوی خوا دەست پێنەکرێت ئەو کـارە بەتاڵـە یـاخود بـێ بەرەکەتە.

ئەدەب وەك مرۆڤێکی باوەڕدار بـەخوا پێغەمبـەر(ﷺ) یـاخود بلـێین بـۆ جێبـەجێ کردنی ئـەو فەرموودەیـەی پێغەمبـەر(ﷺ) دەڵێـت چـۆن دەبێـت سـەرەتای نوسـینی هەرنامەیەکم بەناوی تۆ دەست پێنەکەم؟ یاخود سەرەتای ڕوودانی هەرکارێك بـە (هـو العلا) دەبێت دەست پێبکرێت.

چبکەم ئەگەر نەکەم سەری نامە بە نامی تۆ
چ بلێم ئەگەر نەڵێم سـەری دەفتەر هو العـلا ل ٤٣

وشەی ئەزەلو ئەبەد گەلێك جار بەیەکەوە دێت، گـەلێك کەسـیش ئـەم دوو وشـەیە بەیەکەوە لێکدراوەتەوە، بەڵام وشەی ئەزەل جیاوازە لە وشەی ئەبەدی.

وشەی ئەزەل واتە شتێك سەرەتای نـەبێت کۆتایـشی نیـە، خـوای گـەورە ئەزەلیـە چونکە نە سەرەتای هەیەو نە کۆتایی، بەڵام ئەبەدی شـتێکە سـەرەتای هەیـە، بـەڵام کۆتایی نیە، بۆ نمونە مرۆڤـ سەرەتای هەیە، واتە ڕۆژێك هەیە کە مرۆڤی تێدا دروسـت کراوە، بەڵام کۆتایی نایەت دەمێنێتەوە هەتا هەتایە.

ئەدەب دەڵێت سەرەتاو کۆتایی هەموو شتەکان بەدەستی تۆوەیە، سەرەتاو کۆتاییت نیە.

ئەووەڵ ئەتۆی‌و ئاخر ئەتۆ هەرچی ئەتۆی
نەت ئیبتدا لە ئەمەڵو نەت ئاخر ئینتها ل ٤٣

مەولەوی شاعیریش دەڵێت:

ئەزەڵو ئەبەد بە بێ بیـــدایـــەت
ئەبەدیو ئاخیر وەبی نیهـــایـــەت
ئەزەل پەیمانی دەگەڵ ئەبەد کـــرد
ئەزەل هەڵیگرد ئەبەد وایکـــــرد(٢)

خوای گەورە دروستکەری هەموو گیانلەبەرێکە (وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) (الانعام-١٠١)، وە رزقدەری گیانلەبەرێکە (وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الأَرْضِ إِلاَّ عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا) (هود- ٦)، کە خالق‌و رزاق‌و ستارو عەفو هەموویان بەیەکەوە لەناوە جوانەکانی خوای گەورەن، جگە لە خالق‌و رزاق عەیبی ئادەمیزادیش دادەپۆشێ، هەروەکو پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت (من ستر عيب المؤمن ستر الله عيبه) جگە لەوەش لە تاوانەکانی خەڵکیش چاوپۆشی دەکا (ان الله لعفو غفور) الجمع ١٦٠.

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) فێرمان دەکات کە بڵێن (اللهم انك عفو كريم تحب العفو فاعف عنا).

خەللاقی ئینس‌و جانی‌و ڕزاقی دام‌و دەر
سەتتاری عەیب پۆش‌و خەتابەخشی ذوالعطا ل ٤٣

ئەی خودای گەورە کە تۆ خالقی ئەو هەموو شتەی لەسەرووی هەموشیانەوە مرۆڤە ئەو مرۆڤەش لە سەرەتادا لە یەك دڵۆپە ئاو دروستکراوە (فَلْيَنظُرِ الإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ، خُلِقَ مِنْ مَاءٍ دَافِقٍ، يَخْرُجُ مِنْ بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ) (الطارق: ٥-٧)، لەم مرۆڤەش

چەند هۆزو نەتەوەی جیاجیا دروست کراوە (يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ) (الحجرات- ١٣).

تۆی ســاتیعی بەدیع لەیەك قەترە ئاوی خـــام

چەندین هەزار چیهرە دەکەی یەك لە یەك جودا ل ٤٣

ئەدەب دەڵێت خوای گەورە داهێنەرو دروستکراوی ئـەرزو ئاسمانـە، هەرچـی ئـەو شتانەی لە ئاسماندا هەیـە کـە مەبەسـت ئـەو هـەموو ئەسـتێرانەیە کـە هـەردەم لـە هاتوچۆدانە بەبێ ئەوەی هیچ یەکێکیشیان بەر ئەویتر بکەوێت، یاخود بە مانایەکی تـر بڵێن ئاسمان دەریایەکی سافە ئەستێرەمان مەلەی تێدا دەکەن هـەروەکو خـوای گـەورە دەفەرموێت: (لاَ الشَّمْسُ يَنْبَغِي لَهَا أَنْ تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلاَ اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ) (يس- ٤٠).

تۆی مویدیعی موحیتی سەماواتی سەرنگون

تا کەشـــتی کەواکیـــب تێدا بکەن شـــەنا ل ٤٣

گەردوون بەهەموو بەشەکانیەوە وە ئەوانەی لە زەویو ئاسماندا هەیـە دروسـتکراوی خوای گەورەیە، بۆیە کاتێك مرۆڤ بـیر لـە دروسـتکراوەکان دەکاتـەوە سـەری سـوڕ دەمێنێ لە دروستکراوەکانی، چونکە بە جـۆرێکی وردو سـەرنج ڕاکـێش دروسـتکراوە (وَإِلَى السَّمَاءِ كَيْفَ رُفِعَتْ، وَإِلَى الْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ)

سەتحو فەزا ئەگەر بەنەزەر پڕ مەشائیرن

لا شـي غير ذاتك في السطح والفضـــا ل ٤٣

شاعیر بڕوای تەواوی بە چارەنوس هەیە کە لە ئەزەلەوە بۆ مرۆڤ بڕیاردراوە کە واتە مەرج نیە کاتێك دوو هێزی دژ بەیەکتر یەکێکیان بـەهێزو ئـەویتریان بـێهێز بکەونـە کێشەو ململانێ هێزە بەدەسەڵاتەکە سەربکەوێت، کاتێك لە چارەنوس ئەم سەرکەوتنە نەنوسرابێ.

جارێك پێغەمبەر(ﷺ) (ابن عباس)ی لەگەڵ خۆیـدا ســواری وشـتری کردبـوو پێـی فەرموو ئەی غولام گەر هەموو دنیا بیەوێت زیانت پێبگەیەنێت ناتوانن گەر خوا حـەز نەکا لە چارەت نەنوسرابێت، هەر هەموو دنیا ناتوانن سودت پـێ بگەیـەنن گـەر خـوا مەیلی لەسەر نەبێت.

گەر دوو جیهان بە جدی قەزا مشوەرەت بکەن

لایقضـی المقتـــــدر الا بـما قضــــــــــی ل ٤٣

سیفەتی (رحمانو رحیم) دوو ناون تایبەتن لە خوای گەورە، ئەو خوایەی رەحمی زۆری هەیە بۆ مرۆڤەکان جا ئەگەر نیعمەتەکانی خوای گەورە بژمێرین لـە ژمـارە نایـە (وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لاَ تُحْصُوهَا) (ابراهیم- ٣٤)، بۆیە مرۆڤ هەموو کاتێك لـە ستایـشی خودا بێت هێشتا ناتوانێت هەقی ئەو نیعمەتانە بداتەوە (ما عرفنـاك حـق معرفتـكو ما عبدناك حق عبادتك).

گەر تۆ سپیهرو حەفت زەمین ببنە یەك زمان

یەك زەڕە کەی سەنای سیفاتت دوو جیهـــان ل ٤٣

بەخششو بەرەکەتی ئەوەندە زۆرە زەویو ئاسمـانی پڕکـردووە کـە ئـەوەش سـیفاتی (غنی) یە بەخششو بەرەکەتی بۆ مرۆڤەکان کە هەرکەسێك بەشی خـۆی بەردەکـەوێت کە ئەمەش سیفەتی (کریم)ی خوایە

خوانێکە نیعمـەتت بە سەراپای دوو جیهان

لە خوانە هەرکەسێ بەقەدەر قیسمەتی دەبا ل٤٣

خوای گەورە پلەی (کمال)ـەو بێ قسوورە ئێمەش مرۆڤی کەمتەرخەمو گوناهکـار، بەڵام چونکە تۆ غەفوری ئومیدمان بە عەفوی تۆ هەیە:

تۆ خالقی غەفورو ئێمە عەبدی پڕ قسـور

تۆ ساحێبی عەتاو ئێمە قالبی خەتـــا ل ٤٣

جا گەر خاوەن عەفو بیت تاوانبار، كێ هەیە پەنای بۆ ببەین؟ جگە لە خـوا كەواتـە گەر خوا بە عەفوی خۆی لێمان نەبورێ لە هەڵەكانمان چاوپۆشـی نـەكات كەسـێك نیـە دالدەمان بدات:

گەر تۆ گوناهی ئێمە نەبەخشی بە عەفوی خۆت

كێی دی هەیە بچینە پەناهـی بە ئیلتجـــــا ل ٤٣

كەواتە ئێمە توێشوی ڕۆژی سزامان نیە، بۆ ئەوەی بە ڕووی سپی بگەینە تـۆ بـەڵام چونكە تۆ تاوان بەخشی، ئێمەش لێت دەپاڕێینەوە بە گەورەیی خۆت لێمان ببورە:

غەیرەز ئەوەی موقەڕڕە، بە حەقیقـەت ئـەدەب

كوا تاعەتی كە بیبی بە ڕۆژی جـەزا سـزا ل ٤٤

خۆت دەستگیری گومرەهو عاسی بەرەحمی خـۆت

هەرخۆت مەگەر ئێمە لە مەعاصی بخەیتـە لا

ئەدەب ڕوو لە پێغەمبەر(ﷺ) دەكاتو دەڵێت بە لەدایكبوونت ئەرزو ئاسمان ڕووناك بۆوە، هەروەها هەموو زیندەوەران شانازی بەو پێغەمبەرە دەكـەن هـەتا فریـشتەكانی ئاسمان، ماسی ناو دەریاش، لەسەر لاپەڕەكانی مێژوو ئەوە دەخوێنێتەوە لە پێغەمبـەر (ﷺ) كە دایك بوو تاقی كیسرا لە ئیمپراتوریەتی ساسانی شەقی بـردوو ئـاگری ئـاگر پەرستان كوژایەوە: (انطفت نار المجوس وانشقت ایوان كیسرا)

ئەی نوری ئیهتیدات لە ماهی هەتا سەما

وەی فەخری ئیستیفات لە ماهی هەتاسەرا

حەزرەتی ئادەم سەلامی خوای لێبێت كە باوكی هەموو مرۆڤە (كلكم مـن ادمو ادم من التراب) بە یەكەمین پێغەمبەریش دادەنرێت، بەڵام پێغەمبەری ئیـسلام(ﷺ) كۆتـا پێغەمبەر، بەڵام حەزرەتی محمـد(ﷺ) لە جیهانی جیسم دواكەوتووە، كەچی لە جیهانی ڕۆحدا پێشكەوتووە:

ئەی شاهی ئەنیسیا، کە وجوودی شەریفی تۆ
ئەقدەمترە لە خیلقەتی مەخـلووقی دوو سەرا   ل ٤٥

لێرەدا ئەمەوێت ئەو هەڵەیەی بەڕێز محمد حەمە باقی ڕاست بکەمەوە کە دەڵێت ئەم بەیتە ئاماژەیە بۆ قورئان کە دەفەرموێ (كنت نبیو آدم بين التراب و الطـين (٣) نـازانم کام سورەتو ئایەت خوا ئەو قسەیە دەفەرموێت، دەبوایە کاك محمد دەستنیشانی ئـەو سەرچاوەی بکردایە:

ئادەم ئەبو بەشەر کە بە زاهیر لە سولبی وی
هێشتا قوڕی گەڵاڵە بوو تۆ خەتمی ئەنبیـــا   ل٤٥

لە دێـرە هـۆنراوەی سـەرەوە شـاعیر هــەر باسـی چـۆنیەتی دروسـتکردنو دەسـت نیشانکردنو هەڵبژاردنی پێغەمبەر(ﷺ) دەکات لە پێش دروستکردنی بونەوەر دەسـت نیشانی پێغەمبەرﷺ کراوە مەبەستیش لە دروستکردنی جیهان پێغەمبەر(ﷺ) بووە:

تۆ هەر ئەوەی کە حەزرەتی خالق بە دوی خەلق
مەنزوری هەر وجوودی ئەتۆ بوو لە ما ســـیوا   ل ٤٥

هەر دەوڵەتێك کاتێك سـەربەخۆیی وەردەگرێـت سـکەی پـارەی بــە نـاوی خۆیـەوە دەبێت، لێرەدا ئەدەب پێغەمبەرایەتی بە سکەی پارەی زێڕەوە چواندووە، بۆیە نـەدەبوو پێغەمبەریش بە ناوێکی ترەوە بووایە، جگە لە ناوی پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ).

رایج نەبوو تەلای نبوەت بە ئیسمی غەیر
بۆیە بە ناوی ئەشرەفی تۆ ســککە لێدرا   ل ٤٥

شەوڕەوی پێغەمبەر(ﷺ) لە شەوی ئیسراو میعراج ئیسپاتی هەیە بــە فـەرموودەی قورئان (سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِنْ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْـصَى الَّـذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّه هُوَ الـسَّمِيعُ الْبَـصِير) (الاسـراء- ١)، ئـەم سـەفەرەی پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوڕێیەتی جوبرائیل بۆ حزوری خوای گەورە تاکو (سـدره المنتهـی)

جوبریلی لەگەڵدا بوو، لەپاش ئەوە زیاتر ڕێگای پێنەدراوە (عِنْدَ سِدْرَةِ الْمُنْتَهَى) (النجم- ١٤)، ئەدەب دەڵێت دیارە ئەو کەسە زۆر بەڕێزو بە قەدرە کاتێك جوبرائیل بەڕێدەکاتو دەبێتە هاوەڵی لە هەمانکاتیشدا ئەو کەسە بەڕێزە لەلای زاتێکی گەورە دەعوەت کراوە:

ڕۆحولئەمین کە بەدرەقەی ڕەهـ بوو بۆ حزوور

تا سیدرە بوو ئیجازەی پەروازەی مونتەهـا

شاعیر دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) هێندە بە شەوقو حەسرەتەوە بەرەو ئەم سەفەرە ڕۆیشت لە ماوەیەکی کەمدا گەیشتە حزوری خوای گەورە، تەنانەت بەینی ئەوو پێغەمبەر(ﷺ) مابەینی دوکەوان بوو (فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى) (النجم- ٩)

تۆ خۆت بە باڵی شەوق فریت تا بە جێگەیەك

بەینی حدووس تاقیدەم دوو کەوانی مـــــــا

پێغەمبەر(ﷺ) هێندە گەورەو خۆشەویستە بۆیە دەعوەتکرا بۆ حەوت ئاسمانەکان بەڵام حەزرەتی عیسا کە ئەویش یەکێکە لە پێغەمبەرە (اولو العزم)ەکان لە چوارەمین تەبەقەی ئاسمانە بۆیە گەر هەوڵبداو کورسی لەژێر پێیەکانی دابنێ ناگاتە پلەو پایەی کە تۆ هەتە.

عیسا لە چەرخی چارەوە کورسی کە دابنێ

دەستی کوا بە کۆنگەرەیی قەدری تۆ دەگا ل ٤٥

لە موعجیزەکانی حەزرەتی موسا دار عەسای دەستی بووە، داوای کردووە خوا ببینێ (قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَن تَرَانِي وَلَكِنِ انظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَى صَعِقًا فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ) (الاعراف- ١٤٣)، هەروەها بۆ بەرپەچدانەوەی ساحیرەکان موسا موعجیزەی گۆچانی دەستی بەکارهێناوە کە هەرکاتێك فڕێیداوە

بووە بە ئەژدیها ماری ساحیرەکانی لـول ئـەدا (فَـأَلْقَى عَـصَاهُ فَـإِذَا هِـيَ ثُعْبَـانٌ مُـبِينٌ) (الاعراف- ١٠٧)، شاعیر دەڵێت گەر ڕێنمای تۆ نەبوایە، حەزرەتی موسا ئەم کارانەی بۆ نەدەکرا.

گەر تۆ نەبایە هادیی مووسا بەنەخلی تـوور
بۆ دەفعی سیحر چۆنی دەبوو ئەژدەها عەسا ل ٤٥

هەروەها بە ڕەحمی خوای گەورە حەزرەتی یونس سـڵاوی خـوای لێ بێـت لـە سـکی ماسیدا رزگاری بوو، کاتێك لە سکی ماسیدا تەسبیحاتی خوای کـرد، رزگـاری بـوو، گەر وانەبوایە هەتا رۆژی قیامەت لەناو سکی ماسیدا دەمایـەوە (وَذَا النُّونِ إِذْ ذَهَبَ مُغَاضِبًا فَظَنَّ أَنْ لَنْ نَقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَى فِـي الظُّلُمَـاتِ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ أَنْـتَ سُـبْحَانَكَ إِنِّـي كُنتُ مِنْ الظَّالِمِينَ) (الانبياء- ٨٧)،

ڕەحمت نەبایە ناجیی یوونس لە بەتنی حووت
تـــــا ڕۆژی ڕەســـتخێـز لە دەریـــــادا ل ٤٥

قورەیشەکان داوای موعجیزەیان لە پێغەمبەری(ﷺ) کرد کـە مـانگ شـەق بکـات پێغەمبەریش(ﷺ) بە پەنجەی ئیشارەتی مـانگی کـرد مـانگ دوولـەت بـوو (اقْتَرَبَـتْ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ) (القمر ١).

ئەنگوستی تۆ ئەگەر نیە ڕەهبەر بە نبیــەتت
بۆچی ئیشارەتت مەهی دوو هەفتە شەق دەکا ل ٤٥

پێغەمبەر(ﷺ) گەلێك لەوە گەورەترە کە من ستایشی بکـەم بـە هـۆنراوە، چـونکە پێغەمبەر(ﷺ) لەوە تێپەڕ بووە خوای گەورەی کردووە، جـا هەرکەسـێك بیـەوێت بـە هۆنراوە باس بکات، ئەوە مەبەستی ئەوەیە خۆی بە پێغەمبەر(ﷺ) هەڵبداتەوەو خۆی پێ هەڵبکێشێ:

قەدرت لەوەی ئەجەلە بە قوربانی خاکی پـــات
تا شـــەئنی بە مـــەدحێ ببێ عولـــوو ئیرتیقا ل ٤٥

مەدحەتگەرت بە مەدحی ئەتۆ خۆی دەکا بلیند
گەر نە سەزایی قەدری ئەتۆ کوا هەیە ســـــەنا

منیش کە دێم بە هۆنراوە باسی گـەورەیی پێغەمبـەر(ﷺ) دەکـەم هـەر مەبەسـتم ئەوەیە بەهۆی ئەو پێغەمبەرەوە کەمو کوڕی خۆم بشارمەوە

قەسدی منیش لە عەرزی جەسارەت بە حەزرەتت
جوبرانی نەقسی حاڵە بە نامت لە (ما معنـــــی)

گەرمن پیاوێکی باش بم یان خراپ، ئەوا بەهەر شێوەیەك بێت ئومێـدێکی زۆرم بـە شەفاعەتی پێغەمبەر(ﷺ) (ئالی عەبا) هەیە کە بریتین لـە پێغەمبـەر(ﷺ)و عـەلیو فاطمەو حەسەنو حوسین (رضي الله عنه) کاتێـك پێغەمبـەر(ﷺ) هـەموویانی لـەژێر عەباکـەی خۆی دانا، منیش هێندەم بەسە لە ڕۆژی مەحشەردا لەژێر چەتری ئەودا شـەفاعەتێکم بۆ بکا، چونکە من خۆ بە کردەوەکانم ڕووم ڕەشەو ناتوانم بـچمە حـزور، بـەڵکو وەکـو ئالی خۆت لەژێر ئەو عەبایە جێگام بکەیتەوە

گەر ساڵحە ئەدەبو گەریش (تالحی) شـەهی
ئومیدەواری عەفووتە تۆ خەمسەیی عەبـــا
هێندەم بەسە لە حەشر کە چەتری شەفاعەت
من روو سیەهـ لە سایەیی رەحمت وەلانەخـــا

بەهائەدین محمـد دامەزرێنـەری تەریقـەتی نەقشبەندیە، بۆیـە سـۆفیەکان لـەکاتی تەنگانە هاواری بۆ دەبەن، ئەدەب لەلای شاهی بوخارا دەپاڕێتەوە بۆ خۆشەویستەکەی کە هێندە بە تەنگ ئەوینی راستەقینەوەیە، بـەڵکو ئەمـە خوایـە بەبەرەکـەتی پـیری بوخارا داواکاریەکانی بێتەجێ

ئەدەب بەو غایەتی تۆ پای بەنـــــدی
بە فریادت بگا شاهی بوخـــــــارا   ل ٢٩٦

هەناسە شیرینەکانی یار هەردەڵێی هەناسەی حەزرەتی (عیسا)یە کاتێـك فـووی بـە مردوودا دەکرد، زیندووی دەکردەوە (فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِي وَتُبْرِئُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ بِإِذْنِي وَإِذْ تُخْرِجُ الْمَوْتَى بِإِذْنِي) (المائدة- ١١١)

بەم تەرزە کە جانپەروەر نوتقی شەکەرینـــــت
ئەنفاسی مەسیحێکە، لەناو دورجی گەوهەردا   ل ٢٩٩

موعجیزەی حەزرەتی عیسا ئەوەندە بوو کـە مـردووی زینـدوو دەکـردەوەو کـوێرو بەڵەتی خۆش دەکردەوە بە ئیزنی خوای گەورە، بەڵام ئیمڕۆ ئەو هەناسـانەی لـە نێـوان لێوەکانت دەردەچێ جارێکی تر گیانێکی بەبەردا دەکاتەوە، کە جیاوازیم هەیـە لەگـەڵ گیانلەبەرانی تردا:

ئیعجازی هەرچی بووبێ، مەسیحا لەکەمو زۆر
ئەمڕۆ لە لەبی تۆ بەچە تەرساوە، سـەری کرد   ل ٤٦٢

لە شوێنێکی تردا هەر دەربارەی موعجیزەی عیسا پێغەمبەر کە مردووی زیندوو دەکردەوە دەڵێت:

تا پێدەکەنی، موعجیزەی عیسا دەشـــکێنی
غەیرەز لەبی تۆ، کێ بکا: خەندە بە ئیعجاز؟   ل ٥٢٦

دیسان دەڵێت تۆ هەروەکو عیسا پێغەمبەر، گەر یەکێك سەدساڵیش بێت مـردووبن دەتوانیت بە هەناسەکانی خۆت زیندووی بکەیتەوە، چونکە نهێنـی قـسەکان لەوەدایـە کە خاوەنی موعجیزەی

جان دێنییە بەر موردەیی سەد ساڵە بە گوفتار
ئەنفاسی مەســیحە ئەمە بە خودا نە کەلامە   ل ٧٣٦

ئەدەب خۆشەویستەکەی لەلا هێندە جوانە پێی وایە ئەمە لە مرۆڤـ ناچێت بـەڵکو وەکو فریشتەیە، چونکە لەو قەناعەتە نیە مرۆڤـ هێندە جوان بێت، هەروەکو بەسەرهاتی

حـەزرەتی یوسـف پێغەمبـەر کاتێـك خێزانـی عـەزیزی میـسر کۆمـەڵێك ئـافرەتی بانگهێشت کردو هەریەکەی چەقۆیەکی دایە دەستیان، ئینجا یوسـفی پـێ پیـشاندان، سەرسام بوون بە جوانی یوسفو دەستی خۆیان بری گوتیان: (فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هَذَا بَشَرًا إِنْ هَذَا إِلاَّ مَلَكٌ كَرِيمٌ) (یوسف- ٣١).

ئەو طەلعەتی حۆراییو لوتفی مەلەك ئاسات
حاشا کە کەسێك دیویە لە تەرکیبی بەشەردا ل ٣٠٠

ئەدەب گەلێك لەخۆی ڕازیە کە ڕێبازی شیعری ڕێچکەیەکی تایبەتی خۆی گرتـووەو خـەڵکی لاسـایی دەکەنـەوە، شـیعرەکانی کـە لـەدەم دەردەچـێت یەکـسەر خـەلکی دەیقۆزنەوە، هەروەکو چۆن مەسیح مردووی زیندوو دەکردەوەو دەبووە شیفای نەخۆشی ئاوا شیعری ئەدەب لەو تەرزە قسانەیە.

ئیقتیفا دەکرێ بە تەرزی شـــــیرینت ئەدەب
گەر موداوا بێ بە ئیعجازی مەسیحا ئیکتیفا ل ٣٢٨

ئاوی کەوثـەر لە هەنگوین شیرینترو لە شیر سپیترە، ئەهلی بەهەشت لێی دەخۆنەوە، ئەم ئاوە خەڵاتی پێغەمبەر(ﷺ) کـراوە (إِنَّـا أَعْطَيْنَـاكَ الْكَـوْثَرَ) (الکـوثر- ١)، مـاچ کردنی دەمی یار هەرچی شیرینی هەیە هەموو بردو هیچی نەهێشتو نـاوو ناوبـانگی شیرینی کەوثەری برد.

شەهدی دەمی قەدری نەباتی نەهێشـــت
وەك لە لەبی لـەززەتـــی کەوثەر شـــکـا ل ٣٣٧

باوکە ئادەم دەمێك لە فیردەوسە لەسەر ئاوی کەوثـەر دانیـشتوە لێـی دەخواتـەوە، ماوەیەکیش لە فیردەوس دەرکراوە، بەڵام لە کەنار لێوەکانی یار دانیشتوە هەروەکو ئاوی کەوثەر وایە.

گا ساکینی فیردەوسو دەمێ خاریجی جەننات
گاهێ لە لەبی کەوسەرو کونجی دوولەبی یـــار ل ٤٨٤

ئێستا کاتی ئازارو سزادانە، نەخێر ئەمشەو کاتی خۆشیو رابواردنە لەگەڵ یەکتری، سەری کوڵمو روومەتیشی وەکو چرا دەدرەوشێتەوە هەروەکو نوری خودا، سینەش هەروەکو باخو باخاتی بەهەشت وایە هەنگوینی دەم ز زاری هێندە شیرینە توانج پلار لە ئاوی کەوسەر دەدا.

فەرمووی کە: چە هەنگامی گلەو وەقتی ئەزایە

ئەمشەو: شەوی عەیشو تەرەبو سوعو سەفایە

سەیری سەری کوڵمەم کە دەڵێی نووری چرایە

سینەم کە دەڵێی ڕەوزی ڕیزوانی خودایە

شەهدی دەهەنم کە دەدا تەعنە لە کەوسەر ل ٥١١

قسەکانی تۆ هێندە شیرینە خۆشی دەبەخشێتە گیانو دڵ، کە ئەمە وای کردووە وەکو هەناسەی مەسیح روح بە لەش ببەخشێتەوە، یاخود سەرەتا قسەکانت لەگەڵ ئاوی کەوسەر تێکەڵ دەکەیت، ئینجا دەیدرکێنی بەمەش نەمری مسۆگەر دەکەیت:

نوتقی ڕوح ئەفزانە لەو لەعلی لەبی جانبەخشدا

یا بە ئاوی زیندەگیی حەوزێکی کەوثەر تێکەڵە ل ٧٣١

خۆزگە بەو خاڵەی کە لەسەر لێوتە دەڵێی کافرێکی دۆزەخیە کە لەسەر ئاوی کەوثەری لێوت دانیشتوەو لێی دەخواتەوە، دیارە کافریش ناگاتە سەر ئاوی کەوثەر، بەڵام شاعیر خاڵی سەرلێوی بە کافرو لێوی بە کەوثەر چواندووە:

خۆش بە حاڵی خاڵەکەی هیندوو لەسەر گەنجی لەبت

کافرێکی دۆزەخیی، سەیری لەبی کەوثەر دەکا ل ٣٤٤

ئەدەب بەچاوی خۆی تەماشای خۆشەویستەکەی دەکا، لای وایە هەرچی کچانی جوانی دنیا هەیە کە وەك فریشتە وان دێن تەماشای تۆ دەکەن پڕبەدڵ حەسرەت هەڵدەکێشن دەڵێن (یا لیتنی کنت تراب)، کاتێك ئەهلی دۆزەخ سزادەدرێن خۆزگە دەخوازن دەڵێن خوایە خۆزگە دەبوینە خۆڵ، ئاواش ئەو کەسانە کاتێك خۆشەویستی

ئەدەب دەبینن ئەم خۆزگەیە دەخوازن.

هەر فریشتە تەلعەتێك، فەخری بە نووری خیلقەتە
هاتو ڕووی نوێ دی دەڵێ (یا لیتنی کنت ترابـا) ل ٣٧٠

ئەدەب ئاماژە بە کێوی طور دەکا، کاتێك موسـا پێغەمبـەر داوای بینینـی خـوای کرد.خوای گەورە نوری خۆی پیشان دا، کە لە بنـاری ئـەو کێـوە دارخورمـا هـەبووە. (فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَى صَعِقًا) (الاعراف- ١٤٣).

روخساری فروزندە طەرازی قەدی نەخلت
نورێکە تەقازایی تەجەللایە لە بـــالاَت ل ٣٩٥

بسکەکانتو کاکۆڵەکانت هەمان شـێوەی حـەزرەتی عیـسایان هەیـە چـۆن عیـسا پێغەمبەر(ﷺ) موعـجیزەی مردوو زیندوو کردنەوەی هەبوو؟ تـۆش بـە هـەمان شـێوە دەتوانی مردوو زیندوو بکەیتەوە

گوڕەت بە دەمێ دەکا زیندە سەد دڵی میردە
ئیعجازی مەسیحێکە دەکا زولفی چەلیـپات ل ٤٠٤

هـەر کاتێـك زوڵفـت لەسـەر دەمو چـاوت لادەکـەوێ، چـاوەکانت بـەدیار دەکـەون دەدرەوشێنەوە، هەروەکو چۆن حەزرەتی موسا دەستی لـە باخـەلیا دەنـاو دەریـدەهێنا دەستەکانی سپی دەبوو دەدرەوشایەوە (وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْـرِ سُوءٍ آيَةً أُخْرَى) (طه- ٢٢).

بە غەمزێکت لەسەر کوڵمت وەلاچوو زلەتی گێســـو
یەدی بەیزای هەیە قوربان، دەڵێی ئەو چەشمی بیمارت ل ٤٠٨

لە شوێنێکی تردا دەڵێت لە شەودا ڕۆژهەلاَت، تاریکای شەو بەسـەرچوو روناکی دنیای داگرت، هەروەکو چۆن موسا پێغەمبەر دەسـتی لـە باخـەلیا دەردەهێنـا سـپی دەبوو دەدرەوشایەوە:

لە شەودا ڕۆژ تلووعی کرد سیاهی شەو فەنا بوو، چوو
یەدی بەیزایی نواند دیسان دڵی فیرعەونی سـەحـارم ل ٥٧٨

بە لەدایکبوونی پێغەمبەر(ﷺ) دنیا روناك بۆوە، ئیمپراتۆریەتی ساسانی لە نزیك بغداد (سلمان پاك) کە ئەو شیروان سەرۆکایەتی ئیمپراتوریەتی فارسەکانی دەکرد، ئەو لە دایکبوونەی پێغەمبەر(ﷺ) سەرەتایەك بوو بۆ لەناو بردنی ئەو ئیمپراتوریەتە، هەر لەو رۆژەدا تاقی کیسرا شەقی برد (انطقت نار الجوی‌و انشقت ایوان کسرا)

بۆ شکستی قەسری دینم جوتە ئەبرۆی تاقی تـــۆ

چونکە نووری ئەحمەدی بوو تاقی کیسرا بووشکست ل ٤١٤

خدری زیندە دەڵێن ئاوی حەیاتی خواردۆتەوە، هەتا رۆژی قیامەت نامرێت، کەواتـە ئەو کەسەی مژگێنی هێنا گیانی خستەوە جەستە ئـەمری پێبەخـشی هـەروەکو چـۆن خدر نامرێت ئەویش نەمری پێبەخشین:

قاسید مەگەر خوجەستە قەدەمی خدری بوو، کەوا

مژدەی حەیات‌و زیندەگی جاویدان گەیشـــــــت ل ٤١٩

من مردبووم پێش ئەوەی تۆ بێیتە لام، بەڵام وا ئێستا زینـدوو بومـەوە گـەر لێـشم دەپرسی چۆن؟ لە وەڵامدا دەڵێم هـەلێکم بـۆ ڕەخـسا تـوانیم خـۆم بگەیەنمـە دەمـت‌و هەناسەت هەڵمژم، ئەو هەناسەشت وەکو ئیعجـازی مـسیح وایـە کـە چـۆن مـردووی زیندوو دەکردەوە:

ئەمرۆ ئەدەب کە مردبوو زیندووت کـــــــــردەوە

فەرموو بەچی؟ بە ماچی وەك ئیعجازی ئەمشەوت ل ٤٣٨

ئەنگوستیلەی حەزرەتی سلیمان واتە ئەو ئەنگوستیلەیەی کە لە پەنجەی حەزرەتی سلێمان بوو، دەیتوانی هەرچی بیەوێت بیکـــــات، منیش وام هەســـــت کرد ئەو ئەنگوستیلەیەم لـە لایـە بۆیـە دەتـوانم هەرچـیەکی بمـەوێت ئـەنجامی بـدەم، بـەڵام ئەنگوستیلەی تۆ بەهێزتر بوو رووت لێ وەرگێڕام من هیچم پێنەکرا:

ئەو دەمەی ماچی لەبت، خەوفی عیتابی تۆم نەبوو

خاتەمم پێ بوو کە من یادی (سلێمان)م نەکـــــرد ل ٤٥٨

قورەیششیەکان داوای موعجیزەیان لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد کە مانگیان بۆ شەق بکات، خوای گەورە ئەو کارەی بۆ ئاسان کرد، پێغەمبەر(ﷺ) بە پەنجەی ئیشارەی کردو مانگ بوە دوولەت (اقْتَرَبَتْ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ) (القمر- ١):

هەرکەس لە توانای نەزارەی مە بە ڕوونـــــی بێ

حەققا بەنەزەر موعجیزەی (شەقولقەمەر)ی کـــرد ل٤٦٢

هەرکەسێك بۆ جارێك تۆی دیبێ‌کە رووت وەکو بەهەشت وایە، ئیتر ئەو تەوقە ئەکرێتە (مل) هەتا ڕۆژی قیامەت کە فوو دەکرێت بە نەفخی صور (وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَإِذَا هُمْ مِنْ الأَجْدَاثِ إِلَى رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ) (یس- ٥٠):

هەرکەسێ جارێ ئەتۆی دیبێو بەهەشتی تەلعـــەتت

چەنبەری موو تەوقی ملیە تا بە وەقتی نەفخی سوور ل ٤٩٥

حەزرەتی موسا بە (کەلیم) ناسراوە، چونکە لە کێوی طور قسەی لەگەڵ خودا کردووە (وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَى تَكْلِيمًا) (النساء- ١٦٤)، بەڵام گەر حەزرەتی موسا تۆی دیبا، پێویستی بەوە نەدەبوو بچێتە سەرکێوی طور قسە لەگەڵ خودا بکات:

گەر لە (ئەیمەن)دا تەجەللای ڕووی تۆی دیبا (کەلیـــــم)

بۆ بەشەر هێندەی مەسافەت بۆی دەچوو سەرکێوی طور؟ ل ٤٩٧

بەهەشت پڕە لە حۆری (حُورٌ مَقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ) (الرحمن- ٧٢)، ئەو حۆریانە هێندە جوانن، جوانی وا لە دنیادا نیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەوانە ناگەنە جوانی تۆ

با خولدی بەرین پڕبێ لە قیلمـــــانو لە حـــۆری

باوەڕ مەکە بیبێ وەکو تۆ صـــــورەتی مومتــــاز ل ٥٢٣

پێش هاتنی پێغەمبەر(ﷺ) سەردەمەکە لە رووی ئاینیەوە پێی گوتراوە سەردەمی (فەترەت) واتە دین نەماوە، بۆیە خوای گەورە دوا پێغەمبەری نارد کە خاتەمە، لە هەمانکاتیشدا خاتەم بە مانای ئەنگوستیلەش بەردی گرانبەهای دادەنێن بۆ جوانی

کەواتە پێغەمبەر(ﷺ) خاتەمەو بەردە گرانبەهاکەش ئاینە:

دین نەما بوو بێ وجوودت دین بەتۆوە نەقشی بەست

دین نگین تۆ بووی بە خاتەم ئەو موسەجەع تۆ عەقیق ل ٥٣٤

ئەو سەرچاوەی کە بەهەشتیەکان ئاوی لێ دەخۆنەوە لە بەهەشت ناوی (سەلسەبیل)ـە، بەڵام ئەم سەرچاوەیە گەر تێکەڵ بە بۆنی خۆشی تۆ نەبێت، وەك ژەهرتاڵ دەبێت، بەڵام بە هۆی بۆنو بەرامەی تۆوە خۆش بووەو بەسەر خەڵکیدا دەبەخشرێتەوە (عَيْنًا فِيهَا تُسَمَّى سَلْسَبِيلاً) (الانسان- ١٨)،

حەنزە لە بێشەربەتی میهرت لە مینوو سەلسەبیل

سەلسەبیلە بێمەزەی قەهرت لە میناد ا ڕەحیق ل ٥٣٠

دلە سەردەمی موسا پێغەمبەر هونەری سیحرو جادووگەری باوی هەبوو بۆیە خوای گەورەش موعجیزەیەکی وایدا بە حەزرەتی موسا، کاتێك ئەو گۆچانەی دەستی فڕێ دەدا دەبووە ئەژدیها (قَالَ هِيَ عَصَايَ أَتَوَكَّأُ عَلَيْهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَى غَنَمِي وَلِيَ فِيهَا مَآرِبُ أُخْرَى ۞ قَالَ أَلْقِهَا يَامُوسَى ۞ فَأَلْقَاهَا فَإِذَا هِيَ حَيَّةٌ تَسْعَى)(طه: ١٨-١٩)، موعجیزەی دووەمی حەزرەتی موسا هەرکاتێك دەستی لە باخەلیا دەناو دەری دەهێنا دەستی سپی دەبوو دەدرەوشایەوە (وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ آيَةً أُخْرَى) (طه- ٢٢)،

موعجیزەی مووسای لەناو دوو ئەژدەهادا جیلوەدا

پێم دەڵێ یەك میهری ڕووو یەك زولفی وەك ثوعبانە ل ٧٤٤

حەزرەتی یوسفی کوری یەعقوب یەکێکە لە پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل، ئەم پێغەمبەرە بە جوانی ناسراوە (وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هَذَا بَشَرًا إِنْ هَذَا إِلاَّ مَلَكٌ كَرِيمٌ) (یوسف- ٣١)، کە زولیخای خێزانی عەزیزی میسر عەشقی جوانی ببوو، ئەوا منیش لەبەر جوانی سەرتاسەریت لە جیهاندا بومە ئەسیرو لەناو چاڵدا تووشی میحنەت بووم (چونکە یوسفی میسریش لەناو چاڵدا فڕێ درا هەتا کاروانێك هاتن

دەریانهێنا (قَالَ قَائِلٌ مِنْهُمْ لاَ تَقْتُلُوا يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ) (يوسف- ١٠)، کاتێکیش زولیخا بوختانی کردو شکایەتی لە یوسف کرد لای مێردەکەی، یوسف خرایە زیندانەوە لەسەر قسەی زولیخا (قَالَتْ مَا جَزَاءُ مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُوءًا إِلاَّ أَنْ يُسْجَنَ أَوْ عَذَابٌ أَلِيمٌ) (يوسف ٢٥):

لەبەر حوسنی جیهانگیرت ئەسیری چاهی میحنەت بووم
عەزیزم بۆ زولیخایە کە یوسف بەندی زیندانــــــــــــە

سەرچاوەکان:

١- دیوانی ئەدەب/ کۆکردنەوەو بەراورد، ساغ کردنەوەو فەرهەنگ/ محەممەد حەمە باقی/ دەزگای ئاراس، ٢٠٠٥.
٢- عەقیدەی مرضیە/ مەولەوی/ شەرحو لێکدانەوە مەلا عبدالکریمی مدرس.
٣- دیوانی ئەدەب لاپەرە ٢٨٥.

وەفـــایـــی

وەفایی ناوی حاجی میرزا عبدالرحیم، کـوری مـەلا غـەفوره لـە شـاری سـابلاغ - مەهاباد هاتۆتە دونیاوه، وه هەر لەوێشدا خوێندنی بە پایان گەیاندوه، پیری نـەهری- بەهەشتی شێخ عوبیدللا عاشق‌و شەیدای شیعرەکانی بووه. وەفـایی بـانگ کردۆتـەوه لای خۆی ئەویش چوه لەوێ بووه بە هاوزازو نوسەری تایبەتی شێخ.

وەفایی دوو جاران دیدەنی ماڵی خوای کـردووه، جـاری سـێیەم هاتۆتـە سـولەیمانی لەتەك شێخ سەعیدی حەفیدو سەید ئەحمەدی خانەقاو حاجی توفیق بـەگ - پیرەمێـرد ئەمجارەیش بۆ ماڵی خوا بەرێ کەوتوه، ساڵی ١٩٠٢ زایینی لە چۆلی شـامدا کۆچـی دوایی کردووه، هاورێکانی لەو دەشتە دێمە ناشتویانە.(١)

وەفایی هەروەکو شاعیرانی تری کلاسیکی کوردی، گەلێك لایـەنی ون‌و شـاراوه لـە ژیانیـدا هەیـە، وەکـو سـاڵی لـەدایکبوون‌و کۆچـی دوایـی کردنـی‌و بـاری ژیـانی کۆمەلایەتی‌و کارو پیـشەی، لەمانـەش گـرنگتر مێـژووی دانـانی هۆنراوەکـان لـەلای شاعیرانی کلاسیکی باو نەبووه، نازانرێت کەی هۆنراوەکانی دانـاوه، چـونکە مێـژووی دانانی هۆنراوەکان یارمەتی دەرێکی باشە بۆ لێکوڵەرەوه.

وەفایی لە حوجرەی مزگەوتەکان دەستی بە خوێندن کردووەو بۆتە مەلا، بـە قـسەی ماموستایان هێمن‌و عبـدالرحمن زەبیحـی، وەفـایی لـە شـاری سـابلاغدا قوتابخانـەی هەبووه، دەرسی بە منداڵان وتووه (٢)، جگە لەوەش وەفایی گـەلێك نزیـك بـووه لـە شێخ عوبیدللای نەهری کە جێگەی بـڕواو متمانـەی شـێخ بـووه، لەهـەمان کاتیـشدا نووسەری شێخ بووه لەو ڕۆژەوه چۆتە خزمەتی شێخی نەهری لە ساڵی ١٨٦٦ ز هەتا

کۆچی دوایی شێخ لەساڵی ١٨٨٧ زاینی.(٣)

وەفایی هەتا لە جیهاندا بووە، گلەیی زۆری لێکراوە، گوایە شیعرەکانی بۆ جوانی سروشتو خەتو خاڵو ئەگریجەی ئافرەتان نوسیوە، ئەو گلەییەی خەڵکی وەفایی نیگەرانو غەمگین کردووە، لەدوا سەفەری حەجیدا بە پیرەمێردی شاعیری گوتووە، خەڵکی پێم دەڵێن هۆنراوەکانت بۆ ئافرەت نووسیوە لە راستیدا وانیە، بەڵکو هۆنراوەکانم بۆ خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) نووسیوە، ئەوا دەچم بۆ حەج گەر هۆنراوەکانم بۆ خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) نووسیبێ ئەوا لەوێ دەمرم ە لەلای پێغەمبەر(ﷺ) دەمێنمەوە، ئەگەرنا دێمەوە.

پیرەمێرد دەڵێت لەم سەفەرەیدا بۆ حەج وەفایی کۆچی دوایی کردو لە لمو چۆلی عەرەبستاندا بەدەستی خۆم ناشتم (٤)، گەرچی ئەم قسەیەی وەفایی لای هەندێك لە لێکۆڵەرەوانی شیعری وەفایی جێگای گومانە (٥)، رەنگە هۆیەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە هۆنراوەکانی بەدەنگی گۆرانی بێژانەوە گوتراون.

پاش لەچاپدانی بیرەوەریەکانی وەفایی لەلایەن (حەمەی حەمە باقی)یەوە، کە ئەم بیرەوەریە بە دەستخەتی وەفایی خۆی نوسراوەتەوە لە ساڵی ١٨٩٥ زاینی بە فەرمانی شێخ عەبدولقادری دەهری نووسیویەتیەوە، هەر ئەویش بریاری دابوو لە ئەستەمبول بۆی چاپ بکات، بەڵام رێکنەکەوت تاکو ئەم دەستنوسە لە کتێبخانەی موحەممەدحزر دۆزرایەوە، بە چاپکردنی ئەم بیرەوەریانەی وەفایی گەلێك لایەنی شاراوە لەسەر کەسایەتی وەفایی هەڵدراوەتەوە، بگرە زۆر لایەنی مێژوییش لەسەر شۆڕشەکەی نەهری لەم بیرەوەریانەی وەفایی بەدیار دەکەوێت کە وەفایی چ دۆستو موریدێکی دڵسۆزی شێخ بووە، چ سۆزو ئەوینێکی بەهێزی بۆ شێخ عوبیدللاو شێخ عەبدلقادری کوڕی هەبووە، زۆربەی هۆنراوەکانیشی بۆ خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ)و ئەو بنەماڵەیە گوتوە، کە ئەمەش ئەم تارمایە ئەڕەوێنێتەوە کە خوێنەرانو لێکۆڵەرەوان لەسەر وەفایی هەیانبوو کە دەیان گوت وەفایی هۆنراوەی بۆ جوانی ئافرەتان نوسیوە.

وەفایی شاعیر لە هۆنراوەیەکدا کە بۆ خۆشەویستی پێغەمبەری(ﷺ) نوسیووە دەڵێت ئومێدم بە پارانەوەو شەفاعەتی پێغەمبەر(ﷺ) هەیە لە ڕۆژی دوایی.

کاتێك وەفایی دەچێتە سەر گۆڕی پێغەمبەر(ﷺ) ڕووی نیە لێی نزیك بێتەوە هەروەکو ئەو دزەی کە بەرامبەر خاوەن ماڵ گەردەن کەچ ڕادەوەستێت هیچ ڕووی قسەکردنو سەرهەڵبڕینی نیە:

یاڕەسولەڵلا دەخیلەك ڕوم نیە بێمە حـــوزور
وەك دزان گەردەن کەچو شەرمەزار وێستام لە دوور

مرۆڤ لە ژیاندا کارو کردەوەی چاکە دەکات بۆ ئەوەی سەرمایە کۆبکاتەوە بۆ ڕۆژی دواییو رزگار بوون لە ئاگری دۆزەخ، هەروەکو پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (الدنیا مزرعة الاخرة) بەڵام ئەو کەسانەی ئەو سەرمایەیان نیە لە ڕۆژی دوایدا ڕەنگ زەردن لە ترسان هەروەها ڕوورەشیش بەرامبەر بە خوای گەورە، نەخوازەلا ئەوانەی پیرنو موویان سپی بووە، جا ئەو کەسانە هێندە پەشیمانن هەتا فرمێسکی سوور لە چاویان دێت، دیارە وەفایش خۆی بە یەکێك لەوانە دەزانێت:

گەرچی سەرمایەم نیە خۆ موستەحەقی ڕەحمەتـــە
ڕەنگی زەرد ڕوویی ڕەش موویی سپیو فرمێسکی سوور

ئەم بێسەرمایەی وەفایی لەوەوە دێت کە تووشی هەوای نەفس بووە، ئەو نەفسەی کە هەردەم مرۆڤ بەرەو هەڵدێر دەبات (ان النَّفسَ لامارةُ بالسوء) هەروەها شەیتانیش لە لایەکی تر زەمینە خۆش دەکات بۆ لەڕێگە لادانی مرۆڤ لە ڕێگای ڕاست، دیارە هەرکەسێکیش تووشی نەفسو شەیتان ببێت کەوتۆتە قۆناغی بێشعوریەوە:

وەك لە گۆشـــەی بیشـــە، تووشـــی دامو داو
تووش نەفسو تووشی شەیتان بووم غەریبو بێشعور

پاش ئەم هەموو گوناەو لەرێگەلادانو توشبوون بە هەوای نەفسو شەیتان، وەفایی خۆی بە موستەهەقی ڕەحمەت دەزانێ لەلای مەستی حەق کە پێغەمبەرە(ﷺ) داوا

دەکات کە دەستی بگرێ لە ئاگر دووری بخاتەوە بیخاتە سەر ڕێگای نوور.

موستەحەققی ڕەحمەتم ئەی مەستی حەق ئەی دەستی هەق
دەستی من بگرە لە نارو بمخە نێو دەریایـــــــــــی نور

گیان ئەوە هاتۆتە سەرلێو، خەریکە دێتەدەر، نەفەسیش خەریکە ڕادەگیرێت ئێستا لە نێوان ترس‌و تکا کردن دایە یاخود دەبێت هەموو کردەوەیەکی مرۆڤ کە دەیکا دەبێت لە نێوان خەوف ڕەجادا بێت، ئایا خوا کردەوەکانی وەردەگیرێت یا نا؟ هەروەها ڕجا بکات بۆ ئەوەی لێرە وەربگرێ، ئەو گیانەی کە هاتۆتە سەر لێویش چاوەڕێی فەرمانی خوا دەکات کە بێتەدەر یاخود بەردەوام بێت لە ژیان.

روح لەسەر لێوم، نەفەس گیرە لەنێو خەوف ڕەجا
چاوەڕێی فەرمانی تۆیە بچێتە دەر، یا بێتە ژوور

وەفایی هێندە پێغەمبەری(ﷺ) خۆشویستووە گەر بێتو خۆڵو خاکی بەردەرگای پێغەمبەری(ﷺ) بۆ دەست بدات، لەبەر دەرگای بمێنێتەوە باشترو خۆشترە لە گولزاری بەهەشت‌و لەزەتی، لێرەدا وەفایی وەکو سۆفیەك شوێن پێی (رابیعەی عەدەوی) هەڵگرتووە کە دەڵێت (خوایە گەر لەترسی دۆزەخ دەتپەرستم بە ئاگری دۆزەخ بمسوتێنە، گەر لە خۆشی بەهەشت دەتپەرستم، بێبەشم بکە لە خۆشی بەهەشت، وە ئەگەر خۆشم دەوێی لە میهرەبانی خۆت بێبەشم مەکە) وەفایش لە بەردەرگای پێغەمبەری(ﷺ) پێ خۆشترە لەو خۆشیەی بەهەشت، بەڵام ئەو خۆشیە کە بەربۆتە گیانی وەفایی بەهۆی ئەو نوورە پرشنگدارەی کە لە پێغەمبەر(ﷺ) دەردەچێت ئارامی لێ هەڵگیراوە، وەفایی لە ناکاوێکدا پێغەمبەر(ﷺ) رووی خۆی بۆ دەردەخا، بۆ دڵدانەوەی وەفایی هاتنە سەر خۆی کە ئەمەش مانای ئەوەیە کە من شەفاعەتکارم بۆ ئەو کەسانەی گوناهکارو عاصین لە ڕۆژی دوایدا:

ڕووی وەدەرنا مووی پەرێشان کرد دڵی پێدامەوە
یەعنی هەر ئەمنم شەفیعی عاصیان ڕۆژی نشوور

پاش ڕەواندنەوەی پەریشانی دڵو دڵنیا بوونی لەوەی کە پێغەمبەر(ﷺ) شەفیعی عاصیانە ڕووی تێدەکا دەڵێ (شاهەنشای عەرش بە تۆوە دنیا بۆتە چل چراو عالەمی هەموو ڕووناککردۆتەوە هەروەکو چۆن بەشەو مانگ دنیا ڕوناك دەکاتەوە، ڕۆژیش بە خۆر روناکە):

ئەی شەهەنشاهی سەریری عەرشو رومانی غولام
چل چرای عالەم فرازو شانشینت ماهو هـــور

سەرەتای سەرهەڵدانی بیروباوەڕی سۆفیگەری لە کوردستاندا، بەهەردوو ڕێبازەکەیەوە قادریو نەقشەبەندی دەگرێتەوە بۆ سەرهەڵدانی سەدەی نۆزدەهەمدا، ڕێبازی قادری لەسەر دەستی شێخ مارفی نۆدەیی و، ڕێبازی نەقشەبەندی لەسەر دەستی شێخ مەولانا خالیدی نەقشەبەندی.

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێبازی قادری زۆربەی چینی دەسەڵاتدارو دەستڕۆیشتو دەوڵەمەند بوون، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕێبازی نەقشەبەندی هی هەژارو کەم دەسەڵات، سەیر لەوەدایە دەوڵەتی عوثمانی یارمەتی هەردوو لایانی دەدا، بەڵام ئەم دووبەرەکییەی نێوان هەردوو ڕێباز بواری ئەوەی نەداوە بە شێخ مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە شاری سلێمانی درێژە بە ژیانی خۆی بدا، بۆیە بە شێوەیەکی کتوپڕو لە ناکاو سەفەری کرد بۆ بەغداو لەوێشەوە بۆ شام تاکو ڕۆژی کۆچی دوایی کردنی.

ڕێبازی نەقشەبەندی پاش کۆچی مەولانا، وەنەبێت لەناوچوو بێت یاخود بێهێزو لاواز بەڵکو ئەم ڕێبازە لە ماوەیەکی پێوانەیی کورتدا بە شێوەیەکی خێرا لە کوردستاندا بڵاو بۆتەوە.بە تایبەتی لە ناوچەی بیارەو تەوێڵەدا، کە پیری تەریقەتی نەقشەبەندی شێخ عوسمان سیراجەدین ڕابەرایەتی دەکرد.

بەهۆی هەڵکەوتنی شوێنی نزیکی ناوچەی هەورامان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، خەڵکی ئەم ناوچەیە پەیوەندی کۆمەڵایەتیو ئابوری بگرە پەیوەندی گیانیشیان بە ناوچەی هەورامانەوە بووە، تەنها وەفایی شەوێك لە خەونیدا هاواری شێخ عوسمان

سیراجەدین دەکا، بەڵام وەڵام ئاداتەوە، ئەمجارەیان بانگی شێخی نەهری دەکا بەهانایەوە دێت بۆیە لەو کاتەوە وەفایی هەوای ئەڤینو خۆشەویستی شێخی نەهری دەکەوێتە مێشکیەوە، شێخ عوبەیدوڵلای نەهری جگە لەوەی کە پیری تەریقەتی نەقشەبەندی بووە لە ناوچەی شەمزینان، لە هەمان کاتیشدا ڕابەرایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی کردووە، بە تایبەتی لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی١٨٨٠-١٨٨١ی زایینی، گەر مێژوونوسان بیانەوێت لەسەر ئەم ڕاپەڕینە شتی دروستیان دەست بکەوێت، با چاوێك بە (بیرەوەریەکانی وەفایی) دا بگێڕن، کە وەفایی توانیویەتی گەلێك لایەن لەسەر ئەم ڕاپەڕینە تۆمار بکا.

وەفایی لە ساڵی ١٨٦٦ی زایینی چۆتە خزمەت شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (واتە ساڵێك دوای ئەوەی لەجێی شێخ محمد ساڵحی مامی دەبێتە شێخ) لەو ڕۆژەوەی وەفایی بووەتە موریدی شێخی نەهری تاکو ڕۆژی کۆچی دوایی کردنی، دوایش بۆ بنەماڵەکەیان، کەسێکی دڵسۆزو بڕواپێکراو بووە لەلایەن شێخی نەهری بنەماڵەکەیانەوە تەنانەت بووەتە نوسەری شێخو مۆری کەسایەتی شێخی نەهری لەلای بووە هەتا جارێکیان وەفایی دەڵێت شێخی نەهری (عەمامەی خۆی لەسەر نام، وەکو بڵێی مێزەری لاویەتی لەسەرم بنێ)

لە خەوما ڕێگەی بە من پیشاندا قوتبی جیهانی
ئەی بەندەی خۆم وەفایی گیانت بۆتە بریانی
زۆرکەس دەکەونە شوێن چنگ خستنی ناوو ناوبانگیان
ناوبانگی عەشق بزرێ چاکترە لە نەزرانی

وەکو لەسەرەتاوە ئاماژەمان بۆکرد وەفایی سۆفیەکی دڵسۆزی شێخی نەهری بووە، چۆتە بەردەرگای شێخ بەڵکو ئەمیش وەکو سەگێك قبەڵی بکات، هەروەکو سەگەکانی تر، بۆیە دەنگێك ئەدا بە گوێچکەی وەفایی کە نائومێد نەبێت بەیەکیك لە سەگەکانی

قبوڵ بکات:

چوومە زیارەتی سەگەکانی بەردەرگانەکەی یـــــار
بەڵکو منیش وەك یەکێك لەوانە بێمە سەرئەژمار
لە غەیبەوە بوو مزگێنیاندا بە گوێچکەی دڵـــم
وتی وەفایی نائومێد مەبە ئامانو هـــــــاوار

هەمان دیسان لە چوارینێکی تردا بە سەگی بەرپێی دائەنێ کە دەڵێت:

ئاخر سەگی خاکی تۆ بووم بە جودایـــــــــی
مروەت نەبوو تیغت لەسەری صەیدی حەرەمـدا
ڕوحم بە نیشاری قەدەمت بۆچی دەڕەنجـــــێ
ڕوحم کە بە من بایە وەکو دڵی چییە؟ دەمـــدا

وەفایی لە هۆنراوەیەکی تردا کە بۆ خۆشەویستی پێغەمبـەر(ﷺ) گوتویـەتی، کـە ڕۆحی خۆی کردۆتـە گـوڵو گـوڵزاری مەدینـە کـە ئارامگـای پێغەمبـەرە(ﷺ) داوای لوتفو مەرحەمەتی لێدەکا:

ڕوحم بە فیدای ئەی گوڵی گوڵزاری مەدینـــە
لوطفت هەبێ روو وابکە، مەقصودی مەدینە

وەفایی هێندە عەشقی پێغەمبەر(ﷺ) بووە، تەنها بۆ جارێك ئەگەر پێغەمبـەر(ﷺ) پێی بڵێ وەفایی سەگێکی ئەمینە، ئەم وشەیە لەلای وەفایی گەلێك بەنرخەو بەهەموو دەوڵەتی دنیاو قیامەتی ناگۆڕێتەوە، لێرەدا ئەم قـسەیەی وەفـایی گـەلێك نزیـك لـەم وتەیەی عومەری کوڕی خەتاب خوای لـێ ڕازی بێـت، جارێـك لـە سـەفەری حەجیـدا پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو ئەی عومەر لە دوعا کردندا بێبەشمان نەکەیت جا عومەر دەڵێت ئەم قسەیە لە هەموو شتێك خۆشترە لەلام

بەو خاڵو خەتو صورەتی گێسوی هەتە حەقیە
مانی کە پەرێشانی حەقە صەنەخانەیی چیتــە

نایدەم بە هەموو دەوڵەتی دونیاو قیامـــــەت

جاری بەوەفایی بڵێ کەلبی ئەمینـــــــــــــە ل ١٤٩

لە هۆنراوەیەکی تـردا وەفـایی بـۆ شـێخ عەبـدولقادری کـوڕی شـێخ عوبەیـدوڵڵای نووسیووە کە بە غەوسی سانی ناسراوە، غەوسی یەکەم شێخ عەبـدولقادری گەیلانیـەو غەوسی دووەم عەبدولقادری نەهرییە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەم بۆچوونەی بەڕێز محمد علی قەرەداغی ڕاست بکەینەوە کە دەڵێت: (غەوسی سانی شێخ تەهای باوکی شێخ عوبەیدوڵڵایە) لە ڕاستیدا وەفـایی شێخ تەهای نەدیوەو موریدی ئەو نەبووە.

وەفایی دەڵێت من سەگی بەردەرگامو ئێستا بێ‌جێگاو ڕێگام، هیچ شوێنێك نیە تیا بحەوێمەوە بۆیە هەردەم چاو لە دەستی شاهەنـشام کـە لـە توانـای هەیـە جێگـام بـۆ بکاتەوە بـەڵکو بـۆ سـاتێکیش بێـت بحەسـێمەوە، دیـارە ئـەم شـوێنەش بـەردەرگای شاهەنشایە:

خاکی سەگانی دەرگەهم، خواهندەی بێ‌جێگاو رەهم

چاو لەدەستی شاهەنشەهم یا غەوسی سانی هیمەتێ

(الست)[٦] ئەو پرسیارەیە کـە خـوای گـەورە لـە نـەوەی ئـادەمی کـرد، ئایـا مـن پەروەردگاری ئێوەمو ئێوەم لە نەبوون دروست نەکردووە، وتیان بەڵێ تۆ ئێمەت دروست کردووە، تۆ پەروەردگاری ئێمەی ئەم پەیمانـەمان قبـوڵ کـرد (وَأَشْـهَدَهُمْ عَلَـى أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا) (الاعراف- ١٧٢).

ئەم ئایەتە پیرۆزە زاهیرە لەوەدا کە خوای گـەورە نەتـەوەکانی چـین چـین لـە پـشتی باوکی خۆیانەوە دەرکردووە، گەلێ فەرموودەی وا هەیە کە نەتەوەکان لە پشتی نەفسی حەزرەتی ئادەمدا دەرکراون.

لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە خوای گەورە بە قودرەتی خۆی ئەوانەی دەرکردووە وەکو مێروولەی ورد زۆر وردی وەکو عەرەق لە لەشی مرۆڤ دەربێ بە وشەی (بلی) وەلامی خوایان داوەتەوە، هەروەها خوای گەورە ئەم پەیمانەی لە شوێنێك کە (بطن نعمان) لە نزیك خاکی عەرەفاتدا وەرگرت لەسەر قسەی (ئیبن عەباس)، هەندێکیش دەڵێن لە خاکی (سەرانديب) لە شوێنی تریش هاتووە لە قورئاندا (لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَذَا قَالُوا بَلَى) (الزمر- ٧١)، (قَالُوا أَوَ لَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُمْ بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا بَلَى)(غافر- ٥٠)، (أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ ٨ قَالُوا) (تبارك: ٨-٩).

وەفایی هێندە عاشقی ڕێبازی سۆفیگەری پیرەکەی خۆی بووە کە شێخ عوبیدوللایە دەڵێ وەرە ئەم جارەش هەروەکو جاری پێشوو کە هەموو پەیمانی (الست)دا ئەمجارەش عەهد بکە جامی خۆشەویستی بەدەستەوە بگرە، بۆ ئەوەی هەتا ئەبەد مەستو سەرخۆشی ئەو خۆشەویستیە بن، چونکە ئەوە ڕێگای خۆشەویستانە:

دیسان لەسەر عەهدی (الست)
جامێك لە جامان بگرە دەست
هەتا ئەبەد مەخمورو مەست
هذا طريق العاشقين ل ١٠٠

لە دیوانی وەفایی چاپخانەی کوردستانی هەولێر، کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی گیوی موکریانی (هذا طريق العاشقين) کراوە بە (ئەوەیە ڕێگای عاشقان) هەندێك لە گۆرانیبێژانیش ئەم هەلەیان قۆستۆتەوە کردویانە بە گۆرانی، لایان وایە کە ڕێگای عاشقان ئەوەیە کچێكو کوڕێك یەکتریان خۆش بووێو ئەمە عاشقانیە، بەلام لای وەفایی ئەم عەشقە جۆرێکی ترە عەشقێکی حەقیقیە بۆ خۆشەویستەکەی.

لە شوێنێکی تردا کە بۆ عەشقی حەقیقی گوتویەتی منی شێتو شەیدا کرد، ئەو کاتەی بە جامێکی خۆشەوێستی عەهدی (الست)و بەدەستی خۆی هات پڕ بەدڵی

شکستەی خۆی جامی خۆشەویستی خۆی دامێ کە ئەمەش عەهدو پەیمانە وەکو ڕۆژی (الست):

گوتم: ئەی شوخی چاوبەستم، خەرابو عاشق ومەستم

بێننەوە، کاتێك دێت پێی بڵێ کوا ئەو سۆزو خۆشەویستیەی بۆ وڵاتەکەی خۆت هەتبوو؟ هەروەها کوانێ ئەو عەهدو پەیمانەی ڕۆژی (الست) دات:

دڵە سەرەتاش هەر سەفەری بویت تۆ هەر خۆت دەبەست
تاکەی غەریبو ئاوارەو سەرمەست
کە (وەفایی)ت دی لەجێی من بلێ
کوانێ ئەڤینی وڵاتو کوانێ پەیمانی (الست)

هیچ شتێك لەخۆڕایی ئاگر ناگرێتو ناسوتێت، تۆش بە خۆڕایی نەسوتاوی بەڵکو بە ڕووتەوە دیارە کە بەعەشقی خۆشەویستیەوە سووتاوی، بەڵگەش بە ئاشکرا بەڕووتەوە دیارە هەروەکو چۆن نوری خوای گەورە لە کێوی سینادا کردیە وردە خۆڵەمێش، ئەم سووتانەش ئاوا لە سینەیدا دیارە: (رَبُّهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَنْ تَرَانِي وَلَكِنْ انظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنْ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَى صَعِقًا) (الاعراف- ١٤٣)،

بە خۆڕایی نیە سووتاوی ڕوتە عاشقی شەیدا
لە ڕوتی دیوە جیلوەی ئاتەش (سینا) لە سینەدا — ل ١٢

دیسان دەربارەی کێوی سینا دەڵێت بەهۆی جوانی تۆ لە سینەمدا وەك عەکسی ڕۆژ ڕەنگ دەداتەوە، ئێستاش مەستو سەرخۆشی تەجەلای کێوی سینام بێهۆش بوو.

خۆشا بەو ڕۆژە عەکسی پرتەوی حوسنت لە سینەمدا
ئەوێستاش مەستو مەخموری تەجەلای طووری سیناکەم — ل ٧٥

دەردی عەشق دەردێکی بێدەرمانە، منیش بە دوای ئەم عەشقەوە وێڵو سەرگەردان بومە، کاتێکیش لێی نزیك دەبمەوە بە وەڵامی (لن ترانی) ئاگرم تێبەردەبێو دەسوتێم (لن ترانی) ئاماژەیە بۆ وەلامی موسا پێغەمبەر سلاوی خوای لێ بێت، کاتێك داوای بینینی خوای گەورەی کرد، خواش بە (لن ترانی) وەلامی دایەوە ناتوانی من ببینی بەڵام تەماشای کێوی طور بکە

لە دەردی بێ دەرمانی کەوتومە سەرگەردانی
بەرەحمەت بگرە ها دەستم، خوماری ئاشکرا کرد
دڵی دا دڵ شکستی خۆی، هەڵستا هات بەدەستی خۆی
بە جامێکی (الست)ی خۆی، (وەفایی) شێتو شەیدا کرد ل ٣٦

ئەو چاوەی کە هەردەم مەستو سەرخۆشە، بەبادەی ڕۆژی (الست) کە ڕۆژی عەهد کردنە، جا وەرە لەسەر ئەم عەهدە دەستم بگرەو رزگارم بکە، سوێند بەو دینو ئاینەی کە تۆ لەسەری:

چاو بازەی چاو مەستە، لەو بادەی ئەلەستە
دەستم بگرە هەستە، تۆو دینو ئایینت ل ٣١

بە دڵۆپێك بادەی ئەو عەشقەی کە لە ڕۆژی (الست) عەهددا، منیش بەو بادەیە مەستم، ئەگەر بە دڵۆپێکیش بێت نەجاتم بدە لەو دەریا بادەیە کە هەقە ئەوە من هەر ڕووی تێدەکەم:

بەسەر مەستانی بادەی ساغیری عەهدی ئەلەستت کەی
بە قەطرێکی نەجاتم دەی لەدەست خۆم روو لە دەریاکەم ل ٨٠

لەورۆژەی کە عەهدی (الست) وەعددا، ئێستا هەستە وەرە بەجامێکی دەست لەم بادەیە بدە دەستم، چونکە ئەم رێگایە بەستەدەری گوڵزارە بۆ ئەوەی مەستو خامۆش بێ، هەرچەندەی لەم هاتو چووە بێمو بچم بە دەوری پەروانەدا بسوتێمو گوناهی تۆی تیابێ، بەڵام بە شەرعی شەم هەر گوناهی منە، چونکە کە شەم ئەتوێتەوە، پەروانە بە

دەوری ئاگرەکەی شەمدا ئەسوڕێتەوەو خۆی لە ئاگرەکە ئەداو ئەسووتێ:

هەستە وەرە بەو جامەی ئەلەستی بدە دەســـــتم
بەستەی دەری گوڵزارە ئەوی مەستی صەفات بێ
صەدجار بچمو بێمو بسوتێم حەقی تۆیـــــــــە
هەرچەندە بە شەرعی شەمو پەروانە خەطات بێ ل ١٧٧

وەفایی سەرزەنشتی دڵی دەکاو دەڵێت لەو ڕۆژەی کە هەی هەر سەفەری بویت، هەر خۆت ئامادە دەکرد بۆ ڕۆیشتن،

تاکەی بە غەریبیو مەســـــــــــــــــتی
بە جوابی (لن ترانی) چ بکەم رووحم ســـــوتاوە ل ١٥٣

هەروەها جێگای قسەکردنی موسا پێغەمبەر، لە کێوی طور وەڵام درایەوە بـە (لـن ترانی) دەڵێ عاشق قوربانی طوری سینا بێت کە شوێنێکی پیرۆزە.

لە جێگای تەجەللی دەم بە دەم بێ (لن ترانی) بێ
بە قوربانی دڵی عاشق هەزار وەك طوری سینا بێ

هەرچەندە شتێك تۆ پێت خۆشە مایەی ڕەحمەتو مەقصودی دڵێ منە گەر بە شێوەی عیتاب وەڵام بدەیتەوە کە (لن ترانی)یە، یاخود بە شێوەی خیتاب پێم بڵێ (او دنا)

هەرچی تۆ پێت خۆشە مەحضی رەحمەتو مەقصودی دڵمە
گـەر عیتابی (لن ترانی) یا خیطـابی (او دنا) بـــــــێ ل ١٧١

رۆژێك پیری مەیکەدە پێی گوتم دڵت بەملاو بەولا نەڕوات بەهیچ شتێکی تر خـۆت خەریك مەکە، چونکە دڵی مرۆڤ جێگاو شـوێنی خراپـە (إِنَّ الـنَّفْسَ لأَمَّـارَةٌ بِالـسُّوءِ) (یوسف)، پیری مەیکەدە لەلای ئەهلی تەسەوف بۆتە ڕەمزی پیری تەریقەت، هەر ئـەو پیرە ئامۆژگاری وەفایی کردووە کە دڵی خۆی بە هیچ نەدات:

رۆژێکی پیری مەیکەدە فەرمووی دڵت بە هیچ مەدە
ئەو دڵە مەقسەدە عەکسێکی رووی دلـــداری گرت ل ٢٦

مرۆڤی لەخوا ترس نابێت لە خوای خۆی غافڵ بێت هەرکاتێك لە خوا غافل بووی شتی دنیات دەکەوێتە دڵەوە، دیارە دڵی پڕ لە باوەڕیش دڵێکی تەواوە بێ کەمو کوڕی، کاتێکیش غافل بووی شتی تر دەکەوێتە بەرچاوی ئەم دڵەش بەڵگەی نەخۆشیە، جا بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیە، سۆفیەکان ساڵی جارێك چلە دەکێشن بۆ تیمارکردنی ئەم نەخۆشیە:

غافل بووم جارێك لەناکاو، ڕەنگی غەیرێکم کەوتە چاو
قەلبی سەلیمی ناتەواو (نەخۆش بووم لێم) ئازاری گرت
کاری دڵم چل ڕۆژە بوو نەك بێکاریو دەرویـــــزە بوو
مەقصودی من (پیرۆزە) بوو ئەو ڕۆیی بۆ ئیماری گرت ل ٢٦

نەهری دورخرایەوە بۆ حیجاز لە شاری طائف نیشتەجێ بوو، پاشان بەنیازی سەفەری حەج دەچێتە شاری مەککەی پیرۆز لە (٩)ی ذوالحجە ساڵی ١٣٠٠ کۆچی بەرامبەر بە (١٢)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٨٣ ی زاینی کۆچی دوایی کرد لەنزیك ئامینەخانی دایکی پێغەمبەر(ﷺ) بەخاك دەسپێردرێت، کاتێك حاجیانی شاری سابلاغ دەگەڕێنەوە هەواڵی کۆچی دوایی شێخ بلاودەکەنەوە[٨]، وەفایی بەم هەواڵە زۆر نارەحەت دەبێت قەصیدەیەکی ماتەمینی دەنووسێتو دەڵێ ئەو کەسەی نیشتەجێ بێت لەبەر دەرگای تۆ بەهەشت جێگایەتی، ئەی شێخی نەهری تۆش خاوەنی لوتفو کەرەمی، هیچ لە لوتفت کەم نابێ گەر منیش لە ڕیزی سەگەکانی بەردەرگات قبوڵ بکەی، بەڵکو خوا بکات بچمە بەهەشت.

لێرەدا ئەو عەشقە پاکەی وەفایی بە دیار دەکەوێت کە وەفایی چەند دڵسۆزی بیرو باوەڕەکەی بووە وە عەقیدەیەکی تەواوی هەبووە بە بەهەشت:

موقیعی خاکی دەرگای تۆ حەریمی جەننەتە جێگای
لە لوطفی تۆ چ کەم نابێ منیش لە ڕیزی سەگانت بم

ئیبراهیم پێغەمبەر سلاوی خوای لێبێت یەکێکە لە پێغەمبەرەکانی هەروەها باوکی پێغەمبەرانیشە بۆیە هەریەك مەسیحیەکانو جوولەکەکان دەڵێن ئیبراهیم پێغەمبەر لە ئێمەیە بەڵام خوای گەورە وەڵامیان دەداتەوەو دەفەرموێت: (مَـا كَـانَ إِبْـرَاهِيمُ يَهُودِيًّـا وَلاَ نَصْرَانِيًّا وَلَكِنْ كَانَ حَنِيفًا مُسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنْ الْمُشْرِكِينَ) (ال عمران- ٦٧).

وەفایی ڕوو لە عاشقەکەی دەکاتو دەڵێت خاکی رووت رایکێشام بۆلای خۆت، بەڵکو لە جوانیو بەهرەی نورانیت شاد ببم، بۆ ئەوەی هەر بە خاوێنی بمێنمەوە، هەروەکو چۆن ئیبراهیم پێغەمبەر(ﷺ) خاوێنە کە لەسەر ئاینی ئیسلامە.

بە جەذبەی خاڵی ڕووت بەڵکو بە باغی حوسنی تۆ شادبم
دەبێ من هەر لەسەر ئاینی ئیبراهیـــم ئازەر بــــــم

وەفایی لەناو دەروونی خۆشەویستەکەی سینە بۆتە پارچەیەك ئاگرو گری تێبەر بووە هەروەکو چۆن کێوی سینا لەتاو پرتەوی نوری خوا بوە خۆڵەمێشو گڕی گرت ئاوەهاش سینەی من گڕی گرتووە، هەروەها چاوەکانیشم بۆتە گۆمی خوێنو خوێنی لێ دەتکێ هەروەك چەشمەی مینا:

سینەم هەموو سووتاوە لەتاو ئاوری سینا
دیدەم هەموو پڕ خوێنە لەبەر چەشمەی مینا

هیچ کەسێك کوشتەی من نیە، تەنها ئەو کەسە نەبێت کە خـۆم تامـەزرۆی جـوانی بویمەو بە دوای کەوتوم، چاوەڕێش دەکەم هەتا ڕۆژی حەشر کە ئـەو ڕۆژە هـەقی هـیچ کەسیك لەسەر هیچ کەسێك نامێنێ (وەکو کورد دەڵێت هەقی بزنـی شـاخدار لەسـەر بێشاخ نامێنێ) ئەو ڕۆژەش منیش هـەقی خـۆمی لێ دەسـتێنم (چاومەسـت، بـادە، مەیکـەدە، مەیخانـە) ئەوانـە هـەموویان ڕەمـزی سـوفیەکانن بـۆ بـیری تەریقـەت بەکاریانهێناوە

کوشندەی من نەبوو هیچ کەس مەگەر سەر دائیرەی حوسنی
لە ڕۆژی حەشـرێ خوێنـــی خـــۆم لە چاوی دەســتێنم

هەر بە بۆنەی کۆچی دوایی شێخی نەهری قەسیدەیەکی نووسیوە، بەڵام لە سەرەتادا پیشانی کەس نەداوەو بۆ کەسی نەخوێندۆتەوە، هەتا شەوێکیان لە خەونیدا لەگەڵ کۆمەڵێك کەسدا لە خزمەت نەهری دەبن، هەرکەسێك نوسخەیەکی ئەو قەسیدەی لەلایەوە دەیخوێنێتەوە، هەر لەو خەوەدا شێخ پێی دەڵێت (وەفایی تۆش نوسخەی خۆت دەربهێنە)، وەفایی دەڵێت پاش ئەو خەونە قەسیدەکەم پیشانی خەڵکیداو بلاوم کردەوە لە نێو خەڵکاندا.

هەموو خۆشەویستیو چالاکی مرۆڤ لە دنیادا بە هێزی چاوەوە دەبینرێت نوورو ڕوناکی وەفایش شێخ عوبەیدوللا نەهریە، کاتێکیش ئەو تـوورە نەماو کۆچی دوایی کرد، هەرچی نوورو بینایی چاوم هەبوو کوژایەوە کەواتە دنیاش بێ نوورو روناکی خۆشەویستی لەزەتی نابێ

نیشاطو عوشرەتی دونیا بە نەشئەو قووەتی چـاوە
ئەمن چیبکەم لە دونیایی کە ڕۆیی نووری بیناکەم ل ٧٤

لەسایەی سەری ئەو بایەی لەلای تۆوە دێت دڵو دینی جارێکی تر زیندو کردەوە بەهۆی نورو بەرەکەتی جەنابتەوە، هەروەکو چۆن حەزرەتی عیسا سلاوی خوای لێ بێت مردووی زیندوو دەکردەوە بە ئیزنی خوا ﴿وَأُبْرِئُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ وَأُحْيِ الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ﴾ (ال عمران-٤٩)،

نەسیمی فەیضی تۆ دینو دڵی دووبارە ئیحیا کرد
دریغا وەك مەسیحا باعیثی ئیحیای مەوتاکەم ل ٧٧

زانایان دەڵێن (موت) بریتیە لە (عدم الحياة)و شتی عەدەمی خەلقو ئیجادکاری لێ ناکات خەلق بە مانای تەقدیر مردن هەرچەندە عەدەمی بێ هەر موقەدەرە لەلای خوا بریاری لەسەر دراوە.

هەندێکی تر دەڵێن شتی عەدەمی هەرچەندە لە وجودی خۆیا پێویستی بە خەلقو ئیجاد نیە، بەڵام هەر روحێ بە مەحەل بۆ پەیوەندی مردن پێویستی بە خەلق هەیە[٩].

لێرەدا وەفایی لە بابەتێکی فەلسەفی دەدوێت کە مردنی شـێخی نەهریـە، گەرچـی نەبون بۆتـە سـەبەبکار، بـەلاّم وجودیـشی حەقـە، چـونکە خـوای گـەورە بـە توانـاو دەسەلاّتدارەو هەر خۆش موختارە کە وادەی ئەم ئەجەلە دەهێنێ.

عەدەم باری سەبەبکارە وجودێکی حەقە دیـــارە
بۆ خۆی فەععالو موختارە خوداوەندی تەواناکەم ل ٧٩

هەموو موسڵمانێکی خواناس دەزانێت کە شەیتان دوژمنـــی گـەورەی موسـلمانانو پێغەمبەرە(ﷺ) (إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَـدُوٌّ مُبِـيْن) ئەمـەش مەعلومـەو ئاشـکرایە کـە وەفایی ئومەتی پێغەمبەرە(ﷺ) ئەهلی قیبلەیە، جا هەرچۆنێك بێت پیاوی باش بێـت یان خراپ، ئەم پێغەمبەرەش گەورەی هەموو پێغەمبەرانە، ئێمە هـەموو دڵ بـە غـەم دەبین، شەیتان کەیف خۆش دەبێت، بەلاّم مـن عەشـقی تـۆم هـەر لـە دڵ دایـە، گـەر سەدجاریش دەرم بکەی، من دەستت لێ هـەڵناگرم چـونکە مـن سـەگێکی تـۆم نـانی بەردەرگای تۆم خواردووە، وەفام هەیە بۆت. سەگ بەوەفایە بۆ خاوەنەکەی، جگـە لـەم دەرگایەی تۆ هیچ دەرگای تر شك نابەم :

یارسول الله دەزانی تۆ کە شـــەیتانە عـــــــــەدوت
هەم لەتۆ مەعلومە ئەمنیش ئومەتی تۆم هەرچی هەم
کەی ڕەوایەو غیرەتە تۆ کە (فخر الانبیـــــــــا)ی
دوشمنی خۆت شاد بفەرمووی ئومەتی خۆت دڵ بەغەم
داغی تۆم هەرپێوەیە سەدجار دەرم کەی دێمـــــــەوە
من سەگێکی تۆم وەفایی ڕوو لێ دەرگای کێدەکـــەم ل ٨٥

شەهادەت پلەیەکی بەرزە کە خودا ئەیکاتە بەشی هەندێك لـە پیـاوانی خواپەرسـت بەرامبەر بەو شەهادەتەش خودا پاداش گەورەی داناوە، کە هاوشانی شەهادەت بێـت، ئەویش بەهەشتی فراوانە، وەفایش بە دەستی ئەو شەهید بووە، کە چۆتە بەردەرگای، بۆیە دەبێت شەهیدیش بچێتە بەهەشت:

دەیفەرموو لەسەر خاکی دەری خۆی کە منی کوشت

جەننەت بەسە بۆ خوێنی شەهید نەظـــــــەری من

وەفایی گوڵێك شك دەبات، بەڵام ئەو گوڵە گوڵی ئاسایی نیە کە لە باغانـدا هەیـە، بەڵکو ئەو گوڵەی وەفایی گوڵێکی مەعنەویە لە بـاغی خۆشەویـستیو ئەڤینـدا، ئـەم گوڵە لە جوانیدا هەروەکو ئەو مانگە وایـە کـە لـە دەشـتی کـەنعان دایـەو ڕووناکی کردۆتەوە دیارە لە ماهی کەنعان مەبەست حەزرەتی (یوسف)ـە کە لە دەشتی کـەنعان براکانی فڕێیاندایە ناو بیرەوە (و القوه فی غیابه الجب) (یوسف).

گوڵێکم بوو لە باغی دولبەریدا ماهی کەنعانی

دڵێکم بوو لە ڕیزی عاشقان مەجنون بە سوتانی

من هێندە چاوەڕێی بە ئومێدی هاتنەوەی خۆشەویستەکەی خۆم بووم نەهاتەوە لـەم شەوە تووشی ماڵوێرانی بووم هەردوولام لەکیس چوو.

هەمدیسان وەفایی خۆی بە پیری کەنعان چواندووە کە حەزرەتی یەعقوبە هێنـدە بـە ئومێدی گەڕانەوەی حەزرەتی یوسف بوو لەتاواندا هـەردوو چـاوی کـوێر بـوون دەبێـت منیش وەکو حەزرەتی یەعقوب چاوەڕێی گەڕانەوەی عـەزیزێك دەکـەم دووریـش بێـت لەچاوم، کوێر نەبم وەکو حەزرەتی یەعقوب:

بە ئومێدی عـەزیزێك دوور لە چاوم پیری کەنعان بووم

بەجارێ ماڵی وێرانم ئەویشم چوو ئەمیشم چـــــوو

وەفای وەك مرۆڤێکی خاوەن باوەڕو بڕوا پتەو بە بوونی خوا، عەقیـدەی تەواویـشی بە تاكو تەنهایی خوای گەورە هەیە، کـە هەرکەسـێك بـڕوای بـەتاكو تـەنهایی خـوا هەبێتو بڵێ (لا اله الا الله) داخیلی بەهەشت دەبێت، بـا گوناهیـشی زۆر بێـت بۆیـە دەڵێت هێندە داخدارە بۆ بینینی قەدو باڵات، تۆش خۆت پیـشانبدەو بـا لـە بینینـت مەحرومو بێبەش نەبێت:

داغداری ئەلقی باڵات با لە رووت مەحروم نەبێ

من کەفیلی وەصلی جەننەت هەرچی ئەهلی وەحدەتە

دڵدارو خۆشەویستەکەی وەفایی پەیمانی لەگەڵدا کردووە، دەرگـای خێـری لـە ڕوودا کردەوە بۆیە بەیعەی دا بە گیانی بۆ ئەوەی بـە بەهەشـتی شـاد بکـات، مـادام وایـە وەفایی ئەمە فرسەتێکی چاکە ئەم فرسەتە لە کیس خۆت مەدە

یار ئەوا بەیعی ویصالی ڕووی لەگەڵ تۆکردەوە

جەنـەتی داوە بە ڕوح نامەرد وەفایی فرسەتە

دڵ لە سینەی مرۆڤدایە، سینەی منیش لەتاو ئـاوری شـەوقی کـەمالی تـۆ ئـاگری گرتووە ئەمە چ سینەیەکە؟ سینە نیە، بەڵکو کێوی سینایە ئاگری گرتووە.

وەفایی گەلێك جاری تریش لەناو دووری بیرەکـەی سـینەی خـۆی بـە کێـوی سـینا چواندووە کە موسا پێغەمبەر عەشقی بینینی جوانی خوای گەورە بووە، بـەڵام لـەتاو پرتەوی نووری خوا خۆی پێنەگیراوە، کێوەکە بووە بە خۆڵەمێشو ئاگری گرتووە:

سینەم لە شەوقی میهری کەمالی تۆ

سینەم چ سینە، تاوەکو سینا پڕ ئاورە

پەروانە هێندە عاشقی ئاگرو ڕووناکیە بـەدەورە ئـاگردا دەسـورێتەوە، هێنـدە لێـی نزیك دەبێتەوە، تاکو باڵەکانی لە ئاگر دەداو دەسوتێ، من ئەو پەروانەیـە نـیم تـەنها ئەوەندە نەبێت عـەشقی خەندەیەکی تۆمە، خەندەیەکم بۆ بکە، تـاکو ئـەو ئـاهو ناڵـە

بېڕێتەوە، چونکە ئەو دڵەی من ناگا بەو ئاگرەی لە دەروونم بەربووە هەرکەسێکیش سوتانی ئاگری نەدیبێ با مەنعی گریانم نەکات کە لەتاو ئێش‌و ئازاری ئەو ئاگرە دەگریم.سۆفیەك هاتەلای شێخ مەعروفی کرخی گوتی: خەڵکی گاڵتەم پێدەکەن کە سۆفیم، شێخ معروفیش لە وەڵامدا گوتی ئەو خەلکە سۆفیانیان کردووە: سوفی گوتی نەخێر: شێخ گوتی با بەینێ تامی بکەن ئینجا گاڵتە بە سوفی بکەن.(١٠)

وەفایی شاعیریش بە هەمان شێوە دەڵێت گەر ئەو خەلکە نەسوتاون بۆ مەنعی گریانم دەکەن کە من سوتاوم بەو عەشقەوە:

عاشقی خەتێکی تۆم با بەس بێ بە ئاهو ناڵە بم
بولبولم پەروانە نیم حەز بە سوتانم مەکـــــــە
دڵی من ناگا لەبەر ئاوری دەروونم دێتە جـــۆش
تۆ کە سووتانت نەدیووە مەنعی گریانم مەکـــە

لە وەرزی بەهاردا ژیان لە نوێ دەست پێدەکاتەوە، بە هۆی باران بارین‌و دەرکەوتنی تیشکی ڕۆژ، گیاو گوڵ سەرلەنوێ سەر لـە زەوی دەردەهێنـێ، دەشـت‌و دەر سـەرتاپا سەوز دەبێت، پاشان ئەم گیایە لە شوێنی خۆی وشك دەبێت:

دیسا نسیمی بەهار نەرم نەرم هاتـــە خوار
دونیای زیندوو کردەوە بە ئەمری پەروەردگار ل ٢٦

ڕازاندنەوەی بەهەشت بە جوانی ئەو دارو درەختە جوان‌و ڕێکوپێکانەیـە کـە مرۆڤ تێیدا سەرسام دەبێت ئەوا لەلای وەفای شاعیریش بەدوو لەبی مەستی بۆتـە خـاوەنی ئیعجازی حەزرەتی عیسا، کە حەزرەتی عیسا توانای زیندوکردنەوەی مـردووی هـەبوو بە ئیزنی خوا هەروەها چاکردنەوەی کوێرو بەڵەك:

فیردەوسی جەمالم بە نیهالی قەدی طـوبـــــام
یەعنی بە دوو لەب صاحیبی ئیعجازی مەسیحام ل ٤٦

لەلای شاعیرانی کلاسیکی کوردی برۆ وەکو نیوکەوان وایە کە بە قاب القوسین باس دەکرێت بەڵام ئەو برۆتێك نانەو دەم داخستن بەرامبەر وەفایی نابێت هەبێ، چونکە لوطفی تۆ وەکو دەریایەك وایە، هەروەکو چۆن پێغەمبەر(ﷺ) لە خوای گەورە نزیك بۆوە هەتا گەیشتە نزیکی خوا، تەنها (قاب القوسین) مابوو کەمەقامی بێجێگاو شوێنی خاو دەست نیشان دەکا:

بڕۆت تێکنا، دەمت وێکنا لە دەریای لوطفی تۆ دوورە

لە قوربی قابە قوسینو مەقامی لامەکانت بم ل ٥٣

وەفایی لە لاوانەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، باسی گەلێك لایەنی ئایینیو پێغەمبەرانو موعجیزەیان دەکات، حەزرەتی ئادەم کە خوای گەورە دروستی کرد بردیە بەهەشتو لەوێ نیشتەجێ بوو، بەڵام ئاگادار کرایەوە کە لەم دارە نەخوا لە دوایی شەیتان هەڵیخەڵەتاندنو دارەکەیان خوارد، خوای گەورە لە بەهەشت دەریکردنو هاتنە سەرزەوی:

بەدوای دانە بۆگیرا، بە دەریای عیلمی ئەسماوە

لەبەر چی هاتە خوار ئادەم لەسەر فیردەوسی ئەعلاکەم ل ٧٨٠

پەنای بۆ چ بردەبەر دار ئەو کە دەیزانی دەبێ شەقا بێ؟

نە ئاخیر صاحیبی ئایاتو موعجیز بوو زەکەریاکەم؟

پیری کەنعان واتە حەزرەتی یەعقوب هێندە گریاَن لەتاو دووری حەزرەتی یوسفی کوری هەتا چاوەکانی کوێر بووو روناکی تێدا نەما:

لە سیرری نوری چاوانی عەجەب بێنوورو حیکمەت بوو

بڵێ بۆ چ پیری کەنعانی دەگریا، نووری عەیناکەم ل ٧٨

هەمو شتێك بۆ حەزرەتی سولەیمان تەسخیر کرابوو، بەهۆی ئەو ئەنگوستیلەی لە پەنجەیدا بوو، (ئاصەفی کوری بەرخیا)ش وەزیری حەزرەتی سولەیمان بوو، وەفایی دەڵێ

ئەوا ئەو ئەنگوستیلەی پەنجەی حەزرەتی سولەیمان بزر بوو، بەڵام قودرەتو حیکمەتی تۆ هەرماوە:

سولەیمان خاتەمی ون بوو لە قودرەت ماوە نە بفەرموو
بڵا صەخرەی بە ئاودادام بەڵا ئاصەف لەدەریاکەم ل ٧٨

حەزرەتی موسا لەگەڵ خودا قسەی کردووە، نازناوی (کلیم)ی هەیە (و کلم موسی تکلیما) جا پێش حەزرەتی موسا چەند هەزار بێتاوان هەبوون لەسەر رێگای ئەویش رۆیشتن، جا ئەو کەسانە رۆژی جەزا دەبێ وەلامیان چی بێ:

کەلیم ئێستا نەبوو بوو چەندهەزار مەعصوم لە سەروی چوو
دەبێ جەوابی چی بێ ڕۆژی جەزا گوستاخی مۆساکەم ل ٧٨

سەرچاوەکان:

١- دیوانی وەفایی/لێکۆڵینەوەی محەممەد عەلی قەرەداغی/ بەغدا- ١٩٧٨، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣- بیرەوەریەکانی وەفایی/ لێکۆڵینەوەی محەممەد عەلی قەرەداغی/ بەغدا - ١٩٧٨.

٤- بیرەوەریەکانی وەفایی/ لێکۆڵینەوەی محەممەد عەلی قەرەداغی/ بەغدا - ١٩٧٨.

٥- الست لە شیعری شاعیرانی دێرینمان/ نەوزاد کەلهور/ رۆژنامەی یەکگرتوو.

٦- تەفسیری نامی/ بەرگی ٣ ، دانراوەی مەلا عبدالکریم مدرس.

٧- بیرەوەریەکانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی حەمەی حەمە باقی.

٨- تەفسیری نامی/ بەرگی ٣ ، دانراوەی مەلا عبدالکریم مدرس.

٩- تەسەوف چیە؟ شێخ امین شێخ عەلائەدین نەخشەبەندی.

ڕەهـەندی ئایـینی لە شـــیعرەکانی (ناری)

محمدی کوری مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا محمدە، لە گونـدی سـاوجی کـۆن لـە نزیـك مەریوان لە ساڵی ١٨٧٤ لەدایکبووە، شاعیر بە مەبەسـتی خوێنـدن چـۆتە حـوجرەی مزگەوتەکان، سەرەتا لەلای باوکی دەستی کردوە بـە خوێنـدن، پاشـان بـە مەبەسـتی تەواوکردنی خوێندنەکەیو پەیداکردنی زانستی زیاتر گەلێك شوێنی کوردستان گـەراوە وەکو سنەو سلێمانی هـەولێر دواجـاریش چـۆتە ڕەوانـدزو کۆتـایی بـە خوێندنەکـەی هێناوەو ئیجازەی مەلایەتی لەسەر دەستی مـەلا ئەسـعەدی خـەیلانی وەرگرتـوە، لـە ساڵی ١٨٩٧زاینی کە ئیجازەی وەرگرتوە دەچێتە مـەریوان دەسـت دەکـات بـە وانـە گوتنەوەی فەقێیان، لە ساڵی ١٩٠٤ زاینی حسین بەگی بێلـو داوای لێـدەکات بـچێتە بێلو لەوێ ببێتە مودەرسی ئەو گوندە، ناری تاکو کۆچی دوایی کردنی لەسـاڵی ١٩٤٤ لە بێلو دەمێنێتەوە، بۆیە بە کاکە حەمەی بێلو ناسراوە.

کاکە حەمەی بێلو شارەزایی هـەبووە لـەکێشو عـەرەروزی عـەرەبی، چـونکە ئـەو سەردەمە ئەم مادەیە وەکو دەرس خوێنراوە.

هونراوەکـانی نـاری لەسـەر کێـشی عـەرەروزی گـوتراوە هـەموو پیتەکانیـشی بەکارهێناوە شاعیر کەمتریش لە شاعیرانی سەردەمی خۆیو پێشتریش وشەی بێگانەی بەکارهێناوە ناری یەکێکە لەو شاعیرانەی کورد کە گرنگیەکی زۆری بەراوانبێژی داوە، کە ئەمەش یەکێکە لە خاسیەتەکانی، جگە لەوەش زمانێکی تـەڕو پـاراوی هەیـە لـە خوێندنەوەی هۆنراوەدا، ئەمـەش وای کـردووە هۆنراوەکـانی ببنـە ویـردی سـەرزمانی خوێنەران.

شاعیری کورد عەلی کەمال باپیر گەلێك سەرسام بووە بە هۆنراوەکانی ناری شاعیر، نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو شانازیش بەوە دەکا کە لە هۆنراوە نوسیندا شوێن پێی ناری هەڵگرتوە، وەکو دەڵێ:

بێ ئەدەب نابم لەلام وایە ئەگەر بێتو بڵێـــــم
ئەی (کەمالی) شیعرەکانی من لەهی ناری دەکا
بەیادی طەبعی شەککەرباری (ناری) دەکـــــا
غەزەلخوانە (کەمالی) بۆیە واشیرینە ئەشعــارم

لــە ڕووی ناوەڕۆکیــشەوە شــیعری نــاری بریتیــە لــە شــیعری دڵــداریو ســتایشو پێداهەڵدان، نیشتمانپەروەری، شیعری ئاینی وەکـو ستایـشی پێغەمبـەر(ﷺ) یـاخود سوود وەرگرتن لە کەلتوری ئیسلامی بەکارهێنانی هەندێك ئایەتو فەرموودە.

سەرەتای دیوانی ناری بە سورەتی (یاسـین) دەسـت پێـدەکات، یاسـین یەکێکـە لـە سورەتەکانی قورئانی پیرۆز کە باسی گەورەیی پێغەمبـەر(ﷺ) دەکـات (یـس، وَالْقُـرْآنِ الْحَكِـيمِ، إِنَّـكَ لَمِـنْ الْمُرْسَـلِينَ، عَلَـى صِرَاطٍ مُـسْتَقِيمٍ) هـەروەها لـە فەرموودەیـەکی قودسیدا هاتووە دەربارەی گەورەیی پێغەمبەر(ﷺ) (لولاك لولاك لما خلقـت الافـلاك) دیسان هەموو ئەهلی دڵ واتــە عەشـقانی خـودا حـەز بـە خـۆ دەرخـستنی خوێنـدنی سورەتی (طـه) دەکەن کە ئەم سورەتەش هەر دەربارەی پێغەمبەر(ﷺ) دابـەزیوە (طـه، مَا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لِتَشْقَى)

سوورەتی یاسین کە وەصفی حەزرەتی لەولا دەکا
ئەهلی دڵ مایل بە جیلوەی سوورەتی طاها دەکا

ئاسمان کرپارێکی زۆر بە وەفایە، ئەو ڕۆژەی لەیاد ناچێت کـە پێغەمبـەر(ﷺ) چـوە ئاسمانو لەلای خوای گەورە دەعوەت کرا (سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَـيْلاً مِـنْ الْمَـسْجِدِ

الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّه هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ) (الاسراء- ١).

ئاسمان وەك مشتەری هەردەم بە میزانی وەفـــا
کەسبی هەر شامی بە یادی دەوڵەتی ئەسرا دەکا

حەزرەتی عیسا بە نەصـی ئایـەتی قورئـانی پـیرۆز لـە ئاسمانەکانـە، بـەڵام لەبـەر گەورەیی پیرۆزی پێغەمبەر(ﷺ) کە چووە ئاسمان، ئیتر ئەرکی ئەو بەرز بونەوەیە دەکا:

گەر تەصەورکا مەسیحی تەختی عەرشی ئەعظەمی
تا ئەبەد ئەرکی بەیانی ڕەفعەتی عیسی دەکـــــا

ئەو نوورەی لە پێغەمبەرەوە دەردەچێت، هەروەکو ئەو نورەی خودای گەورە لە کێوی طوری دا بۆ حەزرەتی موسا، هـەروەها تێکـەڵ بـوونی موعجیـوەی حـەزرەتی موسـا کاتێك دەستی لە باخەلیا دەنا دەستی سپی دەبـوو دەدرەوشـایەوە (وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ...) (طه-٢٢).

نووری عیشقی تۆ لەسەر طوری دڵی موسی مەگەر
دای لەسەر سینەی بە شەوقی دڵ یەدی بەیضا دەکا

ئەگەر خودای گـەورە حـەز بکـاتو بیـەوێت نەسـیمی گوڵـشەنی خـۆی بـدات بـە خۆشەویستی خۆی لەلای زۆر ئاسانە هەرچی ناخۆشی ژیانی هەیە بیگۆڕێت بە خۆشی، هەروەکو ئەوکاتەی نەمرود بۆ تۆڵەسەندنەوەی بتەکان لە حەزرەتی ئیـبراهیم ئـاگرێکی گەورەی کردەوە بۆ ئەوەی حـەزرەتی ئیـبراهیم بخەنـە ناویـەوە، بـەڵام خـودای گـەورە نەیویست بیسوتێنێ، بەڵکو فەرمانی دا بە ئاگر بۆ ئەوەی سارد ببێتەوە بە سەلامەتی رزگاری بێت:

بۆ خەلیلان گەر نەسیمی گوڵشەنی لوطفـت ببـێ
ناری نەمروودی بە سەحنەی (جەننەتو لمەئوا) دەکا

تاقی کیسرا نزیك سەلمانی پاکی ئێستا پایەتەختی فارسە ساسانیەکان بوو، بە لەدایك بوونی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو تاقە شەقی برد ئاگرو روناکی فارسەکان کوژایەوە، ئەمە بەلّگە بوو لەسەر فەوتانی دەسەلاتی فارسەکان لە عێراق وە لە سالّی ١٥ ك لە سەردەمی خەلیفەی دووەم عومەری کوری خەتاب(ﷺ) دەسەلاتیان نەما.

ناریش دەلّێت بە لە دایکبوونی پێغەمبەر(ﷺ) نورەکەی وەکو بروسك دای لە تاقی کیسرا دەسەلاتی فارسیش وەکو کەفی سەرئاو لەناو چوو ریسوا بوو.

تاقی کیسرا بۆ بە بەرقی نوری حوسنی شەق ئەبێ
سەیلی حوکمی ناری فارس زایل‌و ڕیسوا دەکا

سوێند بە خالقی هەموو عالەم لە ئادەمەوە کە یەکەمین کەسە تاکو دەگاتە پێغەمبەر(ﷺ) هەموو پێغەمبەرەکان یەکەیەکە دان دەنێن بە گەورەیی پێغەمبەری تۆ:

ئەی حەبیبی خالیقی عالەم لە ئادەم تا بە تۆ
ئەنیسیا یەك یەك بەیانی حەزرەتی والا دەکا

(وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَى) یەکێکە لە سورەتەکانی قورئانی پیرۆز، جا کەشف کردن‌و ئاشکرا کردنی ئەو شەوە بەهۆی تۆوە بووە، چونکە تۆ وەکو تیشکی رۆژ وایت هەرکاتێك تۆ بەدیارکەوتی شەو ناچێت زوناکی سەرتاپای دەگرێتەوە لێرەدا شاعیر وشەی (الضحی) بەکارهێناوە کە کاتی ئەوەی رۆژ بەقەد رمێك بەرز دەبێتەوە دەبێتە چێشتەنگاو لە هەمان کاتیشدا ئیشارەت بە سورەتی (وَالضُّحَى ۝ وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى) (الضحی:١-٢) دەکات:

کاشفی (واللیل)ی طوڕرەی پەرچەمی شەبڕەنگی تۆ
ئافتابی طەلعەت تەفسیری (والضحی) دەکا

ئینجا شاعیر باس لە گەورەیی‌و خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) دەکات بە تایبەتی شەوڕەوی پێغەمبەر(ﷺ) لە مەکەوە بۆ قودس‌و پاشان بۆ ئاسمانەکان (سُبْحَانَ الَّذِي

أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِنْ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّه هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ) (الاسراء- ١):

ئایەتی مبعراجی پایەی قەوسەینت عەجـەب
وەصفی ئیفرازت لە تەختی نازی (اوادنی) دەکا

پیاوانی چاکو خواترس لەلایەن خوای گەورەوە شەرابێکیان دەدرێتێ تێکەڵە لە زنجبیل (عَيْنًا فِيهَا تُسَمَّى سَلْسَبِيلاً) (الانسان- ١٧)، ئەو شەرابەش هەروەکو ئەو ئاوە شیرینو سازگارە وایە کە لە ڕۆژی دوایی دەدرێتە ئومەتی پێغەمبەر کە بە ئاوی (کەوثەر) بەناوبانگە (إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ) پێغەمبەر(ﷺ) بەدەستی خۆی ئەوئاوە سازگارو شیرینە دەداتە دەست ئەو کەسانە کە لە دنیادا لە خوداترس بوینە بێفەرمانیان نەکردووە

سەلسەبیلی لوطفی تۆ بێشك لە عەرصەی مەحشەردا
توشنە لەب، قانیع لەبادەی جامی (اعطینا) دەکـا

ناری شاعیر دەستە وەستانە لەئاست باسی وەسفی پێغەمبەردا(ﷺ) چونکە پێغەمبەر(ﷺ) چاکترینی دروستکراوی خوای گەورەیە، جا ئەگەر بێتو بەسەد دەفتەرو هەتا ڕۆژی مەحشەر بنوسمەوە گەورەیی تەواو نابێت

(ناری) یا وەصفی جەلالی حەزرەتی خیرالبشر
کەی بەسەد دەفتەر هەتا مەحشەر ئینشا دەکا

دنیا لەلای گەلێك لە شاعیرانی کلاسیکدا بە پیرێژنێکی جادوگەریان چواندووە جا مرۆڤی چاك ئەویە بتوانێت لە مەکری ئەو پیرێژنە رزکاری بێت، چاکترین شتیش ئەوەیە سێبەسێ تەلاقی بدەی، هەروەکو عەلی کوڕی ئەبی طالب دەفەرموێت: (انی طلقتها ثلاث) (ناری) دەڵێ پیاو ئەوکەسەیە دنیای تەلاق بدا:

کەسێ دەرچوو لەدوای مەکری دنیا
کە مەردانە تەلاقی سێبەسێ ئەدا

گەردوون بۆ لەحزەیەکیش لە بەزمی خۆی ناکەوێت بە دەستورو یاسای ئەدەب شەرم لە پیاوانی خوا ناکات، هەروەکو (شەمری)کە سەرلەشکری سوپای یەزیدی کوری معاویە بوو هێرشی کردەسەر نەوەی پێغەمبەر لە دەشتی کەربەلا هەمووی شەهیدکردن لەوانەش (حسین کوری عەلی) یەکێکە لە ال العبا. پێغەمبەر(ﷺ) جارێك لەگەڵ جولەکەیەك کێشەی دەبێت، ئەویش عەباکەی بەسەرخۆیدا ئەکاو (عەلیو فاطمەو حسنو حسین) ئەخاتە ژێریەوە بۆلای جولەکەکە دەروات، پاشان جولەکەکە ئەترسی پەشیمان دەبێتەوە:

فەلەك بۆ گەردوشی تۆ لەحزەیە تەرکی جەفا ناکا
بە قانونی ئەدەب شەرمێ لە خاصانی خودا ناکا
مەگەر ئەو مادەرەی شمری سەگو بوجەهلی مەلعونە
کەوا قەت ئەرکی غەم پێدانی (ما تحت العبا) ناکا

عبدالرحمن کوری ملجم بکوژی عەلی کوڕی ئەبی طالب، ئەم کابرایە دەچێتە شاری کوفە لە نزیك شاردا ئافرەتێك دەبینێت بەناوی (قطام) حەزی لێدەکاو دەچێتە داخوازی بەڵام ئافرەتەکە دەڵێت مارەیەکم لەسەر (٣) هەزار دینارو عەبدێکم بۆ بکری و، مەرجێکی تریش کوشتنی (عەلی کوڕی ئەبی طالب)ـە، چونکە کەسو کاری لەشەری نەهروان کوژرابوو لە دژی عەلی شەریان دەکرد، پێك دێن دەچێت عەلی شەهید دەکا، فرزدق شاعیر عەرەب دەڵێت:

و لم أر مهراً سافه ذو شـجاعه — کمهر قطام من فصیع و اعجـم
ثلاثه الاف و عبد و قینـه — و ضرب علی بالحسام المسـمم
ولا مهر اغلی من علی و ان علا — ولا فتك الادون فتك ابن ماجـم
ولاغرو وللاشراق ان ظفرت بـه — کلاب الاعادی من فصیح و اعجم
فحربه وحشی سقت حمزه الـروی — وحنف علی من حسام ابن ملجم

جەرگی ابن ملجم پارچە پارچە بێت کە هیچ ڕەحمێكو سۆزی لەدڵدا نیە کە هێرش

دەکاتە سەر عەلی ئەیکوژێت:

به تەرزی ئیبنو مەلجەم پارەبێ جەرگی کەوا ڕەحمـــێ
بە ئاهو سوزشی سینەی حەزینی مورتەزا ناکـــــا

شاعیر یەقینی وایـە ابـن ملجـم زۆر تێنـووە بـەخوێنی ئـەولادی پێغەمبـەر(ﷺ)، ئەمەش وادەکات کە هیچ ترس لەدڵدا نەبێت:

یەقینم وایە توشنەی خوێنی ئەولادی موحەمەد بوو
کە قەت خۆفی لە هەنگامەی خرۆشی کەربەلا ناکا

رووداوی کەربەلا گەلێك شتێکی گەورەیە بەلای موسڵمانانەوە چـونکە لـەم شـەرەدا نەوەی پێغەمبـەر(ﷺ) هـەموویان شـەهیدو لەناوچـون بـە فـەرمانی یەزیـدی کـوری معاویە، ئەو لەشکرەی حسین گەلێك پەرێشان بوون لە تێنوان بۆیە دەڵێن (من سقانی، قد نجا) هەرکەسێك هەندێك ئاوم بـداتێ رزگـاری دەبێـت لـە رۆژی حەشـردا، چـونکە لەشکری حسین سەرچاوەی ئاویان لێگیرا بوو

حوسەین ئاسا لە مەوجی خوێن دا پەیوەســتە فەرموویە
دەسا بۆکەس خەیاڵی (من سقانی قد نجا) ناکــــــــا

ناری پەیوەندی توندو تۆلی لەگەڵ بنەماڵەی شێخ مـەحمودی حەفیـدا هـەبووە، لـە هۆنراوەیەکدا کە بۆ شێخ بابە عەلی نوسیوە، شاری بەغـداد دەشـوبهێنی بـە میـسرو شێخ بابەعەلی بە یوسفی دووەمو دەڵێـت ئاگـاداری خـۆت بـە نـەوەك بکەوینـە داوی عەزیزێك چونکە حەزرەتی یوسف کاتێك گەیشتە میسرو چووە ماڵی عەزیزی میـسرو خێزانەکەی کە زولێخا بە حەزی چوە یوسف خەریك بوو تووشی گوناهی گەورەی بکات (قالت هیت لك) یوسف بەلام یوسف خۆی نەدا دەست:

بەغدا کە وەکوو میسرە ئەتۆ یوســـفی ثانی
وریابە نەوەك یاری عەزیزێ بە نیهـــــانی
بتخانە ئەنێو مەکرو فسـوونێکی زوبـــــانی

(شق القمر) لەت کردنی مانگ یەکێکە لە موعجیزە گەورەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك قورەیشیەکان داوایان کرد مانگیان بۆ لەت بکات، پێغەمبەریش(ﷺ) بە پەنجەی ئیشارەی کردو مانگ دوولەت بوو (اقْتَرَبَتْ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ) (القمر- ١)

ناری دەڵێت پارێزەری شەو رۆژ لەلای روح الامین ئەو بوو هاوڕێو یاری لە سەفەری شەویدا، لێرەدا شق القمر ئیشارەیە بۆ پێغەمبەری مەزن (ﷺ):

حافیظی ڕۆژو شەوت (روح الامین)
یاوەری تۆ صاحیبی شەققولقەمەر

هەر لە شوێنێکی تردا دەربارەی (شق القمر) دەڵێت:

وەها چاکە لە میعراجی وەفادا
لە ڕووتانا بەلەب شەققولقەمەر کەم

شاعیر پاکانە بۆخۆی ئەکات کە دوورە لە هەموو ئیشێکی خراپ، بۆیە داوا دەکات کە بە قسەی مرۆڤی ناپاك قەد بڕوا نەکەن گوێ لە قسەی پیاوی خراپ نەگرن، چونکە سوێند بەخودایەی کە عالم الغیب ئاگاداری هەموو شتێکەو شاهید کەمن وەکو حەزرەتی یوسف بێگوناهە تاوانم، هەروەکو چۆن زولیخا بوختانی بە حەزرەتی یوسف کرد ئەوها بەختان بەمن دەکرێت.

زولێخا خێزانی عەزیزی میسر حەزی لە یوسف کرد کە لەماڵی ئەودا کاری دەکرد، تاکو ڕۆژێك هەموو دەرگاکانی لەسەر یوسف داخست (وَرَاوَدَتْهُ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَنْ نَفْسِهِ وَغَلَّقَتْ الأَبْوَابَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ) (یوسف- ٢٣):

عالیمولغەیبیم خودایە بۆ گەواهی من کە وەك
یوسفی سیدیقی میسریمو لە توهمەت بێبەریم

دیسان دەربارەی عەشقی زولیخا بۆ جوانی یەسف دەڵێت بۆ پەیدا بوونی شـەوکەتی مرۆڤـ دەبێت هەوا خواپەرستی هەبێت هەروەکو جوانی یوسف بـوە رەواج بـۆ عەشـقی زولیخا بۆی (وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هَذَا بَشَرًا إِنْ هَذَا إلاَّ مَلَكٌ كَرِيمٌ) (یوسف- ٣١):

لەبۆ ئەربـابی شەوکەت لازمە زیبی هەواخـــــواهی

رەواجی حوسنی یوسف، شۆرشی عەشقی زولەیخا بوو

هاروتو مارووت دوو کەس بوو هەندێك دەڵێن دوو مەلائکەن، هەنـدێکیش دەڵـێن دوو پاشان بەڵام زۆرباش بوینە بە مەلائکە بەناوبانگن (وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِـلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ):

ئەگــەر هارووتو مارووتن لەچاهی زیللەتا جـــووتن

بە فیتنەی چاوی مەستی پڕخوماری ژن نەبوو چی بوو؟

قابیلو هابیل منداڵانی حەزرەتی ئادەم دەستیان کردن بـە کوشـتنی یـەکتر، قابیـل هابیلی کوشت، چونکە حەوا بە زگێك کورو کچێکی دەبوو، کچی یەکـەم ئـەدرا واتـە مارە دەکرا لە کوری دووەم، لەسەر ئەوە رێك نەکەوتن (فَطَوَّعَـتْ لَـهُ نَفْسُهُ قَتْـلَ أَخِيـهِ فَقَتَلَهُ فَأَصْبَحَ مِنْ الْخَاسِرِينَ) (المائدة- ٣٠).

ئەگەر قابیل بە قاتل بوو لە حەق بێ مایلو غافل بوو

سەبەب گوڵزاری روخساری عوزاری ژن نەبوو چی بوو؟

حەزرەتی یوسف کاتێك خۆی نەدادەست زولێخا ڕای کرد بـەرەو دەرگـا زولێخـا لـە پشتەوە کراسی راکێشا (وَاسْتَبَقَا الْبَـابَ وَقَـدَّتْ قَمِيـصَهُ مِـنْ دُبُـرٍ وَأَلْفَيَـا سَـيِّدَهَا لَـدَى الْبَابِ قَالَتْ مَا جَزَاءُ مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُـوءًا إِلاَّ أَنْ يُـسْجَنَ أَوْ عَـذَابٌ أَلِـيمٌ) (یوسـف- ٢٥)، پاش ئەوە چەند ساڵ کەوتە زیندانەوە ئەویش بە هۆی مەکرو داوی ژنەوە بوو:

لە زیندانی جەفادا، بێ صەفا ما، ماهی کەنعانی

بەمەکرو داوی تەزویری بەکاری ژن نەبوو چی بوو؟

ئاوی کەوثەر ئەو خەڵاتە گەورەییە کە دراوە بـە پێغەمبـەر(ﷺ) چـونکە کافرەکـان دەیانگوت (ابتر) واتە وجاغ کوێر، خوای گەورەش لە جیاتی ئەوە خەڵاتی کرد بە ئـاوی (کەوثەر) جا ئەگەر ئاوە مەنع کـراوە لەعاشـقانی خـوا، ئـەوە بۆچـی ئـەولیا خـەمی هەرگەورەیانە تاکو بگەنە سەر ئەو ئاوەو لێ ی بخۆنەوە:

ئەگەر کەوسەر لە عاشق مەنعە بۆچی
خەمی زولفی کەمـــەندی ئەولیـــا بوو

ئەو شۆخە نەخشینە کاتێك تیری مـوژەی خـۆی داوێـت زۆر بێمروەتانـە بەرامبـەر خۆی تیرباران دەکاتو دەیکوژێت بەمەش دەبێتە شینو ڕۆڕۆ.

سورەتی یاسین (یس والقران الحکیم) ئەو سورەتەیە کاتێك مرۆڤـ لـە سـەرەمەرگدا بێت بەسەریدا دەخوێنرێت، کاتێکیش مـرد تـەلقین دەدرێـــتو بەمـەش دەبێتـــــە شینو ڕۆڕۆ.

لەبەر تیری موژەی بێمروەتی ئەو شۆخە نەخشینە
لەهەرجێ دەنگی یا تەلّقینە، یا یاسینە، یا شینە

حەزرەتی عیسا موعجیزەی ئەوە بـوو کـوێرو بەلـەكو نەخۆشـی چـاك دەکـردەوە، هەروەها مردووی زیندوو دەکردەوە بە ئیزنی خوا (أَنِّـي أَخْلُـقُ لَكُـمْ مِـنْ الطِّينِ كَهَيْئَـةِ الطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُبْرِئُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ وَأُحْيِ الْمَوْتَى بِـإِذْنِ اللَّـهِ) (ال عمران- ٤٩).

وەکو لە پێشەوە باس لە (ال العبا) کرا پێغەمبەرو نەوەکانی عەلیو فاطمەش، جـا ئەوە چ ئینسانێکە لەلای تۆ ئالی عەبا واتە پێغەمبەر(ﷺ)و مـالو منـداڵی تووشـی زیللەت بن بەدەستی کافری بەدزاتەوە:

بۆ ئینسانە لەلای تۆ زومرەیی ئالی عەبـــا
قەیدی زیللەت بێ بە دەستی کافری بەدزاتەوە

موعجیزەی حەزرەتی موسا گۆچانەکەی دەستی بوو کاتێك فڕێی دەدا دەبووە ئەژدیهای گەورە لە دژی ساحیرەکانی فیرعەون، فیرعەون داوای لە سیحر بازەکانی خۆی کرد کە پێشبکرێ بکەن لەگەڵ موسا خەڵکیان کۆکردەوە (وَقِيلَ لِلنَّاسِ هَلْ أَنْتُمْ مُجْتَمِعُونَ، لَعَلَّنَا نَتَّبِعُ السَّحَرَةَ إِنْ كَانُوا هُمُ الْغَالِبِينَ، فَلَمَّا جَاءَ السَّحَرَةُ قَالُوا لِفِرْعَوْنَ أَئِنَّ لَنَا لَأَجْرًا إِنْ كُنَّا نَحْنُ الْغَالِبِينَ، قَالَ نَعَمْ وَإِنَّكُمْ إِذًا لَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ، قَالَ لَهُمْ مُوسَى أَلْقُوا مَا أَنْتُمْ مُلْقُونَ، فَأَلْقَوْا حِبَالَهُمْ وَعِصِيَّهُمْ وَقَالُوا بِعِزَّةِ فِرْعَوْنَ إِنَّا لَنَحْنُ الْغَالِبُونَ، فَأَلْقَى مُوسَى عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ) (الشعراء- ٤٥).

موعجیزەی (موسی) لە رووی دا سیحرو جادوو چی دەکا

هیممەتی ڕۆستەم ببێ ئەفکەنی گورگین چی یە؟

مانی گەورەترین وێنەکێشی فارس بووە، مانی رەنگی داوەتەوە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی، زۆربەی شاعیرانی کورد باسی (مانی)یان کردووە، نەقاشەکانی چین شوێن دەستو پەنجەیان دیارە لە هونەری نەخشەسازی، بەڵام هەرکاتێك جوانی حەزرەتی یوسف بێتە پێشەوە جوانیو زینەتی شیرین چیە؟

نەقشی مانی دەرکەوێ نەققاشی چین ریسوا دەبێ

حوسنی یوسف جلەوگەربێ زینەتی شیرین چیە؟

شاعیر وەکو مرۆڤێکی خاوەن باوەرو عەقیدەیەکی بتەو خۆشەویستی پێغەمبەری لە دڵدا چەسپاوە لە فەرموودەی پێغەمبەردا(ﷺ) هاتووەو فەرمویەتی ئیمانی تەواو نابێت ئەو کەسە هەتا منی لە هەموو کەس خۆشتر نەوێ، جارێك عومەری کوڕی خەتاب عەرزی پێغەمبەر(ﷺ) ی کرد تۆم لەهەموو کەس خۆشتر دەوێت تەنها خۆم نەبێت، ئەویش فەرمووی هێشتا ئیمانت تەواو نیە، عومەر گوتی ئێستا تۆم لەهەموو کەسێك خۆشتر دەوێت هەتا نەفسی خۆشم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی ئێستا ئیمانت تەواو بوو.

ناری ئەو خۆشەویستیەی هەیە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ئەوە لە پێنج خشتەکیدا ستایشی ئەو پێغەمبەرە(ﷺ) دەکات بە شاهەنشاو گەورەی دنیاو قیامەتی دادەنێت وەکو گەوهەری زێر تاجەو لەسەری نراوە، ڕۆژێکی پرشنگدارە لەنێو هەموو پیغەمبەراندا یاخود پێغەمبەرانی تر ئەستێرە بن ئەویش ڕۆژ بۆیە هەرکاتێك ڕۆژ دەربکەوێ زوناکی هەموو ئەستێرەکان ون دەبێت، بەهاتنی ئەو پێغەمبەرە(ﷺ) هەرچی شەرعیەتی پێغەمبەرانی پێشوو هەبوو بەتاڵ بوو (وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنْ الْخَاسِرِينَ)

ئەی شەهەنشاهی شکوهی عیززەتی روویی زەمین
گەوهەری تاجی ریسالەت، شەمسی بورجی مورسەلین

شەوی ئیسراو میعراج یەکێکە لە موعجیزە گەورەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کە لە شاری مەکە بۆ بيت المقدس لەوێشەوە بۆ ئاسمانەکان، ئەو شەوە هەموو مەلك کەوتنە ئاهەنگ گێڕان، هەر ئەو شەوە عەرش‌و کورسی بوە تەخت‌کورسی ئەو پێغەمبەرە ﷺ:

ئەی شەوی ئەسرا مەلەك خوررەم لەبۆ ئاهەنگی تۆ
عەرش‌و کورسی بوو بە تەخت‌و مەسنەدی ئەو رەنگی تۆ

هەر ئەو شەوە کە تۆ سەرکەوی بۆ ئاسمانەکان باخ‌و باغاتی بەهەشت هەموو شەرمەزاربوو لەجوانی تۆ، بۆ دلّدانەوەی زاتی تۆ ئەوها ڕێزمان گرتی بەرەنگی دەنگ:

گوڵشەنی جەننەت خەجالەت ما، لە جیلوەی ڕەنگی تۆ
بۆ نەوازش زاتی حەق هەم سوحبەت‌و هەم دەنگی تۆ

تۆ وەکو مانگی، هەرکاتێك هەڵدێی وەکو مانگ ئەدرەوشێیتەوەو وەکو مۆم وای لەنێوان سەرجەم پێغەمبەراندا روناکیت دیارە لە دوورە بەهۆی ئەو روناکیەوە ئەناسرێیتەوە:

پرتەوی بەدری جەمالت، شەمعی جەمعی ئەنبیا
زینەتی حوسنی کەمالت سۆزی شەوقی ئەولیا

ئینجا بەوپەڕی تەواضوعەوە ناری شاعیر بەراوردی خۆی لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) دەکات دەڵێ من گەداو بێنەوام، لە بەرامبەرمدا تۆش خاوەنی جوانی گەنجی دەسەڵاتیو خاوەن سەخاوەتی من چ لە سزا بکەم کە بێهەواو پەشیمانم، جا جگە لەتۆ چ شتێکی تر هەیە من رووی تێ بکەم ئەی شەفاعەت کاری کۆمەڵەی خراپکاران :

من گەداو بێنەوا، تۆش خاوەنی گەنجو کەریـــم
من نەخۆشو بێ دەوا هەر تۆی دەوابەخشو حەکیـم
چی لە هەنگامی جەزا کەم بێ هەوا خواهو نەدیـم
روو لە کوێ کەم غەیری تۆ ئەی شافعی زومرەی لەئیم

شاعیر کەوتۆتە شیوەنو قوڕپێوان کە عومرێکی درێژی بەسەر بردووە، بەڵام تەمەنێکی بێ بەرهەم کە هیچ زەخیرەی ڕۆژی دوایی کۆنەکردوەتەوە، بۆیە دەبینین دەستەو ئەژنۆ دانیشتوە وەك مندالێکی هەتیوی بێدایك کە هیچ کەسێك نیە دەستی میهرەبانی بەسەردا بهێنێ، جا ئەویش لە داخانا هیچی بۆ نەماوەتەوە تەنها ئەوەندە نەبێت، دانیشێت فرمێسکی تەر بڕێژێتو سەرتاپای لەشی خۆی لە قوڕ دەگرێ، هەتا ئەو کاتەی (شای لولاك) مەبەستی پێغەمبەر(ﷺ) لە حەدیثی قودسیدا هاتووە (لولاك لولاك لما خلقت الافلاك) دێ ڕزگارم بکات.

با بکەم شیوەن لەداخی باخی عومری بێسەمـەر
دەستە ئەژنۆ دابنیشم وەك هەتیوی بێ پـــدەر
با بە ئەشکی دیدە تەڕکەم خاكو خۆڵی ڕاگـوزەر
خۆ لەقوڕ بگرم بە جارێ هەر لەپێ تا تەوقی سەر
بەلکی لوتفی شاهی لەولاك بێ نەجاتم دا لەشین

ناری شاعیر کەوتۆتە ژێر دەستی هەواو نەفسی خۆی، ئەو نەفسەی کە هەردەم مرۆڤ بەرەو شتی خراپ دەبات (وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي إِنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلاَّ مَا رَحِمَ رَبِّي) (یوسف)، تیشوی ڕێگاشی لا نیە بۆ ئەوەی لە رۆژی دوایدا رزگاری بکات،

چونکە لە ڕۆژی مەحشەردا روت‌و بێچارە کە هیچی لەلا نیە تەنها ئەوەندە نەبێت ڕەحمەتی زۆری پێغەمبەر(ﷺ) شك دەبات چونکە لەو ڕۆژەدا (شفیع المذنبین)ـە. پێغەمبەر(ﷺ) لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت لە عەرزی ابوذر الغفاری دەکاو دەڵێت (یا اباذر اعد اسفینه فان البحر عمیق فستکثر زاد فان السفر طویل):

بوردەباری دەستی نەفسی کافری ئەممارە خۆم
بێزەخیرەو زادی ڕێگەی ئاخیرەت بێچارە خۆم
دەستەپاچەو رووسیاەو عاجزو بێکارە خۆم
رووت‌و قوتی مەحشەرو بێ سایە وو ئاوارە خۆم
بێ بەفریادم لەوێدا یا دەلیلەلمجرمین

سەرەڕای ئەو هەموو خراپەکاریەی کە هەمە، بەڵام ئومێدم زۆرە بەو ئایەتەی کە خوای گەورە (لاتقنطوا من رحمة الله).

من کە مەشهورم بە مەحکوم‌و موتیعی نەفسی شوم
کەی بە ئومێدو خەیاڵی ئیعتبارو ئابرووم
قەت لە فەرمانی ئیتاعەت یەك قەدەم پێشو نەچوم
ئێستە من قانیع بە خۆشەی ئایەتی (لاتقنطوا) م

ئەو سەگەی لەگەڵ کۆمەڵی یارانی ئەشکەوت کەوت (وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ) (الکهف)، ئەو سەگە لە بەهەشت دەبێت دەچێتە بەهەشتەوە، ناری دەڵێت ئەو لە بەهەشت من لە دۆزەخدا دەبم، دە ئەی خۆشەویستی هەموو دروستکراوەکان تاکو زووە بەزەییە بۆمان بنێرە، ئەگەر ئەو سەگی اصحاب الکهف بووە، منیش سەگی تابعینم:

گەر سەگی دوای فەوجی خاسانی خوایی کەوتووە
یانی دەربارەی دەری ئەصحابی کەهفی گرتووە

ئەو لە جەننەتدا موقیمو من لە دۆزەخـــــدا بووە
ئەی حەبیبی خالیقی عالەم تەرەححوم تـــــا زووە
ئەو سەگی ئەصحابی کەهفو من سەگێکی تابعین

ناری سەفەری کۆچکردنی نزیك بۆتەوە وردە وردە خەریکـە هـەنگاوی بـۆ دەهـاوێ، بەڵام مەنزلی گەلێك دوورو درێژەو ڕێگاکەشـی پڕمەترسـیە، جـا کەوایـە بـۆ هێنـدە غافڵی ئەی خاك بەسەر، برۆ هەتا زووە روو لە بارەگای پێغەمبەر(ﷺ) بکـەو گـەلێك بپاڕێوەو بڵێ ئەگـەر باشـترین دروسـتکراوی جیهـان، ئێمـە زۆر بـە ئـیخلاص شـوێن هەڵگری سونەتەکانی تۆین لەخۆتمان بژمێرە.

(ناری) یا ئامادەیە نزیکە هەنگامی ســــــــەفەر
مەنزڵت دوورو درێژو چۆڵە ڕێگەت پڕخەتـــــــــەر
تا بکەی غەفڵەت نوشینی خاکی، ئەی خاکت بەسەر
روو لە ڕەوزەی موستەفا کە بێژە یا خەیرولبەشـــەر
نیمە توێشەی ڕێگە جوز ئیخلاصی خەیرولبەشـــەر

سەرچاوەکان:

١- دیوانی ناری/ کۆکردنەوەو ساغ کردنەوەی پێشەکیو لەسەر نوسینی کاکەی فەلاح ١٩٨٤.
٢- نورالابصار فی ماقب ال البن المختار.

بێـــخـــود

بێخـود (١٨٧٥-١٩٥٥) شـاعیرێکی زمـان پـاراوو تـەرزمانی کـوردە، هـەروەها یەکێکە لە شاعیرە کلاسیکەکانی کورد، بـە کۆچـکردنی بێخـود ئەسـتێرەیەکی تـری شیعری کلاسیکی کوردی بەرەو نەمانو ئاوابوون چوو، یاخود بـە مانایـەکی تـر بڵـێین دواچۆڕەکانی شیعری کلاسیکی کـوردی لـە دەریـای ئـەدەبی کـوردی بـەرەو کۆتـایی دەڕۆیشت.

شاعیر لە سەردەمێك لەدایکبووە، کە خوێندنی حوجرە سوختەخانە بـاوی هـەبووە، لە هەمانکاتیـشدا لـە خێزانێکـی زانـاو ئایینپـەروەر لـەداکبووە هـەر لەمنداڵیـەوە مێشکی بە بیری ئایینیەوە زاخاو دراوە، کاتێکیش تەمەنی گەیـشتۆتە (٦-٧) سـاڵان هەروەك منداڵانی سەردەمەکەی خۆی چۆتە بەر خوێندنو فێری ئیملاو نەحوو صـەرفی زمانی عەرەبی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا شـارەزایی پەیـدا کـردووە لـە زمـانی فارسـیو تورکیدا، هەروەها شارەزایی لە زانستەکانی ئایندا، کاتێکیش خوێندنی تەواو کـردووە لە ناوچەکانی کوردسـتاندا بـە مامۆسـتایەتی خـەریك بـووەو دەرسـی گوتۆتـەوە بـە تایبەتی لەپاش ئەوەی لە جێگای کاکی بۆتە موفتی، کەواتە لەو ڕۆژەوەی پێە ناوەتـە حوجرە تاکو ڕۆژی کۆچکردنی سەرقاڵی کاروباری ئـاینی بـووە، بۆیـە دەبیـنین زۆر بـە ئاشکرایی کاریگەری ئاینی بە شیعرەکانیەوە دیارە، یاخود بە مانایەکی تر بڵێین ئـاین لە شیعرەکانی بێخود ڕەنگی داوەتەوە.

ئەگەر بێتو چاوێك بە دیوانەکەیدا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێت زۆربـەی شـیعرەکانی لاوانـەوە بـووە بـۆ پیـاوانی ئـایینیو دۆسـتەکانی یـاخود پیـا هـەڵگوتن بـووە بـۆ پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ هاوەڵەکانی وەکو خەلیفە راشدین(ﷺ).

بێخود توشی موبتەلای هەواو نەفسی خۆی بووە، مەعصیەتو گوناه تەواو باریان کردوە دەردی بێدەوایە، بەڵام هێندە بەسە بۆ شاعیر کە پێغەمبەرﷺ پشتو پەنایەتی ئەو پێغەمبەرەی کە بە موعجیزە کارمامز شاهیدی بۆ داوە کە پێغەمبەری ﷺ خوایە:

بەدەس هەواو نەفسەوە ئەگەرچی بەندە موبتەلام
هیلاکی باری مەعصیەت کەلاکی دەردی بێدەوام
بەڵام ئەمەم کیفایەتە کە نەعت خوای موستەفام
خولاصە من لە هەردوو لا کەسێکە مەلجەئو پەنام
کە گفتوگو بە وەحشی یو غەزالو سوسەمار ئەکا

نزاو پاڕانەوەی موسا پێغەمبەر لەسەر کێوی طور کە خوای گەورە نووری خۆی پیشان بدات کاتێکیش کەمێك لە نوورەکەی خستەسەر کێوی طور کێوەکە سووتا، دوای ئەم بەسەرهاتە دێتە سەرباسی پێغەمبەر(ﷺ) کە چۆن ئادەمی فریشتە صەلاوات لەسەری لێ دەدەن پاشان بە موعجیزەی خۆی بە هێمایەك مانگ شەق دەکا.

قورەیشیەکان داوایان لە پێغەمبەر(ﷺ) کە موعجیزەیەکیان پیشان بدات، داوای ئەوەیان لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد کە مانگیان بۆلەت بکات پێغەمبەر(ﷺ) بە پەنجەی مانگی شەق کرد، خەڵکەکە هەموو ئەوەیان دیت، قورئانیش ئیسپات دەکات (اقْتَرَبَتْ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ) (القمر)، بێخودیش دەڵێ:

هەتا تەجەللی خودا لە عالەما بکا ظهور
بە ئاگری گوڵی چەمەن چیا ببێتە کێوی طور
فریشتەو ئادەمی ئەڵێن هەتا ئەبەد لە خوارو ژوور
صەڵاتی حەق لەسەر شەهێ کە شەق ئەکا قەمەر لە دوور

له كۆنهوه دروست بوونی ئادهمیزاد بۆته جێگای مشتومڕێكی زۆر، ئایـا سـهرهتای دروست بوونی ئادهمیزاد چۆن بووه، خوای گهوره له قورئاندا ئـهم باسـهمان بۆیـهكالاّ دهكاتهوه ههروهكو له سورهتی (السجده) دهفهرموێ: (الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ وَبَدَأَ خَلْقَ الإِنسَانِ مِنْ طِينٍ، ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُ مِنْ سُلاَلَةٍ مِنْ مَاءٍ مَهِينٍ) (السجده- ٧).

بێخود لهژێر كاریگهری ئهم ئایهته دهڵێت:

قوربانی ئهو خودایه كه دوڕڕێكی وا یهتیـــم
بهشهوچرای ئێمه له ماءو له طین ئهكـــــا

شهڕی خهندهق لهنێوان قورهیشهكانو موسڵمانهكان ڕوویدا، مهبهسـتی قورهیـشهكان ئهوه بوو به یهكجاری موسڵمانهكان لهناوببهن، بۆیه هێرشیان كردهسهر شاری مهدینه، موسڵمانهكان لهسهر پێـشنیاری سـهلمانی فارسـی خهنـدهقیان لـه دهوروپـشتی شـاری مهدینه لێدا، ههموو موسـڵمانان كاریـان تێـدا كـرد، پێغهمبـهر(ﷺ) كـهمێك ئـاوو كهمێك جۆیان بۆهێنا، بهبهرهكهتی ئهو پێغهمبهره(ﷺ) تـوانی هـهموو ئـهو خهڵكـه تێرئاوو خواردن بكات، كه موسڵمانهكان سهریان لـهوكاره سـوڕما، ئـهم مـوعجیزهی پێغهمبهر(ﷺ) له شیعری بێخود بهم شێوهیه ڕهنگی داوهتهوه:

ئهگهر له فهیضی ئهو نهبێ دوو هۆقه جۆو یهك چتێر
چلۆن لهڕۆژی خهنـدهقا كیفایهتی هـــهزار ئـــهكا ل ٤

لهشـــهوی ئیـسراو میعراجـدا پێغهمبــهر(ﷺ) چـووه ئاسمانــهكان تـاكو گهیـشته سدرهالمنتهی (وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى، عِنْدَ سِدْرَةِ الْمُنْتَهَى) (الـنجم- ١٤)، كـه ئهمــهش یهكێكه له گهورهیی پێغهمبهر(ﷺ) كه بهدهیهها موعجیزهی تری ههیه:

تۆ سیدرهنشین بازی، صاحێبی صهد ئیعجازی
پێغهمبهری مومتازی، دهستی منو دامانــت ل ١٧

شەقکردنی مانگ بە پەنجەی پێغەمبەر(ﷺ) شتێکی بەڵگە نەویستە، کاتێک قورەیشیەکانداوایان لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد، ئەویش ئەو داوایەی بۆ جێبەجێکردن:

بەیضا بە ئەمری ئەو بوو کەوەستا دەقیقـــەیێ
دوولەت بەدەستی ئەو بوو کە مانگی ئیشارە کرد ل ٢٥

دیسان دەربارەی شەری خەندەق بێخود دەڵێ:

ئەو بوو کە یەك چیترو مەنێ جۆ لە خەندەقا
ڕۆژی غەزا کیفایەتی بەو یەك هـــەزارە کرد ل ٢٥

بێخود لە پێناسەی گەورەیی‌و ئیعجازی پێغەمبەر(ﷺ) دیسان دەڵێت:

بە تیغـــی ڕەمزو ئیعجازی کەمـــەندی
مەهی شەق کردو بەستی باڵی (خورشید) ل ٢٤

بێخود نەك هەرخۆی دەکاتە قوربانی پێغەمبەر(ﷺ) بەڵکو خـۆی دەکاتـە قوربـانی ئەو کەسە کە قوربانی پێغەمبەر(ﷺ) دەبێت، ئەو بەندەیـەش وەکـو سـەگێك دەبێتـە دەرگەوانی شاهی عەرەبی واتـە پێغەمبـەر(ﷺ)، ئـەو شـاهەش نەسـەبی قورەیـشیە، جەرگ‌و دڵی منیش بەستراوە بە خۆشەویستی ئەوەوە.

قوربانی کەسێ بم کە بەقوربانی نەبی بـــــێ
وەك بەندە سەگی دەرگەهی شاهی عەرەبی بێ
شاهی عەرەبی یەعنی قورەیشی نەسەبی بـــێ
جەرگی بە دوو ئەبرۆی ئەوە چنراوە دڵی مـــن ل ٦٨

بێخود زۆر وەستایانە باسی وەفاو دڵسۆزی (ئەبوبەکری صدیق) دەکا کە چۆن گیانی خۆی فیدا کرد لە ڕێگەی پێغەمبەر(ﷺ)دا کە چـۆن بەیەکـەوە کۆچـیان کـرد، پاشـان ئەبوبەکر لەپێش پێغەمبەر(ﷺ)دا چووە ناو ئەشـکەوتەکەوە، هـەموو کونـەکانی نـاو ئەشکەوتەکەی گرت تەنها یەك کون نەبێت، ئەویش قاچی خۆی لەسەر دانا بـۆ ئـەوەی

هیچ زیندەوەرێك زیان بە پێغەمبەر(ﷺ) نەگەیەنێ، لە ئەنجامدا مارێك بەپێی پیرۆزی ئەبوبەکریەوەدا، ئا ئەمەیە گیان فیداکردن لە ڕێگەی بیروباوەڕدا، خوای گەورەش واباسی ئەو کۆچە دەکا (إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لاَ تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا) (التوبة- ٤٠).

خوصووص خەلیفەی یەکەم رەئیسی فبرقەی ئیهتدا
کە ئەو بوو کردی رۆحی خۆی لە ڕێی صەداقەتا فیدا
کەسێ کە پێی موبارەکی بخاتە ژاژی ئەژدەها
لەبەر رەسولی موحتەرەم نەوەك گەزەندی پێبگا
یەقین بزانە ئیشی وا لە ئیشی یاری غار ئەکا

لەپاشان دێتە سەرباسی خەلیفەی دووەم (عومەری کوری خەتاب) کە ناوبانگی بە دادپەروەری لە هەموو جیهاندا بلاو بۆتەوە، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا خەلك زۆر بە ئەمینی ژیاوون، جا لێرەدا دەبینین بێخودی شاعیر پەندێکی کوردی پڕبەپێستی ئەم دادپەروەریە تێکەڵ بە شیعری خۆی کردووە کە پەندەکە دەڵێ (گورگو مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە) هەرچەندە گورگ زۆر برسی مەڕە، بەلام کاتێك دادپەروەری بلاوبۆوە مەڕ لە گورگ ئەمین دەبێت، کە ئەمەش دیارە هەر لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب روو دەدات:

لەپاش ئیمامی نامەوەر (عومەر) خەلیفەی زەمین
درەختی مەعدەلەت سەمەر چەمەن طیرازی شەرعو دین
هەر لە عەصری عەدلیا مەڕە لە گورگ ئەبێ ئەمین
لە جێگەیێ جەنابی ئەو کە بوو ئیتر سەگی لەعین

ئینجا نۆرەی خەلیفەی سێیەم (عوسمانی کوڕی عەفان)ـە، خاوەنی شەرمو حەیا، کە چۆن هاتووە لە فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ)دا سوودی وەرگرتووە، کە فریشتەکانی ئاسمان شەرمیان لە عوسمان کردووە (روی عن علي (ﷺ) قال دخل عثمان علي النبي

(ﷺ)و رکبته بادیه فغطی رسول الله (ﷺ) رکبته، فقیل دخل ابوبکرو عمرو علی فلم تفطها؟ فقال رسول الله (ﷺ) الا استحی ممن استحیت منه الملائکه):

لە وەصفی خازنی سووەم یەگانە گەوهەری حەیــــا
ئیمامی مەجمەعی ئەدەب، خەطیبی مینبەری حەیا
هەرچی بڵێم خەجاڵەتم لە شەرمی جەوهەری حەیــــا
کەسێ کە دابڕا فەلەك لەڕێی ئەودا سەری حەیــــا

لەپاش کۆتایی هاتنی شەرمو حەیای خەلیفەی سێیەم، دەست دەکات بە تەواوکردنی خەلیفەی چوارەم (عەلی کوڕی ئەبی تالـب) کـە خۆشەویـستی پێغەمبـەر(ﷺ) بـووە، وەسفی ئەم بەڕێزە دەکات بە ئایـەتی (وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا) (سورەتی انسان)، کە بە (هل اتی) دەست پێدەکا لە شانی (عەلی)و فاتیمـەی خێزانیدا هاتۆتە خوارەوە، لە پاشادا باسی ئەو فەتحە گەورەیە دەکات کە فەتحی قـەڵای خەیبەرە، بەسـەرکردایەتی (عـەلی کـوڕی ئـەبی تالـب) فـەتح کـرا، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمووی بەیانی ئاڵای ئیسلام دەدەم بە یەکێك لە ئێوە کە فەتحی قەڵای خەیبەر دەکا، بۆ بەیانی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی کوا عـەلی؟ ئاڵاکـەی دادەسـتو بـەرێی کـرد لـە ڕاستیشدا فەتح کرا:

لەگەڵ کەسێ حەبیبی خۆی خوا کە بووی عینایەتی
بەیانی وەصفی ئەو ئەکا لە (هل اتی) بە ئایـــەتی
غەزەنفەرێکی وا کەوا درا هیدایــــــــــــەتی
لەڕۆژی فەتحی خەیبەردا بە زۆری شانو رایەتـــــی

دیسان هەر دەربارەی (عەلی)و قەڵای خەیبەر دەڵێت (عەلی) قەڵای خەیبەری فەتح کردو، ئەو شمشێرەی بەدەستیەوە بوو، ناوی (ذوالفقار) بووە، کە پێغەمبـــەر(ﷺ)

دەربارەی عەلیو شمشێرەکەی دەفەرموێت: (لا فتى الا علي لا سيف الا ذوالفقار):

بادی برۆی ڕەسولی خودا بوو بە یـــــــــاوەری
حەیدەر کە فەتحی خەیبەری بەو (ذوالفقار)ـە کرد

دیسان دەربارەی عوسمانی کوڕی عەفان کە دوو کچی پێغەمبەری(ﷺ) مارە کردووە (روقیەو ام کلثوم) پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی کچی تریشم هەبوایە لێم مارە دەکرد (لـو أن لنا ثالثه لزوجناك):

بۆچی نەبێ بە صاحیبی نوورەینی نەبیرەیـــن
عوسمان کە بۆنی دوو گوڵی لەو نەوبەهارە کرد

ئینجا نـۆرەی پیـاوێکی فارسـیە کـە نـاوی سـەلمانی فارسـی‌یە، مهـاجرو انـصار هەریەکەیان دەیانگوت سەلمان لە ئێمەیە، تاکو قسە گەیتە پێغەمبەر(ﷺ)و فـەرمووی (سلمان منا اهل البيت):

بڕوانە چۆن بە ڕوتبەی (منا) خەلات کـرا
سەلمان کە هاتوو بەیعەتی بەو تاجدارە کرد

ئەو شەوەی کە پێغەمبەر(ﷺ) لەدایکبوو، پارچـە نوورێـك سـەرتاپا دنیـای ڕونـاك کردەوە هەر ئەم نوورە بوە هۆی کوژانەوەی ئـاگری ئاگرپەرسـتان ە شـەقکردنی تـاقی کیسرا، دیسان هێماکردن بە گەورەترین موعجیزەی پێغەمبەر(ﷺ) (انطقت نار المجوس وانشقت ايوان كيسرا).

بە ظاهیر بوونی طاقی کیسرەوی نەتدی کە چی پێهات
قەمەر نازانێ چۆن بوو بەیەك ئیحای پێغەمبــــــــەر

حەزرەتی (ئیبراهیم) سلاوی خوای لێ بێت کاتێك لە خەودا فەرمانی پێکرا کە خۆشەویستەکەی واتە حەزرەتی (ئیسماعیل)ی کوڕی سەرببڕێت:

شۆخی کە یەك موژەی بە مەثەل بۆ ذەبیحی من
صەد خەنجەری خەلیلی بەدایم ســــــــــواوەمە

ئەو کاتەی کە شاعیر دڵ پڕلەغەم دەبێت پەنا بۆ حەزرەتی یوسـف دەبـات، کاتێـك ئەو گرانیەی بەسەر خەڵکی میسردا هات بۆماوەی حەوت ساڵان یوسف پێغەمبەر دڵی خەڵکی دەدایەوە کە سەبر بگرن هەموو تەنگانەیەك خۆشی بە دواوەیـە (قَـالَ تَزْرَعُـونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدْتُمْ فَذَرُوهُ فِي سُنْبُلِهِ إِلاَّ قَلِيلاً مِمَّا تَـأْكُلُونَ ۞ ثُمَّ يَـأْتِي مِـنْ بَعْدِ ذَلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلاَّ قَلِيلاً مِمَّا تُحْصِنُونَ) (یوسف ٤٧,٤٨)

ئەوەندە مەحوی غەمم ئەی ئەزیزی میسری بەلاغەت

دەهانیَ یوسفی ثانی صیفەت، نەماوە نیشـــــــــانم

شاعیر هێندە عاشقی ڕێبازەکەی بووەن خۆی وەکو عەشقەکەی زولێخا دێتە بەرچـاو بۆ یوسفی بەجێماوی دەشتی کەنعان:

لە کەنعانی فیراقو جان گودازیدا وەکو یەعقوب

لە میصری ئیشتیاقو عیشق باویدا زولەیخا خۆم

حـەزرەتی یـەعقوب لـەتاو دووری یوسـفی کـوڕی چـاوەکانی کـوێر بـوو، کاتێـك کراسەکەی یوسفیان هێنا یەعقوب فەرمووی (وَلَمَّا فَصَلَتْ الْعِيرُ قَـالَ أَبُـوهُمْ إِنِّـي لأَجِـدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلاَ أَنْ تُفَنِّدُونِي) (یوسف- ٩٤)، کاتێکیش مـژدە هێنەرەکـە کراسـەکەی گەیاندە حەزرەتی یوسفو بەسەر چاویاندا هێنا ڕووناکی بۆ چـاوی گەڕایـەوە (فَلَمَّـا أَنْ جَاءَ الْبَشِيرُ أَلْقَاهُ عَلَى وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصِيرًا) (یوسف- ٩٦).

دەمێ بوو چاوەڕێی مژدەی قودوومی ئێوە بوو (بێخود)

خودا کردی نەسیمی پیرەهەن بۆ پیری کەنعان هــــات

کاتێك براکانی حەزرەتی یوسف بردیان بۆ شوون بزرکردنی بە فێڵی سـەیران، پاشـان هەڵیاندایە نێو بیرو دوایی کاروان هات یوسفیان دەرهێنـاو لەگـەڵ خۆیـان بردیـان بـۆ مصر فرۆشتیان، چەند ساڵێك بـزر بـوو لـە بـاوکی دابـڕا کـەس نەیـدەزانی سـوراغی لەکوێیــــە (قَالَ قَائِلٌ مِنْهُمْ لاَ تَقْتُلُوا يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ

السَّيَّارَةِ إِنْ كُنتُمْ فَاعِلِينَ) (يوسف- ١٠).

بۆچی نەڕژێ سەیلی سروشکم وەکو بـــــاران
بۆچی وەکو یەعقوب نەبمە شوهرەیی شــــاران
لەو یوسفە پرسیومە لە بێگـانەو یـــــاران
هەرگیز نی یە ســـۆراخی لە هیچ لاوە دڵی من ل ٦٧

ئەو کاتەی کاروانەکەی (یوسفی)یان دەرهێنا لەبیر، بردیانە میسر، فرۆشتیان (وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا فِيهِ مِنْ الزَّاهِدِينَ) (يوسف- ٢٠)

یوسف مەتاعی من نی یە لێم لادە ئەی عەزیز
سەودای نگینی خەتمی ریسالەت بەناومـــــە
بۆ گۆشەیێکی تیغی برۆی وەك ژنانی میصـــر
پەیوەستە ئارەزووی لەپی دەستی بڕاومـــــە

بێخود پەرێشانە لەتاو دووری شێخ مەحمودی نەمر، هەروەکو چۆن یەعقوب گـەلێك پەرێشانی یوسف بوو، بەڵام لە دوایی یوسـف بـە دیـداری یـەعقوب شـاد بـوو، شـێخ مەحمودیش لە ئاوارەیی هیندستان گەیشتەوە کوێت بەم زوانەش بـە دیـداری دۆسـاتن شاد دەبێتەوە

عاجز مەبە بێخود کە ئیشەڵڵا وەکو یەعقوب
نەزدیکە ویصالی مەهی کەنعانی کـــووەیتم ل ٤٥

پەپوولـە سـولەیمان هـەواڵگری حـەزرەتی سـولەیمان بـووە، کـە سـولەیمان خـاوەنی ئەنگوستیلە بووە، بـەهۆی ئـەو ئەنگوسـتیلەوە هەمووشـتێکی بـۆ فەراهـەم کـراوە، بێخودیش دەڵێ مەگـە مـن لێـت دوورم بـەهۆی هودهـود هـەموو شـتێك دەزانێـت، هەروەها بەهۆی ئەنگوستیلەکەیەوە هەموو شتێك جێبەجێ دەکرێت:

واتیَ مەگە دوورم لەتۆ ئەی صاحیبی خاتـەم
هەر هودهودەکەی بەزمی سولیمانی کووەیتم ل ٤٥

هودهودی حەزرەتی سولەیمان توانی هەواڵی بەلقیسی شـاژنی یەمـەن بـۆ حـەزرەتی سولەیمان بهێنێ، ئەمە وای کرد سولەیمان دەست بەسەر مـولکی یەمـەن بگرێـت (قَالَ يَاأَيُّهَا المَلاَ أَيُّكُمْ يَأْتِينِي بِعَرْشِهَا قَبْلَ أَنْ يَأْتُونِي مُسْلِمِينَ) (النمل- ٣٨).

گەر هودهودەکەی بادی صەبا بێ لە (سەبا) تان
گەر تەختی (سـولەیمان)ی یە ئەیخـاتە هـەواتان ل ٦١

بێخود چاوڕونی لەخۆی دەکات ئەوکاتەی نامـەی (نـوری شـێخ صـالحی) بەدەسـت گەیشتوە، نامەکەی بە کراسـەکەی حـەزرەتی یوسـف چـواندووە، کاتێـك بـۆ بـاوکی ناردەوە، حەزرەتی یەعقوب ڕۆشنایی بـۆ چـاوەکانی گەڕایـەوە، چـونکە لـەتاو دووری یوسف کوێر ببو:

لەپاش حەمدو ثەناو شوکرو سوپاسی حەزرەتی بێچوون
لەپاش صەلوات‌و تەسلیمی شەفیعی ئوممەتی جـــانی
وتم ئەی خەططو خامەت سورمەی چاوی مەهجـووران
وتم ئەی بۆیی نامەت بۆیی جامەی ماهی کەنعانـــی ل ١٢٢

یوسفی میصر هێندە جوان بووە لەلای شاعیر بۆتە مـانگ‌و وەکـو مـانگی چواردە شەوە دەدرەوشایەوە، بێخود دەڵێ گەردی بەرپێی خۆت بۆ لێم قەدەغـە دەکـەی، مـن هەروەکو حەزرەتی یەعقوبی باوك چاوەڕێ تۆزێکی ئەو گەردەم کە بـۆم بنێـری‌و چـاوم پێ ڕووناك ببێتەوە.

گەردی ڕێت تاکەی لە (بێخود)مەنع ئەکەی ئەی ماهی میصر
چاوی ئەم یەعقوبە موحتاجـــی جەواهێر ســـــــــورمەیە ل ١٥٢

پێغەمبەر(ﷺ) بە ڕەحمەت بۆسەر ئادەمیزاد ڕەوانە کراوە، ئاینەکەی کۆتایی ئاینـە هەتا ڕۆژی حەشر بەردەوام دەبێـت، ئـەم ئاینـەی زینـدوو کردۆتـەوە، هـەروەکو چـۆن حەزرەتی (عیسـا) مردوی زیندوو دەکردەوە (وَتُبْرِئُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ بِإِذْنِي وَإِذْ تُخْرِجُ

الْمَوْتَى بِإِذْنِي) (المائدة- ١١٠).

ئیحیای مەسیح ئەگەر نەفەسێ بوو، جەنابی ئەم
تا ڕۆژی (یوم ینفع) ئیحیای دین ئەکـــــا ل ١١

حەزرەتی عیسا خوای گەورە ئەو موعجیزەی دابووێ کە کوێرو کەڕو مردوو زیندوو دەکردەوە بە ئیزنی خوا، دەڵێن سامی کوڕی حەزرەتی نوحیشی زیندوو کردۆتەوە:

بشمرم خاکم لەپاش صەدساڵ ئەڵی وەك (سام) ی (نووح)
ئەی مەسیحا چاوەڕێی یەك مرحەباتم، ڕوحەکـــەم ل ٥٧

مزگەوت ماڵی خودایە، ئاوەدانکردنەوەی لەلایەن خەڵکەوە دەبێتە مایەی خێرێکی زۆر، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ) (التوبة- ١٨)

بەباڵی (انما یعمر) کە گەییە ئەوجـــی (من امن)
(امان الله) لەداخ ئیحسانی ئەو ڕوحی شکاتی کرد ل ٣٠

یارانی ئەشکەوت چەند کەسێك بوون، لەترسی دەقیانووس پاشای ستەمکار هەڵات بۆ ئەشکەوتێكو خۆیان یا حەشاردا، سەگێکیان لەگەڵدا بوو بەناوی (قطمیر) ٣٩ ساڵ تیادا مانەوە (أَمْ حَسِبْتَ أَنَّ أَصْحَابَ الْكَهْفِ وَالرَّقِيمِ كَانُوا مِنْ آيَاتِنَا عَجَبًا) (الكهف- ٩)، بێخود شاعیر خۆی بەو سەگە دادەنێت کە ناوی قطمیر بووەو پاسەوانی لە اصحاب الكهف کردووە بەڵام (اصحاب الكهف) ی بێخود شێخانی بیارەن.

ئەمن (قطمیر) ی ئێوەو، ئێوە (اصحاب الکهف) ی من
لەبۆ کەهفی ئەمانت وا سەگی دەرگانەکەی خۆت هات ل ١٤

هەریەك لە حەزرەتی عیساو موسی موعجیزەی خۆیان هەبووە، حەزرەتی عیسا فووی ئەکرد بە مردوودا زیندوی ئەکردەوە (وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ بِإِذْنِي فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِي وَتُبْرِئُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ بِإِذْنِي وَإِذْ تُخْرِجُ الْمَوْتَى بِإِذْنِي) (المائدة- ١١٠).

هەروەها حەزرەتی موسی دەستی لەباخەڵیا ئەناو کاتێك دەریدەهێنا سپی دەبوو ئەدرەوشایەوە(وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ آيَةً أُخْرَى)(طه-٢٢)

هێندە بۆ ئیحیای دڵی مردوو یەدی بەیضای هەیە
گاورو جووش پیێ ئەڵێن مووسا دەسەو عیسا دەمە　　　ل ٨٨

دیسان دەڵێت:

یەدی بەیضای بەغەل پەروەردەیی ئیعجازی شوخێکە
لە عەینی نەصڵی شەودا صاحێبی صوبحی گریبانە　　　ل ٩٠

شاعیر گەلێك دوورە لە خۆشەویستی بەڵام چ دووریەك تاکو ڕۆژی مەحشەر بەیەك ناگەن ئەو حەسرەتەی دووریەشی دەمێنێتەوە تاکو لێدانی نەفخی صور (وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَإِذَا هُمْ مِنْ الأَجْدَاثِ إِلَى رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ) (یس ٥١)

چ دووری؟ دووریێ تا ڕۆژی مەحشەر
چ حەسرەت؟ حەسرەتێ تا نەفخی صوور　　　ل ١١٢

ئەو ڕۆژەی خوای گەورە دنیای دروست کرد، ئەرواحی خەڵکی کۆکردەوە فەرمووی (الست بربکم) الاعراف، خەڵکەکەش لە وەڵامدا گوتیان (قالو بلی) بۆیە بێخود گلەیی دەکاو دەڵێ ئێوە هێندە بیڕەحمن بەرامبەر بەمن دەڵێ ئاسنگەری ڕۆژی (الست) دڵو دەروونی ئێوەی لە ئاسن گرتووە:

هێندە بیڕەحمن ئەڵێی ئاسنگەری ڕۆژی الست
دەرحەقی من لەوحی دڵتانی لە ئاسن کردووە　　　ل ٩٤

صافی

صافی ناوی کاك مستەفای کوڕی کاك عەبدوللایە، لە هیران لە ساڵی ١٨٨٣ لەدایك بووە، وە لە ساڵی ١٩٤٢هەر لە هیرانی مەڵبەندی لەدایکبوونی کۆچی دوایی کردووەو، لە گۆڕستانی بنەماڵەکەیان نێژراوە.

صافی هیرانی بەمەبەستی خوێندن گەلێك شوێنی کوردستان وەکو کۆیەو ڕەواندز کوردستانی ڕۆژهەڵات گەراوە، تاکو ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.

صافی هیرانی جگە لەوەی مەلایەکی ئیجازە پێدراو بووە، شێخی تەریقەتیش بووە کە ئەو تەریقەتەشی لە باوكو باپیرانی بۆ ماوەتەوە، دەڵێن شێخ سولێمانی باپیرە گەورەی، گەورەو فەرمانڕەوای ناوچەی هیران بووە، بەڵام لە ئەنجامدا وازی لە میریەتیو فەرمانڕەوایی هێناوەو، ڕێگای دینداری گرتووەو پابەندی تەریقەتی قادری بووە، کە لە شێخ تەهای بەتلیسییەوە بۆی هاتۆتە خوارەوەو، کاك مستەفای (صافی) شاعیریش هەرلەسەر ئەو تەریقەتە ماونو دابونەریتی خواپەرستیو شێخایەتیان لە هیران هەر لەباوە[1].

صافی هیرانی پاش مردنی کاك عەولای باوکی دەبێتە جێنشینی تەکیەی قادری لە هیران، بەمەش قۆناغێکی نوێ لەژیانی کەسایەتی صافی دەست پێدەکا، پێش ئەو مێژووە صافی هیرانی خەریکی خوێندنی مەلایەتی بووە، هیچ ئەرکێکی تەریقەتی لە ئەستۆدا نەبووە، بۆ ئەوەی لەدایکبوونیو ئەرکێکی گران بخاتە ئەستۆی ئەویش کاری ئیرشاد بووە، دیارە شیعرەکانیشی لە چوارچێوەی ئەو بازنەیەدا دەخولێتەوە کە بازنەی سوفیزمە.

شاعیر لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا دەبیتە جێنشینی باوکی عالەمی مادی وەلا ناوە بۆ عالەمی (مەعنەوی[٢]) هەولی داوە.

شاعیر خاوەنی بەهرەیەکی شیعری بووە، لە تەمەنی (١٤) ساڵیدا دەستی بەشیعرگوتن کردووە.[٣]

جوانی سروشتی کوردستانو سازگاری ئاوو هەواکەی لەلایەكو لەلایەکی تریش کاك عەبدوللا (ثانی)ی باوکیو نیهانی شاعیری کۆیە کاریان لێ کردوەو دەرگای شیعریان ۆب کردۆتەوە.[٣]

صافی شاعیرێکی دڵ تەڕو هەست ناسك بووە، هۆنراوەکانی زۆربەیان بەدەنگو ئاوازی گۆرانیبێژان لە کۆڕو کۆبونەوەکانو ئاهەنگە تایبەتیەکان گوتراون، گەلێك جاریش صافی لەو ئاهەنگە تایبەتیانە ئامادە بووە، کەواتە ئەوە دە مانگەیە نێتە ئەو قەناعەتە کە بلێن صافی شاعیر زیاتر هەستی موسیقی بەهێز بووە هۆنراوەکانی موسیقای بەهێزیان هەبووە.

صافی هۆنراوەکانی لە بابەتی سۆفیزم هۆنیوەتەوە، بەڵگەش ئەوە گەلێك زاراوەی سۆفیزمی لە هۆنراوەکانی بەکارهێناوە وەکو (باز، وجود، جیلوە، تجلا، عشق.. تاد) صافی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) بە پێرەوو رەشیدی خۆی دەزانی، ئومێدێکی زۆریشی بەو پیرە هەیە کە پێی شاد بێو رەزامەندی خواش بەدەست بهێنێت:

ئومێدی زۆر هەیە (صافی) نەجاتی بێ لەغەم چونکە
دەلیل مەولاو ئەحمەد یاوەرو یاربازی گەیلانە

خوای گەورە ڕێزی لە پێغەمبەر(ﷺ) گرت داوەتی کرد بۆلای خۆی هەروەکو خودای گەورە دەفەرموێت: (سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِنْ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّه هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ) (الاسراء- ١)، ئەو سیرە گەورەیە کە غەیری گەورەیی تۆ نەبێ کە خەتمی ریسالەت بەتۆ کەرەم کراوە

مۆری گەورەیی کۆتا پێغەمبەری(ﷺ) بەتۆ بەخشراوە:

سیری (سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى) نیشانەی شاهیدت
توررەیی خەتمی ریسالەت، مۆری فەرمانی تووە

ئەو گەورەییەو شەرەفە تەنها بە تۆ دراوە، لە ڕۆژی حەشر شەفاعەت کارو تکاکاری خەڵکی گوناهکاری ئومەتی، جگە لەتۆ کەسی تر ئەو شەرەفو گەورەییەی نیە بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) لەو ڕۆژەدا بە ئیزنی خودا دەفەرموێت (انا لها) من بۆ ئەوکارە تەرخان کراوم یاخود من ڕێگە پێدراوم.

ڕازی (لی وقت مع الله) خاصی تۆیە ئەی حەبیب
عاصیان بۆیە ئومێدی حەشرو میزانی تـــــووە

ئەو خاکەی کە تۆ پێی لەسەر دادەنێی، خاکە ژێر پێیەکەت کە وەکو کل وایە، کە چۆن مرۆڤی نەخۆش لەچاویان دەکەن بۆ شفای چاویان، شاعیر ئەو ئایەتەی تێکەڵکێش هۆنراوەکەی کردووە کە خودای گەورە دەفەرموێت (مازاغ البصر):

خاکـی ژێری نەعلەکانت، کوحلی (مازاغ البصر)
تووتیای (چشم)ی بەصیرەت، گەردی دامانی تووە

خـودای گـەورە خـەلقی هـەموو شـتێکی کـرد لەبـەر گـەورەییو خۆشـەویتی پێغەمبەر(ﷺ) هەروەکو خودای لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت: (لولاك لولاك لما خلقت افلاك)، ئەگەر تۆ لەدایك نەبویتایە بونەوەرمان خەلق نەدەکرد، کەواتە مادام تۆ هێندە گەورەیی ئادەمیزاد لە خۆشەویـستی تـۆ خـەلق کـراوە، هـەموو خـەلق بـە قوربانی تۆ بێت:

خەلقی ئەرواحی هەموو عالەم بە نتیجەی حوببی تۆن
ئەی هەموو ئەرواحی عالەم بێ بە قوربانی تـــــۆ

خودای گەورە ئەرواحی ئـادەمیزادی کـۆکردەوەی پێیـانی فـەرموو (الـست بـربکم) ئەوانیش لە وەڵامدا گوتیان (قالوا بلی) ئەوا روحی منیش بەستراوە بە راحی تۆوە لە

عالەمی ئەرواح:

روح مەستە بە راحی تۆ لە نێو عالەمی ئەرواح
باطن لە (بلی) دایە (ظاهر) لـــــە (نعم)دا

صافی شاعیر هێندە دڵسۆزە بۆ پیری تەریقەتەکەی، بۆیە دەڵێت گەدایی تۆ گەلێکم پێخۆشترە لەوەی کە لەریزی شاهاندا بم، هەرکاتێکیش کە گەدای تۆ بم ئەوکاتە ئەوەندە بەسە کە ببمە قوربانی ژێر پێی دەرگات.

شاعیر لە قۆناغی (فناء فی اللە) کە یەکێکە لە قۆناغەکانی سۆفیزم (کل من علیها فان) شاعیر لێرەداتواوەتەوە لەناو خۆشەویستی خودادا، لەناو ئەو خۆشەویستیەدا ئاگاداری هیچ شتێك نیە تەنانەت ئاگاداری خۆی نیە جگەلە خودا.

گەدایی تۆم گەلا بۆ خۆشترە لەو مەسنەدی شاهی
ئەوەندەم کافییە قوربان کە عەبدی ژێری دەرگاهم

شێخ عەبدولقادر کە دامەزرێنەری تەریقەی قادریەو صافی شاعیر سەر بەو تەریقەتەیە نازناوی (باز الاشهب) پێدەڵێن، شاعیر دەڵێت من ڕاوی هەڵۆو شاهین بۆ ئەوەش نەهاتومەتە ڕاو، بەڵکو من بە دوای ڕاوکردنی کەو دەگەڕێمو وێڵو سەرگەردانی ئەوم:

بۆ شکاری مورغی وەحشی نەك هەڵۆو شاهینم
عەشقی چاوی بازی خۆمم بۆیە ڕاوی کەو دەکەم

لە شوێنێکی تردا دیسان شاعیر نازناوی (باز)ی بەکارهێناوە کە نازناوی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی)یە، شاعیر دەڵێت ئەو دڵەی من کە وەك باڵندەیە ناتوانێت لەو سنورەی خۆی دەرچێت، چونکە پیرەکەم توانای ڕاوکردنی سەد باڵندەی هەیە، لە توانای مندا نیە:

طەیری دڵ لەم ناوە دەرناچێتو ئەو حەددی چییە
چونکە بازە کە نەخچیری سەد شـاهین دەکـا

(خاتەم) واتە ئەنگوستیلە، مەبەست ئەنگوستیلەی حەزرەتی سولیمانە، کە بەهۆی ئەو ئەنگوستیلەوە هەموو شتێکی بۆ جێبەجێ کراوە، هەر بەهۆی ئەو ئەنگوستیلەشەوە، گەربێتو داوای جامی جەمشیدیش بکات، چونکە جەمشید بەهۆی ئاوێنەکەیەوە گوایە هەموو دنیای بینیووە، بۆیە پیرەکەی منیش ئەلقەی لێوی وەك ئەنگوستیلە وایە داوای هەر شتێك بکات بۆی مەیسەر دەبێت:

لەعلی لێوی شاهیدە مولکی دلم خاصی ئەوە

حەقیە گەر بەو خاتەمە دەعوای جامی جەم دەکا

هەرگیز ئێوە مەڵێن پیرەکەی صافی بێوەفایەو، بەهیچ شێوەیەك ڕووناداتە صافی، ئەوە خەریکە لەداخی ئەو گوێپێنەدانەی خۆی دەکوژێ، بەڵام من بەوە ڕازیم بمکوژیو نەمکوژی من هەموو کاتێك ئامادەم خۆم بکەمە فیاکاری ئەو پیرەم:

قەط مەڵێن یار بێوەفایە وا بەناحەق دەیکوژێ

بیکوژی یا نەیکوژێ (صافی) فیداکاری دەکا

لێرە شاعیر شوێن پێی مەحوی شاعیری هەڵگرتووە، کە ئەویش ئامادەیە بۆ پیرەکەی:

بیبێ یا نەیبێ من دادوبێدادی دەکەم

گوێ بداتێ یا نەداتێ ئاه فەریادی دەکەم

حەققی ئیخلاصە بەجێهێنانی ئادابی خولووص

پێبزانێ یا نەزانێ من بەدڵ یادی ئەکەم

صافی شاعیر تووشی نەخۆشیەك بووە، ئەویش دوورکەوتنەوەیتی لەیار، دیارە هەردەردێکیش دەرمانی خۆی هەیە، دەرمانی ئە نەخۆشیەش ئەوەیە کە یار بێتەسەریو دەستێك بەسەر برینەکەیدا بهێنێت بەمەش شیفای بۆ دێت:

ئەی ڕەفیقان عیللەتی دووریمە دەستم لێ مەدەن

قەت شیفای نایێ برینم تا نەگاتە دەستی یار

عەشقی صافی بۆ یارەکـەی وەکـو ئەوەیـە کـە مارێـك خـۆی لەگـەردەنی یـەکێك ئالاندبێ بەهیچ شێوەیەك لێ نەبێتەوە، ئا بەم شێوەش عەشقی یار لە گەردەنی صـافی ئالاوە رزگاری نابێت هەرچەند هەوڵو کۆشیش دەکەم بێ ئەنجامـە:

طەوقی عشقی ویم لەگەردندا نەجاتیم بۆ نییە
کوششی بێ فایدەیە یادی خەلاصی رســتگار

شاعیر شانازی بەوە دەکات کە گەدای یارە، چ بـاکی بـە پادشـاهی نیـە، بـە هـیچ شێوەیەکیش چاوی لە دەوڵەتو دنیا نیە، گەر چاوی یاری لێوە دیار نەبێت:

من گەدایی کۆچی یارم پادشاهیم کەی دەوێ
دەوڵەتی دونیاو قیامەت بۆ چمە بێچاوی یار

وەفایی شاعیریش لەدێرە هونراوەیەکدا بۆ شێخ عوبەیدوللا نەهری دەڵێت:

هەتا ڕۆژی ئەبەد قوربان لەسەر عەهدی قەدیمی تـــۆم
بەهەشتم لێ حەرام بێ گەر بەبێ رووی توی تەمەناکەم

من وا ئولفەتم بە تۆوە گرتووە بە هیچ شێوەیەك بەبێ تۆو دووری تۆ بۆ کـەمێکیش سەبوریم نایەت، کەواتە دەبێت تۆ هەردەم لەبەرچاوم بی فەراموشیم بەتۆوە دێـت گـەر سەدجاریش لەبەردەرگای خـۆت دەرم بکـەی بەناچـاری دەگەڕێمـەوە لات چـونکە تـۆ دۆستی هەمیشەیی:

ئەگەر سەدجار دەرم کەی قەت بەبێ تۆ صەبرەکم نایێ
بەزوویی دێمەوە دەرگانەکەت ئەی دۆست ناچـــــارم

دیسان وەفایی لەم بارەیەوە دەڵێت:

داغی تۆم هەر پێوەیە سەدجار دەرم کـەی دێمـــــەوە
من سەگێکی تۆم وەفایی ڕوو لە دەرگـــای کێ دەکـەم

شاعیر روو لە دڵدارەکەی دەکاتو دەڵێت تۆ وەکو چرایەك وای، دەسوتێی شەوم بـۆ رووناك دەکەیتەوە، هـەرکاتێکیش ئـەو مۆمـە بکوژێتـەوە روونـاکی نـەمێنێت رۆژی رووناکیش تاریك دادێت، کەواتە تۆ رووناککەرەوەی بینایی چـاوەکانمی هـەروەکو ئـەو مانگەی لە ئاسماندا دەدرەوشێتەوە دنیای رووناك دەکاتەوە:

ئەگەر شەمعی ویصالی تۆم نەبێ رۆژم شەوی تارە

بینایی نووری چاوانم ئەتۆی ماهی ضیـــــادارم

خودای گەورە گەلێك ناو صیفاتی هەیە لەوانە (رحمنو رحیم) هەروەکو دەفـەرموێت (بسم الله الرحمن الرحیم) کە لێـرەدا هـەردوکیان سـیفەتی خـودای گـەورەن، هـاتووە خودای گەورە لەسەد بەشی رەحمەتی خۆی یەکێکی رەوانەی سەرزەوی کـردووە ئـەوانی تری بۆ رۆژی دوایـی هـەڵگرتووە، جـا ئەگـەر خـەڵکی بزانێـت خـاوەنی ئـەو رەحـمو بەزەییەی کەسێك سەجدەت بۆ نابات:

لە صەفحەی عیشقەوە گەر (سرّ)ی رەحمت بێتە نێو عالەم

هەتا مەحشەر چ کەس سەجدێکی نابا شاهی غەفــــارم

حەزرەتی یوسفی کوڕی حەزرەتی یەعقوب لەلایـەن برایەکانیـەوە خرایـە نێـوبیرەوە (وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ) (یوسف)، پاشان لەلایەن کاروانێکەوە لەناو بیرەکـە هێنایانـە دەرەوە لەگەڵ خۆیان بردیانە میسر، پاش ماوەیەکی زۆر لە بەندیخانـەدا مایـەوە، کـە ئەم بەسەرهاتە درێژە لە قورئانو کتێبەکانی تەفـسیردا هەیـە، پاشـان بـووە گـەورەی میسر (اجْعَلْنِي عَلَى خَزَائِنِ الأَرْضِ) لەپاشـان زولیخـای ژنـی عـەزیزی میـسر حـەزی لێکرد، شاعیر هەوڵی داوە ئەم بەسەرهاتە دەخاتە قاڵبێکی شـیعری جوانـەوەو دەڵـێ من ماهی کەنعانم هەیە (دەبێت مەبەستی پیرەکەی خۆی بێت کە شـێخی گەیلانیـە)، کەواتە من چیم داوە لە سەوداسەری زولیخاو یوسف:

موڵکی میسرم بۆ چییە؟ گەر ماهی کەنعانم هەبێ

چیم لە بازاڕی زولەیخا یوسفی سەودا دەکــــــەم

شاعیر هەر شێتو شەیداو مەستی یارەکەیەتی کـە (بـاز الاشـهب)ـە واتـە پـیری گەیلانیە، بۆیە هەردەم لەژێر چاودێری ئەودا خەریکی خوداپەرستیە:

مەیلی من هەر مەستیو ڕەندیو شاهید بازیـە
وا لەبەر میحرابی ئەبرۆت طاعەتو تەقوا دەکەم

شاعیر گەلێك بێزارە لەدەسـت دنیـا، چـونکە ئـەو دنیـا گـەلێك هیـچەو هەرچـی بەدکرداری هەیە تێدا ئەنجام دەدرێت.

قوتابخانەی سروشتی (جان جاك رۆسۆ) پێـی وایـە سروشـتی مرۆڤـ خاوێنـە بـەڵام کاتێك تێکەڵاوی ژینگە دەبێت، ژینگەی بـەرەو خراپـیو بـەدکرداری دەبـات، صـافی شاعیریش گلەیی لە زەمانە دەکات، بەڵام بۆ خۆپاراستن شکایەت کردن پەنا بۆ شـاهی بغداد واتە گەیلانی دەبات، چوننکە ئومێدێکی زۆری بە شێخ عەبـدولقادری گـەیلانی هەیە کە بیپارێزێ لە دنیای بەد کردار:

من لەدەست دەورانی (دون)و عـالەمی وا بەدعەمەل
ڕوویی شەکواو (تواضع) بۆ شەهی بەغدا دەکـــەم

هیران گەرچی شوێنی لەدایکبوونی (صافی)یە، بەڵام ئیمڕۆ ئەو هیرانە بۆتـە پارچـە ئاگرێكو دراوسێ دۆزەخە، خۆپاراستن لە ئاگرە کـارێکی زەحمەتـە بۆیـە دەبێـت پـشت بەخوا ببەستێ ئەگینا زەحمەتە.

لێرەدا پرسـیارێك دێتـە پێـشەوە ئـەویش ئەوەیـە هـۆی چییە شـاعیر مەڵبەنـدی لەدایکبوننی خۆی لای بۆتە پارچە ئاگرێك؟

(صافیا) هیران وەکوو نیرانە جیرانی جەحیم
سا کە وابێتن (توکل) دائیما بە خودا دەکەم

(وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِـي الـسَّمَاوَاتِ وَمَـنْ فِـي الأَرْضِ) نـەفخی صـور ئـەو دەنگەیە کـە حـەزرەتی ئیـسرافیل لـە ڕۆژی دوایـی لێیـدەدا دنیـا خـەراب دەبێـت،

پێغەمبەر(ﷺ) دەڵێت: (چۆن دڵم بەغەم نەبێت کە ئیسرافیل بلندگۆیەکەی لە دەستە)؟

شاعیریش دەڵێت: لە روویی رەحمو بەزەییەوە جارێك بنوارە حاڵی ئیمەمانان کە موشتاقی تۆین کە لە ڕۆژی نەفخی صور کە ڕۆژی حەشرە دەنگمان دەروات بۆ ئاسمان:

لە روویی رەحمەوە جارێ بنورە حاڵی موشتاقان

کە ناڵەی وان بەسانی نەفخی صورەو حەشرە رووی داوە

رۆژی حەشر واتە دنیا خراپبوون، ئەو رۆژەش کە هات ئیتر ژیان نامێنێت ئە رۆژە چ رۆژێکە دیارە هەڵاتنی شەوقی جوانیت هەستانی رۆژی مەحشەرە ئاوابوونی عومری منیش نەمانی ژیانە:

لە شەرقی شەوقی وەصلت شەمسی عومرم وا غرووبی کرد

لەمەولا چۆن ئەبێ ژینم کەوا مەحشەر هەڵستاوە

یارەکەم وەکو دەریایەك وایە هێندە قوڵە لە عەشقی حەقیقی، منیش وەکو غەواصە (واتە ئەو ئامێرەی دەچێتە ژێرئاو کەشفی ژێردەریا دەکا) بە نەزانی خۆم خۆم پێداداو نەمزانی کە هەزار غەواصی وەکو من لە قوڵی ئەو دەریایە گێژو داماوە:

لە بەحری عەشقی ئیظهاری غەواصیم کردو نەمزانی

هەزار غەوواصی وەك من لەو عەمیقی گێژە داماوە

حەزرەتی ئەیوب سەلامی خوای لێ بێت، تووشی نەخۆشی بوو، لەسەر ئەم نەخۆشیە سەبرو ئارامێکی زۆری گرت، لە کتێبەکانی تەفسیردا هاتووە ژنەکەی داوای لێکرد کە لەبەر خوا بپاڕێتەوە بۆ ئەوەی شیفای نەخۆشیەکەی بدات، ئەویش لە وەڵامدا گوتی چەند ساڵ لەش ساغ بویمە ئەوەندە ساڵە با نەخۆش بم، ئینجا لەبەر خودا دەپاڕێمەوە بۆ ئەوەی شیفام بدا، حەزرەتی نوحیش تەمەنی گەلێك درێژ بووە لە قورئاندا هاتووە کە (٩٥٠) ساڵ بەتەنها بانگەوازی بۆ خواپەرستی کردووە (ولبث فیهم الف سنة الا

خمسين عاما) شاعیر دەڵێت: من نە ئەو سەبرەی حەزرەتی (ئەیوب)م هەیەو نە تەمەنی حەزرەتی (نوح)، تەمەنی من پێنجو دوو ماوە کە روح رۆیشت نایەتەوە:

صەبری (ئەیوب)م لەکێ بوو عومری نوحم چۆن ئەبێ
پێنجو دوو ڕۆژێکم ماوە روح کەچوو نایێتەوە

یەدی بەیضا واتە دەستی سپی ئیشارەیە بۆ موعجیزەی حەزرەتی موسی (سلاّوی خوای لێ بێت) هەرکاتێك دەستی لە باخەڵیا دەناو دەری دەهێنا سپی دەبو دەدرەوشایەوە (وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ)

یاری منیش بەدەستی بەیضای خۆی هات تەلسمی دلّمی گرت بەو هەموو ئیعجازەوە مەیلی بەلای جادو دەڕوا:

یار یەدی بەیضای هەیە هاتو تەلیسمی دلّمی بەست
بەو هەموو ئیعجازە وامەیلی لە جادوو کاریە

خودای گەورە وا وەصفی پێغەمبەر(ﷺ) دەکات (لولاك لولاك لما خلقت افلاك) گەر هەموو عالەمو ئادەم کۆبێتەوە ناتوانێت ئەو وەصفە جوانەی خودا بکات:

وا کە مەولا وەصفی تۆی کردووە بە (لولا) روحەکەم
عالەمو ئادەم چ یارای ثەنا خوانی تووە

خودای گەورە ئەرواحی ئادەمی کۆکردەوە پەیمانی لێ وەرگرتن فەرمووی (الست بربکم) ئەوانیش لە وەلاّمدا گوتیان (قالوا بلى) اعراف ۱۷۲، بەمەش سەلماندنی هەبوونی تۆیە، هەبوونی تۆش قبولّ کرا جا چ بە نعم بێت یاخود (بلى):

(اثبات)ی وجوودی تووە ئەرواحی فەریقین
تەصدیقی (الست) چ (نعم) بێ چ (بلى) بێ

هەمدیسان لەسەر (قالوا بلى) شاعیر دەڵێت نهێنی (الست بربكم) شتێکی پەنهانـە لەعـالەمی عیرفاندا، تۆش چ کارت بەوە هەیەو خۆت شـێت دێوانـە مەکـە تـصدیقی ئەو (الست بربكم) بکە بە وشەی (قالوا بلى):

ئەم سیڕرە پەنهانە بۆ عـالەمی عیرفانـــە
تۆ خۆ مەکە دێوانە هەر (قالوا بلى)یێکە

حەزرەتی یوسف چەند ساڵ کەوتە بەندیخانە بەدەستی عەزیزی میـسرەوە، حـەزرەتی یەعقوبی باوکیشی گەلێك دڵتەنگو غەمگین بوو، چاوەکانی کـوێر بـوو لـەتاو دووری یوسفی کوڕی، جا صافی دەڵێت منیش وەکو یوسف کەوتومەتـە زینـدانی عـەزیزێك، بەڵام بۆ دڵئارامی خۆم تەماشای یەعقوب دەکەم دڵی خۆمی پێدەدەمەوە:

وەکو یوسف لە زیندانی غەما حەبسی عەزیزێکـــــم
لەبۆ (تسکین)ی جارێ روو لەلای کەنعان نەکەم چبکەم

لای صافی دڵ بولبولە گەر بێتو لەدەورو خولیا شیوەنو زار نەکا چبکا:

دڵی بولبول لە دەوری باغی گەل یاری نەکا چبکا
لەتاوی غونچە هەر دەم شیوەنو زار نەکا چبـــکا

لای صافی رۆژگار لەزەتی تیا نەماوە، ئێستا هەمووی بۆتە زیللەت، بۆیە وا چـاکە یاران دەست لە دنیا هەڵبگرن دڵداری راستەقینە بکـەین دیـارە دڵـداریش لای صـافی خۆشەویستی خواو پێغەمبەرە(ﷺ):

زەمان لەززەتی رۆییو لەدەوری زیللەتی واهات
ئیتر یاران لەمەولا روو لە دڵداری نەکا چبـــکا

شـاعیر دەڵێـت لـەئاهی گـەرمم ئێـستاکە لێـوم وشـك هـەڵاتووە لـە سەرچـاوەی چاوەکانیشم خوێن فرمێسکی بە بەردەوامی لێ نەیەتە خوارەوە چبکا؟

کەواتە لە دووری خۆشەویستەکەی هەم لێـوی وشـك بـووە بـەو ئاهـە گەرمـە کـە هەناسـەیە دێتە دەرەوە، چاوەکانیشی بۆ ئەوەی بێتە تەواوکـــــەری خوێنو ئاوی لێئەتکێ:

لە ئاهی گەرمەوە وا لێو بەبارو خشکە ئێســـتە
لە عەینی چاوەکانی خوێنو ئاو جاری نەکا چبکـا

صافی بە درێژایی شەو چاوی ناچێتە خەو لەتاو دووری یارەکەی خوا خوایـەتی ڕۆژی لێ هەڵبێ بۆ ئەوەی بە دبداری دلدارەکەی بکات، ئەگەر صافی بە ڕۆژ بێدارو هۆشیار نەبێت بۆ گەیشتنی دڵدارەکەی چبکا:

شەوی هیجران خەیاڵی یار دەکا ئەسلا خەوی نایێ
بەیادی ڕۆژی وەصلی حەز لە بیداری نەکا چبــــکا

صافی ڕووی دڵدارەکەی بە نوری ئیمانو خوداپەرسـتی دەشـوبهێنێ ئەوکاتـەی کـە زوڵفی لەسەر ڕوومەتی لادەدات بۆیە وەکو شێخی صەفان مەیلی ئەوە دەکـات خـۆی بـەرەو ڕووی یـار بـسوڕێنێ ، چـونکە ڕونـاکی هـەردەم لـە ڕووی یارەکـەم هـەردەم دەدرەوشێتەوە(٤):

بە کوفری زوڵفی ئیسلامی بەستوە بۆیە دڵ ئیستێ
وەکو صەنعانی دائیم مەیلی زینناری نەکا چبکـــا

خودای گەورە لە قورئانـدا دەفـەرموێت: (وَمَـا أُنـزِلَ عَلَـى الْمَلَكَـيْنِ بِبَابِـلَ هَـارُوتَ وَمَارُوتَ) (البقـرة- ١٠٢)، وشەی ملکین بە دوو شێوە خوێنراوەتەوە یەکەم بە فەتحـەی لام یانی دوو فریشتە ئەم بارە متەواترەو جێگای شوبهە نیە.

دووەم باریان ملکین بە کەسرەی لام یانی دوو پاشا ئەم بارە لەخوێندنەوەی ابن عباس، حسن، ابوالاسود، ضحاك، وەرگیراوە زانایانی تەفسیر فەرموویانە ئەگونجێ فریشتە بووبن، بەڵام لەبەر ئەوە زۆر بەسەر دڵی ئادەمیزادا بەحورمەتو خاوەن شان بوون وەکو دوو پاشا تەماشا کراون وە ئەگونجێ دوو پاشا بوون بەڵام لەبەر ئەوە زۆر ڕەوشتیان بەرز بووە بە فریشتە ناوبراون، ئێمە لەسە باری یەکەمیان دڵمان دامەزراوە، چونکە خوێندنەوەکە موتەواترەو پێویستی بە تەئویل نیە، وە نازل کردنی سیحر لەسەر ئەو دوو فریشتەیە مەعنای ئەوە نیە کە مەقامی ریسالەتو پێغەمبەرا بەشیان بووە، چونکی بە قەطعی پێغەمبەر ئەبێ لە ئادەمیزاد بێ بەڵکو مەعنای ئیلهامو حاڵی کردنیانە لەفەنی سیحر جادوگەری.

وە هۆی ناردنی ئە فریشتانەش ئەوە بوو لەو چەرخەدا ئەوەندە جادوگەری باو بووە خەڵك گومڕا بوونو باوەڕیان وا بووە کە ریسالەتو پێغەمبەرایەتیش هەر فەنی جادوگەرییە؟! خودای تەعالا ئەو فریشتانەی ناردووە وە فەنی سیحریان بە خەڵك پیشان داوە بۆ ئەوە بزانن کە نوبووەتو ریسالەتی پێغەمبەرایەتی بارەی بەخشو فەیزی خودایە پەیوەندی بە خوێندنەوە نیە، بەڵام جادووگەری فەنە هەرکەسێ بیخوێنێ ئەیزانێ دوورە لە فیوضاتی ئیلاهیەوە هەرکەس باوەڕی وانەبێ ئەوە گومرایەو بە هەڵەدا چووە.

وە ئەو شتانەی کە مەشهورن لەناودا لە بابەتی ئەم دوو فریشتەوە کە گیرۆدەی گوناهو تاوان بوون وە خودای تەعالا خاترخۆی کردن لە مابەینی عەزابی دنیاو عەزابی قیامەتا، وە ئەوانیش عەزابی دنیایان ئیختیار کردووەو ئەوانە ئێستا لەچاڵێکدا هەڵواسراون لە (بابل) دا، وەتا قیامەت بەو جۆرە ئەمێننەوە، لەسەر فەرموودەی زانایانی تەفسیر ئەساسیان نیە وە لە ئەحادیسی صەحیحدا نیە وە موخالیفی نەصی قورئانە، چونکە خودا لەباس فریشتەدا ئەفەرموێت: (لاَ يَعْصُونَ اللَّهَ

مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ) وە تەفسیری بیضاوی ڕەدی ئەم شتانە ئەکاتەوە هەروا تەفسیری فەخری ڕازیش بەم قسانە ڕازی نیە [٥].

صافی شاعیر ئەم بەسەرهاتەی هاروت‌و ماروتی بەم شێوە خستۆتە قالبی شیعریەوە کە هارووت‌و مارووت بەهۆی سیحریانەوە ریسواییان لێوە دیارە:

سیحری دڵی مارووتە کە شەیدایی عوزارە
فیکری دڵی هارووتە لە ریسوای دیـــــارە

سەرچاوەکان‌و پەڕاوێز:

١- دیوانی بیرەوەری ٣١ ساڵەی کۆچی دوایی صافی/ مدحت بیخەو لێکۆڵینەوەی ساغکردنەوەی محمدی مەلا مستەفا هیرانی / کوردستان ٢٠٠٤.

٢- هەمان سەرچاوە.

٣- هەمان سەرچاوە.

٤- نەوزاد کەلهور/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری نێوان دوو هۆنراوەی صافی‌و مەحوی، ڕۆژنامەی خەبات ژ ٢٠١٣، ٢٠٠٥/١٢/٢٧.

٥- تەفسیری نامی، بەرگی یەکەم، مەلا عبدالکریمی مدرس.

حـــەمـــدی

حەمدی (١٨٧٨-١٩٣٦) یەکێکە لە شاعیرە بەرزو هەڵکەوتوەکانی کورد.

شاعیر خامەی ڕەنجێکی بێوچان بووە، لە مەیدانی شیعری کلاسیکی کـوردی، جـا شارەزا بوونو ئاشنا بوون لە شیعرەکانی حەمدی کە هـەڵقوڵاوی بـیری سـەردەمەکەی بووە، پێویستی بە ماندووبونێکی زۆر هەیە، چونکە شیعرەکانی هەمـە جۆرو هەمـە لایەنە.

حەمدی شاعیر بە منداڵی بـە گـوێرەی بـارودۆخی سـەردەمەکەی چـۆتە حـوجرەی فەقێیانو دەستی کردووە بە خوێندنی زانستە شـەرعیەکانو کەوتۆتـە بـەر کاریگـەری ئاینی ئیسلام، ئەگەر چـی حەمـدی مەلایـەتی نـەکردووە، بـەڵام چـونکە پـەروەردەی حوجرەی مزگەوت بووە شارەزایی باش لە ئاین هەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی دیوانەکـەی پڕیەتی لە شیعری ئـاینی، چـەندین ڕووداوو وشـەی ئـاینی تێهەڵکێـشی شـیعرەکانی کردووە، جگە لەوەش چەندەها شیعری بەسەر پێغەمبەر(ﷺ)و یارەکانی دا هەڵگوتوە.

ئەگەر فەلسەفەی عەقڵانیەت لە ئەوروپا تەئـسیرێکی زۆری کردبێتـە سـەر ڕێـرەوی ئەدەبو دیاری کردنی بابەتو شێوەکانی، ئەوا بیری ئاینی لە ئیسلامدا هـەمان ڕۆڵی بینیوە، روون کردنەوەی ئەم لایەنە زۆر شتی جەوهەریمان دەربارەی ئـەدەبی کلاسـیکی کوردیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، چونکە هەموو شاعیرەکانمان بە شێوە گـشتی مـەلا بـوون یان هەر هیچ نەبێت دەورەکـانی فـەقێتیلن بینیـوە، زانـستەکانی ئـاینی ئیـسلامیان خوێندووە، باوەڕی ئاینی لـە مێـشکیاندا چەسپاوەو ڕەوتـی بیرکردنـەوەیانی دیـاری کردووە.

حەمدی هەروەکو شاعیرە کلاسیکیەکانی تری کورد موسلمان بووە و، موسلمانێکی ڕاستەقینەش بووە، خۆ ئەگەر سەرنجێکی ورد لەو شیعرانەی بدەین کە لەژێر ناوی (تەرجیع بەندی خواناسی) دایناون دەگەینە ئەو ڕاستیە کە حەمدی جۆرە وردکاریەکی ئەوتۆی بەکارهێناوە کە کەم شاعیر هەیە توانیبێتی بەم شێوەیە بە ناخی وردەکاریدا شۆڕبێتەوە:

بەهەرلادا ئەنواری درێژە بۆ ڕەجا دەستی
یەدی بەیضایی موسایە کە دەربێ بۆ عەطا دەستی
بە ماهی نەخشەبو باڵی هومایی دەوڵەت دانێ
لە هەر لایێ کە یەك رووبێ یا بێ‌ریا دەستی
لەسەر عەرضی محەببەت گەر حکومەت دابنێ ڕەسمێ
کەسێ شەققول قەمەر ناکا بەرێ بۆ هەر صەبا دەستی

دەستی دەسەڵاتی خوای گەورە هێند درێژو پڕ بەخشنشە، لەهەر کوێیەك بێت ئەتگاتێ کە بەخششت بداتێ، یەدی بەیضا ئاماژە بەو موعجیزەی حەزرەتی موسا دەکات کە خودای گەورە پێی دابوو، هەرکاتێك دەستی لە باخەڵیا دەرهێنابایە سپی دەبوو دەدرەوشایەوە، خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: (اسْلُكْ يَدَكَ فِي جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ وَاضْمُمْ إِلَيْكَ جَنَاحَكَ مِنَ الرَّهْبِ) (القصص- ٣٢).

هەروەها باس لە موعجیزەی پێغەمبەر(ﷺ) دەکات کاتێك قورەیشیەکان داوای موعجیزەیان لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد کە مانگیان بۆ شەق بکا، لە ڕاستیدا ئەو کارەی کرد هەموو خەڵکی مەکە شەق بوونی مانگیان بەچاوی خۆیان بینی، بە گوێرەی قسەی زانایانی گەردوون ناس کە چونەتە سەرمانگ پاشماوەی ئەو شەق بوونە باس دەکەن.

شەق بوونی مانگ راستیەکە کە مرۆڤی خاوەن باوەڕ ناتوانێ حاشای لێ بکا، چونکە خودای گەورە دەفەرموێت: (اقْتَرَبَتْ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ) (القمر- ١).

یەکێك لەو پێغەمبەرە گەورانەی کە بۆ بەنی ئیسرائیل رەوانە کراوە (حەزرەتی موسایە) سلاوی خوای لێبێت، کە بە (کەلیم) یش ناسراوە چونکە لەسەر کێوی طور قسەی لەگەڵ خودا کردوە (وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَى تَكْلِيمًا) (النساء- ١٦٤)، پیاوی خودانەناسی ئەو سەردەم فیرعەون بووە، داوای ئەوەی کردووە کە خوای هەرە گەورەیانە (أَنَا رَبُّكُمْ الأَعْلَى) (النازعات ٢٤)، خودای گەورە حەزرەتی موسای رەوانە کردو موعجیزەی دارعەساشی پێدا بۆ ئەوەی بیانهێنێتە سەر رێگای راستو خوداپەرستی شاعیریش هەڵساوە لەم دێرە هۆنراوەدا بەرجەستەی کردووە:

چ پەروامە رەقیبانت ئەگەر فیرعەونو هامانن

کەلیمە عاشقی پیرت کە نایەسەر عەسا دەستی

حەمدی لە قەسیدەیەکدا لە مەدحی پێغەمبەردا(ﷺ) باسی گەورەیی ئەو موعجیزەیە دەکات، کە خودای گەورە دەعوەتی پێغەمبەری ﷺ کرد بۆ ئاسمانەکان ئەو ئیسرا معراجەی پێغەمبەر ﷺ پاش ئەوەی لە طائف گەرایەوە، کاتێك گەڕایەوە مەکە خودای گەورە شەوڕەوی پێکرد لەگەڵ جیبرائیل کە سواری (بوراق) بوو، خێرایی ئەم بوراقە هەریەك هەنگاوی بەقەدەر ماوەی بینینی چاو بووە، شاعیر هەولی داوە کە زۆر سەرکەوتوانە ئەم موعجیزەیەی پێغەمبەر(ﷺ) بخاتە قالبی شیعرێکی خۆیو دەڵێ:

وەك گەردی بوراقت شەوی میعراجت بەجێما

جبرائیل ئەمین نەیبوو ئیتر قووەتی شەهبەر

حەمدی وەکو مرۆڤێکی باوەڕ بتەو بە پاداشو سزای رۆژی دوایی دەڵێت ئاگری دۆزەخ سزای ئەو کەسانەیە کە باوەڕ بە تاکو تەنیایی خودا ناکەن، بەڵکو ئینکاری ئەو راستیە دەکەن کە خودایە ئەوا دۆزەخ جێگایان دەبێت، بەلام ئەو کەسەی شوێن هەڵگری ئەو ئاینە بێت ئەوا لەسەرچاوەی ئاوی کەوثەرو باغومێرگی بەهەشت پاداشتی

دەدرێتەوە، دیارە باسی ئاگری دۆزەخ و بەهەشت لـەزۆر جێگـای قورئانـدا باسـکراوە، هەروەها ئاوی کەوثەر کە خەلاتێکە بۆ دڵ دانەوەی پێغەمبەر(ﷺ) خودای گەورە پێـی بەخشیووە کە خودای گەورە دەفەرموێت: (انا اعطیناك الکوثر) شاعیریش دەڵێت:

دەریایەکـی ئاگر ئەوە بۆ مونکیــــــــری
بۆ (من تبعث) باغی بەهەشت چەشمەی کەوثەر

پێغەمبەر(ﷺ) لە ساڵی (٦)ی کۆچیدا دەستی کرد بە بانگکردنی خەڵکی بۆ ئاینی ئیسلام لە دەرەوەی دورگەی عەرەب نامەیـەکی بـۆ کیـسرا نـارد، هـەڵگری نامەکـە (عبدالله کوری حذافە) بوو، داوای ئیـسلام بـوونی لـە کیـسرا کـرد، کاتێـك پاشـای فارسەکان نامەکەی خوێندەوە زۆر تورەبوو نامەکەی دڕاند، کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) ئـەم هەواڵەی بیست فەرمووی (مزق الله ملکه) شاعیریش ئەم بەسەرهاتەی وا دەربڕیووە:

خەسرەو کە سەری دابوو لەبەرد بەردی لەسەردا
کیسرا دڵی هەردوو شەق و پەق بوو بە خەنجـــەر

شاعیر دەڵێت لەم بەیتەدا:

فەرمووتە کە حامی و کەسایەتی سەری ئێوەم
ئەو وەختە کە ناپرســێ برا حــــــاڵی برادەر

(لیلـة القـدر) ئـەو شـەوە پـیرۆزو پڕبەرەکەتەیـە کـە خـودای گـەورە بـە ئومـەتی پێغەمبەری(ﷺ) بەخشیوە، لەبەر تەمـەن کـورتی ئومەتەکـەی، دەکەوێتـە دەشـەوی کۆتایی مانگی رەمەزانی پیرۆز، زانایانی ئاینی بیروڕای جیاوازیـان هەیـە لەسـەر ئـەم شەوە، بەڵام زۆربەی ڕاکان ئەوەیە کە (٢٧) ڕەمەزانە، خێری زیندوکردنەوەی ئەو شەوە بەقەدەر (١٠٠٠) مانگە، بە نەصی قورئانی پیرۆز کە دەفەرموێت: (لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ) (القدر- ٥)، حەمدی شاعیر لە گەورەیی ئەوشەوە دەڵێت:

هەر شـــەوی میعراجە تەنیا کائیناتە قیمەتی
(لیلة القدر)ی موقابیل صەدهەزار رۆژانە شەو

قارون یەکێکە لە کەسە هەرە نزیکەکانی موسا پێغەمبەر مرۆڤێکی هەژار بوو، پاشان دەوڵەمەند بوو بە پیشەی زێڕینگەری کلیلی خەزنەکانی چەند کەسانێکی بەهێزهەڵیان دەگرت، لە دوایدا خەڵکی داوایان لێ کرد لە ڕێگای خودا سەرفی بکات، چونکە خودا چاکەی لەگەڵدا کردووەو دەوڵەمەندی کردووە، کەچی قارون دەیگوت لە ئەنجامی زانستو زانیاری خۆم پەیدام کردووە، لە ئەنجامی ئەو سەرپێچیەی قارون، خودای گەورە بەناخی زەویدا بردیە خوار (خَسَفْنَا بِهِ الأَرْضَ)، حەمدی شاعیریش بەم شێوەیە ئەم بەسەرهاتە دەڵێت:

بە نەقدو جنسەوە قاروون صیفەت بڕواتو هەر گوم بێت

وە یاخود هەر بسوتێ تا دەبێتە گەردی خاکستەر

موسا پێغەمبەر قسەی لەگەڵ خودا کرد کە خۆی پیشان بدات، خودای گەورەش لەوەلامدا فەرمووی تۆ یەکێکی لە مەخلوقاتی من، توانای دیتنی منت نیە، بەلام تەماشای ئەم کێوە بکە (کێوی طور) کە پرتەوی زاتی خۆمی بۆ دەنوێنم، جا کە نوری خودا دای لەکێوی طور کردی بە مادەیەکی هاردراو ورد وەکو سورمەی چاو، لە حاڵی بوونی ئەو وەزعە بە هەیبەتە حەزرەتی موسا بێهۆش کەوت:

ئەو سوئالەی نەکردبوو موسا

وەختە بوو بۆ خۆی ببێتە سورمەی طور

مێژوونوسو موفەسیرەکان گەیشتونەتە ڕاستیەك، کاتێك لافاوەکەی حەزرەتی نوح هەڵسا، پاشان کەشتیەکەی نوح پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر کێوی جودی گیرساوە، ئەم جودیە هەندێك لەو باوەڕەدان لە نزیك مەلاتیەی کوردستانی باکورە، هەندێکی تر دەڵێن جزیرەی (ابن عمر)ـە لە موسڵی ئێستایە، هەرچۆنێك بێت لەولاتی کوردان گیرساوەتەوە (واستوت علی الجودی) وەکو خودای گەورە دەفەرموێت، حەمدیش ئەم بەسەرهاتە وا دەردەبڕێت:

وا لەسەر کێوی جودی حەضرەتی نوح

ئەم کەلامە دەڵێن لەگەڵ ئاشوور

لە زانستی کەلامـدا زۆرجـاران وشـەی ئـەزەل‌و ئەبـەد بـە یەکـەوە دێـت، زۆر لـە خوێنەرانیش وا هەست دەکەن کە جیاوازی ئەوتۆ لە نێونیاندا نیە، بەڵام وشـەی ئـەزەل بە گوێرەی زانایانی زانستی کەلام بەمانای ئـەوە دێـت کـە شـتێك سـەرەتای نـەبێت (لابدایە لە) هەر شتێکیش سەرەتای نەبێت کۆتایشی نیە وەکو خودا شتێکی ئەزەلیە، واتە سەرەتاو کۆتایی نیە بە گوێرەی فەلسەفەی ئایدیای هەروەها سروشت ئەزەلـە لای مادیەکان، بەڵام ئەبەدی بەو شتە دەڵێن کە سەرەتای هـەبێت‌و کۆتـایی نـەبێت وەکـو مرۆڤ لەکاتێکی دیاری کراو دروست کراوە، بەڵام کۆتایی نیە گیانەکەی هـەردەمێنێت لە جیهانی بەرز (خَلَقَ الإنسَانَ مِنْ نُطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُبِينٌ) (النحـل- ٤)، شـاعیر پیاوێکی خاوەن باوەڕ بووە بەخوداو جیهانی بەرزەخ هەورووەها بڕواش بە ئەزەلی خـودا هەبووە کە خاوەنی هەردوو جیهانە:

لە ئـــەزەل تا ئەبەد خوا خوایە
جیلوەیەکـە کە پڕ بە دوو دنیایە

لەو خودایە ئەزەلیەی کە حەمدی بڕوای تەواوی پێ هەیە جێگای گومان نیە خـاوەن قودرەتی بێهاوتایە نەماننناسیە وەکو ئـەوەی شـایانی ناسـینە، هـەروەها بەندایـەتی ناکەین وەکو ئەوەی شایانی بەندایەتی بۆ بکەین.

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (ما عبدنا حق عبادتك، مـا عرفنـاك حـق معرفتـك) حەمدی شاعیر وەکو مرۆڤێکی شارەزا لە ئایین ئەو فەرمودەیەی کردۆتە نیوە بەیتێکی خوداناس کە دەڵێت:

یا ئیلاهی بەقەدەری تۆ بێ شـــك
ما عرفنــــــك حق معرفتـك

خودای گەورە هەر پێغەمبەرێکی ناردبـێ موعـجیزەیەکیـشی داوەتـێ بـە گـوێرەی سەردەمەکە، ئەوە عیسا پێغەمبەر مردووی زیندوو دەکردەوە کوێرو بەلەکی چـاك

دەکردەوە، هەروەها موسا پێغەمبەر موعجیزەی دارعەسای پێبەخشی:

ئیعجازی دەم‌و دەستی مەسیحاو کەلیمی

هەردوو دەم‌و دەست کەوتە بازووی محمـــــد

بۆ رزگاربوون لەدەستی فیرعەون، موسا پێغەمبەر ئیشارەتی کرد بە رووبـاری نیـل بوو بە دوو بەشەوە، موساو لایەنگیرانی پەڕینـەوەو رزگاریـان بـوو، پاشـان فیرعـەون لایەنگیرانە بە هەمان شێوە ویستیان لە نیل بپەڕێنەوە، بەڵام ئاوەکە بەیەك گەیشتەوە فیرعەون‌و کۆمەڵەکەی خنکان بوونە عیبرەت بۆ دنیا (فَأَوْحَيْنَا إِلَـى مُوسَـى أَنْ اضْرِبْ بِعَصَاكَ الْبَحْرَ فَانفَلَقَ فَكَانَ كُـلُّ فِـرْقٍ كَـالطَّوْدِ الْعَظِـيمِ، وَأَزْلَفْنَـا ثَـمَّ الآخَـرِينَ، وَأَنْجَيْنَـا مُوسَى وَمَنْ مَعَهُ أَجْمَعِينَ) (الشعراء: ٦٤-٦٥)، کەچی بە پێچەوانەوە پێغەمبـەر(ﷺ) کە لەشکری ئاویان لێبڕا، لەنێو پەنجەکانی پێغەمبـەر(ﷺ) ئـاو زیـادی دەکـرد، تـاکو سوپای ئیسلام تێرئاو بو پێویستی خۆیان جێبەجێ کرد ئەوا شاعیر دەڵێت:

ئەو پەنجەیە دەریای وشك کرد بە ئیشارەت

بۆ تۆشە کەچی جاری بووە جۆری محمـــــد

خودای گەورە گەر بیەوێت یەکێ گـەورە بکـاو خـەلاتی پێغەمبـەری(ﷺ) بـداتێ، جیاوازی ناکا چ ئەحمەد بێ چ موسا بێ، چونکە هەرخۆی دەزانـێ ئـەم خەڵاتـە بـەکێ ڕەوا دەبینێ جیاوازیش ناکا لەنێوان‌و شوێنان‌و شوێنێکی تردا (الله يعلـم حيث يجعـل رسالته) شاعیر دەڵێت:

خوا رۆژی لە هەرکەس کردەوە یەك شەو کیفایەتیە

چ ئەحمەد بێ چ موسا بێ چ عیسا بێ چ سـینا بێ

یەهودیەکانی سەردەمی عیسا پێغەمبـەر داوای ئیعجازیـان لـە عیـسا پێغەمبـەر کردو گوتیان: ئایا خودا دەتوانێ سفرەیەکیان بۆ بنێرێ خواردنیشی لەسەر بێـت، پـاش هێنانی موعجیزەیەش هـەر ئینکـاری حـەزرەتی عیـسایان کـرد (إِذْ قَـالَ الْحَوَارِيُّـونَ يَاعِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَنْ يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِنْ السَّمَاءِ) شاعیریش بەم

شێوەیە دەڵێت:

ئیبنی مەریەم ڕادەکێشێ سفرەی خامی بەهەشت
وەك حەوارییون یەهودی ئیدیعای ئەعجاز ئەکـا

حەزرەتی موسی لە نیشانە گەورەکانی ئەوە بوو دەستی لـە باخـەلیا دەنـا، پاشـان دەری دەهێنا سپی دەبوو دەدرەوشـایەوەو زیانیـشی پێنەدەگەشـت هـەروەکو خـودای گەورە دەفەرموێت: (وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ آيَـةً أُخْـرَى) (طە- ٢٢).

زولفەکانت قورصی ڕوومەتی وەك قەمەر گرتووە چنگ
بۆ گروهی مونکیری حوسـنت یەدی بەیضـــایە بۆ چ

خودای گەورە لە قورئاندا دەربارەی عەسای دەستی دەفەرموێت: (قَـالَ هِـيَ عَـصَايَ أَتَوَكَّأُ عَلَيْهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَى غَنَمِي وَلِيَ فِيهَا مَآرِبُ أُخْرَى) (طە- ١٨).

کەواتە ئەو عەسایەی دەستی موسا بەکارو کەڵکی ئێمە نایەت، ئەوەی بە کەڵکی ئێمە دێتو ئێستا مایەی شانازیمانە ئەو کەوڵو پۆست دارعەساییە کە بەدەستی شێخ مەحمودەوەیە، چونکە ئەو ئێستا جێگای ئومێدو بڕوای هەموو لایەکمانە.

خـەرقەیی شاهو عەسای موسا لەلام بێشەوکەتە
فەخری ئێمە وا بە کەوڵو پۆستو دارمەششاکەوە

حەزرەتی عیسا موعجیزەی ئـەو بـوو کـوێرو بەڵـەكو سـکماکی چاك دەکـردەوە، هەروەها مردووی زیندوو دەکردەوە بە ئیزنی خوا (وَأُبْرِئُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ وَأُحْيِ الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللَّهِ) (ال عمـران- ٤٩)، شـاعیر دەڵـێـت: (ئیمـڕۆ ئێمـە هیوامـان بـۆ گەڕایـەوە جارێکی تر ژیانمان بەبەردا کرایەوە، هەروەکو چۆن حەزرەتی عیسا موعجیزەی ئەوەی هەبوو، کەسێك بمردایە جارێکی تر ژیانی بەبەردا ئەکردەوەو زیندووی دەکردەوە):

زەمان ئەمڕۆ حەیاتی وەك مەسیحا کرد بەبەرمانـــــا
ئەمەل ئەمڕۆ دەمی پشکوت بە تەسبیحاتی دانەی بەر

شاعیر لە ستایشی حەزرەتی (ئەبوبەکری صدیق) دا دەڵێت قەڵەم هۆشیارو ئاگادار بە باسی کەسێکی گەورە دەکەین ئەویش خەلیفەی یەکەمی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو خەلیفەیە هێندە گەورەو بەرێزە لەلای خوداو پێغەمبەر(ﷺ)، چونکە ئیمانی ئەو خەلیفەیە وەکو دەریا وایە بێکۆتاییە، دەریا لە گەورەیدا

سنوری نیەو هێندە قوڵیشە کەس نایگاتێ، جا قەڵەم زۆر وریا بە نەوەك تووشی بێئەدەبیەك ببی بەرامبەر ئەو زاتە:

وریابە قەڵەم باسی ئەبوبەکری صـــدیقە
ئیمانی کە دەریایەکی بێحەددو عەمیقە

ئەمجارە لەباسی (عومەری کوڕی خەتابدا) دەڵێت ئەی خامە وەکو خەنجەر لە کالانێ وەرە دەرەوە، خۆت سازو ئامادە بکە چونکە باسی مرۆڤێکی گەلێك گەورە دەکەین ئەویش (عومەری کوڕی خەتاب)ـە:

ئەی خامە لەرووتا وەرقت عەینی سوپەر کە
راکێشە ئیتر شیری زوبان باســـی عومەرکە

عومەر ئەوکەسە بوو بە ئاشکرا بووە ئیسلام بێئەوەی ترسی لەهیچ کەسێك هەبێت ئەو ڕۆژەی بووە ئیسلام هەرچی ترس هەبوو لەدڵا موسڵمانان نەما بە ئیسلامبونی عومەر بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) نازناوی (فاروق)ی پێبەخشی، جا قەڵەم ئەو لاپەرەیە بەقسەی جوانو شایستە پڕبکەوە وەکو گەوهەر برازێنەوە:

بێپەردە بدە بانگـــــی بیلالانە کە عومـەر
مەردانە لەسەرمانە لە دڵ دەفعی خەطـەرکە
تەعریفی جەوادی کەفی فاروق ئەکەی تـــۆ
صەفحە لە قسە وەك تەبەقی پڕلەگەوهەر کە

جاری سێیەم باسی عوثمانی کوری عەفان دەکات، ئەو خەلیفەیە خاوەنی شەرمو حەیایەکی گەلێك بەرز بووە، مەلائکەی ئاسمان شەرمیان لە عوسمان کردووە، کەواتە

عوسمان لە شەرمو حەیادا پشکی شێری بەرکەوتووە لەزەمیندا، لە دەریاشدا وەکو ئەو نەهەنگە وایە کە لە رووباردا جێگای نەبێتەوە پێویستی بە دەریا هەیە، لە دیانەتیش وەکو ئەو ئەستێرە پرشنگدارە وایە لەئاسماندا دەدرەوشێتەوە، هەروەها لە سەخاوەتیشدا بەو هەورە بارانـاویە دەچێت کە دەبارێت بەسەر زەویدا، زەوی پاراو دەکاو عوسمانیش ماڵو سامانی وەکو ئەو بارانە دەبەخشێ:

عوسمان کە نەهەنگێکە لە دەریای حەیادا
کێوێکی بە تەمکینە لە دنیای وەفادا
جورمێکی مونیرە لە سەماواتی دیانەت
هەورێکی مەطیرە کە لە ئافاقی عەطادا

عەلی کوری ئەبی طالب خەلیفەی چوارەم قەڵای خەیبەر لەسەر دەستی ئەو فەتح کرا، ئەو فەتحەش دیارە لە ئەزەلدا بەباڵای عەلیدا بڕاوە، دیارە ئەوەش گەورەییەکی زۆرە بۆ عەلی کوری ئەبی طالب کە ئەو سەرکەوتنە بەدەست بهێنێت:

ئەو وەختە کە شمشێری شەم شیری لەدەم هات
ئەی وت کە ظەفەر بۆ عەلی تاسەر بەقەدەم هات
بۆ فەتحی قەڵای خەیبەرو مەیدانی جەبەل بوو
وەك ناظری قەصرێکی بەرین روو بە ئیرەم هات

حەزرەتی سولەیمان ئەنگوستیلەی لەپەنجەدا بوو، بەهۆی ئەو ئەنگوستیلەیەوە، هەموو شتێکی بۆ جێبەجێ دەکرا، شاعیر دەڵێت جا یەکێك چۆن دەتوانێت کێوی یاقووتو زومرود بەدەست بهێنێت؟ کە ئیشارەیە بۆ چیاکانی کوردستان کە هەموو یاقووتو زومرودە:

خاتەمی پەنجەی (سولەیمان)ی نەبێ نەم بیستووە
کێوی یاقووتو زومرود قوببە قوببە سەوزو سور

خوای گەورە ئەرواحی ئادەمی کۆکردەوە فەرمووی (الست بربکم) الاعراف،

ئەوانیش لە وەڵامدا گوتیان (قالوا بلی) شاعیریش دەڵێت من نەوەی ڕۆژی ئەلستم پەیمانم داوەو هەر لەسەر پەیمانەکە ئەمێنمەوە:

طەبیعەت بەرزە ظاهیر گەرچی پەستم
نەوەی ئەو شێرەکەی ڕۆژی (الست)م

خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت (لَيْسَ عَلَى الْأَعْمَى حَرَجٌ...) (النور- ٦١) واتە هەرکەسێك گەر کوێر بێت گلەیی لێ ناکرێت، خودای گەورە لێپرسینەوەی لەسەر ناکات، دیارە حاجی فەرەج لەبەر هەرهۆیەك بێت حەرەجی نیە چونکە عوزری هەیە:

توخوا مەنعی مەکەن هەرچی بکا حاجی فەرەج
چونکە خوا فەرموویەتی (لیس علی الاعمی حرج)

تەوبەی نەصوح واتە ئەو تەوبە راستەی کە مرۆڤ دەیکا بەمەرجێك جارێکی تر نەگەڕێتەوە سەرکاری خراپی پێشووی. زانایان دەڵێن: چۆن شیر لە گوان هاتەدەرەوە جارێکی تر ناچێتەوە ناو گوانی ئاژەڵەکە، کەسێکیش تەوبەی نەصوحی کەکرد جارێکی تر نابێت بگەڕێتەوە سەری (توبوا الی الله توبة نصوحاً) شاعیر دەڵێت شێخ ڕۆژی تەوبەی هەزاری وەکو من دەدات، بەڵام چ تەوبەیەك؟ تەوبەی نەصوح:

شێخی من تەوبەی هەزاری وەك منی دادا بەمن
تۆبەیەکی کرد کە بێتە حاشیەی تۆبەی نەصووح

پردی صیراط ئەو پردەیە کە هەموو مرۆڤێك دەبێت بەسەریدا بپەڕێتەوە هەرکەسێکیش بە گوێرەی کردەوەی خۆی، هەیە وەك بروسك بەسەریدا ئەروا، هەشە بە گاگولکێ ...تاد.

حەمدی گەر سەگی بەردەرگای خودابێ، دیارە سەگ گەلێك بەوەفایە بۆ خاوەنەکەی شاعیریش بەوەفایە بۆ خودا، بۆیە هیچ باکی نیە لەشەری مەحشەرو پەرینەوەی لەسەر پردی صیراط:

حەمدی کە سەگی دەرگەهی مەعشوقی خودابێ
باکی چی یە لەو مەعرەکەی مەحشەرو مەعبەر

حەزرەتی موسا داوای دیتنی خودای گەورە کرد، خوداش لە وەڵامدا گوتی نـاتوانی من ببینی بەڵام تەماشای نورم بکە لەکێوی طور، کاتێك خودای گەورەی پرتەوی نوری خۆیدا لە کێوەکە، کێوەکە سوتاو موسی بێهۆش کەوت: (قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَنْ تَرَانِي وَلَكِنْ انظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنْ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّـهُ لِلْجَبَـلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَى صَعِقًا) (الاعراف- ١٤٣).

شاعیریش دەڵێت تۆش سینەت دەرخە با پرتەوی جوانیت دەربکەویۆ ئاگر بەربێتـە دڵو دەرونم، هەروەکو چۆن کێوی طـور نـەیتوانی خـۆی بگـرێ لەبـەر پرتـەوی جـوانی خودای گەورە، کێوەکە سوتا:

دەرخە ســینە پرتەوی با ئاگـــــرێ بەرداتە دڵ

طووری سینا با بسوتێ، دەرکەوێ بەوشەرطە نوور

نەمرودی پاشای شاری ئورفە بتپەرست بوو، ڕۆژێك خەڵکەکـە بـۆ سـەیران دەچـن، حەزرەتی (ئیبراهیم) بە بیانوی نەخۆشی لەگەڵیا ناچێت (فَقَالَ إِنِّي سَقِيمٌ) (الـصافات- ٩٨)، کاتێـك خەڵکەکـە دەچـنە دەرەوەی شـار، حـەزرەتی ئیـبراهیم دەچـێتە نێـو پەرستگاکەو هەموو بتەکان دەشکێنێت تەنها یەکێکیان نەبێت، کاتێـك دەگەڕێنـەوەو ئەو کارەساتە دەبینن دەڵێن ئەوا ئیبراهیم ئەوکارەی کردووە (قَالُوا سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُ إِبْرَاهِيمُ) (الانبیـاء- ٦٠)، بۆ سزادانی ئاگرێکی گەورە دەکەنەوە دەیخەنـە نێـو ئاگرەکە، خوای گەورە فەرمان دەدات کە ئاگرەکە ساردبێتەوە بـە سـەلامەتی ڕزگـاری بێت (قُلْنَا يَانَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَى إِبْرَاهِيمَ) (الانبیاء- ٦٩)، شاعیر دەڵێـت کـە حەزرەتی ئیبراهیم نازناوەکەی (خلیل)ـــە کـە عەشـقی خودایـەو ئامادەیـە بـسوتێت لەپێناویدا ئەی نەمرود، چونکە چراش لە روناکیەك زیاتری ناوێت:

خەلیلی عەشقە (حەمدی) موستەعیدی سووتنە نەمرود

چرا نەیویستووە ئەمما لەشوعلەی ئەخگـــــــەرێ زیاتر

هەروەها لە شوێنێکی تردا هەر دەربارەی (خلیل الله) کە حـەزرەتی (ئیـبراهیم)ـــە دەڵێت:

(خلیل الله) ئەڵێن خۆی خســـتە ئاگر
منیش کەوتوومەتە هیجری نیگـــارم

خودای گەورە لە سورەتی (فاتحة) دەفەرموێت (انعمت علیهم) واتـە نیعمـەتی خـۆم پێدان شاعیریش دەڵێت من سەگی گەورەی پێغەمبـەرانم‌و داوای رەحمـەتت لێدەکـەم، چونکە جگە لەتۆ کێ‌هەیە بمپارێزێ لە (مغضوب علیهم)و (الضالین) جا مـادام وایـە ئەی پێغەمبەری ئاخرزەمان ئەو رۆژەی خەڵکەی کۆدەکرێتەوە بـۆ وەرگرتنـی پـاداش‌و سزا لە رۆژی حەشر لێم غافل نەبی، چونکە من گەلێك رووسـیاهم، تـۆش لـەو ڕۆژەدا شەفاعەتکاری تاوانباری ئومیدم بەرەحمی تۆیە کە رزگارم بکەی.

من لە (انعمت علیهم) با نەبم بێبـــــەش خووا
خۆ سەگی کۆیی (ئەمیرولمورسەلین)م رەحمـــــەتێ
(غیر)ی تۆ کێ‌من لە (مغضوب علیهم) لائـــــەدا
وەك (ولا الضالین) امین هیچ نەبینم ڕەحمـــــەتێ
تو خووا غـافڵ لە (حەمدی) قەتت مەبە ڕۆژی جەزا
ڕووسیاهم، ئەی شەفیعەل موزنبینم ڕەحمـــــەتێ

حەمدی باس لە صیفاتی خـودای گـەورە دەکـات یـەکێك لـە صـیفاتە جوانـەکانی خودای گەورە (سەمیع) کە گوێبیستی هەموو شتێکە وەکو کەوتنە خـوارەوەی گـەڵای دارێك لە شەوێکی تاریکدا:

سەمیعێ بێ کە ببێ دەنگی خشبەی مارو مێروولە
لە شەرحی دا کەڕو لاڵم ئەگەر سوبحان‌و لوقمانم

دیسان (علیم) ناوە جوانەکانی خودایە کە ئاگادارە بە هەمووشتێك، بەڵام زانستی حەمدی شاعیر دلۆپێکە لە دەریا، جا ئەو زانستەی خودا لەکوێ ئەمەی من لەکوێ؟

جگە لەوەش ئەو زانستەی کە من هەمە، هەر خودای گەورە پێمی بەخشیووە:

عەلیمێ کوللی شەیئی نوقطەی پەرگاری عیلمی بێ
دڵۆپێکە بەیاناتم ئەگەر خۆی بەحری عیلمـــــانم

(بەصیر) خودای گەورە بینایە بە هەموو شتێك لەو ڕۆژەی لە دنیا خەلق کراوە تاکو کۆتایی هاتنی دنیا (إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ بَصِيرٌ) (تبارك- ١٩)، کەواتە من نـاتوانم وەصـفی ئەو خودایە بکەم:

بەصیری ڕۆژی ئەووەڵ کردەوەی ئاخرشەوی دیبێ
چلۆن وەصفی دەنوسێ بۆم ئەگەر بینایی چاوانم

حەمدی گەلێك دەترسێت لەوەی خودای گەورە تووڕە بێـت قـەهری خـۆی برێـژێت، بۆیە شاعیر هەردەم خەریکی شینو گریانە، هەروەکو کەسێکی شێت جلوبـەرگی لەبـەر خۆی دارنیووە، چونکە هەردەم بیری دۆزەخی تۆم لەبەرچـاوە ئـەو دۆزەخـەی (وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ)

لەترسی قەهری تۆ ڕەببی خەریکی شینو گریانم
جگەرخوێننو دڵ غەمگینو شێتو وێت عوریانم
بەدڵما فکری پرشنگی جەحیمی قەهری تۆ دەڕوا
گرێ دەگرم دەڵێ دۆزەخ دەسووتێ هەر بەسوتانم

هێندە گوناهم زۆرە، گوناهەکانم بەقەد کێوێك دەبێت، بەڵام کە تۆ هەردوو صیفاتی (ڕەحمانو ڕەحیمت) هەیە، بۆیە هاتوومەتە بەردەرگای تۆ لێم ببوری چونکە دیسان تـۆ خۆت دەفەرمووی: (لاتقنطوا):

وەکو کێوی گوناه هاتوومەتە بەر بارەگــــاهی تۆ
کە موحتاجی بەقەد یەك پەڕ کاهی عەفووی غوفرانم

کـــەمـــالـــی

(عەلی کەمال باپیر) ناسـراو بـە کـەمالی (١٨٨٦-١٩٧٤) یەکێکـە لـە شـاعیرە کلاسیکیەکانی کورد، کە درێژەپێدەری قوتابخانەی شیعری بابان بوو، ئەو قوتابخانەیەی کە (نالی) دامەزرێنەری بوو، بەکۆچی دوایکردنی ئەم شاعیرەمان دوادڵۆپ لە دەریـای شیعری کلاسیکی کوردی وشك بوو.

کەمالی شاعیر هەروەکو منداڵانی سەردەمەکەی خۆی چۆتە حـوجرەی مزگەوتـەکان فێری خوێندەواری بووە، بەڵام کەمالی درێژە بەو ژیانـەی خـۆی نـادات و بێتـە مـەلاو مزگەوتێك ئاوەدان بکاتەوە، بەڵکو هەر لـە سـەرەتای تەمـەنی لاویەتیـەوە کـەمالی تێکـەڵ بـە ژیـانی سیاسـی دەبێـت لـەناو بزوتنـەوەی رزگـاریخوازی میللەتەکـەی، بەتایبەتیش لە سەردەمی شێخ مەحمودی حەفید.

کەمالی جێگای بڕواو متمانەی شێخ مەحمود بووە، لەسەر ڕاسپاردەی شێخ دووجـار چۆتە ((تاران و کرماشان)) بۆ دیدەنی کردنی ((ڕەزا شا)) و هەندێ بـالیۆزی هەنـدەران لە ئێران و گەیاندنی نامە بەناوبانگەکەی ((شـێخ))ی نـەمر بـە کۆمـاری شـورەوی[1].

کەمالی جگە لەکاری سیاسی لەناو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و شیعرنووسـین کـاری ڕۆژنامەنووسیشی کردووە (سـەردەمی شـێخ مـەحمود، پـاش پێکهـاتنی جەمعیـەتی کوردســتان دەرکردنــی ڕۆژنامــەی ((بــانگی کوردســتان))، ڕۆژنامــەی ((ڕۆژی کوردستان))یان دەرکردووە کە ئەم ڕۆژنامەیە زمانحاڵی شێخ مەحمود بووە، بـەڵام ئـەم ڕۆژنامەیە هێندە نەژیاوە، هـۆی نەمانیـشی ئـەو تەنگوچەڵەمەیە بـوو کـە تووشـی سلێمانی هات و جارێکی تر لەلایەن ئینگلیزەکانەوە داگیر کراوە[2].

کەمالی ئەگەرچی شاعیرێکی کلاسیکیە و لەسەر ڕێبازی کلاســیکیش هۆنراوەی

نووسیوە، بەڵام وەکو شاعیرانی پێش کەمالی پێی ناسرابوون وەکو شێوەگرانی وشەکان داخستنی هۆنراوەکانیان، بەڵام کەمالی بەوە جیادەکرێتەوە کە زیاتر روونیو سادەیی (شفافیە) لە هۆنراوەکانی بەدی دەکرێت کە ئەوەش وای کردووە خوێنەر بە ئاسانتر لە هۆنراوەکانی کەمالی بگات لە ئەوانی تر.

نالی شاعیر دامەزرێنەری بزووتنەوەی شیعری بابانە، بۆیە لەراستی دوورناکەوینەوە گەر بڵێین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆ نالی کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر شاعیرانی دوای خۆی، من بەش بەحاڵی خۆم هەر ئەوەندە دەبینم کەمالی شاعیر هەوڵی داوە شوێن پێی نالی هەڵبگریو لاسایی چامەکەی نالی بکاتەوە کە لە شامەوە بۆ سالمی هاوڕی ناردووە بە چامەی شارەزوور بەناوبانگە:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور[٣]

کەمالی هەوڵی ئەوەی داوە ئەم هۆنراوەی خۆی بگەیەنێتە هاوشانی نالی شاعیر، بەڵام چامەکەی نالی گەلێك بەرەوژوورترە لە هۆنراوەکەی کەمالی[٤]، بەهەرحاڵ لێکۆلەرەوە کاتێك لێکۆڵینەوە لەسەر شاعیرێك دەکات، ناچار دەبێت پەنا بۆ هۆنراوەکانی شاعیر ببات، چونکە هۆنراوەکان یارمەتی دەرێکی باشە بۆ لێکۆڵەرەوە جگە لەوەش کەمالی خۆی دان بەوە دەنێت کە کاریگەری شاعیرانی تری بەسەرەوەیە کە ئەمەش باشترین بەلگەیە لەسەر ئەوەی کەمالی لەشیعر گوتندا پەیرەوی سالمو حەمدی پێوە دیارە:

لە ڕیزی شاعیرانا بۆیە من ئەمڕۆ سەرئەفـــــرازم
لە شاگردانی بەزمی حەزرەتی (مەحوی) شەکەرڕازم
لەپاش مەحوی هەمیشە پەیڕەوی (سالم) ئەکەم، لاکین
بەدڵ زۆر عاشیقی هەڵبەستی (ناری) نیکتە پەروازم

دیوانی کەمالی ل ٨٩

هەروەها دەڵێ:

پەیڕەوی (حەمدی) ئەکەم دائیم (کەمالی) بۆیە وا
ویردی خاس‌و عامە ئەشعاری تەرەب ئەفزایی من

دیوانی کەمالی ل ٩٣

کاتێکیش کەمالی (زێوەر)ی شاعیر هەڵدەسەنگێنی وا باسی شاعیران دەکات:

زێوەر لە کوردی یا زۆر تەبعی تەڕو ڕەوانە
بێخود لە فارسی دا هوشیارو نوکتـــە زانە
نوری موقەللیدە بێ‌ڕاوکە شــــیعری نایە
شوکری بەڕاستی ئەیلێم ئوستادی شاعیرانە (٤)

کە من دەڵێم کەمالی دان بەوە دەنێت کاریگەری شـاعیرانی وەکـو (حمـدی‌و سـالم) لەسەرە یاخود بەمانایەکی تر بلێن کەمالی سەرسامە بە شیعری (حمدی‌و سـالم) ئەمـە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کە لە نرخ‌و بۆچونەکەی (کەمال عەلی باپیر) کەم بکەمەوە کە دەڵێت: (من پرکێشی ئەکەم‌و ئەڵێم ئەگەر (کەمالی) ئەیەوێ ئـەوە ناگەیـەنن، بـەڵکو بە پێچەوانەوە من ئەوەندەی جێپەنجە ڕەنگدانـەوەی نـالی شـیعر (کـەمالی)دا ئـەبینم ئەوەندە زەبروکارتێکردنی (سالم، مەحوی‌و ناری) لەسەر نیە(٥))، بەڵگەش ئەوەیـە کـە چەند نمونەیەکی هێناوەتەوە.

ئەوەی لەلای ئێمە سەلماندراوە ئەوەیە کەمالی چەندجارێك لـە هۆنراوەکانیـدا بـاس لەو شاعیرانە دەکات کە ئێمە باسمان لێـوەکرد، تـەنها بـۆ جـارێکیش بـاس لـە نـالی ناکات، جگەلە دان پێدانانەکەی خۆی، کەواتە دەبێ ئەوەش بگوترێ‌بۆچونەکەی ئێمـەو هی (کەمال عەلی باپیر)یش لە نرخ‌و بەهای هیچکامێکیان کەم ناکاتـەوە.بـەیـضاوی یەکێکە لە تەفسیرە بەناوبانگەکانی قورئانی پیرۆز کە قازی ناصرالدین دایناوە، جـاران

فەقییەکان دەیان خوێند، کەواتە ئەو خەتو ڕیحانەی سەر ڕووی یار هەر تەفسیری بیضاوی بتوانێت ئەم ڕوو تەفسیر بکات:

دەوری ڕووی داوە خەتی ڕێحانەی یارم پێم ئەڵێ
حاشیەی بیضاویە ئایاتی ڕووی تەفسیر ئەکا ل ٢٨

کوشتنی ئەحمەد موختار بەگی جاف داخو کەسەرێکی گەورە بوو بۆ میللەتی کورد، چونکە بە مردنی ئەحمەد موختار بەگی جاف کورد شاعیرێکی گەورەی لەدەست دا، بە تایبەتی لە دڵو دەرونی کەمالی بۆیە لەلاواندنەوەی ئەحمەد موختاردا بە جەنات عدن لێکی دەداتەوە کە خۆی سەفەری کردوە بۆ بەهەشت، ئێمەی لە دۆزەخ بەجێهێشتووە خوای گەورە دەفەرموێت: (سَأُصْلِيهِ سَقَرَ ۞ وَمَا أَدْرَاكَ مَا سَقَرُ) (المدثر: ٢٦-٢٧)

تەئریخی وەفاتیم لەخێرەو پرسی گوتی پێم
جێی عەدنە ئەوو ئێمەیی جێهێشت لە سەقەردا ل ٢٩

کەمالی خەوئەبینێ بە سەرچاوەی ژیان نۆشی دەکا، بەڵام کاتێك بەخەبەردێتو تەعبیری خەوەکە وادەردەچێت کە ماچی یارە بۆیە لەسەر ئەو خەونە شوکری خوا ئەکات:

لە خەودا ئاوی سەرچاوەی ژیانم نۆش ئەکرد ئەمشەو
شوکر سبەینێ دیم ماچی دەمی تۆبوو لە تەعبیرا ل ٣٤

کەمالی وەکو مرۆڤێکی باوەڕ بە قەزاو قەدەر باوەری بەوە هەیە هەموو شتێك لە قەدەرا نوسراوە بڕاوەتەوە، گوڕینی لە دەسەڵاتی کەسدا نیە:

منو جامی شەرابو زاهیدو ئەندێشەی کەوسەر
بەدەستی کەس نییە حوکمی قەڵەم وابوو لە تەقدیرا ل ٣٤

یار بە برژانگەکانی خۆی تیربارانم دەکاو، بەمەش خوێنم ئەرژێو شەهید دەبم، دیارە شەهیدیش کە دەکوژرێو خوێنی دەرژێ نوێژو شۆردنی لەسەر نیە بەجلی خوێنینەوە

دەچێتە مەیدانی مەحشەر:

تیرەبارانی کە کردم یـار بە برژانگـــــــــی ووتی
ئەم شەهیدی عەشقە بۆ مەحشەر جلی خوێنین ئەبا   ل ٤١

مسوڵمانان لەکاتی حەج و عەمرە دەچـنە شـاری مەکـەو زیـارەتی کەعبـە دەکـەن حەوت جار بەدەوری دەسوڕێنەوە، بەڵام یاری کافر هەموو جارێك زولفی خـۆی پیـشان دەدا بۆمن:

بۆ تەوافی کەعبەیی ڕووی چووم بە موشتاقی کەچی
زولفی کافر حسنی وا بۆ من مەحاڵی چین ئەبـــا   ل ٤١

هەر عاشقێك گەر بێتوو دانیشتنی بەردەرگاتی دەست بکـەوێت لـە دونیـادا، ئـەوا بەدڵنیاییەوە لە ڕۆژی حەشریشدا کاتێك هەرکەسێك پاداشی کردەوەی خۆی دەدرێتـێ، چونکە عاشق لەدونیادا بەردەرگای تۆی بەرکەوتووە مافی خۆیـەتی لـەکاتی حـساب و لێپرسینەوە داوای بەهەشتی فـیردەوس نـەکات: (إِنَّ الَّـذِينَ آمَنُـوا وَعَمِلُـوا الـصَّالِحَاتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّاتُ الْفِرْدَوْسِ) وە هەروەها لەگەڵ ئیرەم (أَلَمْ تَرَى كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ، إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ) (الفجر- ٧).

ئەگەر دەستی کەوێ دانیشتنی بەردەرکەکەت عاشـــق
لە حەشریشدا موحەققەق مەیلی فیردەوس و ئیرەم ناکا

هەر مرۆڤێکی ئاقڵ و دونیادیدە گەر تێبفکرێ و ورد بێتەوە نوری زاتی هەق هەسـت پێدەکا، بەڵام مرۆڤی قەلەندەر ئەوکەسە جیاوازی ناکات لەنێوان بتخانـە کـە جێگـای بەد گومرایە لەگەل حەرەم کە پیرۆزترین شوێنی خواپەرستیە:

لە هەرلا ئەفکری نووری زاتـــی هەق نـمایانـــە
قەلەندەر بۆیە ئەسلا فەرقی بتخانەو حەرەم ناکـا   ل ٤٧

مەنسوری کوڕی حوسێنی حەلاج یەکێك بـوو لـە سـوفیەکانی سـەردەمی عباسـی هەرکاتێك جەذبە ئەیگرت دەیگوت (انا الحق) دەڵێن کاتێك کوشـتیان بـە خوێنەکـەی

دەنوسرا (انا الحق) کەمالی شاعیریش دەڵێت منیش وەکو مەنسور هەرکاتێك بمکوژن‌و خوێنم برژێ ئەوا خوێنەکەم دەردی میللەتەکەم دەنوسێتەوە:

هەروەکو مەنسوور انا الحق گۆ بوو گەر بیشمکوژن

خوێنەکەم ئەتکێ بەکوردی دەردی خۆی ئینشا دەکا ل ٥٠

ئەزەلی‌و ئەبەدی دوو زاراوەی فەلسەفین، مانای جیاوازیان هەیە ئەزەل واتە سەرەتای نەبێت، هەرشتێکیش سەرەتای نەبێت کۆتایشی نیە، بەڵام ئەبەدی سەرەتای هەیە کەواتە دەبێت کۆتایشی هەبێت، کەواتە کەمالی گوناهی چیە؟ کاتێك لە ئەزەلەوە لەچارەی نوسرابێ کە دەبێت ببێتە دیل‌و یەخسیری کەمەندو پەرچەمی یار:

من ئەبێ سووچم چبێ ڕۆژی ئەزەل سوڵتانی عەشق

دیل‌و یەخسیری کەمەندی پەرچەمی تاتام ئەکا ل ٥١

دنیا تەمەنێکی دوورودرێژی هەیە لای شاعیران بە پیرەژن ناودەبرێت بۆیە ئەو پیرەژنە داوا لە کەمالی دەکات کە بیخوازێ، واتە بەدوای هەواو نەفسی دونیا بکەوێت، بەڵام ئەو دنیایە وەکو ئەو پیرەژنە وایە کە مرۆڤی ئاقڵ بیخوازێت هیچ لەزەتێکی لێ ناکات، کەمالی ئامادەنیە بەدوای ئەو پیرەژنە بکەوێت، واتە دنیای بەلاوە دەست بەرداری دنیا بوە، چونکە خۆشی‌و لەزەتی دنیا گەلێك کەمەو کۆتایی دێت (قُلْ مَتَاعُ الدُّنْيَا قَلِيلٌ وَالآخِرَةُ خَيْرٌ لِمَنْ اتَّقَى وَلاَ تُظْلَمُونَ فَتِيلاً) (النساء- ٧٧)

تکای لێم کرد ووتی بمخوازە دنیا زوو جەوابم دا

ووتم ئینسانی عاقڵ مەیلی وەسڵی پیرەژن ناکا ل ٥١

هەرلەم بارەیەوە مەحوی دەڵێت:

تا لەماڵی دەرنەکردووی ئەم شەوی صەد شووکەرە

مەحوی ئازانە بدە تۆ سێ‌بەسێ دنیا طەلاق

دیوانی مەحوی ل ١٨٠

سەفەری ڕۆژی قیامەت گەلێك دوورو درێـژەو کۆتـایی نایـەت، جـا مرۆڤـی ئاقـڵ گەربیەوێت بچێتە سەفەرێکی ئەوها دوورو درێژ دەبێـت تێـشوی ئـەو سـەفەرەی پێـی بێت، دیارە زادو زەخیرەی ئەم سـەفەرەش کـردەوەی چـاکە، چـونکە ئـەو ڕۆژە تـەنها کردەوەی چاك بەهانای خاوەنەکـەی دێـت پێغەمبـەر(ﷺ) لـەم بارەیـەوە ئاموژگـاری ئەبوزەری غـەفاری دەکاو دەفەرموێت: (أعد السفينة فان البحر عميـق فاسـتكثر الـزاد فان السفر طويل)، کەمالی شاغیریش لەم بارەیەوە دەڵێت:

ڕێی قیامەت دوورو بێ‌پایانە توێشووی لازمـــــە
پیاوی عـاقڵ بۆیە مەیلی جەمعی توێشوو زاد ئەکا — ل ٥٢

سامیری یەکێك بوو لە لایەنگیرانی حەزرەتی موسـا، پاشـان کـە موسـی (سـلاوی خوای لێ بێ) چوو بۆ خەلوە سامیری دەسـتی کـرد بـە جادووگـەری، بـە زێـڕو زیـوی (قبطی)یەکان گوێرەکەیەکی لێ دروسـت کـردووە جارجـارە بـۆڕەی کـردووە، بەمـەش کۆمـەڵە کەسێك بروایان پێ‌هێنا، کاتێك موسا گەڕایەوە ناو قەومەکەی لێیانی پرسـی بۆچی باوەڕتان پێ‌کرد؟ ئەوانیش گوتیان ئێمە سەرپێـچی کردنمـان لـە بەڵێنـەکانی تـۆ بەئارەزووی خۆمـان نەبوو، بـەڵکو سـامیری لـەزێروزیوی ئـەم گوێرەکـەی دروسـتکردو ئێمەش باوەڕمان پێ‌هێنا. (أَلْقَى السَّامِرِيُّ ۞ فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلاً جَسَدًا لَهُ خُوَارٌ فَقَـالُوا هَذَا إِلَهُكُمْ وَإِلَهُ مُوسَى فَنَسِيَ) (طه: ٨٧-٨٨)

بە بارێ عیلمی حەفتا ساڵەوە دابووم بە شـــاگردت
بژی ئەی سامیری سەرسامی دیدەی پڕ لە ئەفسوونت — ل ٥٨

کەمالی لەسایەی هونەرەکەی، خۆی بە دەوڵەمەند دەزانێ چـونکە هونـەر رزقێکـی زۆرە ئەو رزقەش لەخواوە بۆ پیاو دێت، بەڵام نابێت ئـەو هونەرمەنـدە ناشـکور بێـت بڵێت خوای گەورە ڕزقی کەم کردم (فَأَمَّا الإنسَانُ إِذَا مَا ابْتَلاَهُ رَبُّهُ فَأَكْرَمَهُ وَنَعَّمَهُ فَيَقُولُ رَبِّي أَكْرَمَنِ) (الفجر- ١٦)،

هونەر ڕزقێکی زۆرو نیعمەتێکی گەورەیە بۆ پیـــــاو
هونەرمەند ناشکورە گەر بێت بڵێت خوا ڕزقمی کەم کرد — ل ٥٩

کەمالی بڕواو قەناعەتی بەوە هەیە کە نـەوەی مرۆڤــ هـەموو لەپـشتی حـەزرەتی ئادەمەوە پەیـدا بوینـە (کلکـم مـن ادم و ادم مـن تـراب) جـا کـە لـە نـەوەی ئـادەم مرۆڤێکـی وەکو تۆ لێی پەیدا بێت، ئەوا دەبێت سەجدەی شـوکر بـۆ حـەزرەتی ئـادەم ببــەم (وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلاَئِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلاَّ إِبْلِيسَ كَانَ مِـنْ الْجِـنِّ فَفَسَقَ عَـنْ أَمْرِ رَبِّهِ) (الكهف- ٥٠).

که دیم ئادەم نەوەی وەك تۆ لەپشتی دێتە دنیــاوە

سوجوودی ئادەمم برد ڕەجمی شەیتانی لەعینم کرد ل ٦٢

ئاوی کەوثەر خوای گەورە داویــەتی بـە ئومــەتی محمـد(ﷺ) کاتێـك قورەیـشیەکان گاڵتەیان بە پێغەمبەر(ﷺ) دەکردو پێیان دەگوت وەجاغ کوێر، جا خـوای گـەورە ئـەو حەوزی کەوثەرەی پێبەخشی کە ئەم ئـاه سـپیە وەکـو شـیر، شـیرینە وەك هـەنگوین، کەمالیش لە خەوا جامێك لە ئاوی کەوثـەری خواردۆتـەوە، کاتێـك بـەیانیش لەخـەو هەڵساوە لێکدانەوەی خەونەکەی ماچی دەمی یار کردووە (إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ، فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ، إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الأَبْتَرُ) (الكوثر: ١-٣).

لەخەوما جامێ ئاوی کەوسەری دامێ پەری ڕوویــێ

سبەی زوو هاتەدی شوکری خوا ماچی دەمی تۆم کرد ل ٦٣

شێخی سەنعان دەڵێن شێخێکی خاوەن تەریقەت بووەو چـەندەها موریـدی هـەبووە، پاشان دڵی دەچێتە کچە مەسیحیەك، لەدین وەردەگەڕێ دەچێتەسەر ئـاینی عیـسایی، کەمالیش بەدەردی شێخی سەنعان چووە کاتێك کچە مەسیحی دەبینێ عەقڵی نامێنێ واز لە ئاینی خۆی دەهێنێ دەچێتە سەر ئاینو مەزهەبی تەرسا:

که دیم زونناری زوڵفو پەرچەمی وەك شێخەکەی (سەنعان)

قوبووڵی مەزهەبی تەرساو تەرکی عەقــڵو دینـم کـــرد ل ٦٢

کەمالی وەکو مرۆڤێکی خاوەن ئەزموون، هەرگیز بڕوای بەپیاوی زاڵم نیە کاتێـــك

دەستیان پێ لەکار کێشانەوە ببنە باشترین پیاو هەروەکو شبلیو بایەزیدی بەسطامـی، بەلام هەرکاتێك فرسەتیان وەرگرتو گەڕانەوە سەرکار ئەوا دیسان دەبنـەوە پیاوەکـەی جارانو دەست بەزوڵم دەکەنەوە هەروەکو شەمری سەرلەشکری یەزیدی کـوری معاویـە کە چەند زوڵمی گەورەیان کرد کە خوێن ڕشتنی حەزرەتی حوسین بوو، کورد ئەڵێ مـار ئەمانی نیە تاکو سەری پان نەکەیەوە:

زاڵمان کاتێ کە عەزڵ کـــــــران
ئەبن بە شێخی شبلیو بایـــــەزید
دووبارە ئەگەر بچنەوە سەرکـــــار
زوڵم ئەکەن ئەبن بە شەمرو یەزیـد   ل ٦٥

شێخی سـەنعان پێـچەوانەی ئـەمری غـەوثـی گـەیلانی کـرد، غـەوث کـە نـەوەی پێغەمبەرە(ﷺ) لەسەر ڕێگای ئەو ڕۆیشتوە، چونکە ئـەمر غـەوث هـەروەکو ئـەمری پێغەمبەر(ﷺ) هەتا قیامەت دەوام دەکا.

سەنعان خیلافی ئەمری ئەوی کرد بوو بە گەور
ئەمری هەتاکوو ڕۆژی قیامەت ڕەوایە غـەوث   ل ٦٧

لەڕۆژی حەشردا هەموو کەس کۆدەکرێنـەوە هـەق لێپـچینەوەیان لەگـەل دەکرێـت هەرکەس هەقی خۆی وەردەگرێـت (هَـذَا يَـوْمُ الْفَـصْلِ جَمَعْنَـاكُمْ وَالأَوَّلِـينَ) (المرسـلات-٣٨)، کەسیش ناتوانێت حاشا بکات لە هیچ کردەوەی خۆی، کـەمالیش دەڵێـت هـیچ حاشا مەکە تۆ کوشتەی منیو خوێنی منت ڕژاندوە بەوەش دیارە کە سـەرەپەنجەکانت بە خوێنی جگەری من سورە:

مەکە حاشا لە خوێنم ڕۆژی مەحشەر قاتلم هەرتۆیـت
بە خوێنی جەرگی من سەرپەنجەکەت ڕەنگینە ئەیزانـم   ل ٧٥

باخچەی بەهەشت (جنة المأوى) شوێنێکە لە بەهەشت کە موسـلمانان خۆزگـەی بـۆ دەخوازن کە خوا روحمیان پێبکات بیان باتە ئـەو شـوێنە (أَمَّـا الَّـذِينَ آمَنُـوا وَعَمِلُـوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُـمْ جَنَّـاتُ الْمَـأْوَى نُـزُلاً بِمَـا كَـانُوا يَعْمَلُـونَ) (الـسجدة- ١٩)، کـەمالی

ئامادە نیە بەتەنها بەبێ یارەکەی بچێتە ئەو شوێنە، بەبێ نیگای ئـەو ئامـادەش نیـە خەیالی بادەو سەبا بکات:

بێویسالّت کە تەمەننای جەننەتولمەئوا ئەکـــەم

بێ نیگاهت چۆن خەیالّی بادەوو سـەهبا ئەکەم ل ٧٩

کەمالی هێندە گیرۆدەی یارەکەیەتی، بەهیچ شێوەیەك نایەوێت بۆ کـەمێکیش لیـی جیابێتەوە، هەرکاتێکیش لەگەلّیدا بێت بەهیچ شێوەیەك بیر لە حووری عین ناکاتـەوە، کە ئەو حۆریە چاوگەش و چاورەشانە بۆ مرۆڤی خواپەرست ئامـادەکراون لـە بەهەشـت (وَحُورٌ عِينٌ، كَأَمْثَـالِ اللُّؤْلُـؤِ الْمَكْنُـونِ) (الواقعـة- ٢٢) هـەروەها گـەر ببێتـە گـەداو خزمەتکاری بەردەرکی یار مەیلی فیردەوسی بەرین ناکا (جَنَّاتُ الْفِرْدَوْسِ نُزُلاً، خَالِـدِينَ فِيهَا) (الكهف- ١٠٧).

کە وەسلّت دەست بدا بۆم هیچ خەیالّی حووری عین ناکەم

گـەدای بەردەرکی تۆ بم مەیلی فیردەوسـی بەریـــن ناکەم ل ٨١

شاعیر هەموو هۆش و بیری لای پێنجوێنە چونکە یاری خۆی تێدایە، بـەهۆی بـوونی یارەکەی هەموو پێنجوێنی لەلا جوانە نایگۆڕێتەوە بەشاری سولێمانی خـۆی لەوشـارە بە کۆیلە دەزانێ بۆیە گەر سولێمانی ببێتە بەهەشت و دیارە بەهەشتیش پڕە لە حـۆری (إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٍ ۞ فِـي جَنَّـاتٍ وَعُيُـونٍ ۞ يَلْبَسُونَ مِـنْ سُـنْدُسٍ وَإِسْـتَبْرَقٍ مُتَقَابِلِينَ ۞ كَذَلِكَ وَزَوَّجْنَاهُمْ بِحُورٍ عِينٍ) (الدخان: ٥١-٥٤).

گەر سلێمانی ببێتە جەننـــەت و پڕ بێ لە حـــــــوور

پەشمە لام هەرمەیلی وەسلّی یارەکەی پێنجوێن ئەکەم ل ٨٢

ئاوی کـەوسەر، ئـەو ئاوەیـە کـە خـوای گـەورە بـە پێغەمبـەر(ﷺ) و ئومەتەکـەی بەخشیووە مرۆڤی ئیماندار لێی دەخواتەوە، جا هەرکاتێك کەمالی بۆ جارێـك لـە لێـو یار دەمی تەر بکات، ئیتر پێویستی بەوە نیە وەکو ئەسکەندەر کاتێك لەســــــەرە

مەرگیش بوو داوای ئەوەی دەکرد لەئاوی بەقا بخواتەوەو هەتا هەتا نەمرێت:

لە ئاوی کەوسەری لێوو دەمت دەم تەڕ بکەم جـاریّ
وەك ئەسکەندەر لە مەرگیشا هەوای ئاوی بەقا ناکەم ل ٨٨

کـەمالی گەیـشتۆتە ئـەو قەناعەتـە کـە تـەنها بـە ڕوو لـە خـواکردن مرۆڤـ دەحەسـێتەوە تەنها ڕێگەی خوا ڕێگای سەرفرازیە، ئەگینا ئەوانی تـر هـەموو کـۆرە ڕێگانەو مرۆڤـ توشی چەرمەسەری دەکەن.ئێمە لـە ڕێگـای فیتنـەو تەفرەقـە چـیمان قازانج کردووە، هـەر ڕێگـای خـودا داوای یـەك ریزیـمان لێـدەکا بـۆ ئـەوەی تووشـی پەراکەندەیی‌و سەرلێشێواوی نەبین (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ) (ال عمران- ١٠٣).

خەڵکینە وەرن بەسیە ئیتر ڕوولە خـــودا بن
بەس مایلی فیتنەو شەڕو ئاشووب‌و بـەڵا بن
بەس تەفرەقەو وێڵی کەژو کێوو چیـــا بن
زۆر عەیبە کەم بەم نەوعە پەرێشان‌و گەدا بن ل ٩٢

کاك ئەحمەدی شێخ یەکێك بوو لـە پیـاوە ناودارەکـانی سـەردەمی خـۆی‌و شـێخی تەریقەت بوو، پیاوێکی خواناسانە دوعاو شەفاعەتیان رادەگیری لەلای خـوای گـەورە، بۆیە ئومێدی بەوە هەیە کاك ئەحمەدی شێخ لەلای خوای کردگار، چونکە کاك ئەحـمـەد سەرۆکی ئەولیاکانەو جێگری غەوثـی گەیلانیە، لە هەمانکاتیشدا ئەو پیاوە پشتیوان‌و پەنای کوردانە:

سەگی دەرگانەکەی کاك ئەحمەدی شێخم تەمـــادارم
تکای عەفوم بکە ڕۆژی جەزا شێخم لای کردگاری من
رەئیسی ئەولیایە قوطبە یەعنی واریثـــــی غەوثە
پەناهو پشتیوانی کوردە مایەی ئیفتخـــاری مـن ل ٩٥

حەزرەتی یوسفی کوری یەعقوب، کاتێك لەگەڵ براکانیدا دەچێتە سەیران‌و فێڵـی لێ دەکەن ئەیخەنە ناو بیرەوە هەروەها حەزرەتی (عیسا)ش خوای گەورە بەرزی کردووە بـۆ ئاسمانەکان (بَلْ رَفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا) (النساء- ٥٨).

چەشنی یوسف تۆ بچۆ ناو بییرەوە ببیە غەریق
یا بچۆرە ئاسمان تەنیا مەسـیحایـــــــی بکە ل ١٣

یەزیدی کـوری معاویـە لـە سـاڵی ٤١ کۆچـی لـە شـوێنی بـاوکی بـووە خەلیفـە ئەمەویەکان، بەڵام خەڵکی عێراق ڕازی نەبوون، داوایان لە حسین کوری عەلی کرد کـە بەیعەتی پێ‌ئەکەن ئەو ببێتە خەلیفەی موسلمانان، شەڕو کوشـتار ڕویـدا، سـەرکردەی سوپای یەزید بەسەرکردەی (شمر) بوو، ئالی عەلی هەموو کوشت، بەمەش خوێنی ئـەم بنەماڵەیە کەوتە ئەستۆیان، بەڵام کەمالی پێچەوانەی (یەزید) کەمالی خۆی بەسـەگ‌و پاسەوانی بەردەرگای پێغەمبەر(ﷺ) ئەولادی پێغەمبەر(ﷺ) دەزانێت:

خۆ یەزید نیم تاکوو ببمە دوژمنی ئالی عـــەلی
شێت نەبووم تابی عەزابی زاتی ئەڵلاهم نییــــە
من سەگی قاپی رسول الله و ئەولادی (عــەلی)م
بەندەیی زارم خەیاڵی روتبەو جاهم نیـــــــە ل ١١٤

خوای گەورە زاتێکی ئەوتۆی لەنـەوەی ئـادەم بەرەحمـەت ڕەوانـە کـرد بـۆ هەرچـی گیانلەبەر هەیە لە بونەوەردا، هەروەکو خوای گـەورە دەفـەرموێت: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ) (الانبیاء- ١٠٧)، بۆیە گەر من هەڵنەستم بە مەدحکردنی ئـەو زاتـە بەرێزە کە هێندە گەورەیە خـوا باسـی لێـوە دەکـات، خـەڵکی ئێـوەش بـە پیـاوێکی بێ‌باوەڕو کافرو بێ‌دین‌و ئیمانم تێ‌مەگەن، چونکە من هەرچەندە بـاس‌و مـەدحی ئـەو پێغەمبەرە بکەم، ناتوانم مافی تەواوی خۆی بدەمێ قەڵەم لە ئاستیدا دەسـتە وەسـتان دەبێت‌و زمان لاڵ دەبێت لە ئاستیدا بەتایبـەتی بـۆ یـەکێکی وەکـو مـن کـە هێنـدە

گوناهکارم لەدەشتی مەعسیەتیشدا هەتاکو پێم کرابێت قسوورم نەکردووە، هەرچی کاروکردەوەی پیسی شەیتانیش هەیە، جێبەجێم کردووە، کەواتە من مرۆڤێکی ڕوورەش‌و گوناهکارم‌و پێغەمبەریش(ﷺ) خاوێنەو مەعسوومە لە گوناە، هەرچی گوناە هەیە نیەتی بۆیە من ناتوانم هەستم بەمەدح‌و ستایشی ئەم زاتە کە پێغەمبەرە(ﷺ) لە پاشان ئەم پێغەمبەرە(ﷺ) چ مەجبور بە مەدحی یەکێکی وەکو منە، پەکی لەسەر مەدحکردنی من نەکەوتووە، ئەوەندە بەس کە خوای گەورە لە قورئاندا مەدحی ئەو پێغەمبەرە دەکات‌و دەفەرموێت: (وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ) (القلم ٤)، کەواتە گەر قورئان دەربارەی بەرزی هەرە لوتکەی ڕەوشتی ئەم پێغەمبەرە(ﷺ) بدوێت من هەر چیەك بڵێم ناگاتە ئەو مەدحی قورئانی پیرۆز:

نەکەم گەر مەدحی ئەوزاتەی کە فەخری جین‌و ئینسانە
مەڵێن خەڵکی (کەمالی) کافر وبێ‌دین‌و ئیمـــــانە
گوناهکارم دەمم پیسە ئەگەر ناوی نەبەم هەقـــــمە
چ مەدحێکی بکەم خۆمەدحی ئەو ئایـــەتی قورئـانە ل ١١٥

خوای گەورە لە حەدیسێکی قودسیدا دەفەرموێت (لولاك لولاك لما خلقت الافلاك) واتە لەبەر تۆ نەبوایە ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بونەوەرمان دروست نەدەکرد.

کەمالی دەڵێ ئەو پێغەمبەرە شەفیعی ڕۆژی ئاخیرەتە، هەرکەسێکیش لای وابێت شەفاعەت ناکات بۆ ئێمە ئەوا نەفامە هیچ نازانێت:

شاهی لەولاکە شەفیعی ئێمە ڕۆژی ئاخیـــرەت
ئەحمەقە هەرکەس بڵێ لەولاکە فریاڕەس نییـــە ل ١١٦

سەرەتای دروست بوونی مرۆڤ لە جۆرە ئاوێکە لە پشتی پیاو سینەی ژندا پاشان بە تێپەر بوونی قۆناغەکان دەبێتە کۆرپەلە (فَلْيَنظُرْ الإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ، خُلِقَ مِنْ مَاءٍ دَافِقٍ، يَخْرُجُ مِنْ بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ) (الطارق- ٧)، پاش ئەوەی هاتە دونیاوە، ئەو

تەمەنەی بۆی دانراوە لە دونیادا بەسەری دەبات، پاشان دەمرێت دەبێتەوە بە تۆزێك خاك لە زەویدا (مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَى) (طه- ٥٤)

بەچی مەغرووری خۆتۆ چۆرەئاوێك بوویت لە پێشانا

کە مردیشیت عەزیزم تۆزێ خاکی یا کەمێك گەردی ل ١٢٤

حەزرەتی عیسا (سلاوی خوای لێ بێت) موعجیزەی ئەوەی هەموو هەرکاتێك پێویستایە مردووی زیندو دەکردەوەو کوێرو بەڵەکی چاك دەکردەوە بە ئیزنی خوا، ئێستا یار هەروەکو حەزرەتی عیسا خاوەن هەمان موعجیزەیە کاتێك کەوای لەسەرەمەرگەو یاردێتو دەمی دەخاتە دەمیەوە ئەوە دەبێتە شیفاو سەرلەنوێ گیان بەبەر کەمالی دەکرێتەوە (بِإِذْنِي وَتُبْرِئُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ بِإِذْنِي وَإِذْ تُخْرِجُ الْمَوْتَى بِإِذْنِي) (المائدة- ١١٠).

لەکاتی مردنا نایە دەمم دەم یاری بێدینم

بە ئیعجازی مەسیحا هاتو تازەی کردەوە ژینم ل ١٤٩

حەزرەتی یەعقوب لەتاو دووری بێهەواڵی حەزرەتی یوسفی کوڕی کوێر بوو چونکە حەزرەتی یوسف چەند ساڵ بوو لێی دوور کەوتبۆوە، سەرەتای ونبوونی حەزرەتی یوسف لە دەشتی کەنعان بوو، کاتێك براکانی بەفێڵی سەیران بردیانو، پاشان فرێیانداوە ناو بیر (وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ) (یوسف- ١٠)، پاشان لە میسر سەری هەڵداوە بەدیار کەوتەوە، لە دواییدا حەزرەتی یوسف لە میسرەوە کراسەکەی خۆی ناردو حەزرەتی یەعقوبی باوکی لە دوورەوە بۆنی کراسەکەی کرد (إِنِّي لأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلاَ أَنْ تُفَنِّدُونِي) (یوسف- ٩٤)، لە دوایدا کراسەکەیان بەسەر چاویدا دادا، چاوەکانی چاك بونەوە (فَلَمَّا أَنْ جَاءَ الْبَشِيرُ أَلْقَاهُ عَلَى وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصِيرًا) (یوسف- ٩٦).

کەمالی شاعیر سوودی لەم چیرۆکەی قورئانی پیرۆز وەرگرتوە لە قالبێکی شیعری داڕشتوە:

حەزرەتی یەعقووب ڕەســـولی رەحمان
یەکێ لێی پرسی ووتی بەقـــــوربان
لە میسـر بۆنی کراســــــت بۆهات
خۆ بیـری کەنعــان نزیکـــــه لەلات ل ١٧٨

کەمالی ئامۆژگای بەرامبەرەکەی دەکاتو دەڵێ تۆ هێنـدە بـەدوای دنیـا مـەکـەوە گوێ لە دەنگی مەگرە نەوەك هەڵتخەڵەتێنێ ئەو دەنگە ناخۆشـترین دەنگـەو خـەڵکی بێزار دەکات، لە جیاتی تۆ گوێ لەم دەنگە ناخۆشە بگـری وەرە گـوێ لـە نالـەی دڵو دیقەت لە خادم بگرە.

خوای گەورە دەربارەی ناخۆشترینو بێزارترین دەنگ دەفەرموێت: (إِنَّ أَنكَرَ الأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ) (لقمان ١٩).

لەدەنگی (انکر الاصوات)ی دونیا بەسیە گوێ مەگرە
لە شوری نەی لە نالەی دڵ تۆ خادیم دیققەتێ بگــرە ل ٢٠٣

جگە لەوەی کە لەدەستی مەعسیەتدا هیچ قـسوری نـەکردووە، هەرچـی لەدەسـتی هاتووە کردوویەتیو ئەسپی خۆی تیا تاوداوەو فەرمایشی شەیتانی جێبەجێ کـردووە، بەڵام سەرەڕای ئە هەموو شتەش کەمالی نائومێد نابێـت لـە عـەفووی خـوای گـەورە چونکە خوای گەورە بە تاكو تەنیاو هەقی زانیە، دیارە یەکێك لە ناوەجوانەکانی خوای گەورە (العفو) تاوان بەخشە:

لەدەشتی مـەعسیەتدا تاکو توانیم ئەســپی خـۆم رانی
بەجێم هێنا هەموو کردارو پیشەی پیسی شــــەیتانی
لەگەڵ ئەم حاڵەشا یارەب لە عەفوت نائومێــــــد نابم
کە چونکە تۆم هەمیشە هەر بە تەنیاو تاكو هەق زانی

سەرچاوەکان:

١- دیوانی کـەمالی/ ئامـادەکردن وسـاغکردنەوەو پێـشەکی نووسـینی/ کـەمال عـەلی بـاپیر، پێداچونەوەی شکور مصطفی/ وەزارەتی روشنبیری بلاوکردنەوەی کوردی، ژمارە ١٢٨، ل ١٧.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

٣- دیوانی نـالی/ لێکۆڵینـەوەو لێکدانـەوەی/ مـەلا عبـدالکریمی مـدرس و فـاتح عبـدالکریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد/ بەغدا ١٩٧٦

٤- دیوانی زێوەر/ ئامادە کردنی محمود زێـوەر/ دەزگـای چـاپ و بلاوکردنـەوەی ئـاراس، هـەولێر ٢٠٠٣، ل ١٣.

٥- دیوانی کەمالی/ ل ١٩.

زێــــوەر

عەبدوڵلا ئەفەندی کوڕی مەحەمـەد ئەفەندیـە لـە سـاڵی ١٨٧٥ زاییـنـی لەشـاری سولەیمان لەدایکبووەو، هەر لە سولێمانیش لە ساڵی ١٩٤٨ کۆچی دوایی کردووە.

زێوەری شاعیر سەرەتای خوێندنی لە حوجرەکـان دەسـت پێکـردووە، فێـری زمـانی عەرەبی‌و فارسی بووە، هەربەمەبەستی خوێندن سەردانی ئاستانەی دەوڵەتی عوثمـانـی (ئەستەمبول) کردووە، لەوێش فێری زمـانی تـورکی بـووە.مانـەوەی زێـوەر لەشـاری ئەستەمبوڵ، وای کرد زێوەر ئاسۆی بیری گەلێك لەجاران فراوانتر بێت، ئەویش بـەهۆی تێکـەڵاوی لەگـەڵ ژمارەیـەکی زۆر لـە گـەورەپیاوان‌و ڕۆشـنبیرانی کـورد لەلایـەك‌و پێشکەوتنی شاری ئەستەمبول‌و نزیکی لە ئەوروپا ئاگـاداری لـەدوا گۆرانکارییـەکانی (تەکنەلوژیا، فکری، زانـستی) لەلایـەکی تـر، ئەمانـە هـەموویان هۆکـار بـوون بـۆ پێشکەوتنی بیری زێوەر. پاش گەڕانەوەی زێوەر لە ئەستەمبوڵ بەکاری مامۆسـتاییەوە خەریك دەبێت چونکە زێوەر دەرچووی قوتابخانەی فەرمی دەبێت دەکرێتـە مامۆسـتای زمانی تورکی لە قوتابخانەی ڕوشدیەی عەسکەری.

مەحمود زێوەر دەڵێت: زێوەر بـە ڕابـەرو ڕێـچکەشکێنی قەڵاچـوکردن‌و نەهێـشتنی نەخوێندەواری دائەنێم لە کوردستاندا چونکە بەرلەوو تا سەردەمی ژیانی ئەویش کەس ئەو بۆچوون‌و ئەرکە پیرۆزەی نەبووەو نەیگرتۆتە ئەستۆی خـۆی[1]. وەکـو لـە پێـشەوە ئاماژەمان پێکرد زێوەری شاعیر لەسەفەری ئەستەمبولیدا بەچاوی خـۆی پێـشکەوتنی ئەو شارەی دیوە، ئـەو قەناعەتەشـی لـەلا پەیـدا بـووە، کـە ئـەو پێـشکەوتنە زادەی بەرهەمی خوێندەواریە، بۆیە پاش گەرانەوەی خۆی یەکالاکردۆتەوەی بە بلاوکردنـەوەی خوێندەواری، جگە لەوەی بـە مامۆسـتای مـیری خـەریکی وانـە وتنـەوەو بـووە، لـە

هەمانکاتیشدا یەکەم یەکەم هاندەریش بووە بـۆ بڵاوکردنـەوەی خوێنـدەواری لـەکاتی شـەودا، فـەرموون ئـەوەتا ماموسـتا جـەمال بابـان لـە پاداشـتی منداڵیـدا بۆمـان ئەگێڕێتەوە کە باوکی مودیری ناحیەی سروچك (بەرزنجە) بووەو (زێوەریش) ئەو دەمـە ماموستای قوتابخانە بووە چۆن هانی خەڵکەی داوە دوای تـەواوکردنی کـارو فـەرمانی ڕۆژانە یان شەو بێن پێیان بخوێنێ.(٢)

کەواتە ئەوە راستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە زێوەر بێوچـان بەشـەوو بـەڕۆژ هەسـتی بەماندووبون نەکردووە لەبلاوکردنەوەی خوێندەواری لەناو ڕۆڵـەکانی میللەتەکـەی، بـۆ راستی ئەم قسەیەش دیوانی زێوەر کە پڕە لە شیعری پەروەردەییو شیعری منداڵان.

زێوەری شاعیر پیاوێکی نەفس بەرز بووە، خاوەنی قەناعەتێکی باش بـووە، ئامـادە بووە بە بڕە پارەیەکی کەمی خانەنشینی ژیانی خۆیو ماڵو منـداڵی پێبـژێنی، بـەڵام هیچ کاتێك ئامادە نەبووە دەسـت لەخـەڵکی پـان بکاتـەوە، یـاخود بەشـیعرەکانیەوە کەسابەت بکات، هەرجارەی بەشانو باڵای یەکێکدا هـەڵبێ لـە بەرامبەریـدا کـەمێك پارە وەربگرێ، ئەوەتا زێوەر کاتێـك نامیلکـەی خێـوی ناومزگـەوتو سـوفی کـەریمی چەرچی پێشکەش بە حەسەن بەگی جاف دەکا دەڵێ (تا عـومرم گەیشتوتە ئـەم وەقتـە شیعرفرۆشیم نەکردووە ئێوەش هەرواى بزانن بەگم (٣)).

من وای بۆدەچم نەفس بەرزیو قەناعەت زۆری زێوەری شاعیر بۆئـەوە دەگەڕێتـەوە، کە پیاوێکی لەخواترسو بەدین بووە، ئەو لەخواترسیەی ئەوجۆرە کەسایەتیەی زێـوەری دروست کردبوو.

عەلی باپیر ئاغا لە نامیلکەی گوڵدەسـتەی شـوعەرای هاوسـەرم دا دەڵێـت زێـوەر لەسەر ئامەدانی شوعەرای دەوری دواییـە لـەناو هاوتەمەنـەکانما، شـیعری زێـوەر لـە هەموویان ڕەوانترو ناودارترە، وەك لە شـیعرا باڵایە لە دیانەتو ئـەخلاقی چاکیـشدا دوو باڵایە.(٤)

هەروەها پیرەمێرد دەڵێت: زێوەر ئەخلاقی لە شیعری جوانتر بوو بە هەموو مەعنایەکەوە دیندارو بەویقارو قەناعەتکار بوو.(٥)

زێوەر لە هۆنراوەیەکیدا باس لە ژیانی ئارەق خواردنەوە دەکا، گەرچی ئەو هۆنراوەیە دەچێتە قالبی هۆنراوەیەکی کۆمەڵایەتیەوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ناوەخنانی هۆنراوەکە بابەتێکی ئاینی گرنگ دەرژوێنێ:

عەرەق ناخۆم کە تووشی دەردی سەر بم
گرفتاری هەزار دەردو خەتەر بم
هەرچی خوا حەز نەکا ئەیکەم بە سرڕی
ئیتر بۆ شەرمەزاری ناو بەشەر بم
عەرەق ناخۆم کە عومرم کورتو کەم بێ
بەجوانی بۆ گرفتاری زەرەر بم
عەرەق ناخۆم کە دووچاری وەرەم بم
هیلاکی خەستەکی قەلبو جگەر بم
عەرەق ناخۆم کە مقطوع النسل بم
حەز وایە کەبابی سەدپسەر بم

زێوەر شاعیری هەوڵیداوە لەڕێگای ئەم هۆنراوەیە، کێشە کۆمەڵایەتیەکان زەرەروزیانی عەرەق بخاتە ڕوو، کە ئەمانە هەموو زیانەکانی دنیایە، بەڵام لە ڕۆژی حەشریش کە مرۆڤ کۆدەکرێنەوە لەبەردەم دادگای خوا ڕادەوەستن پیاوی عەزەق خۆر بەرەو ڕووی ئاگری دۆزەخ دەبێتەوە:

عەرەق ناخۆم ئەڵێن ((داء الکؤول))ـە

زێوەری شاعیر گەلێك بێزارە لەبۆنی پیسی عەرەق، جگە لەوەش ئامادەیە هەموو فەرمانێکی خوای گەورەو پێغەمبەر(ﷺ) جێبەجێ بکات (اطیعوا الله واطیعوا

الرسـول).

لە بۆنو بۆگەنی بێزارە تەبعـــــــم
فیدای ئەمری خوداو پێغەمبـەر بم ل ٤٣

زێوەر کەوتۆتە ساڵەوە ریشی سپی بووە، بـەڵام ریـش سـپیەکی رووزەردو دڵڕەش‌و ئاخرشەرە، کە ئەمانە هەموو وای کردووە ببێتە مرۆڤێکی بێقیمەت لەهەردوو جیهان هەم لە دنیاو هەم لە قیامەت:

ڕیش سپی، روو زەردو دڵ ڕەش پیری ئاخر شەڕ منم
لەم جیهان‌و لەو جیهان بێقیمەت‌و بێفەر منـــــم

شاعیر هێندە لە کردەوەکانی خۆی ورد دەبێتەوە، هیچ کردەوەیەکی چاکی نیە، ئـەم بێکردەوەیەش وای کـردووە لـەڕۆژی گردبونـەوەی مرۆڤـەکان لـە مەیـدانی مەحـشەر شەمەزار بێت.

زێوەر بروای تەواوی بە زیندوبونەوەو حساب‌و لێپرسینەوە هەیە:
هەرلەم ڕۆژەشدا هەرکەس کتابی کردەوەکانی ئەدرێتـە دەسـت ئـەو کتابـەش هـیچ شتێکی لەبیرنەکردنەووەو هەموو تۆمارکردووە:

کردەوەی چاکم نیە وەختی کە سەیری خۆم ئەکەم
خاکسارو شەرمەزاری دەشتەکەی مەحشەر منم

ئێستا زێوەر جلەوی بۆ نەفسی خۆی شل کـردووە، ئەمنیـشی بـە ئـارەزووی خـۆی هەرچیەکی بەوێ پێدەکا، (إِنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ) (یوسف- ٥٣)، زێـوەریش هـیچ قسوری نیە لەدنیادا، بەڵام لەڕۆژی لێپێچینەوە پەکی کەوتوە سواری سـیارەیەك بـووە کە پەکی ڕۆیشتنی کەوتووە پەنچەرە:

ئێستا سواری ئەسپی نەفسم بۆ چەپ‌و راست لنگ ئەدەم
رۆژی ئاخر صاحێبـی ســـەیارەی پەنچـــــــەر منم ل ١٩

بەڵام زێوەری شاعیر لەگەل ئەم هەموو خراپەیەی خۆی نائومێد نابێت دەپاڕێتەوەو دەڵێت گەر خودایە تۆ لەبەر دەرگای خۆت دەرم بکەی من چی بکەم؟ کێ هەیە دەرگام لێ بکاتەوە، چونکە لە ڕۆژەدا ڕووڕەشم کەسێك نیە پەنای بۆ ببەم.

ڕوو لەدەرگای کێ بکەم، گەر تۆ دەرم کەی چی بکەم
ڕوو ڕەش‌و بێئیلتیجاو بێکەس‌و موظطەر منم ل ١٩

دەروێش کۆمەڵێك پیاوی خواناسن، سەر بە ڕێباوی قادرین، خۆیان یەکالاّ کردۆتەوە بۆ خواپەرستی شوێنەکەشیان تەکیەی پێدەڵێن، سۆفیەکانیش بە هەمان شێوە، بەڵام سەر بە ڕێبازی نەقشبندین لە خانەقا کۆدەبنەوە زێوەری شاعیر باس لە دەروێش شەریف دەکا دەڵێ مادام دەروێشە بۆ دەست بە ذکری خوا ناکات، وەئەگەر سۆفیە بۆ ناچێتە خانەقا:

ئەگەر دەروێش شەریف دەروێشە بۆ ذکری خودا ناکا
وەگەر خۆ سۆفییە بۆ ڕوو لە خەتمە خانەقا ناکا ل ٣٠

شیعە مەزهەبەکان هەڵەی گەورە دەکەن، کە هەموو کاتێك جنێوو قسەی ناڕەوا بەرامبەر عومەری کوری خەتاب دەکەن، بەلاّم سونە مەزهەبەکان عومەریان خۆشدەوێ، جا دەبێت دەروێش شەریف سونی بێت ئینجا قسەوجنێو بە عومەر دەدات.

جا ئەگەر بەم پێوەرە بێت دەبێت بۆ غەیری سونە مەزهەب ڕەواییێت جنێو بدات بە عومەر، بەڵام زێوەری شاعیر هەرگیز نابێت مەستی ئەوە بێت، بەڵکو وا باوە کە شیعە جنێو دەدەن بەعومەر، بەلاّم سونە بە پێچەوانەوە عومەریان خۆش دەوێت، کەچی سەرەرای ئەوە کە دەروێش سونە مەزهەبیشە ئینجا هەر جنێو دەدات:

ئەگەر سونی ڕەوشتە سەبی عومەر بۆ ئەکا دایم
وەگەر خۆ شیعەیە بۆ ڕوو لە سەختی کەربەلا ناکا ل ٣٠

شاعیر لە هۆنراوەیەکی پرسیارو وەڵامدا باس لە عەقیدەی ئیسلام دەکات کە دەڵێت پێویست بەوە ناکات مرۆڤ لە دنیادا حساب بکات بۆ ڕۆژی دوایی، بەڵام گەر مرۆڤ حساب بۆ ڕۆژی دوایی نەکات، چۆن لە ڕۆژی دوایی کاتێك مرۆڤ گرد دەکرێتەوە حسابی لەگەڵ دەکرێت چۆن وەڵامی خۆی دەداتەوە (يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ) (المطففين- ٦).

من ئەڵێم لازم نیە فێر بم لە دنیـــادا حســــــــاب
پێم ئەڵێن ئەی چۆن نەجاتی خۆت ئەدەی ڕۆژی حساب

زێوەر دەڵێت بەسە بۆ ئەوەی خوا لێترازی بێت، خۆشەویستی ئال و بەیتی پێغەمبەرت(ﷺ) هەبێت، بەڵام ئەهلی سونەو جماعە دەڵێن نەخێر هەر ئەوەندە بەس نیە، بەڵکو دەبێت خۆشەویستی یاوەرەکانی پێغەمبەریشت هەبێت بۆ خوا لێ ڕازی بوون، چونکە ئەمانە پشتیوانی پێغەمبەر(ﷺ) بوینە لە ڕۆژە سەختەکان خوای گەورە دەفەرموێت: (مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ) (فتح- ٢٩).

من ئەڵێم هەر باری عەشقی ئالی حەیــدەر کافییە
ئەهلی سونەت پێم ئەڵێن سەرباریە حوببی صەحاب

لەکاتی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام لە نیمچەدورگەی عەرەب، موسڵمانەکان زۆر ئازار دەدران لەلایەن قورەیشەکانەوە، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی بە هەندێك لە موسڵمانەکان کرد کۆچ بکەن بۆ حەبەشە، نەجاشی حەبەشی کە سەرۆکی وڵاتی حەبەشە بوو، موسڵمانەکانی دالـدەداو یارمەتی زۆریشی دان، پێغەمبەر(ﷺ) ئەم چاکەیەی لەبەرچاو بوو، کاتێك مرد، نوێژی مردووی بەغائب لەسەر کرد، جا چاکەو پیاوەتی ئەم پاشایە هەموو دنیا دەیزانی:

چونکە ئەووەڵ خزمەتی ئیسلامەکانی کرد حەبەش
ناوی چاکـەی باقییـە لای ئەوروپاو ئاسـیا ل ٦٤

نەفسی مرۆڤـ هەردەم هەول دەدا بەدوای ئارەزووەکـانی خـۆی بکـەوێت (إِنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ) (یوسف- ٥٣)، ئەم نەفسە هێندە لـەخۆی رازیـە، هـەروەکو فرعـەون وایــە کــە خــۆی زۆر بەگــەورە دەزانــیو داوای خوایــەتی دەکــرد (...أَنَـا رَبُّكُـمُ الأَعْلَى)(النازعات- ٢٤) جا بەسە ئەی نەفس هەتاکەی ئاوا غەرووردەبی.

ئەی نەفسی دەنی هەروەکو فیرعەونی لە کیبرا

ئەم هەشمەتو مەغرورییە تاکەی لە هـەموولا ل ١٠٨

ئەم هیلاکەتیە کە بەهۆی نەفسەوە تووشم بووە وا لـە فرمێسکی چاوەکانم غـەرق بووە، بەڵام بۆ بەهانا هاتنم خاوەنی دەستی سپی(یەدی بەیضا) کە مەبەست حـەزرەتی موسایە، کە هەرکاتێك دەستی لە باخەڵیا دەنا دەستی سپی دەبوو:

بۆ غەرقو هیلاکەت لەشەتی ئەشك دەمادەم

پەیدا بووە وا صـاحێبی حوسنو یەدی بەیضا ل ١٠٨

بازار سەرتاپا گیراوە، هەروەکو ئەوڕۆژەی حەزرەتی (یوسف) یان هێنا بازار بۆ فرۆشتن (وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا فِيهِ مِنْ الزَّاهِدِينَ) (یوسف- ٢٠).

بازاری هەموو گرتووە، وەك یوســـفی ثانی

لافی ئەوەیە زیندە بکا دینی یەهــــــوودا

تۆ ڕاوەستەو ئێستا گوێ مەگرە لە قسەی پیاوخراپان کە هەردەم دەیانـەوێ فیتنـەو ئاشوب پەیدا بکەن، هەروەکو چۆن هامان کە پیاوێکی سیحربازبوو فیتنەو دووبەرەکی بەهۆی سیحرەکانیەوە پەیدا دەکرد، خوای گەورە دەفەرموێت:

گوێ مەگرە لە ئەقوالی ڕەقیبی وەکو هامان

ئیظهاری مەکە فیتنـەو ثابیت مەکە دەعوا ل ١٠٨

زوڵفی ڕەش لای شاعیرانی کلاسیکی رەمزە بۆ مار، کەواتـە زولفـەکانی تـۆ وەکـو مارەکانی فیرعەونە کاتێك سـاحیرەکانی فیرعــەون هـاتن بەرامبــەر موسـا رایـانگرت

(فَـأَلْقَى عَـصَاهُ فَـإِذَا هِـيَ ثُعْبَـانٌ مُـبِينٌ) (الاعـراف- ١٠٧)، روخساریـشت هـەروەکو گەنجینەکانی قاڕوونە، ئەم قاڕوونە کە دەوڵەمەنـدێکی سـەردەمی موسـا بـوو هێنـدە دەوڵەمەند بوو کلیلی خەزنەکانی چەند پیاو هەڵیان دەگرت، پاشان بـەهۆی سەرپێـچی خۆی‌و مالەکەی لەناوچوو (إِنَّ قَارُونَ كَانَ مِـنْ قَـوْمِ مُوسَـى فَبَغَـى عَلَـيْهِمْ وَآتَيْنَـاهُ مِـنْ الْكُنُوزِ مَا إِنَّ مَفَاتِحَهُ لَتَنُوءُ بِالْعُصْبَةِ) (القصص- ٧٦)، (فَخَـسَفْنَا بِـهِ وَبِـدَارِهِ الأَرْضَ) (القصص- ٨١).

زولفت چییە، ڕەش ماری دەمی ساحیری میسـرە

چیهرەت چییە خەزنەکەی زەڕی (قاڕوونە) لە دنیا ل ١٠٨

شاعیر خۆی بە حەزرەتی یەعقوب شوبهاندوە، کاتێـك یوسـفی کـوڕی بـۆ مـاوەی چەندساڵ بزربوو لێی، لەداخی دووری یوسف چاوەکانی کـوێر بـوو، پاشـان کراسـەکەی یوسفیان بۆ هێنا چاوی چاك بۆوە، (زێوەر)یش خۆی بەخۆشحاڵ دەزانێت هەروەکو چۆن چاوی چاك بۆوە ئەویش کە کەوکەبی روخساری لەخەودا دیووە زۆر خۆشحاڵە (فَلَمَّـا أَنْ جَاءَ الْبَشِيرُ أَلْقَاهُ عَلَى وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصِيرًا) (یوسف- ٩٦).

ئەتۆ وەك یوسفی‌و من لە چاهی میحنەتا بەنـــــدم

ئەما من دیم لەخەودا کەوکەبی ڕوخساری ڕەخشانت ل ١١٣

زەمزەم‌و کەوثەر، دوو ئاوی پیرۆزن، یەکێکیان لـەدنیا هەیـە زەمـزەم کـە هاجـەرو ئیسماعیل هەڵیانکەند ئێستاش حاجیەکان دەیهێننەوە بۆ موتفەرك ئاوی کەوثـەریـش لە ڕۆژی دوایی موسڵمانانی ئەهلی بەهەشت لێـی دەخۆنـەوە (إِنَّـا أَعْطَيْنَـاكَ الْكَـوْثَرَ) (الکوثر- ١).

زەمزەمە یا کەوثەرە چاهی زەنەخ

لەعلە یا یاقووتە لێوی ئەحمـەرت

هارووت مارووت دوو فریشتەن (وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولاَ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ) (البقرة- ١٠٢).

ئەوشتانەی کە مەشهورن لەناودا لەبابەتی ئەم دوو فریشتەوە کـە گـیرۆدەی گونـاهو تاوان بوون وە خودای تەعالا خاتر خۆی کردوون لە بەینی عـەزابی دنیـا یـان عـەزابی قیامـەت... ئـەوانیش عـەزابی دنیایـان ئیختیـار کـردووە ئەوانـە ئێـستا لـە چاڵێکداهەڵاسراون لە (بابل)دا وە تاقیامەت بەوجۆرە دەمێننەوە لەسـەر فـەرموودەی زانایانی تەفسیر ئەساسیان نیە وە لە ئەحادیثی صەحیحەدا نیە وە موخـالیفی نەصـی قورئانە چـونکە خـودا لەباسـی فریـشتەدا ئەفـەرموێت: (لاَ يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ) وە تەفسیری بیضاوی ڕەدی ئەم شتانە ئەکاتـەوە فـەخری ڕازیـش بەو قسانە ڕازی نیە[٦].

کەسبی هارووتی ئەکا چاوی ڕەشـت
چەندە فەتتانە جەمالی ئەسـمەرت ل١١٥

خوای گەورە موعجیزەیەکی گەورەی دابووە حەزرەتی سلیمان کە زمـانی گیانـداری دەزانی (يَاأَيُّهَا النَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ الطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِنْ كُلِّ شَيْءٍ إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْفَضْلُ الْمُبِينُ) (النمل- ١٨)، جارێك حەزرەتی سـلیمان بـەخۆیو لەشـکرەکەیەوە دەرویـشتن نزیك بونەوە لەشارە مێروولەیەك، یەك لـە مێروولـەکان گـوتی بـە مێرولـەکان بـچنە کونەکانتانەوە نەوەك سلیمانو لەشکرەکەی لەژێر پێیەکانیان پانتـان بکەنـەوە (يَاأَيُّهَا النَّمْلُ ادْخُلُوا مَسَاكِنَكُمْ لاَ يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَانُ وَجُنُودُهُ وَهُمْ لاَ يَشْعُرُونَ) (النمل- ١٨) ، زێوەری شاعیریش هەروەکو ئەو مێرولە کەوتۆتە ژێرپێیان، بەڵام با خەڵك دڵنیا بن من وەکو سلێمانم:

بە میثلی mووری بێچارە لەبەرپێی هەرکەسا کەوتووم
هەتا ڕەنجیـــدە خاطر بێ لە من شـــاهی ســـلێمانم ل ١٢٣

مرۆڤ موخەیەرە لە مابەینی کاری خراپو چاکدا، بەڵام ئەوەی بە مرۆڤی دەکـاتو لەڕێگا لادەدا نەفسی خراپی خۆیەتی، چونکە نەفسی مرۆڤ هەردەم بەرەو کاری نارێك دەڕوا.....) کەواتە زێوەر دەڵێت هەر نەفسی خۆم بەرەو هەڵدێرو کارو کردەوەی خـراپم دەبات کەس تر نیە.

بۆچی بوختان کەم کە شەیتانە گوناهم پێ ئەکا
من چ شەیتانم نییە هەر نەفسمە شەیتانی خۆم   ل ١٤٤

چیرۆکی نـەمروود حـەزرەتی ئیـبراهیم لـە قورئانـدا زۆر روونو ئاشـکرایە، کاتێـك خەڵکی هەموویان بۆ سەیران دەچن (دەڵێن ئـەو ڕۆژە نـەورۆز بـووە) بـەڵام حـەزرەتی ئیبراهیم دەفەرموێت (إِنِّي سَقِيمٌ) واتـە نەخۆشـمو نـاتوانم، کاتێـك خـەڵکی دەڕوا بـۆ گەشت، حەزرەتی ئیـبراهیم دەچێتە بتخانەکـەیان هـەموو بتـەکان دەشـکێنی تـەنها گەورەکە نەبێتو تەورەکە لەسەرشانی دادەنێت، کاتێك دەگەڕێنەوە پرسیار دەکەن کـێ خواکانمانی شکاندووە؟ دەڵێن: (قَالُوا سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَـهُ إِبْـرَاهِيمُ) (الانبيـاء ٦٠)، حەزرەتی ئیبراهیمیش لە وەڵامدا دەڵێت: (بَـلْ فَعَلَـهُ كَـبِيرُهُمْ هَـذَا فَاسْأَلُوهُمْ إِنْ كَانُوا يَنطِقُونَ) (الانبياء- ٦٣)، ئینجا ئاگرێکی گەورە دەکەنـەوە حـەزرەتی ئیـبراهیم ئەخەنە ناویەوە، بەڵام ئاگرەکە فەرمانی پێدەکرێ ساردو سەلامەت بێـت (قُلْنَـا يَانَـارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَى إِبْرَاهِيمَ) (الانبياء- ٦٩)، ئەم بەسەرهاتە سەردەمی نـەمرود بووە لە پاشان خوای گەورە بەهۆی مێشوولەیەك گیانی؟؟؟؟

گیرۆدەی نەمرود میزاجێکە دڵی مـــــن
بێبت شکەنی داخڵی ناو کوورەی نـــــارم   ل ١٢٨

زێوەر باسی دەستەیەك دەکا، کە هەموویان وەك مامز جوانن، جوانیەکـەیان وەکـو جوانی حەزرەتی یوسف وایە، کاتێك ئافرەتانی میـسر گلـەییان لـە خێزانـی عـەزیزی میسر دەکرد ئەویش گوتی یوسف زۆر جوانەو گلەیم لێ مەکەن گەر دەتانەوێ تاقیتـان دەکەمەوە، میوە بۆ دانان هەریەکە چەقۆیەکی دادەستیان، ئینجا یوسفی هێنـاو پێـی

نیشاندا، ئەوانیش سەرسام بوون لەجوانی یوسف، ئاگایان لەخۆ نەما دەستی خۆیان بە چەقۆکە بڕی (فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هَذَا بَشَرًا) (یوسف- ٣١).

جا ئەم جوانانەی زێوەر باسیان دەکا وەکو حۆری بەهەشت وان سوندسو ئستبرق دەپۆشن (وَيَلْبَسُونَ ثِيَابًا خُضْرًا مِنْ سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الأَرَائِكِ) (الکهف- ٣١).

ئەم دەستە کە لەم شارە هەموو نەوعە غەزالی
هەریەك بە جەماڵ یوسفی با جاهو جەلالن
غیلمان صیفەت سوندوسو ئیستەبرەق ئەپۆشن
صورەت بەشەرن مەعنا هەموو حوور خیصالن ل ١٣٤

زێوەر ئەوەندە ئاه هەڵدەکێشی دنیا بەجارێك بۆتە تەم، فرمێسکی چاوەکانیشی هێندە هاتۆتە خوارەوە وەکو ئاوی زەمزەمی لێهاتووە کە هەرگیز وشك نابێت کەسیش ناتوانێت لێوی ماچ بکات هەروەکو روکنی یەمانی کە ماچکردنی دروست نیە:

دنیا کە لەبەر قافلەی ئاهم تەمە ئەمڕۆ
شۆڕاوی سورشکم بەمەسەل زەمزەمە ئەمڕۆ
لێوت کە عەقیقە بووەتە ڕوتنی یەمانی
ماچی کە جەوازی نییە جێی پەنجە ئەمڕۆ ل ١٣٧

زۆر بەداخەوە بۆ ئەو روخساری فریشتەیە کە لە بەهەشتدا ئەو بەدکارە بۆ هاودەمو هاونشینت، کاتێك ئادەم حەوا لەبەهەشت بوون شەیتان تەفرەی دان تووشی گوناه تاوانی کردن، خوای گەورەش لەبەهەشت دەری کردن (قَالَ اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ) (الاعراف- ٢٤).

ئەی چیهرە مەلەك حەیفە ڕەقیب بۆتە ئەنیست
لەو جەننەتو فیردەوسە ئەو ئیبلیسە بەدەرکە ل ١٤٣

زێوەر لە هۆنراوەیەکیدا کە ستایشی پێغەمبەر(ﷺ) دەکا، کە ئەو پێغەمبەرە(ﷺ) خوا پێدراوە لە هەردوو جیهان دنیاو قیامەت گەورەی هەردوو دنیایە، هەر ئەو گەورەییە وای کرد کە خوای گەورە دەعوەتی بکات لەشەوی میعراج، کە هیچ پێغەمبەرێك ئەوەی بۆ نەکراوە، ئەو پێغەمبەرە(ﷺ) لە عەشیرەتی قورەیشە گەورەی هەموو پێغەمبەرانە هەرکەسێکیش بچێتە بەردەرگای بۆ عیلاج ئەوا دەرمانی هەموو دەردێك لای ئەوە یاخود دەکرێت بڵێین هەرکەسێك لەسەر ڕێبازی ئەو پێغەمبەرە(ﷺ) بڕوات ئەوە عیلاجی دەردی دەکرێت:

نەعیمی هەردوو جیهان پێت بڵێم بەتۆ کە چیە؟
گەدایی دەردی سولتانی صاحێبی میعراج
موحەممەدی قورەیشی سەییدی جەمیعی ڕوسول
کە خاکی دەرگەهی بۆ دەردی هەر دڵێکە عیلاج ل ٢٠٩

گوێڕایەلی خواو پێغەمبەر(ﷺ) واتە ڕازی بوونی خوا لەو کەسە، یەکێکیش لەکارە باشەکانی مرۆڤ دەیکات دروستکردنو ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتە (إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ) (التوبة- ١٨)

کەسێ موطیعی خواو ڕەسووڵە
لە ڕێگەی دیندا لیرەی لاپووڵە
انما یعمر مساجد الله
لەبۆ ئەمثالی حاجی ڕەسووڵە

شەهیدبوونی (حسین کوری عەلی (ﷺ)) لەنزیك شاری کەربەلا بەدەستی سوپای ئەمەویەکان، کاتێ زیدی کوڕی معاویە خەلیفە بوو، (شمر)ی نارد بۆ لەناوبردنی ئالو بەیتی پێغەمبەر(ﷺ) ئەم ڕۆژە بۆتە ڕۆژێکی گەلێك شوم لە مێژووی ئیسلام:

ڕۆژی طوغیانی وەلادەن کەوتە یادی ئەهلی دین
واقیعەی قەتلی حوسەینو فاجیعەی ڕۆژی شومار ل ٢٣١

شێخ سەعیدو شێخ ئەحمەد لەساڵی ١٣٢٦ شەهید بوون لەشاری موسل کە ئەمانە نەوەی پێغەمبەر(ﷺ) هەروەکو حسین کە بەدەستی زەید شەهید بوو، بەڵام حسین (رضي الله عنه) لەدەشتی کەربەلا، شێخ سەعیدو شێخ ئەحمەد لە (باب السرا) لە موسڵ:

کووفەیی وەك ئەهلی مەککە وان لە نیسبەت موسلا
ڕەببی وێران بێ بەبادی فیتنەو تەزویری نار
میللەتی وا تووشی زیللەت بێ لەدنیاو ئاخیرەت
بوو بەدەشتی کەربەلا (باب السرا) بۆ ئینتیحار ل ٢٣١

سەرچاوەکان:

١- دیوانی زێوەر/ کۆکردنەوەو پێشەکی پەراوێزی بۆ نوسیوە/ محمود زێوەر/ دەزگای ئاراس/ ٢٠٠٣، ل ٨.

٢- سەرچاوەی پێشوو.

٣- سەرچاوەی پێشوو.

٤- سەرچاوەی پێشوو ئەویش لە نامیلکەی گوڵدەستەی شوعەرای هاوی سرم

٥- سەرچاوەی پێشوو ئەویش لە دیوانی پیرەمێرد/ پێداچونەوەیەکی نوێ بەژیان و بەرهەمەکانی لە بەرگی یەکەم ل ٣٧/ دەزگای ئاراس/ ٢٠٠١.

٦- تەفسیری نامی/ بۆ قورئانی پیرۆز/ مەلا عبدالکریمی مدرس/ بەرگی یەکەم/ ١٧٥، چاپخانەی الوطن العربی.

ئـەســـیـری

عبدالخالق ئەسیری (١٨٩٠-١٩٦٢) لـە شـاری کـەرکوك لـەدایکبووە، هـەر لـەو شارەش کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی شێخ محێدین نێـژراوە ئەسـیری براگـەورەی نەجمەدین ئەفەندی خوێندنی لە ئەستەمبول تـەواو کـردووە، بەشـداری لـە ڕێکخـراوە کوردیەکانی تورکیـا کـردووە، ڕۆلی گـرنگو بەرچـاوی هـەبووە لـە یـەکگرتنی ئـەو ڕێکخراوانە پاش راوەدونانی کوردە نیشتمانپەروەرەکان، لەلایـەن تورکـە کەمالیـەکان چۆتە بولگاریا، تاکو جەنگی دووەمی جیهانی سۆراغی زانراوە، لەدوای ئەوە بێسـەرو شوێن بووە[1].

سەرەتای خوێندنی ئەسیری لە قوتابخانەو حوجرەکان بووە، گەلێك لە ناوچەکانی کوردستان گەراوە، ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، ئاسۆی بیری گەلێك فراوانتر بووە.

ئەسیری لەماوەی ژیانیدا سـەفەرێکی شـاری ئەسـتەمبولی کـردووە، لـەوێ چـاوی بەگەلێك لە پیاوە ناودارەکانی کورد کەوتووە، ئاسۆی بیری گەلێك فراوانتر بووە.

ئەسیری شاعیر لە دوو لایەنەوە کاریگەری ئاینی لەسـەر بـووە، لەلایـەك خوێنـدنی حوجرەیو زانستەکانی شەرعیو علومی قورئان لەلایەکی تریشەوە ئەسیری کاریگـەری خانەقاو تەریقـەی نەقـشبەندی پێـوە دیـارە، ئەمانـە وایـان کـرد لایـەنی ئـاینی لـە هۆنراوەکانی رەنگ بداتەوە.

ئەسیری لە دیدو بۆچونێکی ئیسلامیەوە دەنوارێتە هەبوونی خوای گـەورە، خـوا بـە ئەزەلی تێدەگا (ئەزەل) واتە شتێك سەرەتای نەبێت، کە شتەکە ســــــەرەتای نەبوو

کۆتایشی نیە، کەواتە لە سەرەتادا هیچ شتێك نەبووە، جگە لە ذاتی خوا:

خوا هەبوو لە کۆنا هەر هەبـــــوو
بێجگە لەخواکەسی تر نەبـــــــوو ل ٨٥

لە پاشان خوای گەورە ویستی بونەوەر دروست بکات، وەهەرچی لـەناو بونەوەردایـە خۆی دروستی کرد، مەبەست لەو دروست کردنەش ئەوەیە کە توانـاو گـەورەیی خـۆی بسەلمێنێ (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إلاَّ لِيَعْبُدُونِي) (الذاريات- ٥٦).

هەرچی کە هەیە خوا پەیدای کـــرد
داخۆی بناسن بۆیە ئاوای کــــــرد ل ٨٥

پاشان خوای گەورە ئەرزو ئاسمانی دروست کرد بۆئەوەی خـەڵکی تێـدا بـژی، جگـە لەوەش گیانلەبەرو درەختیشی ڕوواند بۆ ئـەوەی مرۆڤـ لەبەرهەمەکـەی بخـوات تێـدا بحەوێتەوە (وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّـامٍ وَكَـانَ عَرْشُـهُ عَلَـى الْمَـاءِ) (هود- ٧)، پاش ئەوەی مرۆڤـ لەسەر زەوی هەموو پێداویستیەکانی ژیـان ئامـادەکرا بۆ بتوانریت مرۆڤ تێدا بژین خوای گەورە هەستا بەدروستکردنی باوکە ئادەمەوە کە بە خەلیفەو جێنشینی خوای گەورە لەسەر زەوی (وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَـةِ إِنِّي جَاعِـلٌ فِـي الأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا) (البقرة- ٣٠).

بەڵام دروستکردنی باوکە ئادەم لەخۆڵ بووە (كلكم من ادم و ادم من تراب)

لەپاش ئەمانە لە خاکـــــی زەوی
ئادەمی پەیدا کرد تەنهـــا بێوەری ل ٨٥

پاش باوکە ئادەم، حەزرەتی جەواش دروستکرا، هەردووکیان بونە ژنو مێرد، لەبەهەشت نیشتەجێ بوون (وَقُلْنَا يَاآدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلاَ مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا) (البقرة- ٣٥).

بوونە مێردو ژن هەردوو یەکیـــان گرت
بۆ جەنناتولعەدن ڕێیان لەبەر گــــــرت ل ٨٥

زانایانی (مادی) پێیان وایە کە هەموو شتێك لە (مادە) دروست دەبێـت، بـێبوونی مادە دروست بوونی شت مەحاڵە، تەنانەت هەنـدێك پێیـان وایـە بـەهۆی بوونـە ئـەو مادانە بونەوەر بە رێگای ڕێکەوت (صدفە) دروست بـووە بـەڵام لای زانایـانی ئـاینی خوای گەورە دروستکەری هەموو شتێکە لە بونەوەر (إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ) (یس- ٨٢).

فەرمەسۆنان وادەڵێن بێ مادە پەیدا نابێ هیـــچ
مادە نەبوو چۆن پەیا بوو ئەو سەحابو رەوشەنات ل ٨٧

خوای گەورە لە ئەزەل بڕیاری دروسـت کردنـی مرۆڤـ ئاسمـانو زەوی ئـەوانی تـری هەبوو، هەتا گەیشتە پێغەمبەر(ﷺ) پـەیامی ئیسلامی پێبەخـشی، کـە قورئـانیش ببێتە دەستورو یاسای ئەم پەیامە (إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَم) (الاسراء- ٩)

نەوعی بەشەری خوا مەدەنی خەلقو پەیـــاکرد
قورئانی بەدەستوری عەمەل بوون ڕەوا کـــــرد ل ٨٩

ئەسیری ژیانی پێغەمبەر(ﷺ) دەنوسێتەوە، کە لـە شـاری مەکـە لـەدایکبووە کـە ئەوکات شاری مەکە دوور لە عیلمو سەنعەت بووە، قوتابخانـەو خوێنـدەواری ئـەوکات گەلێك لەوشارە کەم بووە.

نیشتمانی مەککە بوو مەککەش لە عالەم مونـــزەوی
دەستی تەعمیری نەدابوو دەوڵەتی عـــــــالەم بەدی
دوور لە عیلمو سەنعەت شـــــــارانی گەورانی زەوی
مەدرەسەو مەکتەب نەبوو یەك یەك هەبوو نوسەر لەوی ل ٩٠

پێغەمبەر(ﷺ) لە شاری مەکە لەدایکبووە، بەڵام پێش لەدایکبوونی بـاوکی کۆچـی دوایی کردووە لە نێوان شاری مەکەو مەدینە.

مەنشەئی کوی بوو چلۆن پەروەردە بوو دیتی جەفا
خۆی لەدایك بوو لە مەککە لای مەدینە بابی مرد

پاشان باپیری عبدالمطلب دەیگرێتە خۆی پـەروەردەی دەکـا لـە تەمـەنی دووساڵیدا باپیریشی کۆچی دوایی کرد، لە شەش ساڵەش ئامینەی دایکی کۆچی دوایی کرد:

بوو بە دوو ساڵە کەچی باپیری، بابی بابـــــی مرد

قدرة الله هەر کە شەش ساڵەی تەواو کرد داکی مرد ل ٩١

عەرەبەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب دابوو نەریتیان وابوو، منداڵی شیـرە خۆرەیـان دەبردە دەشـت بـۆ پـەروەردە کـردن، لەبـەر دوو هـۆ، یەکـەمیان زمـانی پاراوبێـتو دووهەمیان تەندروستی باش بێـت، پێغەمبـەریش(ﷺ) بـە دەسـتووری ئـەو ڕۆژگـارە دەیبەنە دەشت، دایەنێك بەناوی (حلیمەی سعدیە) دەبێتە دایەنیو بەخێوی دەکا:

شیرەخۆرە چو بەدایەن دایەنی لادێیـــی بوو

ڕووتەڵو بێخانمانو بێنوێنو ســـــایە بوو ل ٩١

خەدیجەی کچی خویلد ئافرەتێکی دەوڵەمەندی شاری مەکە بوو، پارەیـەکی زۆری دا بە پێغەمبەر(ﷺ) بۆ بازرگانی لە ڕێگای شام، کاتێك کاروانەکە گەڕایەوە، قـازانجێکی زۆری کرد لەبەر دەست پاکی پێغەمبەر(ﷺ).

پێغەمبەر(ﷺ) دەچووە ئەشکەوتی حەرا بۆ خواپەرستی نزیك شـاری مەکـە، هـەتا جارێك حەزرەتی جوبریل هاتەلای سورەتی (اقرا) بەسەردا بخوێنێتەوە:

قافڵەی خاتوو خەدیجەی بردە شامو هاتـــــەوە

دەچووە ئەشکەوتی حەرا ڕۆژی شەپرزە هاتەوە ل ٩١

کاتێك دەگەڕێتـەوە شـەپرزە دەبێـتو بەسـەرهاتەکەی بـۆ خێزانـی خـۆی خەدیجـە دەگێڕێتەوە، مزگێنی پێغەمبەرەیاتی دەداتێ:

سوورەیی (اقرا) مەلایك پێمی وت خۆنرایـــەوە

ست خەدیجەو خاڵی وتیان تۆ (رسول الله)ی ئەوە

پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك بووە پێغەمبـەر بـۆ مـاوەی (١٠) سـاڵ بانگـەوازی ئـاینی ئیسلامی لەشاری مەکە کرد، دیارە لەو ماوەیـەدا گـەلێك ئـازارو ئەشـکەنجەی بینـی بەدەست قورەیشەکان:

تاکو دەساڵ دەعوەتی خێڵی قورەیشـــی لێ کرا

کەڵکی چەندانی نەبوو ئەو سەروەرە ئەزیەت کرا ل ٩٢

قورەیشەکان گەلێك خوای جۆراوجۆریان هەبوو، لە هەموویان بـەناوبانگتر (هوبـەل، لات (اللات‌و العزی و منواة ثالثه اخری) انجیم)

خەڵکەکەی هەیکەل پەرست بوون گاورو جوو زۆر چەپەڵ

گشـــتی کـــردە (مؤمن باللّه) نەما لات‌و هوبـــــــەل ل ٩٢

پێغەمبەر(ﷺ) مرۆڤێکی نەخوێندەوار بوو (الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِنْدَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ) (الاعراف- ١٥٧)

خوێنـــــدەواری نەبوو تەوراتی خوێندبێتـــــەوە

یا نەخۆ ئینجیلی عیسای دیبێ لێی وردبێتەوە ل ٩٣

ئەسیری شانازی بەوە دەکات کە موسڵمانەو، لەسـەر ئـاینی (محمـد) ە (ﷺ)، ئـەو پێغەمبەرەی لە کتێبەکاندا ناوی بەگەورە هاتوە وەکو لـە قورئانـدا باسـی گـەورەیی‌و ڕەوشت بەرزی دەکات: (وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ) (القلم- ٤) هەروەها لە ئینجلدا نـاوی هاتوە کە قورئان دەفەرموێت:

فەخر ئەکەین سەربەکەسێکین لە جیهان یەکتایە

بە هەموو کردەوەی چاکەو بە کتێب‌و ئایـــــە ل ٩٦

لەناو قورەیشەکان هونەری ڕەوانبێژی بـاوی هـەبوو، گـەلێك ئـەدیبی گـەورەیان لێ هەڵکەوتوە، کە شیعری عـەرەبیان گەیانـدبووە لوتکـە، بـەڵام کاتێـك قورئـان هاتـە خـوارەوە سـەریان سـوڕما لـە ئیعجـازی قورئـان، بۆیـە قورئـان تەحـەدای هـەردوو

شارستانیەتی ئینس‌و جن دەکات‌و دەڵێت: (لَئِنْ اجْتَمَعَتْ الإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لاَ يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا) (الاسراء- ٨٨)

سەرفرۆی قووەیی ئیعجازی کەلامن بولەغــــا
شیعریان نەســرە نەیان زانی کتێبـــی ئودەبا
موتەحەیر بوون لە تەئسیری وتەی ئەو خوتەبـا
کە موحەممەد لە کەسێ دەرسی نەدی ئەلف‌و با   ل ٩٦

شاعیر شاهیدی دەدا کە پێغەمبەر(ﷺ) سەردەستەی مرۆڤایەتیە، کە بە ئاینە تازەکەی کە ئیسلامە خزمەتێکی گەورەی بە مرۆڤایەتی کردووە، مرۆڤایەتی لەژێر سێبەری ئەو ذاتە بەڕێزە حەساوەتەوە:

خزمەتێکی بەشەرە دینی موبینـــی پاکی
پاکی یەو ژینە، لەگەڵ یەکترا کردەیی چاکی
مەردی‌و بەرزی بۆ یاریدەوهەم بێباکـــی
یا موحەممەد لەبەشەر اشهد بالله تاکــــی   ل ٩٦

سەرچاوە:

١- دیوانی نەسیری/ شێخ عەبدوالخالیقی شێخ حوسێنی نەقشەبەندی، کۆکردنەوەو لەسەر نوسینی/ مستەفا عەسکەری/ بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم ١٩٨٧/ چاپخانەی الحوادث.

نـــاوەرۆك